لەسەر ئەرکی بەڕێز (شێخ عبدالواحد برادۆستی) بەچاپ گەیشتووە



# جوانترین دوعا، بۆ دین و دونیا

**چەمکی دوعا- سودو کاریگەریەکانی- حوکم و حیکمەت- مەرج و ئادابەکانی**


نووسینی

شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی


پێداچوونەوەو پێشەکی

مامۆستا زرار مەلا محەمەد گرتکی


بەرگی یەکەم

هەولێر- کوردستان

٢٠٢١

- ناوی کتێب : جوانترین دوعا، بۆ دین و دونیا
- بابەت : ئایینی
- نووسینی: شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی
- پێشەکی: مامۆستا زرار مەلا محەمەد گرتکی
- دیزاین و تایپ کردن : مامۆستا نەهرۆ عەلی تاڵەبانی
- هەڵەچن : مریەم لەتیف
- نەخشەسازی : نووسینگەی پاداشت بۆ کۆمپیوتەر
- تیراژ : ١٠٠٠ دانە
- چاپ : چاپخانەی هێڤی/ هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی(١٥١٦)ساڵی(٢٠٢٠) پێدراوە

پێشکەشە:

۞بەو مرۆڤانەی دوعایان کردۆتە وێردی سەر زوبان و بێ دوعا هەڵناکەن.

۞بەوانەی قەڵغانی پارستنی خۆو ماڵ و منداڵیان بەدوعا گرێ داوە تا ڕەزامەندی خوا بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

۞ بەوانەی دوعا دەکەنە قەڵای خۆشنوودی.

۞ (حاجی (تاهیر حاجی مستەفا سماقوڵی) خەمخۆرانە هاوکارێکی ڕاستەقینەی ئەم کتێبە بوو.

۞ مامۆستایانی ئایینی (فاتیح شارستێنی) (عبدالمجید محمد طیب تاڵەبانی)(جەوهەر سماقەیی)( معتصم مەلا وەیسی گرتکی) (ئەبوبەکرشوانی-خادیم-) (نەهرۆ عەلی حەمەد) .

۞ مامۆستایان (محمد صابر وەیسی) (فارس قەرەنی عەزیزخەیلانی)(غفران سلیم سام)(ئەبوبەکر عومەر حەمەدەمین - ابوبکر واعظ-)(شەونم اسماعیل حیدر) (شەکراو بارام ) (بۆتان معروف قادر)(هیوا عباس صالح)(برواچەمچەماڵی لە گروپی پەڕتووکی دەنگی و داواکردنی کتێبی PDF) (عادل عبید عمر)(د. طارق خضر حسن)(د. بە)(نەوزاد سمایل ڕەشید) (شوان غەمبار) هەر یەکەلە گۆشە نیگایەوەکە هاوکارو هەماهەنگ بوون.

# پێشەكی

## بسم الله الرحمن الرحیم

یا رب لك الحمد كما ینبغي لجلال وجهك ، وعظیم سلطانك ، سبحانك لا نحصي ثناء علیك ، أنت كما أثنیت على نفسك.

اللهم صل على محمد وعلى آل محمد كلما ذكره الذاكرون وكلما سهي عنه الغافلون.

**مرۆڤ لەوەتەی بووە، دەزانێ لەسەرووی خۆیەوە هێزێكی گەورەو باڵادەست هەیە، بۆیە لەكاتی تەنگەشەو ناسۆری و ناخۆشیەكانی ژیانیدا، هانای بۆ دەبات. جا ئەو كەسە خواپەرستبێ یان موشریك ، هەر هەمووی لەكاتی تەنگانەدا هاناو هاوار دەباتە بەر زاتێك كە بۆ پەناپێگرتن شیاوبێ و بۆ رزگاركردن و سەرخستن پێی پشت و پەنا بێت!!**

**ناردنی پێغەمبەران(سەلامی خوایان لەسەر بێت) بۆ مرۆڤایەتی لەلایەن خوای پەروەردگارەوە، هەرچی خێرو خۆشی هەیە لەگەڵ خۆیان هێناوەو بۆ ژیانی ئێستاو پاشەڕۆژ فەرمایشتیان پێیكردووە، كە لەهەمان كات جڵەوگیریشیان كردووە لەهەرچی هەیە ببێتە مایەی نەهامەتی و ناڕەحەتی ژیانی ئێستاو دواڕۆژیان.**

**هەڵبەتە سەروەری پێغەمبەران(ﷺ)، ئەو بەختەوەری و خۆشیەی ئەو پێی هاتووە، لەسەرووی هەموو بەختەوەریەكانە كە مرۆڤایەتی هەوڵی بۆ دەدەن و بانگەشەی بۆ دەكەن و یەكێك لە داواو فەرمانێكی قوڕئانی پیرۆزو پێغەمبەری خۆشەویستمان(ﷺ): پشت بەستنە بەخوداو پاڕانەوەیە لێی لەكاتی خۆشی و ناخۆشی دا، لەئان و ساتی هەبوون و نەبوونی دا، لەوپەڕی تواناو بێدەسەڵاتی دا، لەهەموو حاڵەتەكانی ژیان، بۆ هەموو بوارو شێوەكانی ژیان، دوعاو پاڕانەوەیەكی تایبەتی بۆ داناوە! چونكە دوعاو پاڕانەوە، پایەكی یەكجار گەورەو رێزداری لای (رب العالمین) هەیە،**

**پێگەیەکی بەهێزو بەرزو فراوانیشی لە ژیانی پێغەمبەرمان(ﷺ)هەبووە.**
**لە ڕاستی دا، دوعاو پاڕانەوە پرۆگرامێکی تێرو تەسەلی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە بۆ ژیانی مرۆڤەکان، بەرنامەیەکی تۆکمەیە بۆ هەڵسوکەوت و کاری ڕۆژانە و حەسانەوەی شەوانیان، پتەوترین پەتی پەیوەندییە بەخودا لەهەموو کات و سات و جووڵەکانی ژیان!! بۆیە پێغەمبەری خودا(ﷺ) زۆر سووربوو بەردەوام بووە لەسەر دوعاو پاڕانەوە، تەنانەت هیچ بوارو شێوەیەکی ژیانی نییە کە دوعایەکی تێدا نەکردبێ و پاڕانەوەیەکی بۆ دانەنابێت، چونکە بەلایەوە (دوعا) کاکڵی خواپەرستی و فەرمانێکی خوای پەروەردگارە﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ ﴾ غافر: ٦٠**
**ئیمامی ئەحمەد(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە کتابی (الزهد) هێناویەتی، دەڵێ: موطرفی کوڕی عبدالله دەڵێ: بیرم کردەوە لەوەی کۆکەرەوەی هەموو خێرو بێر چیە؟ پاش وردبوونەوە بۆم دەرکەوت کە خێر زۆرە، ئەوە ڕۆژووە، ئەوە نوێژەو....هتد، هەمووشی دەبەر دەستی خوادایە، تۆش ئەگەر توانات نەبێ بەوەی دەبەر دەستی خودایە بە دوعاو داوالێکردن نەبێ، هەر دەبێ لێی بپاڕێیەوە، داوای لێبکەی هەتا پێتی بدات. کەواتە کۆکەرەوەی هەموو خێرو بێرێك: (دوعاکردنە)!! (فاذ اجماع الخیر الدعاء).**
**خوای پەروەردگار بەپێی مەرجەکانی، گرێنتی قبووڵکردن و وەرگرتنی دوعای کردووە ، یا ئەوەتە هەر لەدونیا پەلەیان بۆ دەکات و داواکاریەکەیان بۆ جێ بەجێ دەکات، یاخود بۆیان هەڵدەگرێ بۆ پاشەڕۆژو بە باشتر شێوە پاداشت و خەڵاتیان دەکات، یان لەجیاتی داواکاریەکە، بەڵاو ئافات و ناخۆشی و نەخۆشیەکیان لەسەر لادەبات. کەواتە هەرگیز لە دوعاو پاڕانەوە دەست بەتاڵ نامێنیەوە، بێگومان شتێکی هەر تێدەخات کە هەر خۆی دەزانێ چ پێویستە بۆ تۆ، نەك ئەوەی تۆ داوای دەکەی.**
**خوێنەری بەڕێز: ڕێزدار مامۆستا (شاخەوان عەلی) نووسەری ئەم**

پەڕتووکــە، داوای کــرد چــاویْ بــە پەڕتووکــە گرانبەهاکــەی بخشــێنم و پێشەکیەکی بۆ بنووسم! هەرچەندە خۆم بەشیاوی ئەم بابەتە نازانم، بەلاّم لەهەمان کات بەهرەمەندبووم کە بە بۆرە خزمەتێکی چکۆلاّنەیش بێت، بەم جۆرە خواپەرستیە گەورەیە کە دوعاو پاڕانەوەیە، ئەگەر بە وشەیەکیش بیْ کە خودا لێمی وەربگرێت، ئەوە بۆ من یەکجار زۆرە ، چونکە:

وشەیەك لە شوێنی ئاوا، ئومێدەوارم ئەم خەلاّتە بەدەست بێنم. پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرمویْ: (إنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالكَلِمةِ مِنْ رِضْوَانِ اللَّهِ تَعَالى مَا يُلقِي لهَا بَالًا يَرْفَعُهُ اللَّه بهَا دَرَجاتٍ....)[1] وە لە ریوایەتێکی تردا: (إنَّ الرَّجُلَ ليَتَكَلَّمُ بالْكَلِمَةِ مِنْ رِضْوانِ اللَّهِ تَعالى مَا كَانَ يَظُنُّ أنْ تَبْلُغَ مَا بلَغَتْ يكْتُبُ اللَّه لَهُ بهَا رِضْوَانَهُ إِلَى يَوْمِ يلْقَاهُ.....)[2].واتە: "لە راستیدا بەندە قسە دەکات بە وشەیەك، مایەی رەزامەندی خودای (تەعالا)، بە هەندی هەڵناگریْ، خودا بەهۆیەوە بەچەندین پلە، پایەی لەبەهەشت بەرز دەکاتەوە".وە لە ڕیوایەتەکەی تر:" لە راستیدا پیاو قسە دەکات بە وشەیەك لە ڕەزامەندی خودا، گومانی وا نەبووە بگاتە ئەو ئاستەی کە گەیشتوەتیْ، خودا بڕیاری رەزامەندی خۆی بۆ دەدات و دەنووسیْ تا ئەو رۆژەی بە (لیقای) دەگات".

لێرەوە سوپاسی مامۆستا شاخەوان دەکەم، خودا رێزداری بکات وەك چۆن رێزی بۆ من نواند و لەبارەی هەڵسەنگاندنی پەڕتووکەکەیەوە: بێگومان پەڕتووکێکی یەکجار زۆر لە بواری (دوعا) و پاڕانەوە نووسراوەو وەرگێڕدراوە، بەلاّم پێم وایە بەزمانە شیرینەکەی کوردیمان، پەڕتووکێکی ئاوا لە بواری دوعا نەنووسراوە!!

لە بارەی کەم و کوڕیشەوە: هیچ کتێبێك بیْ کەم و کوڕی و هەڵەو پەڵە نیە

---

[1] - رواه البخاري برقم/ ٦٤٨٧

[2] - رواهُ مالك في "المُوطَّإِ" والترمذي وقال: حديثٌ حسنٌ صحيحٌ

جگە لە قورئانی پیرۆز، زۆرێکیش لەو هەڵەو کەم و کوڕیانەی هەیەو بەچاوی رەخنەگرێگ قسەی لەسەرە، ئەگەری ئەوە دەکرێ بەچاو و قەڵەمی چەند خوێنەرێکی تر، هەر بە هەڵەو کەم و کوڕی دابندرێ!!

لە لایەکی دیکەوە: گشتگیری لەم بوارە پێویستی بەچەند بەرگێك هەیە، بۆیە ناکرێ دەور بەهەموو لایەنەکانی ئەم بابەتە بدرێ.

مامۆستا شاخەوان هەستاوە پوختەیەکی لەم بوارە کۆکردۆتەوەو وەریگێڕاوەو دایڕشتوەتەوەو ئاڕاستەی کردووە.

من بەش بەحاڵی خۆم لە هەوەڵەوە هەتا کۆتایی هەموویم بەوردی خوێندەوە، هێندێ جار منی گریاندووە هەرچەندە من بەزەحمەت دەگریم، هێندێ جاریش وای لێکردووم کە بدەمە قاقای پێکەنین!!

خودا پاداشتی بەخێری بداتەوە، بۆی ببێ بەخێرێکی هەمیشەیی(..أو علم ینتفع به..) مسلم. دوا ماڵاوایشی لەسوودو قازانجەکانی بەهرەمەند بێت!!

یاڕەبی خودایە وامان لێبکەی لە دوعاو پاڕانەوە کۆڵ نەدەین، بەبەر دوعای دوعاگۆیانیشمان بێخی، پاڕانەوەکانیشمان رەت نەکەیتەوە.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمین. سبحان ربك رب العزة عما یصفون وسلام علی المرسلین والحمدلله رب العالمین.

خزمەتکاری دوعاکاران

زرار مەلا محمد مەلا صادق گرتکی

٢٩ربیع الاول/١٤٤٢هـ. ٢٤ی گەلاڕێزان/٢٧٢٠ك

١٥،تشرینی دووەم/٢٠٢٠ هەولێر/ هەولێری نوێ.

ئیمامی مزگەوتی مەدینەی منەوەرە

## ڕێخۆشی

أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ

﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴾ غافر: ٦٠

**واته: "ئەی خەڵکینە پەروەردگارتان فەرموویەتی: ئێوە هاناو هاوارم بۆ بێنن، من دوعا و نزاتان گیرا دەکەم، بەڕاستی ئەوانەی خۆیان بەگەورە دادەنێن و لووت بەرزی دەکەن لە ئاست پەرستنی من دا، لە ئایندەدا بەسەر شۆڕی و خەجاڵەتی دەخرێنە ئاگری دۆزەخەوە"[٣].**

**دوعا سەرە ڕم و چەکێکی کاریگەری دەستی ستەملێکراوانە، ڕێگەیەکە بۆ ڕزگاربوون لە تەنگ و چەڵەمەو نەهامەتی و ناخۆشییەکانی ژیان و خواستی سەرەکی خواناسانی ڕاستەقینەیە.**

**"دوعا بریتی یە لە تەجەللا و دەرکەوتەی ئەو ڕۆحەی وەکو واقیعیەتگەرای نزم و پەست و ئەو واقیعیەتگەرا رووکەشەی دونیا کە هەیە، نایەوێ لە**

---

[٣] - **خوای پەروەردگار پێماندەڵێ: داوام لێبکەن وەڵامی داواکانتان دەدەمەوە:** ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌۖ أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِۖ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لِي وَلۡيُؤۡمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمۡ يَرۡشُدُونَ ﴾ البقرة: ١٨٦ **ئیمامی(تەبەری) لەتەفسیری ئەم ئایەتە دەفەرموێ: ڕۆژێکیان پیاوێکی دەشتەکی هاتە لای پێغەمبەری خوا(ﷺ)، وتی: ئەرێ خوا لێمان نزیکە تا بە چپەو هێواش بانگی بکەین، یاخود لێمان دوورە تاوەکو بەدەنگی بەرز بانگی بکەین؟ ئەوسا خوا فەرمووی:** ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌۖ ﴾ **هەرکاتێ بەندەکانم لەبارەی منەوە پرسیاریان لێ کردی: ئایا من دوورم لێیانەوە یا نزیک؟ من زۆر نزیکم لێیانەوە**﴿ أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِۖ ﴾ **وەڵامی دوعاکاران دەدەمەوە کاتێ دوعا دەکەن و لێم دەپاڕێنەوە**﴿ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لِي ﴾ **دەبا ئەوانیش فەرمان و داخوازی من وەڵام بدەنەوە، فەرمانم پشتگوێ نەخەن**﴿ وَلۡيُؤۡمِنُواْ بِي ﴾ **باوەڕی تەواو و پتەویان بەمن هەبێت**﴿ لَعَلَّهُمۡ يَرۡشُدُونَ ﴾ **بەڵکو ڕێی ڕاست بۆ خۆ بەدی بکەن.**

چوارچێوەی نزمبوونەوەو لە سنووورداربوونی ئەوەی کە هەیە بمێنێتەوەو لە نزمی ئەوەی کە هەیە رادەکات کە لەنیازو پێداویستیە ماددییەکان و ئەوەی لەبەردەستی ئەودایە، نیازو پێداویستی بالاّتری هەیە""[٤].

دوعا ئەوە پیشانی مرۆڤ دەدا کە لە هەر دەرگایەك بدات، بەڕووی دەکرێتەوە، هەرچی بیەوێ و بیخوازێ، بەدەستی دێنێ و دەستی دەکەوێت.

ئەگەر موسڵمان دڵ و دەروونی دامەزراو بوو، ئەوە لەوپەڕی نەهامەتی و ناسۆرییەکانی هەموو تەمەنی دا، وا بەئاسانی دەستبەرداری دوعا نابێ و وازی لێ ناهێنێت، چونکە متمانەو باوەڕی تەواوی بەوە هەیە کە رووبکاتە بەر قاپی پەروەردگارو لێی بپاڕێتەوە، دەرگای خۆشی و خۆشنوودی بەڕوودا دەکرێتەوە، هەرچەندە ئەوە هونەر نییە موسڵمان تەنها لەکاتی ناخۆشی و تەنگانە پەنای بۆ ببات و بۆ کاتەکانی تر پشتگوێی دوعا بخات، وەك چۆن بێدینەکان تەنها لەکاتی ناخۆشی و تەنگەتاوی دا هانای بۆ دەبەن! بۆیە موسڵمانی راستەقینە دەبێ لەکاتی هەبوونی، لە کاتی تەندروستی، لەکاتی خۆشی و ئاسایی رووبکاتە خواو لێی بپاڕێتەوە تا لەکاتی نەبوونی و نەخۆشی و ترس و بیم و ناخۆشیدا بەهاواریەوەبێ و بەزوویی دوعاکانی وەڵام بداتەوە ، هەروەکو پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: "مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَسْتَجِيبَ اللَّهُ لَهُ عِنْدَ الشَّدَائِدِ وَالْكَرْبِ فَلْيُكْثِرِ الدُّعَاءَ فِي الرَّخَاءِ."[٥].

دوعا دروشم و پەیامێکی ئەوەندە گەورەو مەزنە، دەچێتە خانەی عیبادەت و ئەو پەرستشانەی بابای ئیماندار ئەنجامی دەدات، وەك سەروەری

---

[٤]- نزا: ئەلێکس کارل–د. عەلی شەریعەتی و: موسعەب ئەدهەم، ل٥٩، چ١، چاپخانەی موکریانی هەولێر، ٢٠١٤

[٥]–رواه الترمذي برقم/ ٢٣٨٢ حسن. الترغيب والترهيب للمنذري ج٢/٤٧٣ برقم/٢٤٢٢ وصححه الألباني في "السلسلة الصحيحة.

**مرۆڤایەتی(ﷺ) دەفەرموێ: (دوعا مۆخی عیبادەتە)[٦].**

**موسـڵمان دەبـێ دڵخۆشـبێ کـە ئـەو کاتـەی سـەرقاڵی پاڕانەوەیـە بـۆ وەدەستهێنانی سوودی دونیاو دواڕۆژی، یا دوورخستنەوەو پاراستنی لە زەرەرو زیانـەکانی دونیـا یـا پاراسـتنی لـە ئاشـوب و زەرەرو زیانـەکانی دوارۆژ، ئەوە هەموو دوعاکانی بۆ بەخواپەرستی دادەندرێ.**

**خوای پەروەردگار کاتێ داوامان لێ دەکات بەخشووع و زەلیلی دەخالەتی ببین، ئەو حەوجە بەهیچ شتێکی ئێمە نییە، چونکە بەکردن و نەکردنی پاڕانەوەو دوعاکرن، هیچ شتێك لە فەزل و گەورەیی ئەو ناگۆڕێ، بەڵام ئەوە خوایە خۆشمانی دەوێ، دەیەوێ چاکەمان لەگەڵ بکات، پێی خۆشە لێی بپاڕێینەوە.**

**ساڵی ١٩٩٨بـەرپرسێکی دەست رۆیشتووی ئـەم هەرێمەی خۆمان، بەناوی "تۆڕی چاودێری کۆمەلایـەتی"، بـڕە مـووچەیەکی کـەمی بـۆ ئـافرەتێکی بێ نەوا و کەم دەرامەت بڕاندبۆوە. ئافرەتەکە دەرهـەق بـەو مووچـە کەمـەی مانگانـە وەری دەگـرت، ئەوەنـدە شـادو دڵخـۆش بـوو، سـەری زمـان و بنـی زمانی، ئەو بەرپرسە بوو، بجۆرێ ئەگـەر کەسـێ بەخراپە باسـی بکردایـە،**

---

**[٦]- (الدعاء مُخُّ العبادة) رواه الترمذي. حديث ضعيف، الترغيب ج٤٧٩/٢ برقم/ ٢٤٣٩ بەڵام لەهەمان کات پێی خۆشە لێی بپاڕێینەوە.**

**عن النعمان بن البشير(رضي الله عنه) عن النبي(ﷺ) قال: (الدعاء هو العبادة) ثم قرأ﴿** وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ **﴾ غافر: ٦٠ واتە: "پاڕانەوە پەرستنە، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە﴿** وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ **﴾ قال أبو عيسى هذا حديث صحيح، فدل على أن الدعاء هو العبادة. تفسير القرطبي ج٣٧٥/١٨ .واتە: "پەروەردگاری ئێوە فەرمووی: لێم بپاڕێنەوە، وەڵامتان دەدەمەوە. بێگومان ئەوانەی لە پەرستنی مندا خۆیان بەزل دەزانن ، ئەوە بەملکەچی و زەلیلیەوە دەچنە دۆزەخ". ئەبو عیسی دەڵێت: ئەو فەرمودەیە سەحیحەو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دوعاکردن پەرستش و عیبادەتە.**

پێـی هەڵدەشـاخا، بەگـڕژی دادەچـوو، لێـی بـەجواب دەهـات، لـەم پێنـاوە ئامـادەبوو شـەڕی ئـەم و ئـەو بکـات، تەنانـەت لـە نەخۆشـبوونی ئـەو بەرپرسـەدا، بـەدەنگی بـەرز دوعـای دەکـرد، هـەزارو یـەك جار خـۆ و ماڵ و منـداڵی بـە قوربـان دەکـرد کـە تـەنها ئـەو هیچـی لـێ بەسـەر نەیـەت و چـاك بێتەوە!!

ئەگـەر ئـەوە مشـتێکبێ لـە خـەرواری دەیـەها چاکەی بچووك، ئاخۆ: ئێمـە چیمان بۆ ئەو زاتە بەرزو مەزنە کردووە کە ئەم گەردوونـە پان و پـۆڕەی بـۆ رسـکاندوین، هـەر ئـەو دەمانـژێنێ و دواجـاریش هـەر بـۆ لای ئـەو دەگەڕێینەوە؟!

ئەگەر ئێمە یەکێکمان خۆش بوێ و بمانـەوێ داوەتـی ماڵـەوەی بکـەین ، پـڕ بـەدڵ حـەز دەکـەین بـەجوانترین شـێوە پێشـوازی بکـەین، ئـەوجا هەرچـی خواردنێکی خۆش و بەلەزەت هەیە، بۆی لەسەر سفرەی خوان بڕازێنینەوە.

ئەگەر ئەم بانگێشکردنە ماوە ماوە دووبار بێتـەوە، شتێکی ئاسـاییە، بـەڵام هیچ مرۆڤـێ نـاتوانێ هاوڕێکـەی تـا سـەر هـەموو رۆژێ، سـێ جەمـە داوەتـی ماڵەوە بکات.

ئـەو داوەتکردنـە لـەلای خـودا تـەواو پێچـەوانەیە. پـەروەردگار شـەو و رۆژ بانگێشتمان دەکات بچینە خزمەتی، داوامان لێ دەکات چیمان بوێ، بەبێ رەتکردنەوە پێمانی بدات و لەو داوەتکرنە بێزار نابێت.

کەواتە زاتێکی گەورەی گەوران هەیە خۆشـی دەوێـین، گـوێ بـۆ قسـەکانمان ڕادەگـرێ، دەیـەوێ جـار لـەدوای جـار داوای شـتی گـەورەو گـەورەتری لـێ بکەین، نەخاسمە لە نوێژە فەرزەکان، چونکە نوێژ بە مانای ملکەچبوون بـۆ خوای پەروەردگار دێ[7] .

---

[7] – موسڵمان لە هەموو نوێژێك، سورەتی (فاتیحە) دەخوێنێ، ئەم سورەتە سەراپای نزاو پاڕانەوەیە، زانایان دەڵێن: نوێژ واتە دوعا کردن ﴿ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿١﴾ ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی

**پەرستراوی راستەقینە، تواناو دەسەڵاتی سوود و زیانگەیاندنی بێ سنووره، ئەوەش لە فیترەتی بەشەریەت ناوەشێتەوە، چونکە مرۆڤ لە سوودو زیانگەیاندنی دا سنووریێکی دیاریکراوی هەیە، دەتوانێ بەر بە تواناکانی بەرامبەر بگرێ، وەك پێشەواو سەرکردە مەزنەکان کاتێ بەسوپایەکی زەبەلاحەوە پەلاماری ئەم و ئەو دەدەن و وڵاتان داگیر دەکەن. کەچی دواجار لە بازنەیەکی دیاریکراودا لە پێشڕەوی دەوستن، ئەویش ئەوەیە یان تێکدەشکێ، یان مردن بەر بەهەموو تواناکانی دەگرێ و هیچی پێ ناکرێ [٨].**

*** کاتێك یوسف پێغەمبەر(علیه السلام) بوو بە عەزیزی میسر، رۆژێکیان لە بەلەکۆنی کۆشکەکەیەوە سەیری خوارەوەی دەکرد، دیقەتی گەنجێکی دا کە بەجلەکانی دیاربوو رووت و رەجاڵ وهەژارە، لەو کاتە جوبریلی ئەمین هاتە لای، سەلامی لێکردو لێی پرسی: ئەرێ ئەو گەنجە دەناسی؟**

---

**میهرەبان ﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢ ﴾ سوپاس و ستایش هەر شایستەی خوایەو بۆ خوایە کە خاوەن و پەروەردگاری هەموو جیهانیان و هەموو بوونەوەرە ﴿ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣ ﴾ بەخشندەو دلۆڤانە، کانگای رەحمەت و میهرەبانییە (رەحمەتی لە دنیادا هەموو شتێکی گرتۆتەوە، بەڵام لە قیامەتدا تەنها بۆ ئیماندارانە) ﴿ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤ ﴾ خاوەن و سەرداری رۆژی پاداشت و سزایە. (پادشای رۆژی قیامەتە کە دادپەروەری رەهاو بێ سنووری تێدا بەرپا دەکات) ﴿ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ٥ ﴾ خوایە تەنها تۆ دەپەرستین و هەر لە تۆش داوای یارمەتی و پشتیوانی دەکەین. ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ ﴾ خوایە بەردەوام رێنمونیمان بکە بۆ ئەو رێبازە راست و دروستەی ئیسلام ﴿ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧ ﴾ کە بەرنامەو رێبازی ئەوانەیە لەنازو نیعمەتی خۆت بەهرەوەرت کردوون، نەمانخەیتە سەر رێبازی ئەوانەی خەشم و قینیان لێگیراوە (بەهۆی ئەوەوە دەیزانن و لایانداوە)، هەروەها نەمانخەیتە سەر رێبازی ئەوانەش کە سەرگەردان و گومڕان(بەهۆی لاساری و یاخی بوون و نەزانینیانەوە). □**

**[٨] - خەلیفەی موسڵمانان (ئەبوبەکری سدیق) (رضي الله عنه) دەفەرموێ: (جگە لە خودا، ئومێدت بەکەس نەبێ، جگە لە گوناه و تاوان، ترست لەهیچ کەس نەبێت).**

**فەرمووی: نەخێر.**

**پێی وت: بەبیرت دێ کاتێ تۆمەتیان بۆ دروستکردی، کێ شاهێدی داوێن پاکی بەتۆ دا؟!** ﴿ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنْ أَهْلِهَآ ﴾ یوسف: ٢٦

**لەوەڵامدا وتی: منداڵێکی ساوا بوو.**

**جوبریل وتی: جا ئەو منداڵە،ئەو گەنجەیە شاهێدی داوێنپاکی بۆ تۆ دا.**

**یوسف(علیه السلام) ناردی بەشوێنی دا. گەنجەکە هات، زۆر رێزی گرت و پۆشاك و خواردن و کارێکی شایستەو گونجاوی پێشکەش کرد. کاتێك ئاوڕی دایەوە، جوبریلی بینی ئەوە زەردەخەنە دەکات، وتی: ئایا بەوە پێدەکەنی  کە کەمتر لەهەقی خۆم پێی داوە؟**

**ئەویش لە وەڵامدا وتی: نەخێر من تەنها بەوە پێدەکەنم کەتۆ ئەو هەموو پاداشتەت دایەوە، تەنها یەك جار شایەتی بۆ دای! ئەی دەبێ پاداشتی خوای پەروەردگار چەند بێ کە هەموو رۆژێك بەندەکانی شایەتی تاك و تەنهایی بۆ  دەدەن؟.**

***لە ئیبن عەباسەوە (رضي الله عنه)، وتی: پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)[9] پێی وتم: ئەی هەرزەکار سێ وشەت  فێر دەکەم: خوا بپارێزە خوا دەتپارێزێ، خوا بپارێزە کە هەر کاتێك سەیری دەکەی ئەوە لە بەرامبەرتە، لە هەبوونی خوای گەورە خۆت بناسە، لەکاتی تەنگانە دەتناسێ و بەهاناتەوە دێ. ئەگەر داوای شتێکت کرد، داوا لەخوا بکە. ئەگەر ویستت پشت بە کەسانێك ببەستی، ئەوە تەنها پشت بەخوا ببەستە و هاواری خوای**

---

[9]- پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رۆژی دوو شەممە، مانگی (ربیع الاول) لەشاری مەککەی پیرۆز لەدایك بووە لە ماڵێکدا کە بە (دار المولد) ناسرابوو، ئەو ساڵەی تێیدا لەدایك بوو پێی دەوترا (ساڵی فیل) کە دەکاتە ٥٧١ی زایینی. پێش لەدایکبوونی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ، باوکی وەفاتی کردووە کە ناوی (عەبدوڵای کوڕی عەبدولموتەلیب) بوو، دایکیشی ناوی (ئامینەی کچی وەهەب) بوو، لەناوە جوانەکانی ئەم پەیامبەرە (محەمەد– ئەحمەد– ئەلحاشر– ئەلعاقب– ئەلماحی –ئەلمەقفی – نەبیورڕەحمە– نەبیوتتەوبە) لە ئینجیل ناوی بە ئەحمەد و لە تەورات بە متەوکل هاتووە.

پـەروەردگار بکـە. ئـەوە بزانـە ئەگـەر هـەموو خـەڵکی کۆببنـەوە و بیانـەوێ بەشتێك سوودت پێ بگەیەنن، ناتوانن بەهیچ شتێك سوودت پێ بگەیەنن تـەنیا بـەوە نـەبێ کـە خـودای پـەروەردگار بـۆی نووسـیوی. خـۆ ئەگـەر کۆببنـەوەو بیانـەوێ بەشـتێك زیانـت پـێ بگەیـەنن، دڵنیابـە بـەهیچ شـتێك زیانـت پـێ ناگـا، تـەنها ئـەوە نـەبێ کـە خـودای گـەورە بـۆی نووسـیوی، خامەکان راوەستان و پەڕەکان وشك بوون[10].

*لەسـەردەمی موسـا پێغەمبەر(علیـه السـلام) کابرایـەکی هـەژارو نـەدار هـەبوو، ژیانی لەدەرەوەی ئاوایی لـە کەلاوەیـەکی وشـك و برینگـی بـێ سـەروبەرە بەسـەر دەبرد.

حەزرەتی موسا رۆژانە بۆ موناجاتی خوای پەروەردگار دەچووە کێوی تور، بە بەردەمی ئەو خانووە کەلاوە تێ دەپەڕی.

رۆژێکیان کابرای بێ حاڵ و ماڵ و بێ نەوا، لێی دەچێتە پێش و پێی دەڵێ: یا موسا دەستم دامێنت، لێت دەپاڕێمەوە لەسەر رێی خۆت بەخوای پەروەردگار بڵێ دەرگایەکی بەخێری خۆیم لێ بکاتەوە من زۆر دەست کورت و هەژارم، هیچم نیە بیخۆم، هیچم لەماڵ نییە.

ئـەویش چـووە کێـوی تـور، بەنەزاکـەوە رووی بـۆ ئاسمـان بـەرز کـردەوە، وتـی: خوایە گیان تۆ زاناو عەلیمی بە هەموو شتێکی ئەم گەردوونە، گوێت لێ بوو ئەو عەبدەی تۆ چی وت!

خـوای پـەروەردگار وەڵامـی دایەوە- وتـی: ئـەی موسـا، بـڕۆ پێـی بڵـێ لـە قەڵـەمی ئەزەلەوە وام بۆی نووسیوە.

کاتێ موسا گەڕایەوە، ئەو قسانەی پێ وت و ڕۆیشت.

ڕۆژی پاشتر کابرا دیسان هاتەوە پێش دەمی موساو پێی وت: ئـەی موسـا، خـوا خوایـە، کـەس دەسـتی نـەگرتووە، دەمـەوێ ئـەوجارە پێـی بڵێـی قەڵـەم لەدەسـتی خۆیەتی با قەڵەمم بۆ با بدات و خواری بکاتەوە.

---

[10] -أخرجه أحمد برقم : ٢٦٦٤ والترمذي برقم: ٢٥١٦ والحاكم برقم: ٦٣٠٤

دووباره حــــەزرەتی موسا ئەو قسانەی کابرای بە خوای پەروەردگار راگــەیاند، خوای پەروەردگار پێی وت: برۆ پێی بڵێ ئەوە قەڵەمەکەم بۆی بادا.

حەزرەتی موسا بەخۆشحاڵیەوە پێـی هـەڵێنا، گەڕایـەوە تـا ئـەو هەواڵـە خۆشـەی بەگوێ بدات. وەلێ کابراکە لەوێ نەمابوو. کە پرسیاری دیار نەمای کابرای لـە خەڵکی ئەو دەوروبەرە کرد، پێیان وت: سەردارو گەورەی ئەم مەملەکەتە کە لێرە تێدەپەڕێ، کاتێك لا دەداتە ئەوە کەلاوەیە، کابرا لەگەڵ خۆی دەیباتـە کۆشـك، پێی دەڵێ: تۆ کەسێکی بەهرەمەندی، سەرسام ماوم بۆچی تـا ئێسـتا کـەس بـە زیرەکی و لێهاتوویی تـۆی نـەزانیوەو حاڵی تۆیـان بـەمن نەگەیانـدووە؟ وەرە لای من دەستبەکاربە، پلەیەکی باشت دەدەمێ و کچێکیشم هەیە، لێتی مارە دەکەم. هەر ئەو رۆژە کچەکەی خۆی لێ مارە دەکات.

کاتێك بووکیان بۆی رازاندەوە، دوای مـەغریب کـە دنیـا تاریـك داهـات، کابرای هەژارو نـەدار بـووکی یـەك شـەوەی بـەجێ هێشـت و دەچێتـە سـەربان، تـا بـەیانی نایەتە خوارەوە هەر سوجدەی شوکر بـۆ خـوا دەبـات و دەڵێـت: سـوپاس بـۆ ئـەو خوایەی قەڵەمی بۆ بادام.

بـەیانی دەنگوبـاس بڵاوبـۆوە گوایـە ئـەو کابرایـە لـەپیاوەتی کـەوتووە، پیـاوەتی نەماوە ئەگینا ماقووڵ نییە لە شەوێوە بووکی تازەو یەك شەوە بەجێ بێڵێ، بۆیە ناردیانـە دوای، پێیـانوت: وەرە پێمـان بڵـێ بۆچـی ئەمشـەو بووکەکـەت بەتـەنیا بـەجێ هێشـت، ئەگـەر گـەورەمان نەبوایـە تـۆ چـی بـووی؟ تـۆ کەسـێکی پیسـکەو نەدار، کەس بێزی نەدەهات لێت نزیك بێتـەوە، بەڵام ئـەوە گـەورەمان بـوو ئـاوڕی بەخێری لێ دایتەوەو ئەوها گەورەی کردی!!

ئــەویش لەوەڵامــدا پێیــان دەڵێــت: وەڵاهــی تــەنها خــوای گــەورە ئــاوڕی لــێ داومەتەوە، خوای گەورە قەڵەمی بۆ بادام ، بووم بەو کەسە، ئەگینا ئێوە چەندین جار بەم شوێنەدا هاتن و منتان بینی و هیچتان نەکرد، هەر بۆیە منیش بڕیارمدا ئـەو شـەوە بـۆ ئـەو نیعمەتـە گـەورەی خـوای گـەورە پێـی بەخشـیوم، تـا بـەیانی سوپاسگوزاری خوای خۆم بکەم.

دوعا ئەوەندە کاریگەری بەسەرمانەوە هەیە، فاکتەری سەرەکــی خۆشنوودی

و دڵكرانەوەو لابردنی خەم و پەژارەو نەهێشتنی بێزاری و دڵتەنگی یە.
دوعا كەرەستەو ئامرازێكە، كاروباری ژیانمان ڕێك دەخات. ئەوەش لەوەدا سەرچاوەی گرتووە كاتێ بەندەیەك بەوپەڕی بێ هێزی و كزۆڵ و زەلیلیەوە ملكەچبوونی خۆی نیشان دەدات، دەزانێ ئەوە خوایە دروستی كردوە، هەر ئەو دەیژێنێ و دەیمرێنێ و باڵادەستی خوای گەورە ئەوەندە فراوانە، هیچ شتێك لەبەردەمی دا مەحاڵ نییە، بۆیە بەندەكەی چی بوێ، بۆی جێ بەجێ دەكات.
*سەلمانی فارسی بۆمان دەگێڕێتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ:"خوای گەورە خاوەنی شەرم و ڕێزە، شەرم لە بەندەكەی دەكات ئەگەر دەستی پاڕانەوەی بۆ بەرز بكاتەوە، بە بەتاڵی بیگێڕێتەوە". [١١]
*كابرایەكی ناسیاوم هەیە، هەمیشە دەم بە زیكر، بۆ دوعاكردن، بەشێوەیەكی سەیرو سەمەرە دەستەكانی بۆ ئاسمان بەرز دەكاتەوە. زۆر جار پێی دەڵێم: برا گیان دەست بەرزكردنەوە ئەوها نییە، ئەو دەست بەرزكردنەوەی تۆ هەڵەو ناتەواوە!!ئەویش بەدەم زەردەخەنەیەكەوە وەڵامم دەداتەوە، دەڵێ: من بەباشی خوای خۆم ناسیوە، دەزانم چ زاتێكە! كە دەستم ئاوا بەرز دەكەمەوە، دڵنیامە ئیللا شتێكی تێ دەكات، بۆیە ئەوەندە دەست بەرز دەكەمەوە تا شتەكە زوو بكەوێتە نێو لەپی دەستم.
*لە فەرموودەیەكی حەسەن هاتووە كە (ئیبن ماجە) دەیگێڕێتەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ :(مَنْ لَمْ يَسْأَلِ اللَّهَ يَغْضَبْ عَلَيْهِ)[١٢] واتە: "هەر كەسێ نزا نەكات و لەخوا نەپاڕێتەوە، خوای گەورە لێی تووڕە دەبێت".
سوودو كەڵك و بایەخی دوعا ئەوەندە زۆرو بێشومارە، دەتوانین لە

---

[١١]- "إن الله حَييّ كريم يستحي من عبده إذا رفع يديه اليه أن يردّهما صِفراً" رواه أبوداود والترمذي.
[١٢]- رواه الترمذي، أ خرجه الترمذي في " سننه" ج٩/٢٩٠ برقم/٣٣٧٣، و البخاري في "الأدب المفرد" ٢/١١٤

گۆشەنگایەکەوە ئاماژە بە هەندێکیان بدەین، لەوانە:
*بەهۆی دوعاوە داخوازیەکانمان دەخەینە پێش زاتیٚ کە هەموو گەردوون بەڕێوە دەبات، هیچ شتێك لەبەردەمی دا رێگر نییە، بیٚ یەك و دوو وەڵاممان دەداتەوە.
*دوعا عیبادەتە، لە تۆماری چاکەکانمان دەنووسریٚ و لە رۆژی قیامەت بە هاناو فریامان دەکەویٚ.
*بەهۆی دوعاوە گەشبینی روومان تیٚ دەکات، دلٚ و دەروونمان ئارام و دلٚخۆش دەبیٚ، خێرو چاکە دەبێتە میوانی هەمیشەیی ژیانمان، لە شەڕو شۆو ئاژاوەو ئاشووبی دونیامان بەدوور دەگریٚ، کە ویٚڕای بەختەوەریمان لەم دونیایە، ئەوە لە دوارۆژدا بەهەشت بۆ خۆمان مسۆگەر بکەین.
دیاری و بەخششەکانی خوای پەروەردگار هێندە زۆرو لەبن نەهاتووە، ئەگەر بیدات، لەم دونیایە جێی نابێتەوە، دوعاش یەکێکە لەو بەخششانە.
یەکخواناسین لەپەروەرگاریێتی بریتیە لە: خوا بەتاك ناسین لە سیٚ شت، لە لە "دروستکردن " و "خاوەنداریێتی" و "بەڕێوەبردن".
ئەفسووس مرۆڤ لەخودی خۆی ورد نابێتەوە، ئاخۆ: سەرتۆپ و تێکڕای تەمەنی چەندە؟ لەو تەمەنە کورتەی هەیەتی بەچی ڕادەگا و چی دەست دەکەویٚ؟
*لە حەکیمێکیان پرسی: چ شتێك بۆ مرۆڤ جێی سەرنجە و تێڕامانە؟
لە وەڵامدا وتی: " لە منداڵی بێزار دەبن، هەولٚ دەدەن گەورەبن. کاتێکیش گەورە دەبن، ئارەزوو دەکەن بگەڕێنەوە سەردەمی منداڵی. هەروەها تەندروستی خۆیان لە دەست دەدەن بۆ کۆکردنەوەی مالٚ و سامان، کەچی هەر ئەو مالٚ و سامانە بەکار دەهێننەوە بۆ گەڕانەوەی تەندروستیان..بە دوو دلٚی بیر لە داهاتوویان دەکەنەوە، ئەمڕۆیان بیر دەچیٚ، لە ئەمڕۆ و

داهاتوو ناژێن، بە شێوەیەك دەژێن وەکو هەرگیز نەمرن، بە جۆرێکیش دەمرن وەکو بڵێی هەرگیز نەژیابن".

* خەلیفەی موسڵمانان، ئیمامی عەلی(رضي الله عنه) دەفەرمویٚ:"بەجۆریٚ کار بۆ دونیات بکە، وەکو ئەوەی تا هەتایە بژێی. کاریش بۆ قیامەتت بکە وەکو ئەوەی سبەی بمریت"[١٣].

کارەساتی گەورە ئەوەیە خوایەکی گەورەو باڵادەستت هەبێ، ئەوجا پشتگویٚ و فەرامۆشی بکەی، هاواری بۆ نەکەی، لێی نەپاڕێیەوە، لەکاتێکا هەموو شتێکت لای ئەوەو هەر بەدەست ئەوە. کەچی داوا لە دوژمنی دینەکەت بکەیت و لە بەرپرس و دەسترۆیشتوان بپاڕێیەوە شتێکت بۆ بکەن، بەجۆریٚ وابزانی ئەگەر ئەوانە شتێکت بۆ نەکەن، ئەوە کەسی تر نییە هیچت بۆ بکاو سەرەنجام لەبرسا دەمری!!

مرۆۊ کاتێك لەدەرگای تاوانێك دەدا، زۆر بە ئاسانی بۆی دەکرێتەوە. بەڵام هاتنە دەرەوەی قورس و گرانە.

خوای گەورە زۆر بەسۆزو میهرەبانە کاتیٚ بەندەکەی فرمێسکی پەشیمانی دەڕێژیٚ، پەشیمان دەبێتەوە تا بەکەڵکی قیامەتی بێت، نەك رووبارێك ئەسرین لە دۆزەخ بڕێژیٚ و بەکەڵکی نەیەت.

ئەگەر سەد جار پەیمانی تۆبەت و گەڕانەوەت شکاندووە، سەد جار گوناهو تاوانت ئەنجام داوە، دیسان وەرەوە بەردەم قاپی خوا، چونکە لەم دەرگایە شتێك بەناوی نائومێدی بوونی نییە.

*لە (ئیبن مەسعود)یان پرسی (رەزای خوای لێبیٚ): خواپەرستی راستەقینە چۆنە؟ لەوەڵامدا وتی: کەسێکە ملکەچبیٚ، هەموو کاتێك خوای

---

[١٣] - لە فەرمودەی (بسند ضعيف) هاتووە: (اعمل عملَ امريءٍيظُنُّ أن لن يموتَ أبداً، واحذَر حَذَرَ امريءٍ أن يموت غداً) رواه البيهقي. فيض القدير، ج٢/١٦ برقم/١٢٠١

پــەروەردگاری لــەدڵ و دەروون و ســەر زار بــێ و لــەبیری نــەکات و بــەوەی هەیەتی قایل بێ و کوفر نەکات.

***لە ژیانی مرۆڤایەتی:** ئەگەر یـەکێ لـە ئێمـە کەسێکی خـۆش بـوێ، بیـەوێ چاکەیەکی لەگـەڵ بکـات. بانگێشـی لای خـۆی دەکـات و بەشـتێ پاداشـتی دەکات کە لە توانایدابێ و ئەو شتە سنووردار بێ. وەلـێ دەسـەڵاتی خـوای پەروەردگار بێ سنوورە.

***لە ژیانی مرۆڤایەتی:** ئەگەر ئەو داواکردنـە لـە رووی خۆشەویستنەوە بۆ ئەو کەسـەی خۆشـی دەوێ، بەشێوەیەکی کـاتی خۆشحاڵی ژیـانێکی کـاتی پێ ببەخشـێ، وەلـێ خۆشەویسـتی خـوا بـۆ بەنـدەکانی، بەهەشـتی بـەرین و ژیانی هـەتا هەتاییـە کـە هـیچ کـاتێ تیایـدا هەسـت بەناخۆشـی و ناڕەحـەتی ناکات.

وەڵامی خوا وەکو وەڵامی ئێمە نییـە بـۆ یـەکدی، تەنانـەت (والعیـاذ بـاللە) زۆر جـار پێمـان وایـە ئـەوەی قسـەی بـۆ دەکـەین لـە بەنـدەکانی خـوا لـە خـوا گـوێگرترە، بـێ ئـەوەی بـۆ ئـەو ئایەتـە بگەڕێینـەوە کـە خـوای پـەروەردگار دەفـەرموێ: ﴿إِنَّمَآ أَمۡرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيۡـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ﴾ یـس: ٨٢ واتە: **"بەڕاستی کاری خوا ئەوەیە هەر کاتێك بیـەوێ شـتێك بـەدی بێنـێ، پێی دەڵێ: ببە، دەست بەجێ ئەو شتە دەبێت"**[١٤].

***کاتێك ئیبراهیم(علیه السلام) قسە لەگەڵ خوا دەکات:** ﴿رَبِّ أَرِنِي كَيۡفَ تُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰۖ قَالَ أَوَلَمۡ تُؤۡمِنۖ قَالَ بَلَىٰ وَلَٰكِن لِّيَطۡمَئِنَّ قَلۡبِيۖ قَالَ فَخُذۡ أَرۡبَعَةٗ مِّنَ ٱلطَّيۡرِ فَصُرۡهُنَّ إِلَيۡكَ ثُمَّ ٱجۡعَلۡ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٖ مِّنۡهُنَّ جُزۡءٗا ثُمَّ ٱدۡعُهُنَّ يَأۡتِينَكَ سَعۡيٗاۚ وَٱعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ﴾ البقرة: ٢٦٠ **واتە: (پەروەردگارا نیشانم بدە چۆن مردوو**

---

[١٤] – تەفسیری پوختەی قورئان

**زیندوو دەکەیتەوە؟ خوا فەرمووی: ئایا باوەڕت نەهێناوە؟ ئیبراهیم وتی: بەڵێ باوەڕم هەیە، بەڵام حەز دەکەم بەچاوی خۆم ببینم تا دڵم ئارام بگرێ، خوا فەرمووی: کەواتە چوار باڵندە بێنەو جوان سەرنجیان بدەیێ و دوایی هەر چواریان سەر بڕەو گۆشت و پەڕو خوێنیان تێکەڵ بەیەك بکە، ئەوسا لەسەر لوتکەی هەر شاخێك هەندێ لەو تێکەڵەیە دانێ، پاشان بانگیان بکە، بە گورجی و بە پەلە هەموویان دێنەوە لات، چاك بزانەو دڵنیابە بەڕاستی خوا باڵادەست و کار بەجێیە).**

***لە ژیانی مرۆڤایەتی:** هیچ کەسێ بە پادشاو سەرۆك کۆمارەوە لەخۆی رانابینێ دەرگای داواکاری بە رووی هەمووان بکاتەوە، نەوەکو بۆی جێ بەجێ نەکرێ. بەڵام ئەوە خوایە هیچ شتێ لەبەر دەمی نابێتە بەربەست و لەمپەڕ، هیچ شتێ لەبەر دەستی گیر نابێت[١٥].

خوا لە هەموو کەس بە خەمەکانی مرۆڤ ئاگادارە، کەس بەئەندازەی خوا توانای لابردنی نەهامەتی و ناخۆشیەکانی نییە.

زاناوبیرمەندی هیندی(تاگور) دوعایەکی جوانی هەیە، دەڵێت:

**خودایا:** ئەگەر  ماڵت پێدام ، کامەرانیم لێ نەستێنیتەوە. ئـــەگەر هێزت دامێ، عەقڵم لێ نەستێنیتەوە. ئەگەر نیعمەتی سەلامەتیت لێ سەندمەوە، نیعمەتی ئیمانم لێ مەستێنەوە. ئەگەر سەرکەوتنت بە نسیب کردم، لەخۆباییم نەکەیت و ئەگەر کەوتنت بە نسیب کردم ، بێ ئومێدم نەکەیت[١٦].

**خودایا:** ئەوەندە هێزم نەدەیتێ خوێنی مەزڵومان برێژم و ئـــەوەندەم بێهێز

---

[١٥]- بەردەوام دڵ و دەروونت وەکو بەندەیەکی گوێڕایەڵ بێتە پێش چاو، خوای پەروەردگار دەسەلاتدارە، هەموو شتێکی لەژێر دەستدایە و لە نەبوونەوە تۆی هێناوەتە بوون و هەموو ژیان و رۆیشتن و مردن و زیندوو بوونەوەت لەژێر دەستی ئەو دایە، کەواتە بۆ ناسینی ئەو زاتەو پاڕانەوەو نزاو داواکانمان لەڕێی چاکسازی و پاکسازی دڵەوە دەتوانین موخاتەبەی خوای پەروەردگار بکەین و موناجاتی بکەین.

[١٦] – و: توانا ئەمین.

نەكەی وەك مەڕ سەرم ببڕن.

**خودایا:** یارمەتیم بدە لەبەردەم زاڵماندا هەق بڵێم و بۆ خاتری ڕەزامەندی كەس، قسەی ناهەق نەكەم.

**خودایا:** یارمەتیم بدە ئەو دیوی هەموو شتەكان ببینم و ڕێگەم نەدەی لەبەر جیاوازیمان ، ئەوانیتر بەخائین بزانم.

**خودایا:** ئەگەر بەرامبەر كەسێ خراپەم كرد، هێزی داوای لێبووردنم پێبدە و ئەگەر كەسێ خراپەی بەرامبەر كردم ، هێزی لێخۆشبوونم پێ ببەخشە.

**خودایا:** ئەگەر خۆ بەبچووك زانینت پێدام، شانازیكردن بەكەرامەتم لێ مەستێنەوە.

**خودایا:** فێرم بكە ، سەركەوتن تاقیكردنەوەی پێش سەرنەكەوتنە ، فێرم بكە لێبووردن ئەوپەڕی لوتكەی دەسەڵاتە و تۆڵەكردنەوە نیشانەی بێدەسەڵاتییە. فێرم بكە خەڵكانم خۆش بووێ و چۆن خۆم خۆشبووێت.

**خودایا:** ئەگەر من فەرامۆشم كردی، تۆ فەرمۆشم مەكە"[17].

*نزاو پاڕانەوە مێژوویەكی كۆن و دێرینی هەیە،یەكەمین دوعا بۆ حەزرەتی

---

[17] – لە١٤ی تەمموزی١٩٣٠ (رابیندرانت تاگور) لەماڵەكەی خۆی لە كاپوسی نزیك بەرلین سەردانی (ئەلبێرت ئەنیشتاین)ی كرد. وتوێژی نێوان ئەم دوو مرۆڤە مەزنە تۆماركراو لە كانونی یەكەمی ساڵی ١٩٣١ بلاوكرایەوە، بەشێك لەو وتوێژەی نێوانیان:

تاگور: تۆ مژۆڵی ئەوە بووی تا لە ڕێی ماتماتیكەوە بەدوو پێكنەری مێژینەی كات و شوێن بگەیت، لە كاتێكدا من لەم ولاتە وانەم دەوتەوە لە بارەی جیهانی هەمیشەیی مرۆڤ كە جیهانی راستەقینەیە.

ئەنیشتاین: تۆ بڕوات بەوە هەیە خواوەند دابڕاو بێت لە جیهان؟

تاگور: نەخێر دابڕاو نییە، بوونی ڕەهای مرۆڤ پەی بە گەردوون دەبات. ناكرێ شتێك هەبێت و لەگەڵ بوونی مرۆڤدا یەكانگیر نەبێت، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ كە هەقیقەتی گەردوون، هەقیقەتی مرۆڤە.

ئەنیشتاین: دوو جۆر بۆچوونی جیاواز هەن لە بارەی سروشتی گەردوونەوە، یەكەم: جیهان وەك یەكەیەك كە وابەستەی مرۆڤە. دووەم: جیهان وەك واقعێكی سەربەخۆو دوور لە كاركردەی مرۆیی.

تاگور: كاتێك گەردوونەكەمان لە هەماهەنگی دابێ لەگەڵ مرۆڤ، نەمریی وەك راستیەك دەزانین و وەك جوانیەك هەستی پێ دەكەین.

ئادەم (عليه السلام) دەگەڕێتەوە، کاتێ لەگەڵ دایکە حەوا، فەرمایشتی خوای پەروەردگاریان جێ بەجێ نەکردو لەو درەختە قەدەغەکراوەیان خوارد. کاتێ پێیان وترا: لەو درەختە نزیك مەبنەوە، مەیخۆن.
وەسوەسەی شەیتان لەخشتەی بردن، وایلێکردن لەو بەروبوومە بخۆن، بەمەیش لەو شوێنە خۆش و پڕ لەنازو نیعمەتەی بەدەرکردندان. خوای پەروەردگار پێی وتن: مادام سەرپێچیتان کرد، ئیتر لێرە جێتان نابێتەوە، دەبێ دابەزنە خوارەوە بۆ سەر زەوی.
هەردوکیان هەستیان بەهەڵەی خۆیان کرد، ئادەم کەوتە نزاو پاڕانەوە، وتـــــــی: ﴿ رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴾ الأعراف: ٢٣ واتە: "پەروەردگارا ئێمە ستەممان لەخۆمان کرد، ئەگەر لێمان خۆش نەبی و بەزەیت پێمان نەیەتەوە، بەڕاستی لە خەسارەتمەندو زەرەرمەندان دەبین".
خوای پەروەردگاریش تۆبەکەی لێ قەبوڵ کردن[١٨].

[١٨] - زۆر جار ئەو پرسیارە دەکرێ: بۆچی خوای پەروەردگار لە ئادەم و حەوا خۆش بوو، بەڵام لە شەیتان خۆش نەبوو؟! لەوەڵامدا دەڵێین: شەیتان و ئادەم و حەوا هەرسێکیان بێ فەرمانی خوایان کرد، بەڵام بێ فەرمانی شەیتان جیاوازتر بوو، چونکە کاتێ پەروەردگار وەك بڕیار و فەرمانپێکردن بە فریشتەکانی وت : سوجدە بۆ ئادەم ببەن، هەموویان سوجدەی ڕێزیان بۆی برد، تەنها شەیتان خۆبەزلزانین وایلێکرد یاخی ببێ و لەخوا هەڵگەڕێتەوە، بڵێ: من چۆن سوجدە بۆ کەسێك دەبەم تۆ لە خاکت دروست کردوە لەکاتێکدا منت لە ئاگر دروستکردوە (ئەوەش دەچێتە خانەی بێ فەرمانی و ئامادە نەبوو داوای لێخۆشبوون بکات). بەڵام کاتێ خوای پەروەردگار بە ئادەم و حەوای فەرموو: (وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ) واتا: "توخن و نزیکی ئەو درەختە بەردارە مەکەون، بەمە دەچنە ریزی ستەمکارانەوە". ئەوانیش بێ فەرمانی خوایان نەکرد، بڵێن: نەخێر ئێمە هەر لێی نزیك دەبینەوە، بگرە بەرو بوومەکەیشی دەخۆین، وەلێ شەیتان بەجۆرێ وەسوەسەی خستنە دڵەوە سوێندی بۆ خواردن کە بۆیان دڵسۆزە، پێیانی وت: خوای پەروەردگار بۆیە ئەم دارەی لێ قەدەغە کردوون تا نەبنە فریشتە، ئەگەر ئێوە لەو دارە بخۆن، ئەوە بە نەمری دەمێننەوە.
ئەوانیش ڕێی ڕاستیان هەڵە کرد، وایانزانی لەم بەهەشتە پان و پۆڕو بەرینەدا شتێ بەناوی درۆو فریودان بوونی نییە، بۆیە لە بەروبوومی دارەکەیان خواردو خوای پەروەردگار لە بەهەشتی

**کاتێك دوعا دەکەین، لە یەکێك لەم سێ خاڵەی خوارەوە گیرا دەبێ[19]:**

**یەکەم/ ئەوەیە دوعاکە وەکو خۆی لێی وەردەگیرێ، ئەویش دوو جۆرە:**

**أ- دوعایەک کە راستەوخۆو دەم و دەست قبوڵ دەبێ:**

*** دەوڵەمەندێکی ئیماراتی دەگێڕێتەوە، دەڵێ: شەوێکیان هەستم بە بێتاقەتی و بێزاریەکی زۆر کرد، خەوم زڕا بوو، ماڵەوەم جێهێشت ، چوومە دەرەوە، ویستم خەمەکانم بە پیاسەیەکی سەر جادەی سەرەکی بڕەوێنمەوە، بەمات و مەلوولی دەسوڕامەوە، مزگەوتێکم بینی کرابۆوە. هەرچەندە من زۆر ئەهلی مزگەوت نەبووم، بەڵام بێ هیچ هۆیەك لام دا کە تەنها یەك کەسی تێدا بوو. سەرنجم دا، بینیم زۆربەی کاتەکەی لە سوجدە بوو، بەکوڵ دوعای دەکرد ، بە زەلیلی دەپاڕایەوە، لە دڵی خۆما وتم: دەبێ پێویستی ئەم کابرایە چی بێ وا بەم کاتە درەنگ و بەم نیوە شەوە دەپاڕێتەوە؟ خۆم بۆ نەگیرا، لێی چوومە پێش، بە ئەدەبەوە لێمپرسی: برا ئەوە پێویستیت بەچیە وا بەجۆش وخرۆشەوە لەخوا دەپاڕێیەوە؟ ئەویش وتی: چوار هەزار درهەم قەرزارم، کاتەکەی بەرەو تەواو بوون دەڕوات، چونکە وەعدەی دانەوەی قەرزەکەم بەیانییەو منیش ئەو پارەیە شك نابەم**

دەرکردن، ئەوانیش بەم بارەوە گلەیی و گازەندەیان نەکردو بێ منەتی خۆیان دەرنەبڕی بڵێن: تۆ زوڵم و ستەم و فێڵت لێ کردین، بەڵکو دانیان بەهەڵەی خۆیان داناو ئادەم بەزەلیلی و نەزاکەتەوە وتی: ﴿ رَبَّنَا ظَلَمۡنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمۡ تَغۡفِرۡ لَنَا وَتَرۡحَمۡنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴾ الأعراف: ٢٣ واتە: پەروەردگارا ئێمە ستەممان لەخۆمان کرد، ئەگەر لێمان خۆش نەبی و بەزەییت پێمان نەیەتەوە، ئەوە بە راستی لە خەسارەتمەندو زەرەرمەندان دەبین.

[19]–(مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَدْعُو بِدَعْوَةٍ لَيْسَ فِيهَا إِثْمٌ وَلَا قَطِيعَةُ رَحِمٍ إِلَّا أَعْطَاهُ اللَّهُ بِهَا إِحْدَى ثَلَاثٍ: إِمَّا أَنْ يُعَجِّلَ لَهُ دَعْوَتَهُ، وَإِمَّا أَنْ يَدَّخِرَهَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ، وَإِمَّا أَنْ يَصْرِفَ عنهُ من السُّوءِ مثْلَها) رواه أحمد و الحاكم، حسن، الترغيب والترهيب للمنذري ج٢/ ٤٧٥ برقم/٢٤٢٧ وصححه الألباني

بۆ خاوەنەکەی بگێڕمەوە، بۆیە خەم دەخۆم نەتوانم قسەکەم ببەمە سەر و خیلافی وەعدەبم.
منیش پێموت: قبولْ دەکەی من ئەو بڕە پارەیەت پێ بدەم، بۆ ئەوەی قەرزەکەتی پێ بدەیەوە؟!
ئەویش بزەیەکی کەوتە سەر لێو، تەمی خەفەت و خەمباری لەسەرو سیمای رەویەوە، زۆریش مەمنون بوو. پارەکەم پێیدا، ئەویش دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، حەمدو سەنای خوای کرد، ئەوجا پشتی تێکردم، ویستی بڕوا. بانگم کرد، کارتی شەخسی خۆمم بۆی دەرکردو پێموت: فەرموو ئەوە کارتی شەخسی خۆمە، ناونیشان و شوێنی ئیش و ژمارە تەلەفۆنی منی تێدایە، هەر کاتێ ئیش و کارو پێویستیەکت هەبوو، دەتوانی پەیوەندیم پێوە بکەی یان بێیە لام، بەپێی توانا یارمەتیت دەدەم.
پیاوە هەژارەکە بزەیەکی گەشی نایە سەر لێو و مەمنونی خۆی بۆ دەربڕیم، بەلام کارتەکەی لێوەرنەگرتم. وتم: بۆ وەری ناگری؟ وتی: پێویستیم تەنها بەخوایە، هەر کاتێك داواکاریەکم هەبوو، دێم لێرە سوجدەی بۆ دەبەم و لێی دەپاڕێمەوە، خوای بەخشندە لە ڕێگەی کەسێکی ترەوە پێویستیەکەم بۆ دابین دەکات، دەترسم ئەو کارتەت لێ وەربگرم، خوام لەبیر بچێتەوە، لەجیاتی کڕوزانەوەو داواکردن لەخوا، هەر تۆم لە بیربێ و بێم بۆ لای تۆ[٢٠].

**ب- دوعایەک دوای تێپەڕبوونی (هەفتەو مانگو ساڵ و ساڵانێک) ئەوجا قبوڵ دەبێ:**

***پێشەوا** (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) کابرایەکی زاهید و زاناو فیقھ و

[٢٠] – مامۆستایەك لەسەر مینبەر کە لە پشتیەوە پەنجەرەیەکی ئاسنی لێ بوو، رووی کردە خەڵکەکەو وتی: چوونە بەهەشت ئەوەندە ئاسانە وەکو کردنەوەی ئەم پەنجەرەی پشتەوەم وایە.
رووی وەرگێڕا، دەستی بۆ دەسکە ئاسنەکە برد، زۆری هەوڵدا کە لەو کاتە وەها گیر ببوو، بۆی نەکرایەوە، تازە قسەیەکە و کردوویەتی، بۆیە قسەکەی گۆڕی و بەناچاری وتی: ببوورن چوونە بەهەشت ئەوەندە ئاسان نیە.

فەرموودەناس و لەخواترس بوو، یەك لەو كەڵە پیاوانە بوو بەردەوام لە جەنگ و جیهاد بوو. ئەو زانست و زانیاریەی پێی بوو، بەكردەوە ئەنجامی دەداو بۆ وەرگرتنی زانست و فەرموود،ە وەكو ئەشقیا بە وڵاتان دەگەڕا.

ڕۆژێكیان چووە شارێ، بەهۆی شەكەت و كەیل و ماندوو بوونەوە، ڕێی كەوتە مزگەوتێكی ئەو شارە، دوای نوێژی (تَحِیَّةُ المَسجِد) ویستی هەندێ ڕاكشێ و بحەسێتەوە.

وەلێ كابرای میجێور بە تووڕەییەوە پێیوت: هەستە بڕۆ دەرەوە، ئێرە شوێنی نووستن نییە.

پێشەوا ئەحمەد بە نەرم و نیانیەوە پێیوت: بۆ خاتری خوا، وا دەمبینی پیاوێكی بەتەمەنم، چومەتە ساڵەوە، لێمگەڕێ با لەناو ئەو مزگەوتە بمێنمەوە، زۆر هیلاكم، دەمەوێ سەرخەوێ بشكێنم.

كابرای مێجور كەللە ڕەق و مێشك پووت بوو، سەری نارەزایی بۆ جوڵاندو دەستی هەڕەشەی لێشەقاند: بابە شتی وا نیە، نابێ لە مزگەوت بخەوی، دەی بچووە دەرەوە، لێرە مەوەستە.

ئیمامی ئەحمەد پێیوت: بابەكەم مادام هەر وایە، ڕێم بدە با لەناو دەرگاكە بخەوم.

كابرای مجێوەر وتی: دیارە قسەكردن لەگەڵت بێ سوودە.

داهاتەوە، پەلاماری ئیمامی ئەحمەدی دا، بەدەست و پێیان رایكێشایە سەر جادەو ئەو شوێنەی خەڵكی پێیدا هاموشۆی دەكرد.

پیاوێكی خواناس لەو نزیكە نانەواخانەی هەبوو، كاتێ ئەو دیمەنەی بینی، نەیدەزانی ئەو كابرا بەتەمەنە ئیمامی ئەحمەدە، لێی چووە پێش و بە ئەدەبەوە پێی وت: مامەگیان وەرە لای من، لێرە بۆ خۆت بە ئیسراحەت بخەوە.

ئیمامی ئەحمەد چووە ناو فڕنیەكە، لە سووچێكەوە ڕاكشا، سەرنجی

کابرای دەدا ئەوە لەبەر خۆیەوە بەدەم ئەنگوتکبڕین و نان پانکردنەوەو نا پێوەدان، دەڵێ: ((استَغفِرُالله، الحَمدُ لِلّه، لا حَولَ وَ لا قُوَّةَ الا بِاللّه، اللّهُ أكبَر)).

ئیمامی ئەحمەد ڕووی پرسیاری ئاڕاستە کرد، پێی وت: ئەرێ برا، تۆ لەو هەموو زیکرکردنە وەڕس و بێزار نابی؟

کابرا لەوەڵامدا پێی وت: نەبەخوا، من دەمێکە خوو و خدەم بەو زیکرانە گرتووە، قەت دەمی من بەبێ زیکر نیە.

ئیمامی ئەحمەد دەیزانی ئەوەی ئیستیغفار بکات، چ مەقام و ماکەنەتێکی بەرزی هەیە، بۆیە بەهەڵپەیەکەوە پێی دەڵێ: ئایا بەروبومەکەیت لەدنیا چنیوە؟

کابرای نانەوا بەدەم زەدەخەنەیەکەوە پێیوت: وەڵاهی داوای هیچم نەکردوە لە خوای پەروەردگار ئیللا داویەتی پێم، بەس یەك هیواو ئاواتم هەیە تا ئێستا پێی نەداوم، ئاواتم ئەوەیە تەنها بەو چاوانەی خۆم یەك جار ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ببینیم.

ئیمامی ئەحمەد فرمێسکی لەچاوان داباری، بەپەرۆشەوە وتی: وەڵاهی ئەو ئیستغفارەی تۆ بوو تا کابرای مجێوەر بەم تەمەنەوە من بە راکێشان فڕێداتە سەر جادە بۆ ئەوەی بەزەلیلی بێمە دوکانەکەی تۆ، من ئەحمەدی کوڕی حەنبەلم[21].

---

[21] - ئیمامی ئەحمەد(ڕەحمەتی خوای لێ بێ) زۆر لەخواترس بوو، (علي بن ابي حرارة) دەگێڕێتەوە دەڵێ: دایکم نزیکەی بیست ساڵ لە پێ کەوتبوو، نەیدەتوانی ڕێ بکات، جارێکیان داوای لێکردم بچمە لای ئیمامی ئەحمەد و داوای لێبکەم دوعای بۆ بکات، منیش بەرەو ماڵیان رۆیشتم و لە دەرگامدا. ئەویش فەرمووی: ئەوە کێیە؟ منیش وتم: کابرایەکی نزیك ماڵتانم، دایکم ماوەیەکە لەپێ کەوتوە، داوای لێکردووم بێمە لات و داوات لێبکەم دوعای بۆبکەی. ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: ئێمە زیاتر پێویستیمان بەدوعایە بۆ خۆمانی بکەین.

کابرا دەڵێ من گەڕامەوە، بەڵام پێش ئەوەی دوور بکەومەوە، پیرەژنێك لەماڵی ئیمامی ئەحمەد هاتە دەرەوە، وتی: تۆ بووی لەگەڵ ئەبو عەبدولاّ قسەت دەکرد؟ وتم: بەڵێ. وتی: کاتێ من بەجێم هێشت

ئەوەش ئەو قسانەی سەلەفی سالحمان بیر دێنێتەوە: (وقال بعضهم: اِني أسأل الله عزوجل منذ عشرين سنة حاجة وما أجابني وأنا أرجو لاجــابة، سألت الله تعالى أن يوفقني لترك مالا يعنيني)[٢٢].

**دووەم/ دوعایەکـــە، بەقـــەت ئـــەو دوعایـــە پاداشـــتی گـــەورەی بۆدەنووسرێ و شتێکی باشتری بۆ رۆژی دوایی بۆ هەڵدەگیرێ:**

-وەرگیرانـــی ئـــەم جـــۆرە دوعایانـــە، بابـــەتی غـــەیبین ( لەشـــتە پـــەنهان و شاراوەکان بە زانستی خوان). جا ئەوانەی لە ڕۆژی دوایی کاتێ خێرو گەوەریی دوعاکانی سەر دونیا و خۆشیەکانی بەهەشت دەبینن، دەڵێن: خۆزگە لە دونیادا هیچ دوعایەکمان قبولْ نەبوایە و هەموو دوعاکانمان بۆ ڕۆژی دوایی بوایە.

## سێیەم/ دوعایەکە بەڵاو موسیبەت و تەنگوچەڵەمەو ناخۆشیەکی گەورە لەسەر خۆی و ماڵ و منداڵ و سەروەت و سامانی لا دەبات:

واتا: لەبارتەقاو قەرەبووی قبولْ نەبوونی دوعاکاندا، لە هەموو شت پارێزراو دەبێ و بەلایەکی زۆری لەسەر لا دەبات. بە دیوێکی تر: ئەگەر شتێکی لێ بستێنێ، ئەوە لە نۆژەندا شتێکی باشتری پێ دەدات.

کەسانێك هەن ئەوەندە پشوو کورت و بەپەلەن، بێ حەوسەڵەن، زاری دەمیان بکەیەوە، دەڵێن: دوعای زۆرمان کردو قبولْ نەبوو، لەکاتێکدا دەبێ یەقینی وابێ دوعاکەی قبولْ بووە، بەڵام بێ ئاگا، وادەزانێ هەر شتێکی داوا کرد کە ئەو شتەی بۆ نەهاتە دی، ئەوە دوعاکەی وەرنەگیراوە، تەنانەت نازانێ لە ئاست ئارامگری و رازی بوون بەو قەدەرە، خێرو پاداشتێکی

---

دوعای بۆ دایکت دەکرد. دەڵێ: منیش بەپەلە گەڕامەوە ماڵ، لە دەرگامدا، بینیم دایکم بەپێی خۆی هات دەرگای بۆ کردمەوەو فەرمووی: خوای گەورە لەشساغی پێ بەخشیم.

[٢٢]-احياء علوم الدين. للامام الغزالي، ج١/٦٨٥: كتاب الاذكار و الدعوات.

زۆری بۆ دەنووسرێ جا هەڵگرتنی بۆ رۆژی دوایی بێت، یا لابردنی بەلاَیەکی گەورە.

ئەو کەسانەی لە نهێنی و حیکمەتی گەورەیی ئەو دواکەوتنە تێناگەن، زۆر جار بەهۆی بەدگومانیەوە، خۆیان تووشی سەرگەردانی دەکەن[٢٣] بۆیە هەرگیز بەبیانووی قسمەت و نسیب دەستبەرداری ئامانجەکانت مەبە، هەمیشە نزا بکە، چونکە زۆر جار قسمەت و نسیب هەمان ئەو نزاو پاڕانەوەیە کە سووریت لەسەر داواکردنی و جێی خۆی گرتووە.

ئەگەر ڕۆژێ ئەو شتەت دەست نەکەوت کە دەتویست بەدەستی بێنی، سەرزەنشتی خۆت مەکە، مەڵێ: زۆر بێ بەخت بووم، بەخت و شانسم نەبوو.

ئاگاداربە..خۆت لەو قسانە بەدوور بگرە، بە باوەڕەوە بڵێ: لەوانەیە خوای گەورە شتێکی چاك و باشتری بۆ ئامادەکردبم.[٢٤]

---

[٢٣]- لەنێوان (القبول) و (الاستجابة) جیاوازیەك هەیە، خودا هەموو دوعایەك وەردەگرێ ئەگەر مەرجی خۆی تێدا بێت، بەلاَم کامیان بەجێ دێنێ بەوەی داواکراوە، ئەوە هەر خۆی دەیزانێ و هەر خۆی زانایە.

مەبەست لەو جێگرتنەی دوعا ئەوەیە، بۆ نموونە: ژنێك دەیەوێ منداڵی ببێ، دەچێتە لای فاڵچی، نووشتە دەکات، سەردانی پیاوچاك یا دکتۆرێ دەکات کە رۆژەکەی یەکانگیرە بەو دوعایە کە خوا لێی قبولێ کردووە، کەچی لەجیاتی باسکردنی هۆکارو شوکرانەبژێوی خوای پەروەردگار ، داو و دەرمانی دکتۆر یان نووشتەو چوونە سەر شەخس دەکاتە بەدیهاتنی هیواو ئاواتەکانی، ئەوەش بابەتێکی مەترسیدارو خەتەرناکە ئەگەر دەرگای دوعا بەدیوێکی دیکە ئاوەژوو بکات و بەلایەکی دیکەی ببات.

[٢٤]- پیاوێکی بەساڵاچووی بڕوادار هەبوو ، ئەسپێکی ڕاگرتبوو، رۆژێکیان لەناکاو ئەسپەکە تلیزاندی و لەو هەرەتە نەما. کەس نەیزانی بۆ کوێ رۆیشت، زۆر گەڕان بەملاو بەولا، بەلاَم نەیاندۆزیەوە! ئێوارە داهات، خەڵکی ئاوایی بۆ دڵنەوایی ، چوونە سەردانی، وتیان: پەرۆشین بۆ دیار نەمان و بزربوونی ئەسپەکەت. سەیرە تۆ ئەگەر کەسێکی بێبەخت و بێشانس نەبی، خێرە لەو هەمووە ئەسپەی ئاوایی، تەنها ئەسپی تۆ ون دەبێت!

ئەویش بەشێنەیی وەلاَمی دانەوە، وتی: تەنها خوا دەزانێ من بە بەختم، یا بەدبەخت و بێ شانس.

ماوەیەك تێپەڕی. ئەسپەکە پەیدا بۆوە کە لەگەڵ خۆیا، چەند ئەسپێکی دیکەی هێنابوو.

کاتێك یونس پێغەمبەر(علیه السلام) سواری کەشتیەکە بوو، شەو داهات، بایەکی توند هەڵیکرد، شەپۆلی دەریا دەتوت چیایە ئەوها بەرز دەبۆوە مرۆڤ بە بینینی ترسی لێ دەنیشت. خاوەنی کەشتیەکە بیرۆکەیەکی بەمێشك داهات، وتی: ئەگەر دەتانەوێ سەلامەتبن، واباشە باری ئەم کەشتیە سووك بکەین، بۆیە ئەو بارەی لەلاتانەو بارەکان قورسن، ئەوە فڕێی بدەنە ناو ئاوەکەو سەلامەتی خۆتان لەو شتانە بەنرخترە.

سەرنشینەکان بێ یەك و دوو ئەو بارە قورسەی هەڵیانگرتبوو، لەجێوە فڕێیاندایە ناو ئاوەکە، بەڵام بەمەیشەوە هێشتا هیچ لە بارودۆخەکە نەگۆڕا، شەپۆڵەکان تا دەهات بەرزتر دەبوونەوەو بایەکەش توندتر دەبوو.

خاوەنی کەشتیەکە هەمدیس رووی کردە سەرنشینەکان و پێیوتن: براینە ئەوەی من بیزانم ئەم گەردەلوولە لەکاتی خۆی هەڵی نەکردووە، ئەوەش

---

ئەو دیمەنە سەرنجی خەڵکی ئاوایی راکێشا کە دووبارە بچنەوە سەردانی، بەڵام ئەوجارە بۆ دەربڕینی خۆشی بوو، وتیان: بەهاتنەوەی ئەسپەکەی خۆشحاڵ بووین، بەڕاستی تۆ پیاوێکی بەبەخت و بەشانسی.

کابرا وتی: هەر خوا دەزانێ من کابرایەکی بەبەخت و بەشانسم، یان بەدبەخت!!

کابرای ئیماندار کوڕێکی گەورەی هەبوو، رۆژانە خەریکی راهێنان بە ئەسپەکان بوو تا لەنزیکەوە دەستەمۆیان بکات، رۆژێکیان ئەسپەکە توند کوتای بەزەوی داو قاچێکی شکاند.

خەڵکی ئاوایی بەبیستنی ئەم هەواڵە، دیسان چوونەوە سەردانی، وتیان: هاتووین هاوخەمی خۆمان بۆ قاچ شکانی کوڕەکەت دەربڕین، بەڕاستی کەسێك بەختی نەبێ، بەدبەختی وەك کوڕەکەی تۆیە.

ئەویش وتی: هەر خوا دەزانێ بەبەختین، یان بەدبەخت.

پیاوانی حکومەت دوای چەند رۆژێ، هاتنە ئاوایی. هەرچی گەنجێکی ئاوایی هەبوو، هەموویان گرت تا راپێچی خزمەتی سەربازیان بکەن، تەنها کوڕی پیاوە خواناسەکە نەبێ کە بەهۆی شکانی قاچیەوە،وازیان لێی هێناو بەجێیان هێشت.

لەئیسلام شتێ بەناوی بەخت و شانس و ناوچەوان بوونی نیە، وەك خەڵکانێك دەڵێن: ئەگەر بەخت و ناوچەوانت نەیکرد، نایکا. ئەوەش گومانکردنە لە حیکمەتی خواو چارەنووسی خۆی بە بەخت و ناوچەوان دەبەستێتەوە.

ئاماژەیەکە پێمان دەڵێ: ئێمە کەسێکی خراپمان لەناودایە، بۆیە ئەو شەپۆڵ و ئەو بایە توندە نانیشێتەوە.

یونس پێغەمبەر بۆ رزگار بوون لەو تەنگژەیە، پێشنیارێکی خستە بەردەستی سەرنشینەکان و پێیوتن: ئەگەر بمانەوێ لەو نەهامەتیە قورتارمانبێ، باشترین شت ئەوەیە تیروپشك بکەین، لێرەدا ناوی هەر کەسێك دەرچوو، ئەوە دەبێ ئەو کەسە فڕێ بدرێتە ناو ئاوەکە.

هەمووان بەو پێشنیارە رازی بوون، تیروپشکیان ئەنجامدا، ئەوەی ناوی دەرچوو تا فڕێ بدرێتە ناو ئاوەکە، یونس پێغەمبەر بوو، کارەکەیان جارێکی تر دووبارە کردەوە، دیسان هەر ناوی ئەو دەرچوو، کەچی نکۆڵی کردو بەو تیروپشکە رازی نەبوو. بۆ دواجار کارەکەیان کردەوە، دیسان هەر ناوی ئەو دەرچوو، ئەوەش هەمووی بەویستی خوای پەروەردگار بوو تا لەهەمبەر ئەو بێ فەرمانیەدا بیخاتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی مەزن و گەورە[٢٥].

بەمەیش یونس پێغەمبەر تووشی ئەمری واقیع بوو، هیچ رێگە چارەیەکی لەبەردەم نەما، بەناچاری و بەبەر چاوی هەموانەوە خۆی هەڵدایە ناو ئاوەکەو لەو کاتەدا بەفەرمانی خوای پەروەردگار نەهەنگێکی زل و زەبەلاح دەرکەوت و هەڵیلووشی تا سەرنشینەکان بەچاوی خۆیان ئەو دیمەنە ببینن چۆن نێردراوی خوای قووتداو ئیتر دڵنیا بن لەوەی مردووەو کۆتایی بەژیانی هاتووە، چونکە هیچ زیندەوەرێك نیە نەهەنگ قووتی بدات و بتوانێ خۆی بە زیندوێتی بدۆزێتەوە، بەڵام ئەوە فەرمانی خوایە نابێ نەهەنگەکە بیکوژێ، نابێ گۆشتەکەی بخوات و ئێسقانەکەی بشکێنێ،

[٢٥] -(فَسَاهَمَ فَكَانَ مِنَ الْمُدْحَضِينَ) الصافات: ١٤١ ئینجا کاتێ خەریك بوو کەشتییەکە نقوم ببێ، لەناو یەکتردا پشکیان هاویشت کە هەر کەسێك ناوی دەرچێ دەبێ بیخەنە ناو ئاوەکەوە، بۆ بارسووکی کەشتیەکە، ئەویش لە پشکخستن بەشدار بوو، ئینجا گەڕا لە خلیسکاوان و قورعە بۆ دەرنەچووان و خرایە ناو ئاوەکەوە.

تەنها ئەوە نەبێ کە بەرەو تاریکی قولآیی دەریا راپێچی بکات، بۆیە لەناو سێ تاریکایی مایەوە، تاریکایی شەو، تاریکایی قولآیی دەریا، تاریکایی نێو زگی نەهەنگەکە.

یونس پێغەمبەر کە خۆی بەم شێوەیە بە تەنیا و داماوی بینی، لەوە تێگەیشت کە ئەو بالآو ئافات و موسیبەتەی لەلایەن خواوە بۆی هاتووەو هەڵە بوو، زوڵمی لەخۆی کرد، نەدەبوو بێ فەرمانی خودا گەلەکەی بەجێ بێڵێ ، بۆیە لەناو زگی نەهەنگەکە جێگیر بوو، داهاتەوە، کەوتە کڕنۆش بردن و تەسبیحات و یادی خواو پاڕانەوە، بە زەلیلیەوە گلەیی لەخۆی نەکرد بڵێ: شانس و بەختم نەبوو. لە دەروونەوە هاواری لێ بەرز بۆوە، وتی: (لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِين)الانبياء: ٨٧ واتە:"پەروەردگارا هیچ خوایەك نییە جگە لە تۆ، پاکی و بێگەردی هەر بۆ تۆیە، بەڕاستی من لە ستەمکاران بووم. "

***ژنێکی گەڕاوە بۆی گێڕامەوە، وتی:** شەش حەوت ساڵ بەردەوام دوای نوێژ، دەستم بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە، نزام دەکرد، لەخوا دەپاڕامەوە ببمە نسیبی کوڕە ئامۆزاکەم کە گەنجێکی تازە هەڵچووی کەڵەگەت بوو کە بێ ئەوەی ڕەوشت و دینی لەبەرچاو بگرم، کوێرانە تامەزرۆی جوانی ببووم، جوانیەکەی سەرسامی کردبووم گیرۆدەی ببم، کە لەنێوانماندا هیچ نامە و نامەکاری و پەیوەندییەکی ئەوتۆ نەبوو، دوور و نزیك هەستم بەهیچ خورپە و چرپەیەکی دڵی نەدەکرد وەك ئاماژەیێ کە خۆشمی دەوێ. کەچی منی شێت و شوور ، پێنج فەرزە لەسەر بەرماڵ نوێژو نزام دەکرد، لەخوا دەپاڕامەوە ئەو کوڕە ئامۆزایەم دڵی نەرمبێ و بێتە خوازبێنیم، بمهێنێ.

ڕۆژێکیان زانیاریم پێگەیشت کچێکی نەدی و نەناسی مارە کردووە، بەتەمایە هەر لەو هەفتەیە بیگوازێتەوە. بەو هەواڵە خەریك بوو دڵم بوەستێ، مردنی خۆم زۆر لەو هەواڵە پێخۆشتر بوو. دەرگام لەسەرخۆم

کڵۆمـدا. بەدزییـەوە دامـە پرمـەی گریـانێکی بـەجۆش و خـرۆش، بـەکوڵ دەگریام، کام جنێو پیسە، بەو ئامۆزایەم دا! کام دوعای خراپە لێیم کرد، کـار بـەوە گەیشـت لـە خـوا یـاخی ببم و لێـی هەڵگەڕێمـەوە. هەڵگەڕانـەوە چـییە؟ لەچـکم لەسـەرم داکەنـد و فڕێمـدا، بەناشـوکرییەوە سـەرم بـەرز دەکردەوە، دەموت: خوایە گیان ئاخر چیم کردبوو؟ بۆچی نزاکانمت گیرا نەکرد؟ خۆ من ئەوەندە تەکلیفەم هەبوو ئەویشت بۆ جیٚ بەجیٚ نەکردم، ئیتر بەینی من و تۆ تەواو، چیتر نە لێت دەپاڕێمەوە! نەداوای هیچت لیٚ دەکەم! . وازم لەنوێژو ڕۆژوو هێنا.

دایکم هێشتا بەم کەین و بەینەی نەدەزانی، ڕۆژێکیان بەشێنەیی هاتە لام، دەستی بەسەرم داهێنا، لەخانەی سوعبەتەوە وتی: کچم دەڵێی بوویتەتە مریشـك و لەهێلکـە کـەوتووی؟ کیشـەت چـییە؟ ماوەیەکـە دەتبیـنم نوێـژ ناکەی؟ ئایا شتێك بووەو من نایزانم؟ دەی ئەگەر شتێك هەیە من دایکتم، دەی قسەم بۆ بکە.

منیش بیٚ پەروا ئەوەی لەدڵم دابوو، ئەوەی لەبن بەڕە بوو، هەموویم بۆ هەڵڕشت، وتم: دایەگیان من ئەوەندە ساڵە نوێژ دەکەم، بەنهێنی، بەچاوی پڕ فرمێسکەوە دەپاڕامەوە ئەو ئامۆزایەم بەنسیب بیٚ ، کەچی ئەو ژنی هێنا و منیش ئەوها مامەوە، کەواتە هیچم بەهیچ نەکرد، ئیدی چیم داوەتە نوێژ و پاڕانەوە و پەرستش؟ تەواو، چیتر سەر بەفەڕزی خوا داناگرم.

دایکم بەنەرم و نیانی بۆم خنایەوە، وتی: یانی تۆ ئەوەندە ساڵە تەنها بۆ ئەوە نوێژ دەکەی کە ئامۆزاکەت بتهێنیٚ؟

وتم: بەڵیٚ بۆ ئەوە نوێژم دەکرد ئەو کوڕە بمهێنیٚ، کە دوعاشم کرد و قبوڵ نەبوو، تەواو چیتر نوێژ ناکەم مادام لێی پاڕامەوە، بەهانامەوە نەهات.

دایکم بۆ ئاڵوگۆڕ و سەودا سەری ئەو قسانە، گەلیٚ پێکەنی، سەرزەنشتی کردم لەپڕوپووچی ئەو بیرۆکە و کەللە سەرسەختەی شەیتان بێمە خواریٚ،

وتی: کچم ناشوکر مەبە، کەس نازانێ خێر و شەڕ لەچی دایە؟ هەر خوا بەندەکانی خۆی دەناسێ، کێ دەڵێ ئەوە بۆ تۆ خێری تێدا نییەو تۆش نایزانی؟

منیش گاڵتەم بەئەقڵی دایکم دەهات کە ئەوەندە ساویلکەیە، دەیەوێ بە یەك دوو قسە قەناعەتم پێ بێنێ و لەو بڕیارەم پاشگەز بکاتەوە، بۆیە سەرم بۆی لەقاند، بەڵام بەقسەیم نەکرد.

ئامۆزاکەم هەشت نۆ مانگ لەگەڵ ژنە تازەکەی نەحەواوە. وەك دەیانگێڕایەوە: دانوویان بەیەکەوە نەدەکوڵا، هەمیشە دەمەقاڵێ و شەڕوشۆیان بوو، دەمیان لەیەك سپی ببۆوە، ئاخری بووە شکات و شکایەتکاری، دادگا دوای سێ چوار دانیشتنی بێ ئاکام، دواجار بڕیاری جیابوونەوەیانی دا.

بەم هەواڵە ئومێدم بۆ گەڕایەوە، بڵێم: خوای پەروەردگار نزاکانی قبوڵ کردم. ئامۆزاکەم هاتە پێش، خوازبێنی کردم، بۆ هەفتەی ئەولاتر گواستمیەوە.

لەو ڕۆژەوە ژیانێکی تازەم لەگەڵی دەست پێ کرد، ئەفسووس پیاوێکی سەرەڕۆ و کەللە ڕەق ، قسەی کەسی بەهەند هەڵنەدەگرت، ئارەقی دەخواردەوە، قوماری دەکرد، نیوەی شەو بە سەرخۆشی دەهاتەوە، لەنێوانماندا هیچ سۆز و هەستێکی حەلیم نەبوو. زۆر جار لە خۆڕا دۆ و دۆشاوی تێکەڵ بەیەك دەکرد، کام جنێو پیس و ناشیرینە بەخۆم و کەس و کاری دەدام، هەتا بۆم لوا، دانم بەخۆما گرت، لەئاستیدا خۆم بێدەنگ دەکرد و کڕم دەچنی. ئەویش بەو قسە نەکردنەی من هێندەی دیکە دەتەقی، هەرچی جارێك بەجواب بهاتمایە، دەبووە فەرتەنە و پەلاماری دەدام، دەتوت: جنۆکە دەستی لێ وەشاندووە و شاگردی شەیتانە، شەڕێکی دەروونی وای لەگەڵ بەرپا کردبووم، بێ ئەوەی خەتاباربم.

ئەوەنـدەی کـەس و کـاری هـەردولا هاتنـە بەینـەوە، ماوەیـەك بـاش دەبـوو، دواتـر تێهەڵدەچـۆوە، وام لێهـاتبوو هەفتەیـەك لـەلای بـووم، دوو هەفتـە دەتۆرام و دەچوومەوە ماڵی باوکم، کورد وتـەنیٚ: جام پڕ بوو لێی دەڕژیٚ. کە زانیم ژیان بەو ڕەزالەتە سەر ناگریٚ، چونکە منداڵمان نـەبوو، قەناعـەتی ئـەوەم بـۆ دروسـت بـوو خـۆم بەتەڵاقـدان بـدەم و خـۆم تەڵاقـدا، بەمـەش ئیسراحەتم کرد.

ئەو چارەنووسەی خوای گەورە بۆ مرۆڤی داناوە چەندە بەئازاربیٚ، ئەوە لـە ناویدا ڕەحمەتێکی گەورە هەیەو ئێمە نایزانین.

دوای دوو سـاڵ مانـەوە، بـۆ جـاری دووەم شـووم بەکابرایـەکی نـەدی و نەناس کرد کە ئێستا خاوەنی بڕیٚ منداڵم، بەڵام دڵخۆشم دەبینم پیاوەکەم کەسێکی ڕەوشت بەرزو خواناسە، لەگەڵم چاکە، ڕێـزی بنەماڵەکـەم دەگـریٚ، زۆر پەشیمان بوومەوە لەو ناشوکرییەی پێشتر بەرامبەر خـوای پـەروەردگار کردبـووم، دووبـارە دەسـتم بەنوێـژ کـردن کـردەوە، ئێسـتاش سـەرم بچـیٚ، نوێژم ناچیٚ[٢٦].

خوای پەروەردگار دەرمانی هەموو دەردێکە. کاتیٚ گرفتێکمان تووش بوو، ئاریشـەیەکی گـەورە بـەرۆکی گـرتین، ئەگـەر نـاخی خۆمـان بـۆ کەسـیٚ هەڵڕشت، ئەو کەسە چی پیٚ دەکریٚ جگە لەوەی گوێمان بۆ بگـریٚ یـان ڕیٚ و شـوێنێکمان بـۆ دانـیٚ کـە ڕەنگـە ئـەو ڕێوشـوێنە چارەسـەری بنـەڕەتی ئاریشـەو گرفتـەکان نـەکات. کەواتـە بـا دڵـی خۆمـان بـۆ پادشـای راسـت و هـەقیقی ئـەم گەردوونـە بکەینـەوە کـە خـاوەنی هـەموو دەسـەڵاتێکەو هـەموو شتێکی پیٚ دەکریٚ؟

هـەرگیز لـە رابـردووت پەشـیمان مەبـەوە بـۆ ئـەو تەمەنـەی هێشـتا خـۆت نەناسی بوو، چونکە زاتێکـی بەهێز دروسـتی کـردووی، نەیویسـتووە هـیچ

---

[٢٦] -لە زمانی ئەوەوە بۆمان دەگێڕنەوە- شاخەوان عەلی ، چ١، ل٢١-٢٥

هەنگاوێ بەرەو خراپە بنێی، بەڵام پەشیمانبە لەو کاتانەی لەبێ ئاگایی و خوانەناسین بەسەرت بردوون لەگەڵ کەسانێ کە شایستە ئەوە نەبوون لەگەڵیان تێکەڵ ببی و تۆیان بۆ کارو کردەوەی نەشیاو تەفرەدا.

*لە مالیکی کوڕی دیناریان پرسی: چۆنی؟ ئەویش لەوەڵامدا وتی: دەبێ چۆنبێ ئەو کەسەی تەمەنی کورتەو گوناهی زۆرە.

ژیان هیچ نییە جگە لە ڕاکردنێکی بەردەوام، شادییەکی کەم، غەمێکی قووڵ، لە کۆتایش مردن. کەواتە ژیان زۆر لەوە کورتترە کە ئێمە پێی دڵتەنگ بین.

مرۆڤ کە لەدایك دەبێ، ئامادە نییە بۆ ژیان. کاتێکیش دەمرێ دیسان ئامادە نییە بۆ مردن. بەڕاستی مردن بەشێکی ترسناکی هەیە ئەویش هاتنی لەناکاوە، چونکە هەردێ، ڕاکردن لە مردن نییەو هەموو مرۆڤێك ئەگەر هیچ بڕوانامەیەکی نەبێ، یان خاوەنی دەیەها بڕوانامەبێ، ئەوە دەبێ دوا بڕوانامەی مردن بەدەست بێنێ.

کاتێك مرۆڤ مرد، دەڵێن: کوا مردووەکە..کاتێ نوێژی لەسەر دەکەن، دەڵێن: کوا جەنازەکەی.کاتێ بۆ سەر قەبرانی دەبەن، دەڵێن: کوا مەیتەکە، هیچ کات ناوی ناهێنن." دواجار ناوی لەسەر زەوی دەسڕێتەوە.

ئەم ژیانە پڕ لە هەورازو نشێوە ناوەستێ، هیواکان ئەگەر ونیشبن، نامرن. ئەگەر دەرفەت لەدەست چوو، تەواو نابێ، کەواتە با گەشبین بین، ئەوەندە هەوڵ بۆ شتێك نەدەین کە مردن لێمانی دەسەنێتەوە. ئەو ژیانە سوودی چییە هەموو دونیا هی ئێمەبێ و نەتوانین ڕێگە لەمردنی خۆمان بگرین و مردن هەموو شتەکانمان لێ وەربگرێتەوە؟

*ڕۆژێکیان موسا (علیە السلام) پرسیاری لە پەروەردگار کرد، وتی: پەروەردگارا، دوای ئەوەی ئەو هەمووە بوونەوەرەت دروست کرد بەو

هەموو وردەكارييەوە، كەچى دواتر دەيكەيە ئامانجى داسى مەليكولمەوت و دەياندووريتەوە، حيكمەت لەمەدا چييە؟!

پەروەردگار پێى فەرمووः ئەگەر دەتەوێ حيكمەتى ئەو بابەتە بزانى، بڕۆ زەوييەكەت بكێڵە، كەى وەختى دروێنەى هات، وەڵامەكەت دەست دەكەوێ.

پەروەردگار چۆن فەرمانى پێ كردبوو، ئاواى كرد.

گەنمى چاند، كاتێ گەنمەكە پێگەيشت و وەختى دروێنەى هات، بە (داس) دەستى بە دروێنەى دەغڵ و دانەكەى كرد.

لەو كاتە دەنگێ لە غەيبەوە هات، پێى فەرمووः ئەى موسا بۆ ئەو گەنمەت دووريييەوە لەكاتێكا ئەو هەموو ماندوو بوونەت لەسەر ناشتن و چاودێريكردنى سەرف كرد؟

ئەويش وەڵامى دايەوەः هۆكارى دروێنەكەم بۆ ئەوەيە گەنم و كايەكە لە يەك جيا بكەمەوە، دەنكەكان بخەمە شوێنى خۆى و كايەكەيش بخەمە شوێنى تايبەتى خۆى.

پەروەردگار پێى فەرمووः كەوايە منيش مردنم دروست كردووە بۆ ئەوەى باش و خراپ لە يەك جيا بكەمەوە، مەحشەرم خولقاندوە بۆ ئەوەى ببێتە شوێنى جێگيربوونى رۆحەكان.

لە شوێنى دروێنە كردندا دەنكە گەنمەكان بەنرخن، كرێكارەكان لەسەر شان دەيانگوازنەوە، بەڵام كايەكە دەخەنە ژێر پێيان.

كەواتە مردن قورس و ترسناك نييە. ترسناك دەركەوتنمانە لەسەر شێوەى راستەقينەى خۆمان. چونكە مردن رەنگێكى راستەقينەى نييە، دەچێتە لاى جوانەكان بەجوانى و بۆ لاى قێزەونەكان بە قێزەونى دەردەكەوێ. لێرەدا جوانەكان بەوپەڕى تامەزرۆييەوە چاوەڕێى مردنن، مردن لاى ئەوان

لیقـای دۆسـته بـۆ دۆسـت، کەواتـە لەبەرامبـەر نـەفس و ژیـان، شـتێکی باشتریان پێ دەدا کە مردن بۆ ئەوان ببێتە مامەڵەیەکی پڕ خێر.
* ئیبن قـەییم دەڵـێ: "ئەگـەر نرخـی راستەقینەی خـۆت بزانـی، هـەرگیز بـە گوناه کردن رێگا بە ڕیسواکردنی خۆت نادەی ".
*کابرایەك هاتە لای ئیمامی"عـەلی کوڕی ئـەبی تالیب" (رضي الله عنه) وتـی: چوار پرسیارت لێ دەکەم لە چوار شت، وەڵامم بدەوە؟
ئەویش وتی: فەرموو، بڵێ!
کابراکـە وتـی: واجب چیەو واجبتر چیە؟ نزیك چیەو نـزیکتر چیە؟ سـەیر چیەو سەیرت چیە؟ قورس چیەو قورستر چیە؟
ئەویش لەوەڵامدا پێی وت: واجب ئەوەیە خوا بپەرستی، واجبتر ئەوەیە واز لـە تـاوان بێنـی. نزیـك ڕۆژی قیامەتـە و نـزیکتر لەقیامـەت مردنـە. سـەیر دونیایەو لەویش سەیرتر ئەوەیـە لەگـەڵ دونیا تێوەگلاْبی و خۆشت بوێ. قورس قەبرە و قورستریش شۆڕکردنەوەتە بۆ ناو گۆڕ بەبێ زادو توێشوو.
*لۆژیك پێمان دەڵێ: ئەگەر نان نەخۆین ناژێین، ئەگەر نەخەوین تێر خەو نـابین، ئەگـەر کـردەوەی بـاش ئـەنجام نـەدەین ناچـینە بەهەشـت و هـەموو شتەکان وێڕای لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵێ هۆکـار، نـزاو پاڕانـەوە بـە پێویسـت دەزانن.
پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "هیچ شتێك لای خوا لە پاڕانەوە بەڕێزتر نیە"[٢٧].
تـەنها یـەك سـۆزو بـەزەیی و میهـری پـەروەردگار لـەم دونیایـە هـەموو بوونـەوەری داپۆشـیوە، دەبـێ ئـەو نـەوەت و نـۆ رەحمـەی بـۆ دوارۆژ چـۆن بێت؟ وەك پێغەمبـەر(صلى الله عليه وسلم) دەفـەرموێ: "إِنَّ للَّـهِ تَعَـالى مائَـةَ رَحْمَـةٍ أَنْـزَلَ مِنْهَـا

[٢٧] - عَن أَبي هُرَيرَة(رضي الله عنه)عَنِ النَّبي(صلى الله عليه وسلم) قال: (لَيسَ شَيء أكرَمُ عَلى الله تَعالى مِنَ الدُّعاءِ). حسن: رواه الترمذي(٣٣٧٠) وابن ماجه(٣٨٢٩)

رَحْمَـةً وَاحِـدَةً بَـيْنَ الجِـنِّ والإِنْـسِ وَالبَهَـائِمِ وَالهَـوامِّ، فَبِهَـا يَتَعـاطَفُونَ، وبِهَـا يَتَراحَمُونَ، وَبِها تَعْطِفُ الوَحْشُ عَلى وَلَدِهَا، وَأَخَّرَ اللَّهُ تَعالى تِسْعاً وتِسْعِينَ رَحْمَةً يَرْحَمُ بِهَا عِبَادهُ يَوْمَ القِيَامَةِ"[٢٨].

واتـه: (خـوا سـەد ڕەحمـەتی هەیـە، یـەك ڕەحمـەتی بـەش كـردووە لـە نێـوان جنۆكـەو ئـادەم و مـەڕو مـاڵات و گیانلەبـەران و مـارو مێـرووودا، هـەر بـەو بەشـەیە كـە لـەناو خۆیانـدا سـۆزیان بـۆ یـەكتر هەیـە و بـەزەییان بەیەكـدا دێتـەوە، هـەر بـەو بەشەیشـە كـە گیانلەبـەری كێـوی بـەزەیی بـە بەچـكەی خۆیدا دێتەوە، بەڵام نەوەد و نۆ ڕەحمەتی تری دواخستووە، كە بـەزەیی بە بەندەكانی خۆیدا دێتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا).

ئەوەی لەم كتێبە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم ئەوەیە: ئایا دوعـاكردن چۆنە؟ نهێنی دوعاكردن چییە؟ بۆچی ئاكام و ئەنجامی دوعا دیار نییە؟ كەی دوعا قبوڵ دەبێ؟ بۆچی خەڵكانێك دوعا ناكـەن، كەچـی هـەموو شـتێكیان دەست دەكـەوێ؟ ئایـا دوعـا پەیوەنـدی بـە قـەزاو قـەدەرەوە هەیـە؟ ئەمـەو چـەندین پرسیاری تر، لەم كتێبەدا وەڵام دەدەینەوە. خوا پشت و پەنامان بێت.

٢٠٢١/ شارۆچكەی تەق تەق

---

[٢٨] - متفقٌ عَلَيه.

# پێناسەی دوعا لە رووی زمانەوانی و زاراوەی شەرعیەوە

**✍لە رووی زمانەوانی دا :**

لە بنەڕەتدا وشەی (دُعاء) چاوگە لە (دَعَا)وە هاتووە، وەرگیرانی ئەم چاوگە لەسەر کێشی (فُعال)ە، کە ئەمە چاوگێکی قیاسیە. عەرەبیش بۆ چەند مانایەك بەکاری هێناوە:

١-(دعوت الشيء، أدعوه، دعاء) بەمانای (شتێك بەرەو لات بێ بە سەدایەك یان بە قسەیەك، لە وەڵامدانەوەی تۆدا).

٢-(ئیبن منظور) دەڵێت: (دَعا الرجل دعواً و دعاءٌ – بانگی کرد) لە بنچینە (دعاو) بووە، ئەو واوە لەبەر ئەوەی کەوتۆتە چوارەم پیتەوەو لەدوای ئەلیفەوە هاتووە، بووە بە (هەمزە): (الدعاء).

٣-بەمانای داواکردن و پرسیارکردن هاتووە، واتە داواکردنی داواکەر بۆ ئەنجامدانی کردەیەك لە غەیری خۆی.

**✍لە زاراوەی شەرعی دا :**

دوعا بەچەند شێوازێك پێناسە کراوە:

١-خواستنی بەندە لە پەروەردگاری بۆ یارمەتیدان و هاوکاری کردنی، حەقیقەتەکەشی: نیازمەند بوونی بەندەیە بەخوای گەورە، خۆ داماڵینە لە هەر هێزو توانایەکی تر.

٢-وتەی ئەو کەسەی دەپاڕێتەوەو دەڵێت: یا الله، یا رحمن، یا رحیم، یان هەر وشەیەکی تری لەم شێوەیە.

٣-ئاشکراکردن و دەربڕینی ئەوپەڕی زەلیلی و فەقیری بەرامبەر خوای گەورە.

٤-داواکردنـی بەندەیـە لـەخوای گـەورە کـە گرنگـی پـێ بـدات، وە داوای یارمەتیکردنە لە خوای خۆی بۆ بەدیهێنانی مەرام و مەبەستەکانی.[٢٩]

* * *

[٢٩] - دوعاکانمان بۆ وەرناگیرێن- عەفان شێخ صدیق سەرگەتی، چ٢- ساڵی٢٠٠٩- چاپخانەی رێ نوێ، ل٧-٨

# چەمك و زاراوەكانی وشەی "دوعا" لە قورئاندا

كاتێك باس لە دوعا دەكەین، دەبێ خوێندنەوەمان بۆ ئەو چەمكە هەبێت ئایا دوعا مانای چیە؟ بۆچی دوعا دەكەین؟ داوای دوعا لە كێ دەكەین؟ ئەمانە بەركولێ و رێخۆشكارین بۆ چوونە ناو سوودو كاریگەریەكانی دوعا و دواتر حوكم و حیكمەت و مەرج و ئادابەكانی.

سەرچاوەی سەرەكی ئەم ناسینەش، گەڕانەوەیە بۆ دەقەكانی قورئان كە ماناگەلێكی زۆر لەخۆ دەگرێ. بۆیە ئەگەر بڕوانینە دەقەكانی قورئانی پیرۆز، بۆمان دەردەكەوێ وشەی (دوعا) تەنها بەمەبەستی نزاو پاڕانەوە نەهاتووە، بەڵكو چەندین جۆرو شێوەی لەخۆ گرتووە، لەوانە:-

**یەكەم/ بەمانای ئەسڵ و نەسەب هاتووە:**

مەبەست لێی پاراستنی وەچەی مرۆڤایەتیە لە نەمان و سڕینەوە. لەم روانگەوە هەر یەك لە ئێمە بتوانێ هۆزو تیرەو رەچەڵەك و بەرەبابی خۆی بناسێ و پێیان ئاشنا بێت، نەك نەزانێ كەس و كاری كێیە، ئەوەتا لە ولاتانی ئەوروپا و رۆژئاوا بەهۆی داوێنپیسی و تێكەلاوی كاری ناشەرعیەوە، خەڵكانێكی زۆر نازانن كێ دایكیانە و باوكیان كێیە!.

*"زەیدی كوڕی حارس" لە ماڵی سەروەری مرۆڤایەتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەژیا، خۆی بە ئەندامێكی ئەو ماڵە دەزانی، خەڵك بە (زەیدی كوڕی موحەممەد) بانگیان دەكرد، ئەگەر ئەمە لەروویەكەوە بۆی بڕوانین، دەبینین ئێستاش یەكێك لەگەڵ كەسێ چاك و باش بێت، پێی دەڵێن: فلان كەس ئەوەندە لەگەڵی باشە، دایك و باوك و براكانی ئەوەندە لەگەڵی باش نین، یان دەڵێن: وەكو دایك و باوك و براو خوشكیەتی، ئەمە هەقیقەتێكی حاشا هەڵنەگرە كە ئێمە لە سۆنگەی خۆمانەوە بە دروست و پەسندی دەزانین، بەڵام خوای پەروەردگار ئەمە بە پەسندو دادگەر نازانێت.

﴿ ٱدۡعُوهُمۡ لِأٓبَآئِهِمۡ هُوَ أَقۡسَطُ عِندَ ٱللَّهِۚ فَإِن لَّمۡ تَعۡلَمُوٓاْ ءَابَآءَهُمۡ فَإِخۡوَٰنُكُمۡ فِي ٱلدِّينِ وَمَوَٰلِيكُمۡۚ وَلَيۡسَ عَلَيۡكُمۡ جُنَاحٞ فِيمَآ أَخۡطَأۡتُم بِهِۦ وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتۡ قُلُوبُكُمۡۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمًا ٥ ﴾ الأحزاب: ٥

**واتــه:﴿ ٱدۡعُوهُمۡ لِأٓبَآئِهِمۡ هُوَ أَقۡسَطُ عِندَ ٱللَّهِۚ ﴾ بــەناوی بــاوكی خۆیانــەوە بانگیان بكەن و نێویان ببەن، واتە: مەڵێن (زەیدی كوڕی موحەممەد) بەڵكو بڵـێن: (زەیـدی كـوڕی حـاریس)ە، چـونكە لای خـوا هـەر ئـەوە پەسـند و دادگەرانەیە﴿ فَإِن لَّمۡ تَعۡلَمُوٓاْ ﴾ خۆ ئەگەر ناوی باوكیانتان نەزانی تا بەناوی باوكیانــەوە بانگیــان بكــەن ﴿ فَإِخۡوَٰنُكُمۡ فِي ٱلدِّينِ وَمَوَٰلِيكُمۡۚ ﴾ ئــەوە بــرای ئایینی و دۆستانن ئەگەر موسڵمان بن وە خۆشەویست و مەولاتان، واتـە: پاش ئازادبوونی لە كۆیلایەتی، دەبێ بڵێن: فلانـە كەسـی مـەولام!، بۆیـە بۆ دوایی پێغەمبەر(ﷺ) بەزەیدی دەوت: تۆ براو مەولای ئێمەی: (أنت أخونا و مولانـا)(فـتح البـاری:٧/٠‌٥٧) ﴿ وَلَيۡسَ عَلَيۡكُمۡ جُنَاحٞ فِيمَآ أَخۡطَأۡتُم ﴾ خـۆ ئەگـەر بەهەڵـە جـارێكیش بانگتـان لـێ كـردن، زمانتـان وا ڕاهـاتبێ، ئـەوە قەیناكە، لەو هەڵەدا گوناحتـان ناگات ﴿ وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتۡ قُلُوبُكُمۡۚ ﴾ بەڵكو گوناح لەوەدایە ئەگەر لە دڵەوەو بە ئەنقەست ئەو كارە بكەن و نێویان بەرن بەغەیری باوكیان ﴿ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمًا ﴾ خـوا هەمیشـە گوناح پۆشـە، دلۆڤان ومیهرەبانە.**

**دووەم/ بەمانای داواكردن(طلب)هاتووە:**

**خوای پەروەردگار لە سەرگوزشتەی كچەكانی شوعەیب و موسا پێغەمبەر (علیه السلام) دەفەرموێ:** ﴿ فَجَآءَتۡهُ إِحۡدَىٰهُمَا تَمۡشِي عَلَى ٱسۡتِحۡيَآءٖ قَالَتۡ إِنَّ أَبِي

يَدْعُوكَ لِيَجْزِيَكَ أَجْرَ مَا سَقَيْتَ لَنَا ۚ فَلَمَّا جَاءَهُ وَقَصَّ عَلَيْهِ الْقَصَصَ قَالَ لَا تَخَفْ ۖ نَجَوْتَ مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ ﴿٢٥﴾ ﴾ القصص: ٢٥

**واته: جا دوای تاویٚ یەکێك لەو دوو کچە بۆ لای موسا هات کە بەوپەڕی حەیاو شەرمەوە بەڕێدا دەڕۆیشت ، پاش گەڕانەوەیان بۆ لای باوکیان و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەیان بۆی، بەیەکێکیانی وت: بڕۆ بانگی بکە، ئینجا ئەوەیان هات بەدوای موسادا زۆر بەشەرم دەڕۆیشت، واتە سیفەتی ئەخلاق و داوێن پاکی و نەفس بەرزی پێوە دیاربوو، کە گەیشتە لای، پێیوت: بێگومان باوکم بانگت دەکا بۆ ئەوەی پاداشت و کرێی ئاودانی مەڕەکان– کە بۆ ئێمەت ئاودان– بداتەوە. ئینجا کاتیٚ موسا هاتە لای باوکیان و هەموو بەسەرهاتەکەی خۆی بۆ گێڕایەوە، وتی: مەترسە ئیتر تۆ وای لەشارێکی هێمندا و لەگەلی ستەمکاران، فیرعەون و تاقمەکەی رزگارت بووە.**

**سێیەم/ بەمانای ئامۆژگاری ورێنوێنیکردن هاتووە:**

**ئەگەر چەوت و چەوێلٚ و هەڵەو پەڵەیەکمان هەبوو، یەکێك هات لەپەرۆشی و دڵسۆزی خۆی، ئامۆژگاری و رێنموونی کردین بۆ ئەوەی دەست لەو کارە نەگریسە هەڵبگرین و رێی ڕاست بگرینە بەر، ئەو شتانە جگە لە چاك و باش و پاکی، شتێکی دیکە نییە، وەکو پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمویٚ:** (الدِّينُ النَّصِيحَةُ)[30] **واتە: (ئایین رێنموونی و ئامۆژگاریە).**

**مەخابن کارەسات لەوەدایە کەسێك ئامۆژگاری بکریٚ و ئامۆژگاری کەس وەرنەگریٚ، نمونەی ئەوانە وەکو کەسێکە کەڕ بیٚ و هیچ نەبیسیٚ، کوێربیٚ و هیچ نەبینیٚ، نەخاسمە دەرهەق بەئایەتەکانی خوای پەروەردگار.**

﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ فَأَعْرَضَ عَنْهَا وَنَسِيَ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ ۚ إِنَّا جَعَلْنَا عَلَىٰ

---

[30] – **رواه مسلم**

قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِيٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرًاۖ وَإِن تَدْعُهُمْ إِلَى ٱلْهُدَىٰ فَلَن يَهْتَدُوٓاْ إِذًا أَبَدًا ﴾ الكهف: ٥٧ **واته: "دەبێ کێ لەو کەسە ستەمکارتر بێ کە بە ئایاتەکانی پەروەردگاری (واتە بە قورئان) ئامۆژگاری بکرێ، کەچی روویان لێ وەرچەرخێنێ‌و ئاکامی ئەو کارە خراپانەیش کە بەدەستی خۆی پێشی خستوون لەبیر کردبێ!. بە راستی بەهۆی کوفرو لاساریيانەوە، پەردەمان بەسەر دڵیان داهێنا تا لەماناو مەبەستی باوەڕ تێنەگەن و کەڵکی لێ وەرنەگرن. گوێشیانمان ئەوەندە قورس و گران کرد کە نەتوانن هەق ببیسن، چونکە خۆیان نایانەوێ ببیسن، ئێمەش زۆریان لێ ناکەین. خۆ ئەگەر هەوڵی زۆریان لەگەڵ بدەیت و بانگیان بکەی بۆ هیدایەت و ڕێنوێنی و ڕێی ڕاست، ئیتر هەرگیز ڕێنوێن نابن و وەڵام نادەنەوە، چونکە خۆ تێناگەیەنن و نابیسن!".**

**چوارەم/ بەمانای بانگەوازو بانگکردن هاتووە:**

**هیچ شتێ لەوە ناجۆرو ناخۆشتر نییە خۆت بەدەمڕاستی خێزان و گروپ و کۆمەڵێك بزانی، لەتەنگانە لەجیاتی پشتیوانی و پشتگرتن، چەندە بانگیان بکەی: (وەرن ڕامەکەن، مەڕۆن) کەچی ئاوڕت لێ نەدەنەوە، پشتت تێ بکەن.**

**سەرکردەی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە لەکاتی شەڕو شۆو جەنگ لە پێشەوەبێ و لە دەستکەوتەکان لەدواوە.**

**خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆز کاتێ دیمەنەکانی شەڕی ئوحودمان بۆ بەیان دەکات، وەکو فیلمێك بەچاوی خۆمان بیبینین چۆن ژمارەیەکی زۆر لە موسڵمانەکان – دوای سەرکەوتنیان – شکان و ترس و بیم دایگرتوون و هەریەکەیان هەوڵی رزگاربوونی خۆی دەدات، بەتایبەت ئەوانەی ئیمانیان قایم نەبوو.**

﴿ إِذْ تُصْعِدُونَ وَلَا تَلْوُۥنَ عَلَىٰٓ أَحَدٍ وَٱلرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ فِىٓ أُخْرَىٰكُمْ فَأَثَٰبَكُمْ غَمًّۢا بِغَمٍّ لِّكَيْلَا تَحْزَنُوا۟ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ وَلَا مَآ أَصَٰبَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١٥٣﴾ ﴾ آل عمران: ١٥٣

**واته: "ئەو كاتەی هەڵاتن و بڵاوەتان لێی كردو بەكێوەكەدا سەردەكەوتن و لە ترسی دوژمن لاتان بەلای هیچ كەسێكدا نەدەكردەوە، پەیامبەریش(ﷺ) لەپشت سەرتانەوە بانگی دەكردن و دەیفەرموو: (إليّ عِبادَ اللّه، إليّ عِبادَ اللّه ، أنا رسولُ اللّه مَن يَكِرُّ فَلَهُ الجنةُ) واتە: بگەڕێنەوەو وەرنەوە لای من، بگەڕێنەوەو وەرنەوە لای من، ئەی بەندەكانی خوا! هەر كەسێك بگەڕێتەوە بەهەشتی بۆ هەیە. كەچی ئێوە ملتانناو ئاوڕتان نەدایەوە!. ئینجا لەبەر ئەوەی ئێوە خەم و خەفەتتان خستە دڵی پێغەمبەرەوە، خوا هەر بەخەم و خەفەت جەزای دانەوەو لە بەرامبەر ئەو كارەتان دوو مەراقی گەورەی پێدان، یەكەم: خەمی تێكشكان.دووەم: خەمی ئەوەی كە وتیان پێغەمبەر(ﷺ)كوژراوە!. تا بۆ ئەو دەستكەوتەی لەدەستتان چوو و بۆ ئەو كوشتن و برینانەی دووچارتان بوو، لەوێ دڵگران نەبن. بێگومانبن خوا بەو كارانەی دەیكەن زاناو بەئاگایە و پاداشتان دەداتەوە[٣١].**

---

[٣١]- هۆكاری ئەم دۆڕانە: شكاندنی فەرمانێكی سەربازی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، چونكە لەكاتی جەنگ، گوێنەگرتن و فەرمان شكاندنی سەركردە دەبێتە هۆی دۆڕان و شكست، سەرپێچیەكەش تەماحی وەدەستهێنانی ماڵ وای لەچەند كەسێك كرد ببنە مایەی شكستی شەڕەكە، هەرچەندە لەرووی سەربازی بە شكستی گەورە لەقەڵەم نادرێ، چونكە: ١- قیادەی عەسكەری سەلامەت بوو ٢-رۆژی دواتر ئامادەباشیان بۆ جەنگ دەربڕی!! بەڵام هەر بەڵاو تاقیكردنەوەیەكی گەورە بوو بۆ موسڵمانان. بۆیە ئەو تێكشكانەی (ئوحود) ئەگەرچی بە رواڵەت تۆڵەو سزا بوو، بەڵام لە واقیعدا نیعمەت و تاقیكردنەوە بوو، موسڵمانەكان وشیاربوونەوە كە سەركەوتن و بنكەوتن بەستراوە بە كۆمەڵێ هۆكار كە دەبێ ئەو هۆكارانە پشتگوێ نەخرێ، ئەوەتا جارێ بێ فەرمانی كردنی پێغەمبەر(د.خ) بووە لەدەستدانی چەندین شەهیدو بریندارو دواجار تێكشكان، ئاخۆ دەبێ حاڵەتی ئێستای موسڵمانان چۆنبێ كە هەزاران سەرپێچی و لاساری هەیەو كەسیش بەخەیاڵی دا نایەت!.

**هەروەها لە ئایەتێکی دیکەدا هاتووە:**

﴿ وَإِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّمَّا نَزَّلۡنَا عَلَىٰ عَبۡدِنَا فَأۡتُواْ بِسُورَةٖ مِّن مِّثۡلِهِۦ وَٱدۡعُواْ شُهَدَآءَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴾ البقرة: ٢٣

**واتە: " ئەی خەڵکینە! ئەگەر ئێوە گومانتان لەوەیە ئەم قورئانە لەلایەن منەوە نێردرابێتە خوارەوە بۆ سەر بەندەکەمان کە محەممەدە، ئەگەر دەتوانن تەنها یەك سوورەت وەکو قورئان بێنن و بیڵێن با هەرچەندە کورتیش بێت، وە هەر کەسێك توانای هەیەو پێتان وایە دەتوانن یارمەتیتان بدەن لەو کارەدا، ئەوە ئەو کەسانەیش بانگ بکەن با یارمەتیتان بدەن، جا ئیدی ئەو کەسە گەورەو سەرۆکێك بێت، یا کەسێکی قسەزان و خاوەن گوتاری جوان و نەستەق و ڕەوانبێژ بێت. ئەم تەحەددایە تەنها بۆ عەرەبەکانی سەردەمی پێغەمبەر نەبوو(ﷺ) بەڵکو ئەم تەحەددایە لەو کاتەوە تا ڕۆژی دوایی بەردەوامە. شایانی وتنە لەو سەردەمەوە تا ئێستا هەندێ ناحەزو دوژمنی ئیسلام زۆر هەوڵیانداوە، بەڵام کەسیان نەیانتوانیوە شتێکی زۆر کەمیش لەشێوەی قورئان دابنێن، بەگومانی خۆیان ئەوەی لەشێوەی قوڕئانیشیان داناوە، هەر زوو پوچەڵ کراوەتەوەو خۆشیان سەرکوت کراون، بێگومان هیچ کەسێك ئەوەی پێ ناکرێ و لەتوانای کەسدا نییە"[٣٢].**

[٣٢]– **بێ باوەڕان زۆریان هەوڵداوە، تا ئێستاش لە هەوڵدەدەن هاوشێوەیەك لە نمونەی سورەت و ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دابنێن تا نیشانی خەڵکی بدەن، بڵێن: قورئان وتەی خوا نیەو دروستکراوی مرۆڤە، لەوانە مشتێك لەو هەڵبەست و قسانەی** (مسیلمة بن حُبیب الحنفي)**ناسراو بە (موسەیلەمەی درۆن) کە ساڵی ١١ی کۆچی کوژرا:**( الْفِيلُ وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْفِيلُ، لَهُ ذَنَبٌ وَبِيلٌ، وَخُرْطُومٌ طَوِيلٌ). ( يَا ضِفْدَعُ بِنْتُ ضِفْدَعِينَ، نِقِّي كَمْ تَنِقِّينَ، لَا الْمَاءَ تُكَدِّرِينَ، وَلَا الشَّارِبَ تَمْنَعِينَ، رَأْسُكِ فِي الْمَاءِ وَذَنَبُكِ فِي الطِّينِ). (والليل الأطحم، والذئب الأدلم، والجذع الأزلم، ما انتهكت أسيد من محرم والليل الدامس، والذئب الهامس، ما قطعت أسيد من رطب ولا يابس). (وَالطَّاحِنَاتُ طَحْنًا، فَالْعَاجِنَاتُ عَجْنًا، فَالْخَابِزَاتُ خَبْزًا، إِهَالَةً وَسَمْنًا، إِنَّ الْأَرْضَ بَيْنَنَا وَبَيْنَ قُرَيْشٍ نِصْفَيْنِ، وَلَكِنَّ قُرَيْشًا

**پێنجەم/ بەمانای هیواو ئاوات هاتووە:**

**هەڵوێستی مرۆڤ چیە ئەگەر لەدام و دەزگایەکی میری یا کەرتی تایبەت، بێ پرس و ڕا، نووسراوی گواستنەوەو سزادانی پێ بدەن، ئەویش نەتوانێ هیچ بکات و هیچت لەدەست نەیەت؟ لەوەش ناخۆشتر نیە ئافرەتێك بەردەوام لەلایەن پیاوەکەیەوە شەڕی دەروونی لەگەڵ بکرێ و نەتوانێ بەرگری لەخۆی بکات؟ ئەوانەی بەند کراون و بەردەوام سزا دەدرێن، ئەوانە لەبێزاربوونی خۆیان، هات و هاواریان لێ هەڵدەستێ، ئاوات بەوە دەخوازن بەیەکجار بیانکوژن و لەکۆڵ ئەو بارودۆخەیان بکەنەوە، یان ئەوانەی فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەردەچێ، سەری دونیایان لێ وێك دێتەوە نازانن چیبکەن؟ چۆن پارێزگاری لەخۆیان بکەن؟ ئەوە حاڵی ژیانی دونیایە.**

**بێ باوەڕەکان دەخرێنە ئاگرێکەوە کە پێستەکەیان سووتا، دووبارە پێستەکەیان بە پێستێکی تازە دەگۆڕن، حیکمەت لە گۆڕینی پێست ئەوەیە دەمارەکانی هەست (أعصاب) هەمووی بە پێستەوەیە، بۆیە کاتێ پێستەکە تەواو دەسوتێ، لاشەکەی هەست بە هیچ ئازارێکی ئەوتۆ ناکات، وەك خوای پەروەردگار لە سورەتی(النساء) ئایەتی (٥٦) دەفەرموێت:**

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا سَوۡفَ نُصۡلِيهِمۡ نَارٗا كُلَّمَا نَضِجَتۡ جُلُودُهُم بَدَّلۡنَٰهُمۡ جُلُودًا غَيۡرَهَا لِيَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَزِيزًا حَكِيمٗا ﴾ النساء: ٥٦

**واتە: (بەڕاستی ئەوانەی بێ بڕوا بوون بە ئایەتەکانی ئێمە، لەمەودوا دەیانخەینە ناو ئاگرێکەوە هەر کاتێك پێستیان سووتا (برژا)، بۆیان**

---

قَوْمٌ لَا يَعْدِلُونَ). (إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْجَمَاهِرْ، فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَهَاجِرْ، وَلَاتُطِعْ كُلَّ سَاحِرٍ وَكَافِرْ). **مرۆڤ کە ئەو دەقانە دەیخوێنێتەوە پێکەنین دایدەیگرێ ، وادەزانێ وەسفی شتێك یا مەتەڵێکی بۆ باس دەکەیت.**

**دەگۆڕین بە پێستێکی تر بۆ ئەوەی سزاکە بچێژن، بەڕاستی خوا هەمیشە زاڵی کاردروستە).**

**خـوای پـەروەردگار دەرهـەق بـەو ئـاوات و هـات و هـاواری ئـەو کەسـانە دەفـەرموێ:** ﴿ وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ وَرَآءَ ظَهْرِهِۦ ﴿١٠﴾ فَسَوْفَ يَدْعُواْ ثُبُورًا ﴿١١﴾ ﴾ الانشـقاق.

**واتە: "ئـەو کەسـەی لـە پشـتییەوە نامـەی کردەوەکانی درایە دەسـتی ئـەوە نیشانەی بەدبەختی یە، هاوارو دادی لێ هەڵدەستێ و هیواو ئاواتی مردنی خۆی دەخوازێ ، دەڵێ: خوایە مەرگ، خوایە بمکوژە، خوایە لەناوم ببە".**

**شەشەم/ بەمانای بانگێشتکردن هاتووە:**

**بانگێشـکردن بـۆ داوەت و کـاری خێـرو سـوود وەرگـرتن لەیـەکتر، نـازو نیعمەتێکـە خۆشـنوودی دەخاتـە دڵ و دەروونـی مـرۆڤ، لەوەشـدا هـەموو بانگێشـکردنێ جێـی وەرگـرتن نییـە، بەتایبـەت ئەگـەر بـۆ کـاری خراپـەو بەدڕەوشتی و بڵاوبوونەوەی فەساد بێت.**

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدْخُلُواْ بُيُوتَ ٱلنَّبِيِّ إِلَّآ أَن يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَىٰ طَعَامٍ غَيْرَ نَٰظِرِينَ إِنَىٰهُ وَلَٰكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَٱدْخُلُواْ فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَٱنتَشِرُواْ وَلَا مُسْتَـْٔنِسِينَ لِحَدِيثٍ ۚ إِنَّ ذَٰلِكُمْ كَانَ يُؤْذِى ٱلنَّبِىَّ فَيَسْتَحْىِۦ مِنكُمْ ۖ وَٱللَّهُ لَا يَسْتَحْىِۦ مِنَ ٱلْحَقِّ ۚ ﴾ الأحزاب: ٥٣ **واتە: "ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، مەچن بۆ سەردانیماڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) مەگەر ڕێگەتان پێ بدرێ و مۆڵەت بخوازن (ئەگەر مۆڵەتدران بۆ نانخواردن) چاوەڕێی پێگەیشتنی مەکەن ئەگەر پێ نەگەیشتبوو (مەبەست ئەوەیە زوو مەچن کە هێشتا خواردنەکە پێ نەگەیشتووە). بەڵام ئەگەر بانگکران بۆ نانخواردن ئەوسا بڕۆنە ژوورەوە، ئینجا ئەگەر خواردنەکەتان خوارد، بڵاوەی لێبکەن و بۆ قسەکردن مەمێننەوە، چونکە مانەوەتان ئازاری پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەدا، ئەویش شەرمتان لێ دەکات (کە بێ دەنگە) بەڵام خوا لە وتنی هەق شەرم**

**ناکات".**

**هەروەها لە ئایەتی:** ﴿ وَٱللَّهُ يَدۡعُوٓاْ إِلَىٰ دَارِ ٱلسَّلَٰمِ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٢٥ ﴾ یونس: ٢٥ **واتە: "وە خوا بانگێشتی خەڵکی دەکات بۆ ماڵی ئاشتی و ئارامی کە بەهەشتە، وە هەر کەسێکیشی بوێ رێنموونی دەکات بۆ ڕێگەی ڕاست کە ئیسلامە".**

**حەوتەم/ بەمانای وتەو قسەیەکە کە کردەوەی لەگەڵ نەبێت:**

﴿ فَمَا كَانَ دَعۡوَىٰهُمۡ إِذۡ جَآءَهُم بَأۡسُنَآ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴾ الأعراف: ٥ **واتە: "ئەو کاتە سزای ئێمە یەخەی پێگرتن ئینجا قسەو گوفتاریان هیچ نەبوو تەنها ئەوە نەبێ دەیانوت: بەڕاستی ئێمە ستەمکار بووین، بەڕاستی ئێمە یاخی بووین".**

**هەشتەم/ بەمانای پێشنیار خستنە بەردەم هاتووە:**

﴿ تَدۡعُونَنِي لِأَكۡفُرَ بِٱللَّهِ وَأُشۡرِكَ بِهِۦ مَا لَيۡسَ لِي بِهِۦ عِلۡمٞ وَأَنَا۠ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡغَفَّٰرِ ﴾ غافر: ٤٢ **واتە: "بانگم دەکەن تا باوەڕم بەخوا نەمێنێ و هاوەڵ و شەریکی بۆ بڕیار بدەم، بێ هیچ بەڵگەو زانست و زانیارییەك، لە کاتێکدا من بانگتان دەکەم بۆ لای زاتێك کە زۆر باڵا دەستەو زۆریش لێخۆشبووە".**

**نۆیەم/ بەمانای داوای یارمەتی و پەنا بۆ بردن و هاوارلێکردن هاتووە:**

﴿ أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰهُۖ قُلۡ فَأۡتُواْ بِعَشۡرِ سُوَرٖ مِّثۡلِهِۦ مُفۡتَرَيَٰتٖ وَٱدۡعُواْ مَنِ ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴾ هود: ١٣ **واتە: "بەڵکو (لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگانەدا) ئەوانەی دەڵێن: محەمەد قورئانی هەڵبەستووە، پێیان بڵێ: جا ئێوە دە سوورەتی وێنەی ئەم قورئانە بێنن، هەر کەسیش لە خوای گەورە بەدەر، دەتوانن بانگ بکەن (بۆ هاوکاریتان پەنای بۆ ببەن) ئەگەر راست دەکەن؟".**

**دەیەم/ دوعا بە مانای دوعا هاتووە:**

﴿ وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ فَٱدۡعُوهُ بِهَاۖ وَذَرُواْ ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ أَسۡمَٰٓئِهِۦۚ سَيُجۡزَوۡنَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴾ الأعراف: ١٨٠ **واتە: "هەر بۆ خوایە هەموو ناوە جوان و پیرۆزەکان، جا(ئەی ئیمانداران) بەو ناوانە دوعاو نزا بکەن و هاناو هاوار بۆ ئەو زاتە ببەن، واز بێنن لەوانەی لە ناوە پیرۆزەکانی خوا لادان دەکەن و(سیفەت و ناوەکانی خوا بەکار دەهێنن بۆ غەیری خوا) لە ئایندەدا پاداشتی ئەو کارو کردانەوەیان وەردەگرن کە ئەنجامیان دەدا"[33].**

**موشریکەکان بە موسڵمانەکانیان دەوت: بۆچی نایەن واز لە محەممەد و ئایینەکەی بێنن و پەیڕەوی لە ئایینەکەی ئێمە بکەن و بگەڕێنەوە سەر دینی باب و باپیرانتان، خوا لە وەڵامیاندا دەفەرموێ:** ﴿ قُلۡ أَنَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا وَنُرَدُّ عَلَىٰٓ أَعۡقَابِنَا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ ﴾ الأنعام: ٧١ **واتە: "ئەی پێغەمبەر(ﷺ)بەو بتپەرستانە بڵێ: ئایا ئێوە دەڵێن بێجگە لە خودا هاوار بکەین و بانگی شتێك بکەین و بیپەرستین کە نە سوودمان پێ دەگەیەنێ و نە زیان و پاشگەز ببینەوە دوای ئەوەی خوا هیدایەتی داین".**

**ئەمانەی سەرەوە ئاماژەیەکە بۆ تێگەیشتن لە چەمکی (دوعا) تا بابای باوەڕدار لە ژیانی دا ڕەنگرێژی بکات و لە ماناو مەدلوولی دوعا تێ بگات".**

* * *

[33] - **"وذروا الذين يلحدون فی أسمائه" واتە: لەوانە گەڕێن دەست لە ناوەکانی خوا وەردەدەن و بەدەستی ئەنقەست ناوەکان دەگۆڕن کە تێیدا بەو گۆڕینە لە ماناو مەبەستەکەی لا دەدەن و ناوی تری بۆ دادەنێن. موشریکەکان لەجیاتی ئەوەی ناوی (الله) بێنن، دەیانوت: (لات)، لەجیاتی ئەوەی ناوی(عزیز) بێنن، دەیانوت: (عزی).**

# ئايا دوعا كردن  دروست و ڕەوايە؟

**پاڕانەوە لەخوا جورئەتە، گەر  بێتە دی  ڕەحمەتە، گەر نێتە دی حیکمەتە.**

**پاڕانەوە لە مرۆڤ خەفەتە، گەر  بێتە  دی   منەتە، گەر نێتە دی زیللەتە.**

**ئەگەر بمانەوێ لەسەر هەر چەمك و دەستەواژەیەك بوەستین، نەخاسمە بابەتێك پەیوەستبێ بە دین و ژینەوە، دەبێ لە رووی ڕەواییەوە بۆ سێ سەرچاوەی سەرەكی بگەڕێینەوە، ئەویش: قورئان و سوننەت و ئیجماعی زانایانە.**

**بۆیە كاتێك دەپرسین: ئایا دوعاكردن ڕەوایە؟ لەم ڕوانگەوە دەبێ هەڵوێستە لەسەر سێ خاڵی جەوهەری بكەین، ئەوانیش:**

**یەكەم/ قورئان:-**

**لە قورئانی قسەلەجێ، دەیەها بەڵگەی حاشا هەڵنەگر هەیە ڕەوایەتی بە دوعا دەدات، بەجۆرێ لە خوێندنەوەی هەندێ ئایەت، دوعا دەبێتە فەرزی كیفایە، بەتایبەت كاتێك فەرمانمان پێ دەكات لێی بپاڕێینەوە.**

﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴾ غافر: ٦٠

**واتە: "ئەی خەڵكینە پەروەردگارتان فەرموویەتی: ئێوە هاناو هاوار بۆ من بێنن، من دوعاو نزاتان گیرا دەكەم، بەڕاستی ئەوانەی خۆیان بەگەورە دەزانن و لووت بەرزی دەكەن لەئاست پەرستنی مندا، لە ئایندەدا بەسەرشۆڕی و خەجاڵەتییەوە دەخرێنە ئاگری دۆزەخەوە."**

**خۆ ئەگەر وازهێنان لە دوعا مەبەست لێی خۆ بەگەورەزانین بێت، ئەوە دەچێتە خانەی سەرپێچی و بێ باوەڕ بوون، عیبادەت لێرە بەمانای دوعا دێ.**

**هەر لە فەرمانەكانی خوای پەروەردگار ئەوەیە بە زەلیلی وكوڕوزانەوە دوعا**

**بکەین.**

﴿ ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةًۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ﴾ الأعراف: ٥٥ **واتە:**
**"بە زەلیلی و کوڕوزانەوەو بە هێمنی – نەك بەهاوارو دەنگی بڵندەوە – داوا لە پەروەردگارتان بکەن و لێی بپاڕێنەوە تا پێویستیەکانتان بۆ جێبەجێ بکات و بتانخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی، بەڵام لە سنوور دەرمەچن، چونکە خودا ئەو کەسانەی خۆش ناوێ لە سنوور دەردەچن و داوای شتێك دەکەن کە بڕیار نەدراوە بۆیان و فەرمانی خوای لەسەر نییە".**

**مرۆڤ بە ئاشکراو نهێنی پەنا دەباتە بەر ڕەحمەتی خوای دلۆڤان، ئەوا لە گیرابوونی دوعاکانی دا خێرو خۆشی دەستی دەگرێ، لە شەڕو ئاشووب دوور دەکەوێتەوە، بە مەرام و هیواو ئاواتەکانی دەگات.**

**دووەم/ سوننەت:-**

**پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:" (ان الدعاء هو العبادة) جا پاش ئەوە ئایەتی﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ ﴾ ی خوێندەوە". (متفق علیه).**

**کەواتە هەر کارو پیشەو شتێك حیسابی عیبادەت و پەرستشی بۆ بکرێ، دەبێتە توێشووی چاکەکاری کە لە تۆماری کردەوەکانیدا هەر دوعایەك بکات بۆی بەچاکەیەك دەنووسرێ و بە پێچەوانەوە دوعانەکردن تووڕەیی خوا بەدوای خۆی دێنێ. ئەوەتا لە فەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەری خوا(ﷺ)دەفەرموێ:" ئەوەی لەخوا ناپاڕێتەوە، خوا لێی تووڕەیە"[٣٤] ئەوەش هەڕەشەیەکی روونە، ئاماژەیەکە فەرمانمان پێ دەکات هەمیشە دوعا بکەین و لە خوا بپاڕێینەوە[٣٥].**

[٣٤] – عَن ابي هُرَيرَة(ﷺ) انَّ النّبي(ﷺ) قال (مَن لَم يسأل الله غَضِبَ عَلَيه) رواه امام أحمد و أصحاب السُنن.

[٣٥] - دوو جۆرە پاڕانەوە هەیە، یەکەم: (دُعاءُ العِبادة) بریتیە لە داواکردنی پاداشت دەرهەق بە کردەوە چاکەکان و کارکردن بەمەرج و داواکاریەکانی وەك ئەنجامدانی نوێژو رۆژوو و زەکات و حەج

**سێیەم/ئیجماع:-**

**تـەواوی زانایـان لەسـەر ئـەوە کـۆك و هـاوڕان کـە دوعـاکردن پێویسـتیەکی حاشـا هەڵنــەگرە و بەدەگمــەن زانایــەك نادۆزینــەوە کــە لــەم ســۆنگەوە بۆچوونەکانی جیاواز بێت.**

**دەقێکی روون و راشکاویش لەمەڕ وازهێنان لە دوعا لەبەر دەست نییە کە ئەوانەی دوعا ناکەن لە دین وەردەگەڕێن یان نا؟بە واتایەکی تر: ئەم باسە ساغ نەکراوەتـەوە، ئـاخۆ: بـڕای بـڕ دوعـا نـەکردن کـوفرە یـا حـەرام یـا مـەکروە، بـەڵام هـەر شـتێك مەبەسـت لێـی خۆبەگـەورەزانین بێـت، دەچێتە خانـەی لادان و کـافر بـوون، وەك چـۆن شـەیتان بـەهۆی خـۆ بەزلزانینـەوە ئامادە نەبوو فەرمایشتەکانی خوای پەروەردگار جیٚ بەجیٚ بکات، لەوەشدا پەیڕەوانی شەیتان چارەنووسیان هەمان چارەنووسی شەیتانە، وەك خوای پــەروەردگار دەفــەرمویٚ:** ﴿ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ تَرَى الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى اللَّهِ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ ﴾ الزمــر: ٦٠ **واتــە: "لــە رۆژی دوایی دەبینی ئەوانەی درۆیان بۆ خوا هەڵدەبەست، روویان رەشـە، ئایا لـە دۆزەخدا شوێنێك نییە بۆ خۆ بەگەورە زانان؟"**

---

و ...هتد. دووەم: (دُعاءُ المَسألة) بریتیە لە داواکردنی سوودێك یان لابردنی خراپەیەك و داواکردنی پێویستیەکانی مرۆڤ.

دوعاو پارانەوە بەشێکە لە زیکر، زیکریش بریتیە لە رزگاربوون لە بیٚ ئاگابوون و لەبیرچوونەوە. پێویستە هەموو زیکرێك دلٚو زوبان تیایدا بەشداربێت، نەك دلٚ یا زوبان بەتەنها، سیٚ جۆر زیکر هەیە، یەکەمیان: زیکرو یادی خوای گەورە بەناوە جوان و سیفەتە بەرزەکانی. دووەم: زیکری فەرمان و کارکردن بەچاکەو نەهی و وازهێنان لەخراپە و ناسینی حەلاڵ و حەرام و پابەندبوون بە ئەحکامەکانەوە. سێیەم: زیکرو یادی نیعمەتە لەبن نەهاتووەکانی خوای گەورە.

لە کتێبی المصباح المنبر ١٩٤/١ هاتووە: پاڕانەوە لە زمانەوانی دا بە مانای (الطَلَب والابتِهال) داواکردن و کڕووزانەوە دێت، دەوترێت (دعوتُ اللّه أدعوه دعاءً: ابتهلت اِليه بالسؤال و رغبت فيما عنده من خير) داوام لەخوا کرد بە داواکردن، واتە: بە لاڵانەوە داوام لیٚ کردو لەو خێرەی کە هەیەتی بە ئومێد بووم.

**له رووی حوکمەوە:**

١-رای هەنـدێ لـە مـالیکی و شـافعیەکان وشـەی (ٱدۡعُونِيٓ) ئـەمرە "لـێم بپاڕێنـەوە"، بۆیـە دەڵـێن: دوعـا واجبـە و نمونـە بـە پێـنج نوێـژی فەرزەکـە دەکەن، دەڵێن: نوێژ، واتا دوعا.

٢-رای کۆمەڵێك لە زانایانی سەلەف و خەلەف دوعا بە موستەحەب دەزانن، بەڵگە بۆ ئەو قسەیان نمونە بەو ئافرەتە دەهێننـەوە کـە هاتـە لای پێغەمبـەری خوا(ﷺ) وتی: من فێم لێ دێ، کـەف لـەدەمم دێتـە دەر و دەکـەوم، کـاتێ وام لـێ دێ ئاگـام لـەخۆم نـامێنێ، جلـەکانم لەبـەرخۆ دادەکـەنم و خـۆم رووت دەکەمـەوە. پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: دوعات بۆ بکـەم چاك ببیتـەوە، یـاخود لەسـەر ئـەم نەخۆشـیەت ئـارام دەگـری تـا بەیەکـەوە بچـینە بەهەشـت؟ ئافرەتەکـە وەڵامـی دایـەوە، وتـی بێگومـان ئـارام دەگـرم، چـونکە پـێم خۆشـە بەیەکـەوە بچـین بـۆ بەهەشـت، بـەڵام داوات لـێ دەکـەم دوعـام بـۆ بکـەی، چیتر لـەکاتی بێ هۆشـی دا جلەکانم دانەکەنم. ئەوە بوو پێغەمبەر(ﷺ) دوعای بۆ کرد، ئافرەتەکـە لـەو رۆژە بەدواوە چیتر لەکاتی بێ هۆشی دا خۆی رووت نەکردەوە.

٣-بەشێکی دیکە، پێیـان وایـە هەنـدێ جار واجبـە وەك دوعـای نـاو نوێـژ، هەنـدێ جـار سـوننەتە وەك دوعـای ئیسـتیخارە، هەنـدێ جـار مەکروهـە وەك دوعـاکردن لـە شـوێنێ نەشـیاو بـەیادی خـوا (وەك ئاودەسـت) و هەنـدێ جـاریش گوناهـە وەك دوعـاکردن لـە خـۆ و مـاڵ و منـداڵ و جـاری وا هەیـە حەرامـە وەك پاڕانـەوە لـە غـەیری خـوا و جـاری وایـش هەیـە موباحـە وەك داواکردنی هەر شتێ کە گوناهی تێدا نەبێ، ئەوەش رای هەندێ لە مـالیکی و شافیعی و شیخول ئیسلام ئیبنو تەیمیە ئەمەیان لا پەسندە.

* * *

# ئايا خواى پەروەردگار دوعاى بێ باوەڕان قەبوڵ دەكات؟

زۆر جار ئەو پرسیارە ئەندێشەو هزرو خەیاڵمان داگیر دەكات: بۆچی دوعاكردن بۆ باباى موسڵمان مەرجدارە و بۆ غەیرى موسڵمان بێ مەرجە؟ بەمانایەكى تر: كابرایەك بێ باوەڕە، هاوبەش بۆ خوا بڕیار دەدات، كوفر دەكات و سەرپێچى فەرمانەكانى خواى پەروەردگار دەكات، كەچى كاتێك دوعا دەكا، دوعاكەى قبوڵە؟ لەوەڵامدا دەبێ بزانین دوو قەدەر هەیە:

**یەكەم/ قەدەرى شەرعى:**

**دووەم/ قەدەرى كەونى:**

***قەدەرى شەرعى** ناوەكەى بەخۆوەیە، ڕەوایەتى پێوە دیارە بۆ ئەوانەى خۆیان بە موسڵمان دەزانن، لەوەش دا خواى پەروەردگار ڕێ و شوێنى بۆ داناوە، پابەندو پەیوەستى كردوە بەهەندێ یاساو ڕێسا كە هەموو شتەكانیش بە خۆشى و ناخۆشى بۆى بەخێر دەگێڕێ و دەزانێ چۆن پاداشتى بداتەوە!.

***قەدەرى كەونى** ئەوەیە مرۆڤەكان بە باوەڕدارو بێ باوەڕەوە چونكە دروستكراوى خواى گەورەن و لە ڕبوبیەتى خواى باڵادەست بە سیفەتە بەرزەكانى كە ڕەزاق و مالیك و ڕەحیم و فتاحە و ...هتد، كەواتە لەلاى پەروەردگار، كەسێكى پابەندو موسڵمان لەگەڵ كەسێكى یاخى و سەركێش و بێ باوەڕ لە ڕووە مرۆڤایەتیەكەى یەك شتە، چونكە هەمووان دروستكراوى ئەون، بۆیە بەبێ جیاوازى وەكو یەك لە دروستكراوەكانى خۆى سەیریان دەكات و دەستبەرداریان نابێ و ڕزق و ڕۆزى دەدات كە ڕەنگە زۆرێ لە شتەكان بەو بێباوەڕە بدات و كەمتر بەویتر ببەخشێ، ئەوەش بێ حیكمەت نییە،(حیكمەت لاى خوایە) [36]

[36] - پاشایەك بە وەزیرەكەى وت: چاكترین شت چیە ببێتە مایەى ڕزق و ڕۆزى كەسێك؟ وتى: ئەقڵێك پێى بژێ. وتى: ئەى ئەگەر ئەو ئەقڵە نەبوو؟ وتى: ئەدەبێك خۆى پێ بڕازێنێتەوە. وتى: ئەى ئەگەر

﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ ﴾ هود: ٦ واته: "هەموو رووەك و گیانلەبەرێكی سەر ئەم زەویە (مرۆڤ و ئاژەڵ و زیندەوەرانی تر) هەموو ژین و گوزەرانیان لەسەر خوایەو بۆ خۆیشی بڕیاریداوە كە دەبێ بیانژێنی[٧]".
ئەوەی لەو ئایەتە دەفامرێ ئەوەیە: خوای گەورە چۆن رزق و رۆزی بە بابایەكی باوەڕدار دەدات، بەهەمان شێوە رزق و رۆزی بە بابایەكی بێ باوەڕ دەدات و ئەوەی داوای لێ بكات، هەر یەكە بەهۆكارێكەوە پێی دەدات.
حەسەنی بەسڕی(رەحمەتی خوای لێ بێت)دەڵێ: " لە٩٠ شوێنی قورئانی پیرۆز خوێندوومەتەوە خوای پەروەردگار گەرەنتی رزق و رۆزی بەبەندەكانی داوە، كەچی تەنها لەیەك شوێنی قورئان باس لەوە دەكات كە شەیتان بەهەژاری دەمانترسێنی[٧]"
وەلێ بڕوا بەدرۆو دەلەسەی شەیتان دێنین، بڕوامان بە بەڵێنە راستەكەی خوا نیە كە هەر بارودۆخێكی نەخوازرمان بەسەر دادێ، نەبوونی روومان تێ دەكات، بە قسەی شەیتان سەری دنیامان لێ وێك دێتەوە، وادەزانین بەهۆی هەژاریەوە لە برسا دەمرین، لەكاتێكا پێش مردن تا پاروویەكمان لەسەر ئەم دونیایە مابێت، لێی دەخۆین.
لەم روانگەوە پابەندكردنی باوەڕدار لەوەدا رەنگ دەداتەوە كە یاساو رێسای ئیلاهی روون و ئاشكرایە. بێ پەروا دەقەكانی قورئان و سوننە پێمان دەڵێ: ژیانی دنیاو دوارۆژ دیارە، ئەوە مرۆڤەكە خۆیەتی سەرپشككراوە كام لەم دوو رێگەیە هەڵبژێرێ: ﴿ إِنَّا هَدَيْنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا ﴾ الإنسان: ٣ **واتە: "بە راستی ئێمە رێنموینیمان كرد بۆ**

---

ئەویشی نەبوو؟ وتی: سامانێك خۆی پێ داپۆشێ. وتی: ئەی ئەگەر سامانیشی نەبوو؟ وتی: با هەورە تریشقەیەك لێی بدات و لەناوی بەرێ تا خەڵكی وڵات لەدەستی بحەسێتەوە.

**ڕێگەی ڕاست، بە ئازادی دەتوانێ ببێتە کەسایەتیەکی ئیماندارو سوپاسگوزار، یان بێ باوەڕو خوانەناس".**

**کەواتە ئەگەر دنیاو دوارۆژی بوێ، لەوەدا پرەنسیپ و یاساگەلێکی بۆ داناوە دەبێ جێ بەجێیان بکات بۆ ئەوەی دوارۆژو بەهەشت بۆ خۆی مسۆگەر بکات.**

**خۆ ئەگەر هەر لای بە دنیادا کردەوە، پشتی لەدوارۆژ کرد، ئیتر شتێك نامێنێ بەناوی ملکەچبون و گوێڕایەڵی، بۆیە ئەگەر ژیانی دنیایەکی کاتی پڕ خۆشی هەبێ، ئەوە دوارۆژو بەهەشت لەدەست دەدات و دۆزەخ دەبێتە دوا مەنزڵگای هەتا هەتایی [37].**

**لۆژیکیش ئەو هەقیقەتە ناشارێتەوە کە مرۆڤی ژیر لەنێوان دوو هەڵبژاردە (قازانجێکی گەورەو ژیانێکی هەمیشەیی) (قازانجێکی کەم و ژیانێکی کورت و کاتی) هەر قازانجە گەورەو ژیانە هەمیشەییەکە هەڵدەبژێرێ.**

***مامۆستا مەلا (عبدالمجید محمد طیب) لە زمانی دکتۆر (جەمال مەلا محەممەد باجوری) دەگێڕێتەوە، دەفەرموێ: هەر کەسێك لە خوا بپاڕێتەوە ئەگەر موسڵمانیش نەبێ، خودای پەروەردگار دوعاکەی قبولْ دەکات بێ ئەوەی هیچ پەردەیەك لەنێوانیان هەبێت.**

**عن أنس رضي الله عنه أن النبي(ﷺ) قال: (اتَّقُوا دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ وَإِنْ كَانَ كَافِرًا فَإِنَّهُ لَيْسَ دُونَهَا حِجَابٌ)[38].**

**کاتی خۆی ماڵمان لە شاری تکریت بوو، کابرایەکی عەرەب بۆی گێڕامەوە، وتی: لە چلەکانی سەدەی رابردوو، رۆژێکیان لە شاری موسڵ پیاوێکی**

---

[37]- کاتێك لە دایك دەبین، بانگ دەدرێ بەگوێمانا، کاتێکیش دەمرین بەبێ بانگدان نوێژمان لەسەر دەکەن وەکو ئەوەی ژیانمان هیچ نەبێ و بریتیبێ لەو کاتە کەمەی نێوان بانگ و نوێژکردن، کەواتە با ژیانمان بەشتی بەسوود بەسەر ببەین.

[38]- رواه أحمد وصححه العلامة الألباني في "الصحيحة". وغير ذلك.

**بەتەمەن کە جوولەکە بوو، لە بازاڕ دەسووڕایەوە، بێ ئەوەی زەرەرو زیانی بۆ کەس هەبێ.**

**گەنجێکی بەناو موسڵمان بەهەوای هەوەس لە جێوە دەست دەگەیەنێتە شووتیەکی بۆگەن و تێی دەگرێ، سەری جوولەکەکە دەشکێنێ و ئاوی شووتیەکەی بە دەم و چاو دادەچۆڕکێ.**

**کابرای جوولەکە خۆی شێڵوو ناکات، لەجێوە هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە: یاڕەبی خوایە خۆت دەبینی ئەو گەنجە، چ بێ ڕێزیەکی بەرامبەر کردم، لێت دەپاڕێمەوە هەقم بکەی.**

**گەنجە موسڵمانەکە دوای شەو و ڕۆژێ، لە هەمان شوێن کت و پڕ بەر بۆوە، گیانی لەدەستدا))[٣٩].**

---

[٣٩]-دەگێڕنەوە پیاوێکی موسڵمانی بازرگان لە دوای زەمەنی هاوەڵان، بەخۆو وڵاخێکەوە بە ڕێگەیەکدا گوزەری دەکرد، لەناکاو دزێکی لێ پەیدا دەبێ، هەرچی پارەو پوولێکی پێیە، هەمووی لێ دەسێنێ و هەر بەوە ناوەستێ، پێی دەڵێ: "دەی خێرا خۆت ئامادەکە، دەبێ بتکوژم".

ئەویش پێی دەڵێ: "باشە ئەوە ماڵ و سامانەکەت بە وڵاخەکەوە لێ سەندم، ئەی بۆ دەمکوژی؟ ئایا بە کوشتنی من هیچ قازانجێك دەکەی؟"

ئەویش وەڵامی دەداتەوە: " چارەم نییە دەبێ بتکوژم".

کابرای بازرگان پێی دەڵێ: "دەی کەوایە دەرفەتم پێ بدە دوو رکات نوێژ بکەم".

ئەویش دەرفەتی پێ دەدا. کابرای بازرگان نوێژی دابەستا، لە کڕنۆشی یەکەمی دا، لە ناخەوە هاوار دەکاتە بارەگای خوای پەروەردگار: "الله أكبر، الله أكبر، خوایە رزگارمکە".

دزەکە لەگەڵ هەر هاوارکردنێکی کابرای بازرگان، هەست بەدەنگ و ترسێکی نادیارو چاوەڕوان نەکراو دەکات.

کابرای بازرگان لە کڕنۆشی دووەمیدا هەمان شت دووبارە دەکاتەوە: "الله أكبر، الله أكبر، خوایە رزگارمکە".

دووبارە دزەکە لەگەڵ هەر هاوارکردنێکی کابرای بازرگان، هەست بەهەمان دەنگ و ترس دەکات.

کاتێك کابرای بازرگان سەلام دەداتەوە، مرۆڤێکی بەرچاو دەکەوێ، سەری سوڕ دەمێنێ ئەوە هێرشی کردۆتە سەر دزەکەو کوشتوویەتی.

کابرای بازرگان رووی بەلادا وەردەگێڕێ و پێی دەڵێ: "ئەوە تۆ کێی وا لە من پەیدا بووی؟ دەك خوا پاداشتی بەخێرت بداتەوە".

*به حەكیمێكیان وت: ئێمە بەهۆی برسێتیەوە ناچاربووین گۆزەیەكی سێ سەد ساڵەی باب و باپیرانمان بفرۆشین كە ئەگەر نەبوونی و برسێتی نەبوایە، ئەوە نیەتی فرۆشتنمان نەبوو.

ئەویش لەوەڵامدا پێی وتن: خوای گەورە رزقی سێ سەد ساڵ بەر لە ئێستای بۆ ئێوە داناوە تا لەم بارودۆخە ناهەموارە بۆ خۆتان بیفرۆشن، ئێوەش ناشوكر مەبن و سوپاسگوزار بن.

پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێ: (لا يُلْدَغُ المؤمنُ من جُحْرٍ مرتين)[٤٠].

واتە:(بابای باوەڕدار دووجار لە كونێكەوە ناگەزرێ).

گەمژەیی مرۆڤ لەوەدایە كارێك دووجار دووبار بكاتەوە، كەچی چاوەڕوانی ئەنجامێكی جیاواز بێت.

مرۆڤی مەردو ژیر دوو جار لەدەرگایەك نادات كە رۆژێ لە رۆژان بە رووی داخرابێ، بەڵام هیچ دەرگایەك لە دەرگای خودا شایانی ئەوە نیە زیاتر لە جارێكی لێ بدەی، هەرگیز بیر مەكەوە ئەگەر خوای گەورە نیعمەتی زیاتری داوە بەكەسانی تر، ئەوە تۆی بێ بەش كردووە، ئێمە كەم تا زۆر نیعمەتمان پێ بەخشراوە، بەڵام هەریەكە بە ڕێگایەكی جیاواز. زانست و حیكمەتیش لەوەدا هەر لای خوایەو ئێمە هیچی لێ نازانین[٤١].

*ئیمامی عەلی(رضي الله عنه) دەفەرموێ: "بە كوڕو كچەوە نزیكەی ٣٠ منداڵم هەبوە

---

ئەویش وەڵامی دەداتەوە، پێی دەڵێ: "من فریشتەم و لە شێوەی مرۆڤ دەركەوتووم، وەكو تۆ یەكەم هاوارت كرد، من لە ئاسمانی چوارەم بووم، داوام كرد خوای گەورە ئیزنم بدات بۆ ئەوەی رزگارت بكەم، خوای پەروەردگار ئیزنی دام، لەگەڵ هەر (الله أكبر) ێكی تۆدا، ئاسمانێكم بڕی.(ئەوەش بەڵگەیە كە ئەوەی بەڕاستی هاواری خوا بكات، خوا بە هاوارییەوە دەچێت)".

[٤٠] - أخرجه البخاري (٦١٣٣) في كتاب الأدب، ومسلم (٢٩٩٨) في كتاب الزهد والرقائق.

[٤١]–موسڵمانی تەواو هەرگیز بەخەیاڵیش حەسادەت بە دەوڵەمەندی كەس نابات!! چ جای ئەوەی كەسێك بەناشەرعی خۆی دەوڵەمەند كردبێ، چونكە دەزانێ ئەو كەسە هەر لەدونیا ئاگری دۆزەخی بۆ خۆی خۆش كردووە، ئایا مرۆڤی ژیر، حەسادەت بەئاگر دەبات؟

سوێند بەخوا رۆژێك بیرم لەوە نەكردۆتەوە چۆن رزقیان بـــــدەم چونكە دەزانم خوا رەزاقە، لەهەر شوێنێك بن، خوای گەورە رزقیان دەدات".

*خواناسێك دوعای دەكرد دەیوت: "اللَّهُمَّ بَارِكْ لِي فِي رِزْقِي"[٤٢] (خودایە بەرەكەت بخەرە رزق و رۆزیمەوە).

پێیان وت: بۆ ناڵێی خودایە رزقم پێ ببەخشە؟

خواناسەكە وتی: بۆیە وا ناڵێم، چونكە خوای گەورە رزق و رۆزی بۆ هەموو گیانلەبەرێك مسۆگەر كردووە، بەلاَم من داوای بەرەكەتی لێ دەكەم، چونكە بەرەكەت یەكێكە لە سەربازە ونەكانی خوای گەورە، ئەگەر بینێرێ بۆ هەر خواردنێك، زۆری دەكات. ئەگەر بینێرێ بۆ هەر منالێك، سالحی دەكات. ئەگەر بینێرێ بۆ هەر لاشەیەك، بەهێزی دەكات. ئەگەر بینێرێ بۆ هەر دڵێك، خۆشبەختی دەكات.

بۆیە پێویستە پاش هەر نوێژێ، داوای ئەم بەرەكەتە بكەین و سێ جار بڵێین: "خوایە بەرەكەت بخەرە ژیانمان، مندالمان، رزقمان، تەندروستیمان" بەگیرابوونی ئەم نزایە، دوور لەهەر خەم و خەفەت و راڕاو دڵتەنگی و دڵتوندییەك، ژیانێكی خۆشنوودو بەختەوەر بەسەر دەبەین.

* * *

---

[٤٢]-( اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي، وَوَسِّعْ لِي فِي دَارِي، وَبَارِكْ لِي فِي رِزْقِي). أخرجه أحمد، ٢٧/ ١٤٤، برقم ١٦٥٩٩، والترمذي، كتاب الدعوات، باب حدثنا علي بن حجر، برقم ٣٥٠٠، والنسائي في السنن الكبرى، ٦/ ٢٤، برقم ٩٨٢٨، وحسنه الألباني في ضعيف الترمذي، برقم ٣٧٩٤، وصحيح الجامع الصغير، ١/ ٣٩٩.

هەروەها ئەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەپاش نوێژەكان كردیتیە سوننەتێكی خواردن و خواردنەوە، دەیفەرموو: (....أللهم بارك لنا فيما رزقتنا، وقنا عذاب النار) رواه مالك في الموطا. لابن الاثير. جامع الاصول ج٣/٢٠٥ برقم/٢٣١

# مەرجەکانی دوعا

**مەرجەکانی دوعا پێنج شتە:-**

*** پاراستنی دڵ لە تەنیایی: ئاڕاستەکردنی دڵە بۆ وەدەرنانی خۆشیەکانی دونیا کە تەنیایی بکاتە خەڵوەتگای پاڕانەوەو پەرستشی خوای پەروەردگار.**

***پاراستنی زمان: خۆپارێزی و دوورکەوتنەوەیە لە خراپ بەکارهێنانی زمان وەکو غەیبەتکردن، گاڵتەکردن بەخەڵك، ناو و ناتۆرە، سیخوری، دەرخستنی عەیب و عاری خەڵکی و...هتد).**

***پاراستنی چاو لە شتە حەرامکراوەکان کە بۆی حەڵاڵ نیە:[٤٣] ئەوەش هەموو ئەو شتانە لەخۆ دەگرێ کە بەهۆیەوە مرۆۋ پەلکێشی سزا و گوناه دەکات.**

***پاراستنی گوێ: گوێگرتنە لەو باس و خواسانەی هاندەرن بەرەو تاوان و گوناهو خراپەکاری.**

***پاراستنی ورگ لە خواردن و خواردنەوەی حەرام : ئەوەش تێکڕای ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لەڕێی سوو و سوێندی درۆوە خەڵکی پێ لەخشتە دەبات.**

**مرۆۋ دەبێ باوەڕی جەزمبێ کە هیچ کەسێ هێندەی خوای پەروەردگار توانادار نیە داواخوازیەکانی جێ بەجێ بکات، بۆیە یەقین بۆ ئینسان شتێکی گرنگ و بەرهەمدارە.**

**ان النبي(ﷺ) قال على المنبر:( سَلوا اللّهَ العفوَ والعافيةَ ، فإنَّ أحدًا لم يُعطَ بعد اليقينِ خيرًا من العافيةِ)[٤٤].**

---

[٤٣]-لەجیاتی وشەی (نەزەر) وشەی (حەڕام)مان بەکارهێناوە، چونکە وشەی (حەڕام) ڕەهایە، چاوتێبڕین بۆ (نەزەر) دەگەڕێتەوە. کە لەهەمان کات چاوی حەسادەتمان هەیەو تەنانەت بێ پرس تەماشاکردنی نامەی برادەریش دەچێتە خانەی حەڕامەوە.

**ئیمامی( ئەبوبەکری سدیق)(ﷺ) دەفەرمویٚ: ( پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر مینبەر فەرمووی: داوای لیٚبوردن و بیٚ وەیی و بەختەوەری بکەن، چونکە هیچ کەسیٚ دوای یەقین شتیٚکی چاکتر لە سەلامەتی و بیٚ وەیی پیٚ نەبەخشراوە).**

***ئافرەتیٚکی هەژار، بەلاٚم خویٚندەوارو قورئان خویٚن و خواناسی بەسالاٚچوو بوو. لەناو خانوویەکی کەلاوە دەژیا کە بنمیچ و سەقفی خانووەکەی داکەوتبوو، هەر ئەوەتە نەدەکەوت و بەر نەدەبۆوە. کوڕەکانی زوو زوو دەیانوت: دایەگیان توخوا زۆر لەو شویٚنە دامەنیشە، نەوەکو ئەو سەقفە بەربیٚتەوەو بکەویٚ بەسەرتا، بۆیە دەبیٚ زۆر ئاگات لەخۆتبیٚ کاتیٚ بۆ نویٚژو شەو نویٚژ لەژیٚری دا دەمیٚنیەوە.**

**ئەویش کاغەزیٚکی نووسی، کاغەزەکەی دەق و نووشت کرد، رووی کردە کوڕەکانی و پیٚیانی وت: دەی ئەو کاغەزم بۆ لەژیٚر ئەو سەقفە دانیٚن.**

**ئەوانیش بیٚ ئەوەی لە ناوەڕۆکی کاغەزەکە ورد ببنەوە یا کاغەزەکە بکەنەوە بزانن چی تیٚدا نووسیوە، یەکسەر بۆیان لەژیٚر سەقفەکە دانا.**

**دوای بیست سالٚ ئەو ئافرەتە وەفاتی کرد، کەچی هیٚشتا سەقفەکە وەکو خۆی بوو، کوڕەکانی بەماوەیەکی کەم، کاغەزەکەیان لەژیٚر سەقفەکە دەریٚناو خویٚندیانەوە، سەیریان کرد دایکیان لە کاغەزەکەدا دوای سوپاس و ستایشی خوای گەورە: نووسیویەتی:-**

**(انَّكَ قُلت** ﴿ يُمۡسِكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ أَن تَزُولَاۚ ﴾ (فاطر: ٢) **ا مَن** ﴿ رَفَعَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيۡرِ عَمَدٖ ﴾ (الرعد:٢) **اللَّهُمَّ أمسِك عَلَينا السَّقف). ( خودایە خۆت فەرمووتە:**

---

[٤٤] - **الترمذي برقم ٣٨١١ و حسنه الالباني في صحيح الترمذي ١٨٠/٣، وصحيح ابن ماجه برقم٣٨٤٩، و للحديثين شواهد في مسند الامام أحمد بترتيب أحمد شاكر ١٥٦/١-١٥٧، ومن حديث أنس بن المالك في الترمذي برقم ٣٨٤٦، ونظر: صحيح الترمذي ٣/ ١٧٠، ١٨٠، ١٨٥.**

"ئاسمانەکانت بەبێ کۆڵەکەو ستوون راگرتووە بێ ئەوەی لە ڕێڕەوی خۆیان لا بدەن" ئەی ئەو کەسەی "ئاسمانەکانت بەرز کردۆتەوە، بەبێ عامود راتگرتووە" خوایە ئەو سەقفەی منیش راگرە).

ماوەیەك تێپەڕی زیاتر سەقفی خانووەکە داکەوت، کوڕەکان دووبارە کاغەزەکەیان لەژێر سەقفەکە دانا، کەچی ئەوەندەی نەبرد، دوای چەند رۆژێ سەقفەکە بەربۆوە.

بەم دیمەنە سەرسام بوون، چوونە لای مامۆستایەکی ئایینی و ئەو بەسەرهاتەیان بۆ گێرایەوە، ئەویش پێی وتن: یەقینی ئەو دایکە خواناسەتان لەگەڵ ئێوە زۆر جیاوازە، ئەو یەقینی لەسەر خوا بوو کە بەر نابێتەوە، بەلام ئێوە یەقینتان لەسەر کاغەزەکە بوو[٤٥].

*هەروەها لە میسر کابرایەکی خواپێداوی دەوڵەمەند ، قاچەکانی بە هۆکارێکەوە ئیفلیج ببوو، ئەوەندەی لەناوەوەو دەرەوەی وڵات بردیانە لای دکتۆر و پسپۆرانی ئەو بوارە، هیچ دکتۆرێ چارەسەری پێ نەکرا.

ساڵێکیان وەرزی حەج نزیك بۆوە، ئەوەی بە خەیاڵ داهات بچێتە حەج.

---

[٤٥]–کابرایەکی دیندارو خواناسی لەمەڕ خۆمان بەلەمێکی هەبوو، رۆژانە بۆ کارو کاسبی لە رووبارێکی ئەو دەوروبەرە دەپەڕیەوە، هەرچی جارێ سواری بەلەمەکەی بوایە، رووی دەکردە ئاسمان و بەیەقینەوە دەیوت: (یا زەڕڕاق رزقمدە) ئیدی بە سەلامەتی دەچووە ئەو بەرو پاشان بە سەلامەتی دەگەڕایەوە، رۆژێکیان کابرایەکی موسڵمان کە گوێی لەو قسەیە بوو، بەهەڵپەیەکەوە پێی وت: براکەم ئەم وشەیە هیچ مانایەکی نیە، ئەسڵ وایە لەجیاتی ئەوەی بڵێی (یا زەڕڕاق رزقمدە) بڵێ (یا رەززاق رزقمدە). کابرا وتی: من لەوەتەی خۆم ناسیوە ئەم وشەیە بە یەقینەوە دەڵێم و هیچم لێ نەهاتووە، بەڵام دەی کەوایە ئەوە لەسەر دەستی تۆ، لە ئێستاوە ئەم وشەیە دەگۆڕم.

هەر کە سواری بەلەمەکە بوو، وتی: (یا رەززاق رزقمدە ). یەکسەر لە بەلەمەکە بەربۆوە ناو ئاوەکە.

کە هاتە دەرەوە بەکابراکەی وت: بەڕاستی لێت تێکدام، من فرچکم بەچی گرتبوو، تۆ چیت فێر کردم!

ئەم بەسەرهاتە یەقینی ئینسان دەردەخات، بەلام بەو مانایە نیە لە شتەکان هەر لەسەر هەڵە و پەڵە بڕۆین. نەخۆش بەیەقینەوە بچێتە لای دکتۆر، چاك دەبێتەوە، بەهەمان شێوە یەقینی لێخۆشبوونی مرۆڤ لای خوا، شتێکی حەتمیە بۆ لێخۆشبوون.

داوای لە منداڵەکانی کرد بیبەنە ئەو گەشتە ڕۆحیەو یاوەری بکەن.
منداڵەکانی پێیان وت: بابە گیان وادەی سەردانی حەج تەواو بووە، تازە بۆ کوێ دەچی؟
ئەویش پێیانی وت: من کەسێکی هەبووم، ماڵ و سامانم زۆرە، داواتـان لـێ دەکـەم دوانتـان یـا سـیانتان لەگـەڵم بـێن و بـە فڕۆکەیـەکی تایبـەت بمبەنـە حەج، بەڵکو لەوێ لە خوای گەورە بپاڕێمەوە  شیفام بدات.
کوڕەکان داواکەی جێ بەجێ دەکەن و بە فڕۆکەیەك لە گەڵ خۆیـان دەیبەنـە شاری مەککە.
ئــەویش یەکــە یەکــەی فــەریزەکان جــێ بــەجێ دەکـات و بــە ئــیخلاس و زەلیلیـەکی زۆرەوە دەچـێتە سـوجدەو لـەخوا دەپاڕێتـەوە: یـاڕەبی خوایـە هاتوومەتــە ماڵەکــەت، داوات لــێ دەکــەم شــیفام بــۆ بنێــری بکەومــە  ســەر پێیەکانم و بەپێیان بڕۆم.
دوای پاڕانەوەیـەکی زۆر، سـەرخەوێك دەشـکێنێ، کـەمێك دەبـورژێ، خـەون دەبینێ و لـە خەوەکەیدا پێی دەڵێن: دەی هەستە بـــــڕۆ، قاچەکانت چاك بۆتەوە.
ئــەویش لــەم قسـانەدا لـە خەوەکـەی رادەپـەڕێ، هەڵدەسـتێتە سـەر پـێ و یەکسەر بە پێیەکانی دەڕوات[٤٦].
*پیاوێك لـە ئیمـامی حەسـەنی بەسری پرسـی: "بۆچی بۆ نوێـژی بـەیانی خەبــەرم نابێتــەوە؟" وتــی: "ئــاخر گونــاهو تــاوان و خراپــە کەلەپچــەی کردووی".
شەیتان کە دڵی مرۆڤی کردە حەشارگەو مەنزڵگای مانـەوەی خـۆی، ئیـدی خەوی خۆش دەکات، زمانی کەڵەپچە دەکات تا لە دوعاو پاڕانەوەی بەدوور بخاتەوە.

[٤٦] -وا باشە تەفسیری خراپ بۆ ئەو ڕووداوە نەکرێ، چونکە ئەم بابەتە دەکەوێتە بازنەی بیروباوەڕ.

# ئادابەكانی پاڕانەوەو هۆكارەكانی گیرابوونی...

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێ: كێ ئەم پێنج وتەیەم لێ وەردەگرێ كاریان پێ بكا و كەسانێك فێر بكات كاری پێ بكەن؟

(ئەبو هورەیرە) فەرمووی: من وەریاندەگرم ئەی پێغەمبەری خوا، پێغەمبەریش(ﷺ) دەستی گرتم و پێنجی شتی بۆ ژماردم، فەرمووی:

١- لە حەرامكراوەكان خۆت بپارێزە دەبیتە خواپەرسترینی خەڵك.

٢- قایل و ڕازیبە ئەوەی خوا بەقسمەتی كردووی، دەبیتە دەوڵەمەندترینی خەڵك.

٣-چاكە بكە لەگەڵ دراوسێكەت، دەبیتە ئیمانداریێكی تەواو.

٤- با ئەوەت بۆ خەڵك پێ خۆشبێ كە بۆ خۆت پێت خۆشە، دەبیتە موسڵمانێكی تەواو.

٥- زۆر پێمەكەنە، چونكە زۆر پێكەنین دڵ دەمرێنێ[٤٧].

مرۆڤ ئەگەر لە زەلكاوی نەفامی دەرچێ و لەخەوی غەفڵەتی بێ ئاگایی بێدار بێتەوە. بە تێڕامان و سەرنجدان لە دروستكراوەكانی خواو یادی خواو پاڕانەوە، هیچ پەردەیەك لەنێوانیان نامێنێ و دوعاكان راستەوخۆ پێی دەگەن و یەكسەر وەڵامیان دەداتەوە.

خوای گەورە وەكو چۆن ئاوی سوێری دەریاكان دەكاتە هەڵم و بۆ ئاسمانی بەرز دەكاتەوە، پاشان دەیكات بە ئاوێكی شیرین و بەشێوەی باران دەینێرێتە خوارەوە، دەبا ئێمەیش بەپەرۆشەوە ئەوەی لە دڵ و

---

[٤٧]-عَنِ الْحَسَنِ ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ، قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم:(مَنْ يَأْخُذُ مِنْ أُمَّتِي خَمْسَ خِصَالٍ ، فَيَعْمَلُ بِهِنَّ ، أَوْ يُعَلِّمُهُنَّ مَنْ يَعْمَلُ بِهِنَّ ؟ قَالَ : قُلْتُ : أَنَا يَا رَسُولَ اللهِ ، قَالَ : فَأَخَذَ بِيَدِي فَعَدَّهُنَّ فِيهَا ، ثُمَّ قَالَ : اتَّقِ الْمَحَارِمَ تَكُنْ أَعْبَدَ النَّاسِ ، وَارْضَ بِمَا قَسَمَ اللهُ لَكَ تَكُنْ أَغْنَى النَّاسِ ، وَأَحْسِنْ إِلَى جَارِكَ تَكُنْ مُؤْمِنًا ، وَأَحِبَّ لِلنَّاسِ مَا تُحِبُّ لِنَفْسِكَ تَكُنْ مُسْلِمًا ، وَلاَ تُكْثِرِ الضَّحِكَ ، فَإِنَّ كَثْرَةَ الضَّحِكِ تُمِيتُ الْقَلْبَ). رواه الترمذي برقم/ ٢٣٠٥

دەروونماندایە بۆ ئاسمانی بەرز بکەینەوە ، ئەوجا دەزانین چۆن خوای گەورە بە باشە بۆمانی دەگەڕێنێتەوە.

عَن أبي هُريرةَ(رضي الله عنه)أنَّ رَسولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم)قالَ: (قالَ اللَّهُ عزَّ وجلَّ: أَنْفِقْ أُنْفِقْ عَلَيْكَ، وقالَ: يَدُ اللَّهِ مَلْأَى لا تَغِيضُها نَفَقَةٌ سَحّاءُ اللَّيْلَ والنَّهارَ، وقالَ :أرَأَيْتُمْ ما أنْفَقَ مُنْذُ خَلَقَ السَّماءَ والأرْضَ، فإنَّه لَمْ يَغِضْ ما في يَدِهِ، وكانَ عَرْشُهُ علَى الماءِ، وبِيَدِهِ المِيزانُ يَخْفِضُ ويَرْفَعُ)[٤٨].

واتە: خوای گەورە دەفەرموێ: ببەخشە تا پێت ببەخشرێ، وە فەرمووی دەستەکانی خوا پڕن، هیچ خاڵییان ناکاتەوە، شەو و رۆژ بەردەوام دەبەخشێ. دەبینن لەو کاتەی ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە بەردەوام دەبەخشێ، هیچیشی لە دەست کەم نەبۆتەوە، عەرشەکەی لەسەر ئاوە، تەرازووش لە دەستی خۆیدایە، بەرزو بڵندو نزم و نەویشی دەکات.

کاتێك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ فَٱذۡكُرُونِيٓ أَذۡكُرۡكُمۡ ﴾ البقرة: ١٥٢

واتە: یادم بکەن، یاددتان دەکەم. [٤٩]

---

[٤٨]– رواه بخاري برقم/٤٦٨٤ ومسلم برقم/ ٩٩٣

[٤٩]– (معاذ بن حنبل(رضي الله عنه) ) فەرمووی: (هیچ شتێك ڕزگارت ناکات لە سزای خوا وەکو زیکری خوا).

ترۆپك و لوتکەی یاد، یاخود زیکر لە ئیسلام بریتی یە لە یادی خوا کە لە ڕێی دروستکراوەکان و تێڕامانی ئەم گەردونە بەمرۆڤ و زیندەوەران و ئەوەی تێیدایە لەلایدا ئەو یادە ئەقڵی ئاڕاستە بکات و مەڵبەندی هەست و نەست و دڵ و دەروونی بگۆڕێ و بەرەو ئیمانی پەلکێش بکات.

زانایەکی یەکێتی سۆڤیەتی جاران "ئەلیکسەندەر ئوبارین" دوای ٣٧ساڵ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە، دەڵێت: (هەرگیز ڕێی تێ ناچێ ئەم ژیانە هەر لە خۆیەوە دروست بووبێت).

مرۆڤ سێ جۆرە یاد"زاکیرەی" هەیە: ١–یادی خێرا ٢– یادی کورتخایەن ٣–یادی درێژخایەن.

گرنگترین بەشی مێشك ئەو بەشەیە کەناسراوە بە یاد(زاکیرەmemory) ئەوەش یەکەیەکی زۆر گرنگ و ئاڵۆزو هەستیارە، وەکو کۆگایەك وایە، بەرپرسە لە خەزنکردن و هەڵگرتنی زانیارییەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ هەر لەو دیمەن و وێنانەی دەیانبینێ، یاخود ئەو دەنگانەی ڕۆژانە گوێی لێ دەبێت و ئەو بۆن و بەرامەو هەستە تایبەتیانەی تووشی دەبێت لە ئەرشیفدا هەڵیدەگرێ، یاخود ئەو وشەو ناو و پیت و ژمارانەی فێریان دەبێ، هەر کاتێ بیەوێ بەبێ ماندووبوون ئەو زاکیرەیە

**کەواتە خوا هەمیشە ئێمەی لە یادە، داوامان لێ دەکات یادی بکەین و لەو ئاگادارکردنەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بێ ئاگایی و دوورکەوتنەوەی مرۆڤ تاکە پەردەیە لەنێوان خۆی و خوای پەروەردگار.**

**هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ : (یقولُ اللَّهُ تَعالَى: أنا عِنْدَ ظَنِّ**

---

دەیخاتەوە بەردەستی، هەموو ئەمانە لە فایلی تایبەت هەڵدەگرێ و هەرگیز تێکەڵ و پێکەڵ نابن، مەگەر ئەو کەسە تووشی تێکچوونی دەروونی و نەخۆشی و شڵەژان بووبێت.

زاناکان دەڵێن: قەبارەی ئەو کۆگایەی نێو مێشك کە هەزارو سێ سەد سامتیمەتر سێ جایە، بەئەندازەی ١٥٠٠٠کتێبی قەبارە١٠٠٠لاپەڕەیی زانیاری خەزن دەکات و زانستی سەردەم ئەوەی سەلماندووە باشترین کات بۆ ڕێکخستن و پاراستن و کۆکردنەوەی زانیاریەکانی مێشك ئەو کاتەیە کە لە خەودایە بەتایبەت شەوان، بەڵام بە ڕۆژ ژاوە ژاوی ژینگە کاریگەری کەمتری بەسەرەوەیە.

خەو بۆ مرۆڤ وەکو فۆڕمات وایە، هەرچی زانیارییەکی بێ سوود و بێ کەڵك هەیە ڕەشی دەکاتەوەو شتە بەسوودەکان پۆلین دەکا و ڕێکیان دەخات، ئەگەر مرۆڤ دەست لە مێشکی بدات هەست بەئازار ناکات، کەچی هەموو ئێش و ئازارەکانی لەشی مرۆڤ لەڕێی مێشکەوە هەستیان پێ دەکرێ.

مرۆڤ زۆر جار لەڕێی خەوتن لە کاتژمێرێ، بۆ دوو کاتژمێر نزیکەی ٤-٧ خەون دەبینێ و کاتێ هەڵدەستێ هیچی بیر نەماوەو دەوترێ کە ٢٠٪ی خەڵك خەون بە ڕەش و سپی دەبینن و ئەوانیتر بە ڕەنگاو ڕەنگی دەبینن.

تائێستا ئەوەندەی توێژینەوە لەسەر مۆخ و مێشکی مرۆڤ ئەنجامدرابێ، توێژینەوەکان مشتێك بوونە لە خەروارێ، مێشك (الدماغ brain) لە کەللە سەری مرۆڤ جێگیر کراوە، کە لەدایك دەبێ کێشەکەی لە نیو کیلۆ گرام کەمترەو کە تەمەنی گەیشتە ٦ساڵان، کێشەکەی ١٤٠٠گرامە کە خاوەنی ١٠٠بلیۆن خانەی دەمارییەو خانەکان بە١٠ ملیۆن ملیۆن خانۆچکە بەیەکەوە بەستراوە کە تیایدا زانیارییەکان لە ڕێی وزەی کارەباییەوە (کە نزیکەی١٢تا٣٢وات دەبێت) بۆ خانەو شانەکانی دیکەی لەش دەگوازنەوە، زاناکان دەڵێن: مێشکی مرۆڤ وا ڕسکاوە لەهەر خولەکێکدا ٣٠٠ملیۆن دەمارەخانە لەناو دەچێ و لە نۆژەندا هەمان دەمارەخانە دروست دەبنەوە.

هەروەها دەڵێن: ٧٥٪ی مێشك پێکهاتووە لە ئاو و ٢٥٪ ی پێکهاتووە لە چەوری، ئەوەش پڕچەورترین ئەندامی لەشە و ٢٪ی کێشی گشتی لەش پێکدێنێ کە ٢٠٪ی ئۆکسجین بۆ خۆی دەبات و کاتێ بۆ ماوەی ٨-٩ چرکە ئۆکسجینی لەدەستدا، ئەوە تووشی لەهۆش خۆچوون و گێژبوون دەبێ، تەنانەت ئەگەر بۆ ٤-٦ خولەك ئۆکسجینی لێ ببڕێ ئەوە وردە وردە دووچاری مردن و لەناوچوون دەبێت، بۆیە مێشك بۆ خۆراکی خۆی جگە لە ئۆکسجین، پێویستی بە خوێنە کە١٥-٢٠٪ی خوێنی لەش لە دڵەوە بۆ مێشك دەچێ تا وزەی پێویستی لێ بەدەست بێنێ و لە زیندە چالاکیەکاندا بەکاری بێنێت.

عَبْدِي بي، وأنا معهُ إذا ذَكَرَنِي، فإنْ ذَكَرَنِي في نَفْسِهِ ذَكَرْتُهُ في نَفْسِي، وإنْ ذَكَرَنِي في مَلَإٍ ذَكَرْتُهُ في مَلَإٍ خَيْرٍ منهمْ، وإنْ تَقَرَّبَ إلَيَّ بشِبْرٍ تَقَرَّبْتُ إلَيْهِ ذِراعًا، وإنْ تَقَرَّبَ إلَيَّ ذِراعًا تَقَرَّبْتُ إلَيْهِ باعًا، وإنْ أتانِي يَمْشِي أتَيْتُهُ هَرْوَلَةً.)[٥٠].

واتە: " خودای گەورە دەفەرموێ: من لەگەڵ گومانی بەندەکەی خۆمم، من لەگەڵیدام کاتێك یادم دەکات. ئەگەر لە دەروون و نەفسی خۆیدا یادم بکات، من لە دەروون و نەفسی خۆمدا یادی دەکەم. ئەگەر لەناو کۆڕو کۆمەڵدا یادم بکات، منیش یادی دەکەم لەناو کۆڕو کۆمەڵێکدا لەوەی خۆی چاکتر بێت. ئەگەر یەك بست لە من نزیك بێتەوە، من یەك باڵ لێی نزیك دەبمەوە. ئەگەر یەك باڵ لە من نزیك بێتەوە، ئەوا یەك گەز لێی نزیك دەبمەوە. ئەگەر بە ئاسایی بێت بۆ لام، من بە ڕاکردن بەرەو لای دەچم".

بۆ دوعاکردن، دەبێ ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین، وەك:

*کات.

*شوێن.

*شێوەو حاڵەت.

*دوعای کەسانی تایبەتمەند.

## یەکەم/ هەڵبژاردنی کات:

دەرگای دوعا هەموو کات والآیە، هیچ دەقێکی تایبەت بە کاتێکی دیاریکراو نییە ئاماژە بە یەك کات و ڕۆژ و مانگ و ساڵ بکات و ئەوانی تر پشتگوێ بخات.

بەلآم تایبەتمەندی لەنێو کات و ڕۆژو مانگەکان هەیە کە بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەری گیرابوونیان تێدا زیاترەو لە هەڵبژاردنی ئەو کاتانە، دوعایان تێدا ڕەت ناکرێتەوە، لەوانە:

[٥٠]- البخاري برقم/ ٧٤٠٥و مسلم برقم/ ٤٢٦٧٥

**أ-سێیەکی شەو:**

**بۆ زانینی ئەو ماوەیە، نێوان هەردوو نوێژی مەغریب و بەیانی چەند سەعات بێت، دەکرێتە سێ بەش. دوابەشی کۆتایی، پێی دەوترێ: سێیەکی شەو.**

**گرنگی سێیەکی شەو لەوەدایە خەڵك خەوتووە، بابای موسڵمان بێدارە، دوور لە ریایی و چاوی خەڵك، شەونوێژی تێدا ئەنجام دەدات و زیکرو دوعای تێدا بەرپا دەکات کە خوای پەروەردگار لەو مەودایە دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا.**

**عن أبي هريرة(رضي الله عنه) ان رسول الله(صلى الله عليه وسلم) قال: ( يَنْزِلُ رَبُّنا تَبارَكَ وتَعالَى كُلَّ لَيْلَةٍ إلى السَّماءِ الدُّنْيا حِينَ يَبْقَى ثُلُثُ اللَّيْلِ الآخِرُ، يقولُ: مَن يَدْعُونِي، فأسْتَجِيبَ له؟ مَن يَسْأَلُنِي فأُعْطِيَهُ؟ مَن يَسْتَغْفِرُنِي فأغْفِرَ له؟)[٥١].**

**واتە: "پەروەردگارمان (تبارك وتعالى) هەموو شەوێ دادەبەزێ بۆ ئاسمانی دونیا کاتێ کە سێیەکی شەو دەمێنێ، دەفەرموێ: کێ بانگم دەکات، تاوەکو وەڵامی بدەمەوە، کێ داوام لێ دەکات، تاوەکو پێی ببەخشم، کێ داوای لێخۆشبوونم لێ دەکات، تاوەکو لێی خۆشبم".**

***برادەرێ بۆی گێڕامەوە، وتی: لە گرانیەکەی سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی رابردووی ئەم هەرێمە، پیاوێك گێڕایەوە، وتی: زۆر نەدارو نەبوو بووم، پارەمان لە ماڵەوە نەبوو شتی پێ بکڕین. جەژنی ڕەمەزان داهات، توانای ئەوەم نەبوو تەنانەت مریشکێك بۆ مناڵەکانم بکڕم. ئەو وەختە نرخی مریشکێك بە سەد دینار بوو، دیارە سەد دینار بۆ ئەو کاتە پارەیەکی زۆر بوو.**

**کاتی خەوتن بەکەساسیەوە چوومە سەر جێ و لێی راکشام. بیرم بەو باسەوە خەریك ما، ئەو شەوە خەو لە چاوانم تۆرا بوو. خەوم لێ**

[٥١] - رواه البخاري برقم/١١٤٥ و مسلم برقم /٧٥٨

نەدەکەوت، لەبەر خۆوە دوعام دەکرد: خوایە گیان ئاوڕێکی بەخێرمان لێ بدەوە ، چارەیەکمان بکە، ئەگەر بەم جەژنە گۆشتمان نەبێ و منداڵەکان بپرسن: بۆ گۆشتمان نییە، چۆن وەڵامیان بدەمەوە؟.

گەلێ دوعام کرد، پێموابوو خوای گەورە دەرووی خێری خۆیمان لێ دەکاتەوە. کات: بەرە بەری دووی شەو بوو، هەستم راگرت ، فڕە فڕێ لە ئاسمانەوە پەیدا بوو، کە سەیرم کردو سەرنجم دا، بینیم ئەوە قوڵینگەو گوللەی بەر کەوتووە، کاتێ بەر بۆوە نێو حەوشەی ماڵمان، بە پەلەپروزێ خۆم گەیاندێ ، پێش ئەوەی مرداربێتەوە، چەقۆیەکم هێنا، بەخێرایی بە ملیم داهێناو سەرم بڕی.

ئەوجا بە خۆشیەکی زۆرەوە بانگی خێزانەکەم کرد: هەستە گیانەکەم ، خوای گەورە گۆشتی بۆ ناردوین!

خێزانەکەم راست بۆوە، کە چاوی بە قوڵینگەکە کەوت، بەجارێ تاسا، چاو ئەبڵەق بوو، هەر بەو شەوە قوڵینگەکەی چاك کردو خستیە سەر ئاگر. ئیتر لەوەوە تێگەیشتم دوعاکەم قبوڵ بووە، ئەگەر خوا بیەوێ شتێکت پێ بدات، ئەگەر لەسەر ئەم زەویەش نەبێ، ئەوە لە ئاسمانەوە بۆتی دەنێرێ.

* ئافرەتێکی گەنج و جوان هەبوو، پیاوەکەی بەهۆی ئیشێکەوە پازدە ڕۆژ دەچووە دەوام و پێنج ڕۆژ لەماڵ دەمایەوە.

شەوێکیان یەك لە منداڵەکانی تووشی تایەکی بەهێز بوو، کەسی لەو دەوروبەرە شك نەبرد رووی لێ بنێ، داوای لێبکات بەو شەوە درەنگە لەگەڵی بێ تا منداڵەکەی بباتە نەخۆشخانە، بۆیە لەبەر خۆیەوە دەیوت: ئەگەر من ئەو شتانەم نییە، خۆ خودام هەیە، خوایە گیان بگە فریام.

ئافرەتەکە دەڵێ: پەڕۆیەکم هێنا، جوان تەڕم کرد و لەسەر ناوچەوانیم دانا، بە ئومێدی ئەوەی تایەکەی نەختێ کەم بێتەوە.

ئەوجا دەستنوێژێکی جوانم هەڵگرت، نوێژم دابەستا، دووڕکات شەونوێژم

کردو کەوتمە پاڕامەوە: خوایەگیان بەم ناوەختە کەس نییە بەهانامەوەبێ، لێت دەپاڕێمەوە بەهانام وەرە.
کاتێ چوومەوە لای منداڵەکە، بینیم تایەکەی لەجیاتی ئەوەی کەمبێتەوە، کەچی زیادی کردبوو.
دیسان پەرۆیەکەم لەئاوە ساردەکە تەڕ کردو خستمەوە سەر ناوچەوانی و جارێکی تر نوێژم دابەستا، کە سەلامم دایەوە، گوێم لەتەقەتەقی دەرگا بوو، بەپەلەپروزێ خۆم گەیاندێ، دەرگاکەم کردەوە، بینیم ئەوە دکتۆرێکە و جانتاو کەل و پەلی پزیشکی پێیە، بەهەڵپەیەکەوە وتی: روخسەت هەیە بێمە ژوورەوە؟
پێموت: بۆ نا، فەرموو، فەرموو.
وتی: کوا نەخۆشەکەتان ؟
بەدەست ئیشارەتم بۆی کرد: ئەوە نەخۆشەکەیە.
ئەویش کەوتە پشکنین و چارەسەری پێویستی بۆ دانا، ئەوجا ڕۆیشت، لەپێش دەرگا هەڵوێستەیەکی کردو ئاوڕی دایەوە، وتی: خاتوون بەم شەوە سەرباری ئەوەی لەخەوت کردم؟ ئەوە بەتەمای بەبێ پارە بەڕێم بکەی؟
پێموت: سوێند بەخوا من تەلەفۆنم بۆ نەکردوی، بزانە کێ تەلەفۆنی کردووە؟!.
ئەویش بەپەرۆشەوە پرسی: ئەی ئەم ماڵە ژمارە هەشتاو دوو نییە؟
وتم: نەخێر ژمارە هەشتاو چوارە.
بەم قسانە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، لەبەر خۆیەوە وتی: ئەی بۆچی هاتوومەتە ئێرە؟ کێ منی هێناوەتە ئێرە؟ سوێند بەخوا دەبێ بۆمی باس بکەی لەم ماڵەدا چ هەیە؟ چ روویداوە؟
منیش حارو مەسەلەی خۆم و پیاو و منداڵەکەم بۆی باس کردو وتم: من زۆر

**لەبەر خوا پاڕامەوە  بەهانامەوەبێ، ئەوەیش تۆی بۆ ناردم.**

**دکتۆرەکە وتی: دەسا منیش داوات لێ دەکەم  نەکەی بۆ پارە خۆت تەسلیمی کەس بکەی، لەمنەوە بۆ لەمەودوا مووچەیەکت بۆ دەبڕێنمەوە کە ماڵ و ماڵ ومناڵەکەتی پێ بژێنی**[٥٢].

**ب- ڕۆژی هەینی:**

خوای پەروەردگار ئادەمی لە رۆژی هەینی خەڵق کرد، هەر لەو رۆژە بەهۆی سەرپێچیەوە ئادەم و حەوای لە بەهەشت دەرکردو هەر لەو رۆژەدا قیامەت هەڵدەستێ.

گرنگی رۆژی هەینی بۆ هەینیەکی تر، هەڵوەرینی گوناهە، جەژنی باوەڕدارانە کە موسڵمانان وەکو کەرنەڤاڵێکی مەزن تیایدا کۆدەبنەوە.

***مامۆستا مەلا (وشیار مەجید سەعید) بەسەرهاتێکی خۆی دەگێڕێتەوە، دەڵێت:**

**لە وشکەساڵیەکەدا لە "قەرەداغ " مەلا بووم، باران نەدەباری، شاخ و دەشت و دەرو بەرد، بێ شەوق و زەوق بوو، دەتوت تۆزی بەسەر کراوە، لە**

---

**[٥٢]- دکتۆر (زەغلول نەجار)ی بانگخوازی عەرەب لە وتارێکیدا دەڵێت: دکتۆرێکی موسڵمان لە زانکۆیەکی هیندستان بۆی گێڕامەوە، وتی: هاوڕێیەکی دکتۆرم هەبوو خەڵکی ئەو وڵاتە بوو، بەڵام موسڵمان نەبوو، پەیوەندی نێوانمان زۆر خۆش بوو، رۆژێکیان باسی ژیانی خۆی بۆ کردم، وتی: لەناو خاو و خێزانەکەم دا ئاریشەو کێشەیەکی زۆر هەیە، ئەوەندەی هەوڵ دەدەم و هەموو توانایەکی خۆم خستۆتە گەڕ سنوورێك بۆ ئەو کێشانە دانێم، کەچی کێشەکەم بۆ چارەسەر ناکرێ.**

**منیش پێموت: لە ئیسلام هەموو کاتێك دوعای تێدا دەکرێ و کاتگەلێکی تایبەت هەیە دوعای تێدا رەت ناکرێتەوە، خوای گەورە لە پێش بەیان نزا قبوڵ دەکات، جا ئەگەر دەتەوێ ئەو کێشانەت چارەسەر ببێ، ئەوا ئەو کاتانە لەخەو رابەو دەستی دوعات بۆ ئاسمان بەرز بکەوەو لە خوا بپاڕێوە، منیش لەخوا دەپاڕێمەوە بە هاناتەوە بێت.**

**کابرای هیندی بەگوێی کردم، دوای چەند رۆژێ، بەیانیەکی زوو تەلەفۆنی بۆ کردم، وتی: ببوورە ئەگەر کاتەکەی ناکاتە، مژدە، مژدە، خوای گەورە دوعاکەی قبوڵ کردم و کێشەکان بەکۆتا هاتن.(دکتۆرە هندیەکە بەم قسانەی من، موسڵمان بوونی خۆی راگەیاندو بووە ئیسلام).**

وتاری رۆژی هەینی رووم کردە خەڵکەکەو پێموتن: براکانم بێ تاقەت مەبن، لە ڕەحمی خوا مەئیوس مەبن، ڕەحمەتەکەی ئەوەندە زۆرە، ئەرزو ئاسمانی داگیر کردووە، خوای پەروەردگار دوعای بۆ داناوین، سەدەقەی بۆ داناوین، بەپشتیوانی خوا سەدەقەیەك بۆ مزگەوت وەکو سەدەقەی جاریە دەکەین، نیەتتان وابێ بڵێن: خوایە دەیدەین بە تۆ، تۆش بارانمان بەسەر ببارێنەو ئەو ناڕەحەتیە لەسەر دڵ و دەروونمان لادە.

دوای نوێژی هەینی بەرماڵمان راخست، خەڵکەکە خێری خۆیان کرد، ئەوەندەی لەدەستیان بۆوە دایاننا، بەڵام خێرەکە ئەوەندە نەبوو بەری دڵ بگرێ، کە پارەکەمان کۆ کردەوە نزیکەی سەدو پەنجا هەزار دینارێ دەبوو.

دەوروبەری عەسر هەورێ هات، بارانباری و رشێنەیەکی کرد وەکو نان تەڕ بکات، تۆزو خۆڵەکەی مراند.

گەنجێك خۆی گەیاندە لام، وتی: مامۆستا گیان، هەینی پێشوو تۆ وتت دوعا بکەن، سەدەقە بکەن بەڵکو باران بباری.

وتم: ئەوجا چییە؟

وتی: سەدەقەمان کرد، دوعامان کردو باران نەباری، تەنها ڕشێنەیەکی کردو تەواو.

وتم: ئەوجا ئێوە یەکە یەکە، دووسەد و پەنجا دینارتان دانابوو، بەقەد پارەکەی ئێوە باران باریوە.

کە هەینی داهات، دووبارە هەمان شتم دووبارە کردەوە، وتم: برایان مەیکەن بە جومعەکەی دیکە، برادەرێ گلەیی دەکات، دەڵێ پارەمان داوەو باران کەم باری، خوا پاداشتی بەخێرتان بداتەوە ئەگەر ئەوجارە خێرێکی باشتر بکەن.

دووبارە بەرماڵمان راخست، دوای نوێژ کە پارەکەمان کۆ کردەوە نزیکەی ٤٥٠هەتا ٥٠٠هەزار دینار بوو، ڕەحمەتێك باری، بارانێك باری نەبێتەوە.

**یەکێك پێی وتم: مامۆستا ئەو بارانە زۆرە چییە، پێی بڵێ خۆشی بکات ؟ برادەرێکیش وتی: خوا بەوە رەحمی کرد پارەکە هەمووی پێنج هەزارو دە هەزار دیناری بوو، ئەگەر بیست و پێنج هەزار دیناری بوایە ئەوە تۆفانی نوح هەڵدەستا.**

## ج -دوای نوێژی بەیانی:

**پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: (اللهمَ بارِكْ لأمتي في بكورِها)[٥٣] واتە: "خوایە بەرەکەت بخە بەیانیانی ئوممەتەکەم"**

**ئیمامی نەوەوی لە کتێبی "الاذكار" دەڵێت: پیرۆزترین کات بۆ نزا و خواپەرستی دوای نوێژی بەیانیە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ)فەرموویەتی: ئەو کەسەی نوێژی بەیانی بەکۆمەڵ کردو دانیشت تا خۆرهەڵاتن خواپەرستی بکات، پاشان دوو رکات نوێژ بکات، بۆی بەخێری حەج و عەمرەیەك هەیە. پێغەمبەر(ﷺ) کە نوێژی بەیانی دەکرد لەمزگەوت دەمایەوە تاوەکو خۆر هەڵدەهات.**

## د-لەکاتی سوجدە:

**ئەگەر مرۆڤ بیەوێ زۆر لەخوای خۆی نزیك ببێتەوە، سوجدە ئەو شوێنەیە بۆ نزیکی مرۆڤ، تا دەکرێ سوجدە ببەن، دوعای نێو سوجدە رەتکردنەوەی نیە.**

**عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه)أَنَّ رَسُولَ اللهِ( ﷺ ): (أَقْرَبُ ما يَكونُ العَبْدُ مِن رَبِّهِ، وهو ساجِدٌ، فأكْثِرُوا الدُّعاء)[٥٤] واتە: "نزیکترین کات کە بەندە لەخودای خۆی نزیك بێت، ئەو کاتەیە کە لە سوژدەدا بێت، کەواتە لەو کاتەدا زۆر بپاڕێنەوە"[٥٥].**

---

[٥٣] -رواه الترمذي برقم/٤٠٣٣٨

[٥٤] - رواه مسلم برقم/ ٤٨٢

[٥٥] -سوژدە و رکوع و هەستانەوە بەشێوەیەکی هێمن و ئارام، وێڕای راگرتنی هاوسەنگی سیستەمی سووڕی خوێن لە مۆخدا، هۆکارێکە بۆ بەهێز بوونی.

**دووەم/ هەڵبژاردنی شوێن:**

**ئەو جێگایانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی گشتی دوعاکردن تیایدا قبوڵە، وەکو دوعاکانی حەج و عەمرە، لەوانە:**

**(دوعـــای رۆژی عەرەفـــە، لەسەرچـــیای عەرەفـــە). (دوعـــای دوای رەجمـــی شـەیتانی گچـکە).(دوعـای پـاش رەجمـی شـەیتانی نـاوەنجی).(دوعـاکردن لـــەناو کەعبـــە)[56] (لـــەناو "حجـــری اسماعیـــل"دوای نوێـــژکردن لـــەوێ). (دوعاکردن لەسەر تەپۆلکەی سەفا لە مەککە). هـەروەها دوعـاکردن لـەکاتی گەشت و سەفەردا، جا پیادەبێ یا سواری وەك سـەیارەو کەشـتی و فڕۆکـەو هەموو جۆرەکانی ولاّغ بۆ ئەوانەی لە گوندەوە هاتوچۆی شارە گەورەکان یا گوندەکانی دەوروبەریان دەکەن و.....هتد.**

**سێیەم/ شێوەو حاڵەت:**

**حاڵەتەکان بێ شومارە ئەگەر باسی لێوە بکەین، نموونەی هەندێ لـــەو**

---

سك و قاچ و ڕانەکانی مرۆڤ یارمەتیدەرە بۆ ئاڕاستەکردنی خوێن لە لا تەنیشتەکانی لەشەوە بەرەو ئەندامەکانی ناوەخۆی لەش و مۆخ، چونکە هەناوی مرۆڤ پاڵەپەستۆ لەسەر سییەکان دروست دەکات، ڕێژەی" $CO_2$ –دووەم ئۆکسیدی کاربۆن" لە خوێن بەرز دەکاتەوەو ئەوەش یارمەتی دەدات خوێنی زیاتر بۆ مۆخ بڕوات. هەر لەو ڕوانگەوە پزیشکان و پسپۆرانی بواری وەرزش و ئەوانەی یۆگا بۆ ئارامی دڵ و دەروون ئەنجام دەدەن، ئەوانە جەخت دەکەنەوە کە نوێژی موسڵمانان بە ئارامی و دوور لە پەلە پەلەیی، سوودێکی باش و تەواو بە سووڕی خوێنی دەماغ دەگەیەنێ. کاتێ دڵ سوجدە دەبات، هەموو شوێنێ بۆی دەبێتە مزگەوت.

[56]-شێخ (محەمەد حەسان)ی گەورە زانای بەناوبانگی میسر، دەگێڕێتەوە، دەڵێ: چوومە حەج، لە مەککەی پیرۆز سەیرم کرد ئەوە پیاوێك بەدڵ و دەروونێکی پڕ لە جۆش و خرۆش و بە مات و مەلوول و زەلیلیەوە دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردۆتەوەو لە خوا دەپاڕێتەوە.

ماوەیەك سەرنجم لەسەری یەکانگیر کرد، پڕتاو پیاوێکم بینی بەهێمنی خۆی گەیاندە لای، لەبەردەمی وەستا، دەستی نایە باخەڵی، هەندێ پارەی بۆ ژماردو بە پیاوەکەی دا. ئەو دیمەنە سەرنجی ڕاکێشام ، خۆم گەیاندێ، بە تالووکەوە پرسیارم لەمەڕ ئەو پارەو پاڕانەوە لێی کرد، ئەویش لە وەڵامدا وتی: وەڵاهی زۆر موحتاج و ئاتاجی پارە بووم، لە خوا دەپاڕامەوە ئەو پارەی پێویستمە پێمی بدات، وەلێ ئەو موسڵمانە هات و پارەکەی خستە نێو دەستم. کە پارەکەم ژمارد دوو هێندەی ئەو پارەیە بوو کە لە خوام داوا کردبوو.

**دوعایانەی قسەی لەبارەوە بکەین:-**

***(دوعـــای نێـــوان بـــانگ و قامـــــــــەت)[٥٧].(کـــات و ســـاتی قـــــوقاندنی کەڵەشـێر)(لـەکاتی خواردنـەوەی ئـاوی زەمـزەم)[٥٨].(دوعـاکردن لـەکاتی بارانبـارین[٥٩]) (هـەموو ئـەو کاتانـەی موسـڵمان تێیـدا بـەرۆژووە )[٦٠](لـەکاتی**

---

[٥٧] - عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ :(الدُّعَاءُ لَا يُرَدُّ بَيْنَ الْأَذَانِ وَالْإِقَامَةِ )[٥٧]. واتە: ( دوعای نێوان بانگ و قامەت رەت ناکرێتەوە).

[٥٨]- ئاوی زەمزەم گرنگی خۆی هەیە، هەر کەسێ لەکاتی خواردنەوەی ئاوی زەمزەم هەر دوعایەك بکات، خوای گەورە وەریدەگرێ. عن جابر(رضي الله عنه) عن النبي (صلى الله عليه وسلم)قال: ( ماءُ زَمزَمَ لِمَا شُرِبَ لَهُ) واتە: "ئاوی زەمزەم ئەوەیە کە بۆی دەخورێتەوە"

له فەرموودەیەکی دیکەدا:( خيرُ ماءٍ على وجهِ الأرضِ ماءُ زمزمَ فيه طعامُ الطُّعمِ وشفاءُ السُّقمِ) "صحيح الترغيب والترهيب برقم ٢/٢٠٠" واتە: "باشترین و چاکترین ئاو لەسەر رووی زەویدا ئاوی زەمزەمە، خۆراکی خواردن و شیفای نەخۆشی تێدایە"

زانایانی تەندروستی دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر ئاوی زەمزەم گەیشتوونەتە ئەو راستیەی کە دەکرێ ئەوئاوە وەکو مەغەزی بۆ نەخۆش بەکاربهێندرێ چونکە هەموو ئەو پێکهاتانەی تێدایە کە لە مەغەزی دایە کە بۆ نەخۆش دادەندرێ.

[٥٩]-ئەنەسی کوڕی مالك (رضي الله عنه) دەڵێ: لە رۆژی هـەینی پیاوێك هاتـە ژورەوە لەدەرگایـەك کـە بەرامبـەر مینبـەر بـوو، لـەو کاتـەدا پێغەمبـەر(صلى الله عليه وسلم)وەسـتا بـوو وتـاری دەدا، پیاوەکـە بەوەسـتاوی رووی لەپێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)کرد، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ماڵاتمان لەناوچوو، رێگاکان پچڕان، داوا لـەخوا بکە فریامان بکەوێ و بارانمان بۆ ببارێنێ.

پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) هەردوو دەستی بەرزکردەوە، فەرمووی: خوایە بارانمان بۆ ببارێنـە، خوایـە بارانمـان بۆ ببارێنە، خوایە بارانمان بۆ ببارێنە.

ئەنەس دەڵێ: سوێند بەخوا لەئاسماندا هیچ پارچە هەورێك و هیچ شتێکی ترمان بەرچاو نەکەوت، وە لەنێوانی ئێمەو چیای(سلع)دا کە چیایەکە لە مەدینە، هیچ ماڵ و خانوویەك نەبوو پێشمان بگـرێ لـەبینینی هـەور. لەپشـت چیای(سـلع) هـەورێك دەرکـەوت وەکـو مەنجـەل خـڕ بـوو، گچکە بـوو، کـە گەیشتە ناوەندی ئاسمان، بڵاوبۆوە، لەپاشان باران باری.

ئەنەس دەڵێ: سوێند بـەخوا شـەش رۆژ خۆرمـان نـەدیت، لەپاشـان پیاوێك لەهـەمان دەرگا لـەرۆژی هەینی داهاتوو هاتە ژوورەوە کە پێغەمبـەر(صلى الله عليه وسلم)وەسـتابوو وتـاری دەدا، پیاوەکە بەوەسـتاوی رووی لە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) کرد، وتی: ماڵ وسامان و ماڵاتمان لەناوچوون، رێگاکـان پچڕان، دوعامـان بۆ بکـە لەخوا، بارانەکە رابگرێ.

بەربانگ) (دوعاکردن لەکاتی شەڕو شۆو جەنگ). (دوعاکردن لەسەروبەندی ئامادەبوونی لای مردووان و کۆڕو زیکری موسڵمانان) و.... هتد).

---

ئەنەس دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) دەستەکانی بەرز کردەوە، لەپاشان فەرمووی: خوایە لە دەوروبەرمان بباریێنە، بەسەر سەرمانا نا، خوایە بباریێنە بەسەر زورگە گەورەکان و چیاو ئاجام و گردە بچووکەکان و دۆڵ و لەوەڕگەکان.

جا ئەنەس دەڵێ: باران نەما و کاتێ لە مزگەوت چووینە دەرەوە، رۆژ بەدەرکەوتبوو، لەبەر رۆژ رۆیشتین. شەریك دەڵێ: بە ئەنەسم وت: ئەو پیاوەی دووەم هەمان پیاوی یەکەم بوو؟ ئەنەس وتی: نازانم.

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه أَنَّ رَجُلاً دَخَلَ الْمَسْجِدَ يَوْمَ جُمُعَةٍ مِنْ بَابٍ كَانَ نَحْوَ دَارِ الْقَضَاءِ , وَرَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم قَائِمٌ يَخْطُبُ , فَاسْتَقْبَلَ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم قَائِمًا , ثُمَّ قَالَ :يَا رَسُولَ اللَّهِ , هَلَكَتِ الأَمْوَالُ , وَانْقَطَعَتِ السُّبُلُ ، فَادْعُ اللَّهَ تَعَالَى يُغِثْنَا , قَالَ : فَرَفَعَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم يَدَيْهِ ثُمَّ قَالَ : اللَّهُمَّ أَغِثْنَا , اللَّهُمَّ أَغِثْنَا , اللَّهُمَّ أَغِثْنَا. قَالَ أَنَسٌ : فَلا وَاَللَّهِ مَا نَرَى فِي السَّمَاءِ مِنْ سَحَابٍ وَلا قَزَعَةٍ , وَمَا بَيْنَنَا وَبَيْنَ سَلْعٍ مِنْ بَيْتٍ وَلا دَارٍ . قَالَ : فَطَلَعَتْ مِنْ وَرَائِهِ سَحَابَةٌ مِثْلُ التُّرْسِ . فَلَمَّا تَوَسَّطَتِ السَّمَاءَ انْتَشَرَتْ ، ثُمَّ أَمْطَرَتْ , قَالَ : فَلا وَاَللَّهِ مَا رَأَيْنَا الشَّمْسَ سَبْتًا . قَالَ : ثُمَّ دَخَلَ رَجُلٌ مِنْ ذَلِكَ الْبَابِ فِي الْجُمُعَةِ الْمُقْبِلَةِ , وَرَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم قَائِمٌ يَخْطُبُ , فَاسْتَقْبَلَهُ قَائِما , فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ , هَلَكَتِ الأَمْوَالُ , وَانْقَطَعَتِ السُّبُلُ , فَادْعُ اللَّهَ أَنْ يُمْسِكَهَا عَنَّا . قَالَ : فَرَفَعَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم يَدَيْهِ ثُمَّ قَالَ : اللَّهُمَّ حَوَالَيْنَا وَلا عَلَيْنَا , اللَّهُمَّ عَلَى الآكَامِ وَالظِّرَابِ وَبُطُونِ الأَوْدِيَةِ وَمَنَابِتِ الشَّجَرِ , قَالَ : فَأَقْلَعَتْ , وَخَرَجْنَا نَمْشِي فِي الشَّمْس ، قَالَ شَرِيكٌ : فَسَأَلْتُ أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ : أَهُوَ الرَّجُلُ الأَوَّلُ ؟ قَالَ : لا أَدْرِي. .. رواه البخاري برقم/ ١٠١٣ ومسلم برقم/ ٨٩٥

رۆژێکیان عومەری کوڕی خەتاب لەکاتی بارانبارین گوێی لەدەنگی هەورە تریشقەیەك بوو، گریانێکی زۆر گریا. لێیان پرسی: ئەی ئەمیری موسڵمانان ئەوە چیتە، بۆ دەگری؟ لەوەلاَمدا فەرموی: ئەوە دەنگی رەحمەتی خوایە، ئەی دەبێ دەنگی تووڕەبوونەکەی چۆن بێت؟.

[٦٠]- وقال النبي صلى الله عليه وسلم: (ثلاثةٌ لا تُرَدُّ دَعْوَتُهُمْ الإِمَامُ الْعَادِلُ وَالصَّائِمُ حِينَ يُفْطِرُ وَدَعْوَةُ الْمَظْلُومِ يَرْفَعُهَا فَوْقَ الْغَمَامِ وَتُفَتَّحُ لَهَا أَبْوَابُ السَّمَاءِ وَيَقُولُ الرَّبُّ عَزَّ وَجَلَّ: وَعِزَّتِي لأَنْصُرَنَّكِ وَلَوْ بَعْدَ حِينٍ). رواه الترمذي وأبو داود وابن ماجه وصححه العلامة الألباني في "صحيح سنن الترمذي.

واتە: (سێ کەس هەن دوعایان رەت ناکرێتەوە: رۆژووەوان هەتا بەربانگ دەکاتەوە، پێشەوای دادپەروەر، پاڕانەوەی ستەملێکراو، خوای گەورە بەرزی دەکاتەوە بەسەر هەورەکانداو دەرگاکانی ئاسمانی بۆ دەکاتەوەو پەروەردگار دەفەرموێ: بە عیززەتی خۆم سەرت دەخەم ئەگەرچی پێشی بچێت).

## چــوارەم/ دوعــای کەســانی تایبەتمەنـد: (فیما یمتـاز دعاؤە علی دعـاء غیرە):

(دوعای پێغەمبەران و پیاوچاکان). (دوعاکردن بەو دوعایانەی لە قورئانی پیرۆز بەیان کراوە[٦١]). (دوعـای کەسـی موحتـاج). (دوعـای ستـەملێکراو[٦٢]). (دوعـای دایـك و بـاوك بـۆ رۆڵەکـەی[٦٣]). (بـەنهێنی دوعـاکردن بـۆ خوشـك و برای موسڵمانی[٦٤])و...هتد.

---

[٦١] –ئەگەر باس لە دوعاکانی نێو قورئان بکەین گەلێ زۆرە ، دڵۆپێك لەدەریای ئەودوعایانە: دوعای پێغەمبەر یونس کە لە سکی نەهەنگ دابوو، فەرمووی: "لا اله الا أنت سبحانك اني كنت من الظالمين" دوعای پێغەمبەر ئیبراهیم کە لەناو ئاگر دابوو، فەرمووی:"حسبي الله و نعم الوكيل" دوعای ئەیوب پێغەمبەر کە ١٨ساڵ نەخۆش بوو، فەرمووی:"رب اني مسني الضر و أنت ارحم الرحمين".

[٦٢]- عن ابن عباس (رضي الله عنهما) أن النبي (ﷺ) بعث معاذاً الى اليمن وساق الحديث وقال فيه: (اتَّقِ دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ فَإِنَّهَا لَيْسَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ اللَّهِ حِجَابٌ) البخاري برقم/ ١٣٩٥ واتە: " پێغەمبەری خوا مەعازی نارد بۆ یەمەن،..... فەرمووی: وە خۆت بپارێزە لە پاڕانەوەی ستەملێکراو چونکە لەنێوان پاڕانەوەکەو خوای گەورەدا بەربەست نییە".

[٦٣]- عن أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عنهُ قالَ: قالَ: رسولُ الله (ﷺ): " ثَلاثُ دَعَوَاتٍ مُسْتَجَابَاتٌ لاَ شَكَّ فِيهِنَّ: دَعْوَةُ المَظلومِ، وَدَعْوَةُ المسَافِرِ، وَدَعْوَةُ الوَالِدِ عَلى وَلَدِهِ "
دوای مردنی دایك و باوك (باشترین شت زیندوو بۆ مردووی بکات بریتیە لە دوعاکردن بۆی). هەندێ جار دەوترێ باشترین دوعا، دوعای منداڵە، مەبەست لەم قسەیە ئەوەیە کاتێ منداڵ رك دەگرێ و داوای شتێك دەکات بۆ ئەوەی پێی بدرێ، ئەوا ئەوەندە دەگری، ئەوەندە مکوڕەو وازناهێنێ. تەنانەت بەجۆرێ تاوەکو داواکەی بۆ جێ بەجێ نەکرێ، کڕ نابێتەوەو دەسبەرداری گریان و فیغانی خۆی نابێت. بۆیە ئیمامی عومەر داوای لەمنداڵان دەکرد، دەیوت: دوعام بۆ بکەن. پێیان دەوت: چۆن داوا لە منداڵان دەکەی؟ دەیفەرموو: ئەو منداڵانە پاکن، دوعایان گیرا دەبێت.

[٦٤]- عن أُم الدرداء(رضي الله عنها) أنها قالت لصفوان: أتريد الحج العام؟ قال: قلت: نعم، قالت: فادع الله لنا بخير فان النبي(ﷺ) كان يقول: دعوةُ المرء المسلم لاخيه بظهر الغيب مستجابة، عند رأسه ملكٌ موكّلٌ، كلما دعا لاخيه بخيرٍ، قال الملك الموكّلُ به: آمين ولك بمثلٍ) صحيح مسلم برقم/ ٢٧٣٣ واتە: ئوم الدرداء(رەزای خوای لێ بێت) بە سەفوانی فەرموو: (ئایا بەنیازیت ئەم ساڵ بڕۆیت بۆ حەج؟ منیش وتم: بەڵێ، فەرمووی: کەواتە دوعای خێرمان بۆ بکە لە خوا، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: دوعای کەسێکی موسڵمان بۆ براکەی لە پەنهانیدا وەرگیراوە، لەلای سەرییەوە فریشتەیەك راسپێردراوە هەر کاتێك ئەو دوعای خێر بکات بۆ برایەکی موسڵمانی، ئەوا ئەو فریشتە

# له ئادابەكانی دوعا

## یەكەم/ دەست نوێژگرتن پێش نزاكردن:[٦٥]

---

راسپێردراوە دەڵێت: خوایە دوعاكەی گیرا بكەو بەهەمان شێوەی ئەو داواكارییە بۆ خۆشی جێبەجیٚ بكە).

*كابرایەك لەسەر ئەو فەرموودەیە دەڵێت: رۆژێكیان كابرایەك بە تەلەفۆن دوعای بۆ هاورِێیەكی دەكرد كە خاوەن ژن و منداڵ بوو، دەیوت: لەخوای گەورە داواكارم ژنێكی زۆر لەوەی ئێستا جوانترو بچووكترت بەنسیب بكات، كە تا ماوەی بەخۆشی بژی و ئیسراحەت بكەی.

كاتێك ژنەكەی گوێی لەم قسانە بوو، رووی كردە پیاوەكەی و پێی وت: حەزناكەم دوعای وا بۆ هیچ پیاویٚ بكەی كە خاوەن ژن و منداڵە! پیاوەكەی حەپەسا، بە پەرۆشەوە وتی: ئاخر بۆچی؟ ژنەكە لەوەڵامدا پێی وت: ئاخر من ئەو فەرموودەی پێغەمبەرم لەبەرە، دەفەرمویٚ: (دوعای كەسێكی موسڵمان بۆ براكەی لە پەنهانیدا وەرگیراوە، لەلای سەرییەوە فریشتەیەك راسپێردراوە كە هەر كاتێك ئەو دوعای خێر بكات بۆ برایەكی موسڵمانی، ئەوا ئەو فریشتە راسپێردراوە دەڵێت: خوایە دوعاكەی گیرا بكەو بەهەمان شێوەی ئەو داواكارییە بۆ خۆشی جێبەجیٚ بكە)، بە راستی منیش دەترسم بەوای ئەو دوعایانەوە ژنم بەسەر بێنی.

[٦٥]– ئەگەر بابای دوعاخوێن لە دوعاكردندا كۆمەڵیٚ تایبەتمەندی تێدا كۆبۆوە، هەرگیز خوای گەورە دوعاكانی رەت ناكاتەوە: واباشە بەدەستنوێژەوە دوعا بكات، رووبكاتە قیبلە، بە قوڵپی گریان و فرمێسك و ئەسرینەوە دوعاكانی ریز بكات و هەردوو دەستەكانی بۆ ئاسمان بەرز بكاتەوەو بە سەڵاوات لێدان لەسەر پێغەمبەرو سوپاس و ستایشی خوای پەروەردگار دەست پیٚ بكات و بە عیشقەوە دڵی خۆی لەبەردەم بارەگای خوای پەروەردگار بكاتەوە لەكاتێكدا خودا یەك دڵی داوەتیٚ، دەبیٚ تەنها یەك شتی تیا دانیٚ، نەك بە زوبان بانگەشەی ئەوە بكات، بڵیٚ: من موسڵمانم، خوا بەهەق دەناسم، كەچی زورِنا بۆ پێرِو تاقمی عەلمانی بژەنیٚ، نەك بڵیٚ: من دەزانم خوا داخوازییەكانم جیٚ بەجیٚ دەكات، كەچی تەپڵ بۆ رەوتی شەیتان و دارودەستەكەی بكوتیٚ. كەواتە خاڵی وەرچەرخان بە داوای لێخۆشبوون (أستغفار) دەست پیٚ دەكات.

شەیتان دەڵیٚ: بەنی ئادەمم بە گوناه بەهیلاك بردوە و ئەوانیش بە (استغفرالله) بەهیلاكم دەبەن.

سوودی "استغفرالله" جیٚ بەجێكردنی فەرمانی خوایە، هۆكارە بۆ زیادبوونی رزق و رۆزی، بۆ چوونە بەهەشت و سرِینەوەی تاوان، هەروەها هۆكارە بۆ منداڵبوون، بۆ پاككردنەوەی دڵەكان و بەرزكردنەوەی پلەو پایەی ئەو كەسە دوای مردن و هۆكارێكیشە بۆ ئەوەی تەندروستی باشی هەبێت و....چەندین سوودو كەڵكی دیكە.

ئیبن تەیمیە(رەحمەتی خوای لێبیٚ) دەڵێت:"زۆر جار دەرگایەكم لەسەر داخراوە، هەزار جار وتوومە– استغفرالله – دەرگاكەم بۆ كراوەتەوە"

دەستنوێژگرتن هێمایە بۆ پاکژبوونەوەو پاك و خاوێنی مرۆڤ، لەهەمان کات ئامادەگی ئەو کەسە نیشان دەدا کە دەیەوێ بە دڵ و دەروونێکی بێ خەوشەوە بچێتە نێو پرۆسەیەك کە خۆشنوودە لەوەی هەرچیەك داوا بکات، داواکانی رەت ناکرێتەوە.

بەبێ دەستنوێژ دوعا دەکرێ، بەلاًم بە دەستنوێژەوە پیرۆزو گەورەیی خۆی هەیە[٦٦].

لە یەك لە زانکۆکانی ئەمریکا، (رامشاردن)ی زانا، بەهاوکاری چەند زانایەکی تر لە تویژینەوەیەکدا کە لەرێی هێلکاری و تیشکەوە ئەنجامیداوە، بۆی دەرکەوتووە مێشکی مرۆڤ لەکاتی نوێژو پەرستشەکاندا زیندە چالاکیەکانی زۆر زیاتر دەبێ و گەورەترین وزە بەمێشك دەبەخشێ، ئەوەش لەگەڵ کاتەکانی دیکەی ئەو مرۆڤە جیاوازە کە تیایدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پاڵەپەستۆ لەسەر خانەکانی مێشك و زیادبوونی ئارامی و وەرگرتنی چێژی رۆح لەسەر مێشك و دڵ و دەروونی.

کەواتە: بەپێی خۆت برۆ مزگەوت پێش ئەوەی بەشان بتبەنە مزگەوت، نوێژەکانت بە جوانی ئەنجام بدە، پێش ئەوەی نوێژت لەسەر بکەن، بەردەوام دوعا بکە پێش ئەوەی دوعات بۆ بکەن.

<u>دووەم/</u> ڕووکردنە قیبلە:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (الدعاء هو العبادة). کەواتە وەك چۆن لە نوێژدا روو دەکەینە قیبلە بۆ جێ بەجێکردنی یەکێك لە رووکنەکانی ئیمان کە پەرستشە، هەمدیس دوعا دەچێتە ئەو چوارچێوەیە کە ئەگەر روو

---

*حەسەنی بەسری(رەحمەتی خوای لێبێ) دەفەرموێ: بڕوا ناکەم خوای گەورە کەسێك سزا بدات کە (استغفرالله) بکات . وتیان: چۆن؟ وتی: کێ یارمەتی داوە وابڵێ؟ وتیان: خوا. وتی: دەی کەوایە خوای گەورە ئەگەر بیویستایە سزای بدات، یارمەتی نەدەدا (استغفرالله) بکات.

[٦٦] - جاء في حديث أبي موسى الاشعري (رضي الله عنه)أن رسول الله (ﷺ) دعا بماء، ثم توضأ، ثم رفع يديه، فقال: (أللهم اغفر لعبيد بن عامر). رواه البخاري و مسلم.

**نەكرێتە قیبلەیش هەر دروستە، بەڵام ئەو روو سووڕاندنە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە وەك لە فەرموودەیەكی دیكەدا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (إِنَّ لِكُلِّ مَجْلِسٍ شَرَفًا ، وَإِنَّ أَشْرَفَ الْمَجَالِسِ مَا اسْتَقْبَلَ الْقِبْلَةَ).**

**سێیەم/ دەست بەرز كردنەوە:**

**بەجۆرێ دەستەكانت بەرز بكەوە كە لە راستیدا وەك كەسێكی زەلیل و داماو هەموو ئەوەی دەتەوێ، بە هیچ كەسێك جێ بەجێ ناكرێ مەگەر بەو زاتە گەورە نەبێت. وشەی (كن فیكون)یش بەسە تا داواكارییەكانت بەدی بێنی.**

**لە (جامع الترمذي) هاتووە، لە فەرموودەی (أبي هريرة) دەفەرموێ: "ئەگەر هەر كارێك بەلای پێغەمبەرەوە(ﷺ) گرنگ بوایە، سەری بۆئاسمان بەرز دەكردەوە، وە ئەگەر قووڵ ببوایەتەوە لەپاڕانەوە، دەیفەرموو: يَا حَيُّ يَا قَيُّوم"[٦٧]**

**بۆیە چاوداگرتن و بەرز نەكردنەوەی بۆ ئاسمان، نواندنی ئەوپەڕی رێزە كە هەموومان بە شەرم و شكۆوە لەبەر خوا بپاڕێینەوە.**

**چوارەم/ بەترس و ئومێدەوە دوعا بكات:**

﴿ وَزَكَرِيَّآ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥ رَبِّ لَا تَذَرۡنِي فَرۡدٗا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡوَٰرِثِينَ ﴿٨٩﴾ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَوَهَبۡنَا لَهُۥ يَحۡيَىٰ وَأَصۡلَحۡنَا لَهُۥ زَوۡجَهُۥٓۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَيَدۡعُونَنَا رَغَبٗا وَرَهَبٗاۖ وَكَانُواْ لَنَا خَٰشِعِينَ ﴿٩٠﴾ ﴾ الأنبياء٨٩-٩٠

**واتە: "یادی (زەكەریا) بكەوە كاتێك هاناو هاواری بۆ پەروەردگاری بردو وتی: پەروەردگارا، من بە تەنهایی مەهێڵەوە (نەوەیەكی چاك و پاكم پێ ببەخشە) تۆیش چاكترین زاتێكی لەپاش من و هەموو مردوویەك**

---

[٦٧]—عن ابي هريرة(رضي الله عنه) يقول: ان النبي(ﷺ) اذا اهمه امر رفع رأسه الى السماء، واذا اجتهد في الدعاء قال: (يا حي يا قيوم). ئەم فەرموودەیە (حسن)ە (ترمذي) بە ژمارە( ٣٤٣٦ ) گێڕاویەتەوە.

**دەمێنیتەوە. ئینجا ئێمە نزاکەیمان گیرا کرد و (یحیی)مان پێ بەخشی، هاوسەرەکەیشمان بۆ چاك کرد کە مندالّی ببێ، بە ڕاستی ئەوانە چالاك و گورج و گۆڵ بوون لە ئەنجامدانی هەموو خێرو چاکەیەکداو نزای بەکوڵیان دەکرد، بە ئومێدی ڕەحمەت و بەهەشتی ئێمەو لە دۆزەخ و خەشمی ئێمە دەترسان و ئەوانە هەمیشە گەردنکەچ بوون بۆ ئێمە".**

*ترس هۆکارێکە بۆ نزیك بوونەوەو پیادەکردنی ئەرك و فەرمایشتەکان، نەك ترس لە ترس دا. بابای بەدکار لە ترسان گوێڕایەڵ دەبێ و چاکەکار لە خۆشەویستی. خشوعی ئینسان بۆ خودا لە خۆشەویستی مرۆڤەکە بۆ خودایە. بۆیە ترس لە شکۆمەندی و گەورەیی خودا، کارکردن و پەیڕەویکردنی ئەو خەت و خالّەیە کە فەرمانی پێ کردووە.

***حەسەنی بەسری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: "هەر کەسێك لە خوا بترسێ، هەموو شتێك لێی دەترسێ، ئەگەر لە خوداش نەترسێ، خودا بە هەموو شتێك دەیترسێنێ و هەموو گەلێك بتێکی هەبووە، بتی ئوممەتی پێغەمبەر (ﷺ) دینارو درهەمە. سوێند بەخوا هەر کەسێك پارەی لەلا گەورە بێت، خودا بچوکی دەکاتەوە".**

***(دیل کارینگی) دەڵێت: "لەشی مرۆڤ ئامێرێکی ئەوەندە سەیرە، بە تەحەمولترین ئامێرە لەسەر ڕووی زەوی".**

**بەواتایەکی دیکە: دەروونی مرۆڤ لەیەك کات، ترس و شادی تێدا کۆبۆتەوە. لەم سۆنگەوە گەورەیی ئەو دەروونە لەوەدایە کە بەرگەی هەموو ئازارو ڕووداوە ناخۆشەکان بگرێ و گەشبینی بۆ هەنگاوەکانی داهاتووی بکاتە خالّی وەرچەرخان و هەستانەوە.**

**ترس شتێکی خواڕسکی ناخی مرۆڤە وەك ترس لەمردن، لە ئاگر، لە مشك ، مار، دووپشك[٦٨]، لە شێرو پڵینگ و ...هتد. ئەمانە ناچنە خانەی**

[٦٨] -پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: " دووپشك بکوژن ئەگەر لەناو نوێژیش بوون " مسند أحمد.

**سەرپێچی، بەمەرجێ زێدەڕۆیی لە ترسەکە نەبێ و لەهەمان کات ئامادەباشی روو بەڕوو بوونەوەی هەبێت، بۆیە مرۆڤ دەبێ نەهێڵێ ترس و دڵەڕاوکێ ونیگەرانی بەسەریدا زاڵ بێ، ئەگەرنا خراپە!!**

لەئیسلام مشك و مار لە (فَواسق خَمس) یە: (**خَمسُ فواسقَ تُقْتَلْنَ في الحِلِّ و الحَرَمِ : الحيَّةُ ، و الغرابُ الأبقعُ ، و الفأرةُ ، و الكَلبُ العقورُ ، و الحُدَيَّا**)[٦٩]

*مامۆستا (سەعید مەولود) لەزمانی باوکیەوە بۆی گێڕامەوە، وتی:– لە پەنجاکانی سەدەی بیست ماڵمان لە گوندی پیرداود –شەمامك– بوو (ئەو کاتە پیرداود گوند بوو، ئێستا بووەتە شارەدێ)، خزمێکمان ناوی (پوورە بەسێ) بوو، سێ کوڕی هەبوون، یەك لە کوڕەکانی زۆر نەخۆش بوو، شەو بەدیار کوڕەکەی دانیشتبوو، فرمێسکی بۆ دەڕشت و سەری بۆ ئاسمان بەرز کردبۆوە، هاواری خوای دەکرد، دەیوت: خوایەگیان ئەو کوڕەم بۆ چاك بکەوە، شیفای بدە، رۆحم پێش رۆحی بخە، یاڕەبی من بمرم، بەس ئەو کوڕەم هیچی لێ بەسەر نەیەت.

لەتاریکی ئەو شەوەدا، مانگایەك بۆ خواردن سەری کردبووە ناو تەنەکەیەکی زبڵ و سەری لە تەنەکەکە گیر ببوو، بە بۆڕە بۆڕ بە حەوشەی ماڵیان وەربوو، (پوورە بەسێ) پێی وابوو دوعاکەی قبوڵ بووەو ئەوە مەلیکولمەوت هاتووە رۆحی بکێشێ. بۆیە بە ترس و لەرزەوە نازانێ ئەوە مانگایە، دەست بۆ کوڕە نەخۆشەکەی درێژ دەکات و پڕ بەدەمی هاوار دەکات: بەقوربانتبم عیزرائیل گیان من نەخۆشەکە نیم، ئەوە نەخۆشەکەیە.

## __پێنجەم__/ دەنگ نزم کردنەوە:

دەنگ نزم کردنەوە پاراستنی ئەو نهێنی و داوایانەیە کە مەردوم داوای دەکات. ئەوەش حەوجە بەوە نییە کەسی دەوروبەر تێی بگات بزانێ چۆن دەپاڕێتەوە؟ چ داوایەکی هەیە؟ دەیەوێ خوای پەروەردگار چی بۆ بکات؟

---

[٦٩] – صحيح الجامع برقم/ ٣٢٤٤

**بەواتایەکی تر:**

**هـــەموو مرۆڤایـــەتی تـــەنها خوایـــەکی هەیـــە بیســـەرە بەخشـــپەی پێـــی مێروولەیەك کە بەسەر بەردێکا گوزەر دەکات. بۆیە دەنـگ هـەڵبڕین پەسندو دروست نیە، وەکو چۆن لە ژیانی مرۆڤایەتی کاتێك دەچینە بەردەم پادشاو وەزیـرو گزیـرو بەرپرسـێك، بـەدەنگی نـزم دەدوێین و زمانمـان دێنینـە گـۆ! کەواتـە چـۆن دەبـێ لەبەرمبـەر زاتێکـی وا مـەزن، دەنـگ هـەڵببڕین؟ ئەمـەش چونکە پەیوەندی بـە خۆمـان و خـواوە هەیـە، لـە تایبەتمەنـدی دوعـا دەبـێ دەنگمـــان نـــزم بکەینـــەوە، بـــە ئەدەبـــەوە دەم و زارمـــان هەڵپچـــڕین، وەکـــو پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)دەفـەرموێ: (أيّهـا النـاس، أربعُـوا علـى أنفسـكم: أي ارفقـوا بهـا واخفضـوا أصـواتكم، انكـم لـيس تـدعون أصـمَّ ولا غائبـا، انكـم تدعون سميعا قريبا وهو معكم)[٧٠].**

**<u>شەشەم/</u> ئیخڵاس و دڵسۆزی:**

﴿ فَٱدۡعُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴾ غافر: ١٤ **واتە: "لە خوا بپاڕێنـەوەو بـە پـاکی بـۆی گەردنکـەچ بـن، هەرچـەندە بـێ بـاوەڕان پێیـان ناخۆش بێت".**

**ئـیخلاس هـەر دوعـا ناگرێتـەوە، بـەڵکو دەبـێ هـەموو ژیانمـان بگرێتـەوە، لەهەمووی گرنگتر نوێژکردنە بە ئیخلاسی.**

***کابرایـەك هاتـە لای حەسـەنی بەسری، وتـی: هـاتووم دوعایـەکم بـۆ بکـەی شتێکم لەماڵەوە داناوە، لێم بزربووە نازانم لەکوێیە و ناچمەوە سەری.**

**حەسەنی بەسری وتی: بڕۆ دەستنوێژێکی جوان بگرە و دوورکات نوێـژی بـەئیخلاص ئـەنجام بـدە، خـەیاڵت بەیـەك لادا نـەڕوات، کـە نوێژەکـەت تـەواو کرد، وەرەوە لام.**

---

[٧٠] - جامع الاصول ج٣/٢٦٢برقم/٢٤٦٣

کابرا دەست نوێـژی شووشـت و نوێـژی دابەستا، کـە لێبـۆوە بـە خێرایـی گەڕایەوە لای حەسەنی بەسری و وتی: شتەکەم دۆزییەوە.

وتی: چۆن؟

وتی: لە نوێژ خەیاڵم ڕۆیشت، ڕێك ئەوەم بەبیر هاتەوە کە لە ماڵـەوە لـەکوێم دانابوو.

حەسـەنی بەسـری وتـی: تـەواوە منـیش بۆیـە وتم بـڕۆ دوو ڕکـات نوێـژی بەئیخلاس بکە وخـەیاڵت نـەڕوا، دەمزانـی شـەیتان خـۆی دەگەیەنێتـە لات و ختووکەت دەدا و ئەو شوێنەت بەبیر دێنێتەوە.

کابراکە وتی: حیکمەت لەو یارمەتیدانەی شەیتان بۆ من چیە؟

وتی: شەیتان یارمەتیدای تاوەکو نوێژەکەت بە ئیخلاس و دڵسۆزی ئـەنجام نەدەی.

دڵســـۆزی و ئـــیخلاس، ســـڕینەوەی هـــەموو عەیبـــەو عـــارێکی مـــرۆڤ و ئەنجامـدانی هـەموو ئـەو کارانەیـە کـە هـیچ ختـوورەو نیـەتێك تێیـدا چـرۆی نـەکردووە. ئـەوەتا پیـاوێکی ڕێبـوار دەگێڕێتـەوە دەڵـێ: لەگـەڵ بـاوکم دا پێکـەوە چـووینە سـەفەرێ، ماوەیـەکی بـاش بـەپێیان ڕۆیشـتین، بـاوکم لـە ڕێگە نەخۆش کـەوت، ئەوەنـدەی چاوم گـڕدا، سـەیری ئـەملاو ئـەولام کـرد، هـیچ ئاوەدانیـەکم لـەو دەوروبـەرە بـەدی نـەکرد، ئەوەنـدە نـەبێ لـە دوورەوە شـوانێکم کەوتـە بەرچـاو ئـەوە بـەدیار مێگەلـە مەڕێکەوەیـە. بـاوکم دانـا، بەهەڵەداوان خـۆم گەیانـدێ، دوای سـەلام و چاك و چـۆنی، پێمـوت: قوربـان باوکم زۆر نەخۆش و هیلاکە، زۆر مـەمنوون دەبم ئەگـەر بتـوانی قـاپێ شـیرم بدەیتێ.

شوانەکە لەجێوە مـەڕێکی دۆشـی و شیرەکەی پێدام. بـەخۆو قـاپی شیرەوە رووم وەرگێڕاو گـەڕامـەوە، تەماشـا دەکـەم ئـەوە بـاوکم وەفـاتی کـردوە، زۆر بەسـەر تـەرمی سـاردو سـڕی بـاوکم گریـام، شـوانەکە هاتـە لام و دڵنـەوایی

کردم، وتی: براکەم دەی هەستە وەختی ئەوە نیە، بەس بگری، فەرموو با بیر بکەینەوە چۆن بیشۆین و چۆنیش دفنی بکەین؟

بە شوانەکەم وت: لێرە کێ نوێژ لەسەر مردووان دەکات؟ شوانەکە وتی: ئێمە کەسێکی تایبەتیمان بۆ ئەو کارە نییە. تۆ خۆت نوێژی لەسەر بکە، بەخوا من هیچ لەنوێژی جەنازە نازانم.

منیش لە وەڵامدا پێموت: بەخوا منیش نازانم، دەبێ تۆ نوێژی لەسەر بکەی.

شوانەکە لەبەرانبەر تەرمەکە وەستا، لەژێر لێویەوە چەند وشەیەکی درکاند و رووی تێکردم، وتی: تەواو.

منیش بەشوانەکەم وت: ئەمە چۆن نوێژێك بوو؟ شوانەکە لەوەڵامدا وتی: ببوورە من لەمە باشتر نازانم. ئیدی پێی هەڵێناو چووەوە لای مەڕەکان، منیش بە ئەمانەتەوە تەرمی باوکم ناشت و گەڕامەوە ماڵ. چونکە زۆر شەکەت و کەیل و ماندوو بووم، کە راکشام ئەوەندەی نەبرد خەو بۆ خۆی بردمەوە ، باوکم هاتە خەونم، زۆر دڵخۆش و کەیفساز بوو، وتی: رۆڵەکەم خوای گەورە لێت رازیبێ، ئەوە چ چاکەیەکە لەگەڵ منت کردووە؟ وتم: بابە گیان من هیچ نازانم، من چ چاکەیەکم لەگەڵ کردووی؟

لە وەڵامدا وتی: رۆڵە گیان کە مردم خوای پەروەردگار منی بردۆتە شوێنێك، شوێنی پیاو چاك و سالحانە.

کاتێ خەبەرم بۆوە، زۆر کەساس و خەفەتبار بووم، بیرم دەکردەوە ئاخۆ من چ چاکەیەکم لەگەڵ باوکم کردووە؟ من هێندە بەرامبەر باوکم کەسێکی چاك و باش نەبوومەو باوکیشم پیاوێکی ئەوەندە مولتەزیم و ئەهلی عیبادەت نەبووە، دەبێ چۆن بەو مەقامە گەیشتبێ؟

رۆژی پاشتر دووبارە خەونم پێوە بینی، زۆر لە خۆشی و سروری دابوو، وتی: رۆڵە گیان خەمی منت نەبێ، وەڵڵاهی شوێنم زۆر خۆشە.

لەباوکم پرسی: بابە گیان پێمنالێی چۆن ئاوا لە خۆشی دای؟
باوکم بە بزەیەکەوە وتی: ئەوەی هەمە لەدوعای ئەو شوانەیە، برۆ لە شوانەکە بپرسە.
بەیانی خۆم گەیاندە لای شوانەکەو خەونەکەی خۆم و باوکم بۆی گێڕایەوە، داوام لێی کرد پێمبڵێ لەسەر تەرمی باوکم چی وتووە؟
شوانەکە وتی: کاتێك لە بەرانبەر تەرمی باوکت وەستام، نەمدەزانی نوێژەکە بەجوانی بکەم، عەرزی پەروەردگارم کرد، یەك دوعام کرد، وتم: خوایە گیان ئەم پیاوە ئەگەر ئەم شەو میوانی من بوایە وەلاهی مەڕێکم بۆی سەرەبڕی، خوایە گیان ئەوە بۆ میوانی هاتۆتە لای تۆ، ئێستا ئەو میوانی تۆیە پێم خۆشە بزانم چۆن میوانداری دەکەی؟ خوایە گیان لێت دەپاڕێمەوە ڕێزی خۆتی لێ بگرە.
* دڵسۆزی لە ئیمانەوە سەرچاوەی گرتووە "حەزرەتی عیسا (علیه السلام) لە ڕێگەیەکەوە دەڕۆیشت، نابینایەك لە کەناری ڕێگاکە دانیشتبوو، بەتوندی و تووڕەییەوە دامێنی گرت و رایکێشا، داوای لێکرد دوعای بۆ بکا بینایی بۆ بگەڕێتەوە. نابیناکە دامێنی عیسای بەرنەدا، تاکو عیسا وتی: ئیمانت شیفای دایت"[٧١].
*دوعای راستەقینە ئەوەیە کەس ئاگای لە دوعاکردنەکەی نەبێت، بۆ ئەوەی نەچێتە خانەی ریایی کە بەکوڵ فرمێسك بڕێژێ و بەدەم هانا بردنەوە بڵێت: خوایە گیان تۆ گەورەیت و منیش بچووك و لاواز. تۆ بەدەسەڵاتی و منیش بێ دەسەڵات. تۆ زانایت و منیش نەزان و بێئاگا، هیچ شت لای تۆ عاسی نابێ، رەحم و بەزەییت ئەوەندە فراوانە، لێم

---

[٧١]- نزا: ئەلێکس کارل–د. عەلی شەریعەتی و:موسعەب ئەدهەم، ل٤٣، چ١، چاپخانەی موکریانی هەولێر، ٢٠١٤

خۆشبە من گوناهبارم، من بەندەیەکی بیٚ دەسەلاٌتی تۆم و هەر تۆ بەهەق دەناسم کە تاك و تەنیایت و هاوەڵت نییە.

*مامۆستا(عەبدولرەحمان مارف) بۆی گێڕامەوە، وتی: کابرایەك هاتە لام، باسی خۆی بۆ کردم، وتی: لە گرانیەکەی نەوەتەکانی سەدەی رابردوو[٧٢] هەندیٚ پارە قەرزار بووم، کاتی دانەوەی نزیك بۆوە، سەغڵەت بووم، ئیش و کاری ئەو وەختەم ئەوە بوو دەچوومە کەرکوك شتم دەکڕی و بەقاچاغ دەچوومەوە چەمچەماڵ و شتەکانم دەبردە بازاڕو ساغم دەکردەوە.

ئەو قەرزو قۆیە بەجاریٚ بیرو هۆشی داگیر کردبووم چۆن ئەوبڕە پارەیەم دەستکەویٚ و قەرزەکەی پیٚ بدەمەوە! هەر لە خوا دەپاڕامەوە، دەموت: یاڕەبی خوایە روو زەردو شەرمەزاری ئەو کابرایەم نەکەی؟

بە پێیان لەڕێی قاچاغەوە شتەکانم لە سنووری سەربازگەی سوپای عێراق دەرباز کرد، چوومە سەر رێگەی سەرەکی کەرکوك – چەمچەماڵ، سەیارەیەك بە تیژی بە بەردەم تێپەڕی، تەواویٚ رۆیشت، پڕتاو هێواشی کردەوە، بە بەگ بەرەو لام هات تا لە بەردەمم وەستا، خاوەن سەیارەکە لە جێوە دەستی نایە باخەڵی و پێنج سەد دیناری ئەو کاتەی پێدام، وتی: ئەمە زەکاتە، وەکو تۆ بەم شێوەیە دەبینم ژیانی خۆت خستۆتە مەترسی، کەواتە تۆ شایستەی ئەوەی زەکاتت پیٚ بدریٚ.

پارەکەم لێی وەرگرت. گەلیٚ دڵخۆش بووم. کە پارەکەم ژمارد، بڕی پارەکە زۆر لە قەرزەکە زیاتر بوو، سوپاس و ستایشی خوای پەروەردگارم کرد، زانیم خوای گەورە پاڕانەوەکەی قبولٚ کردووم.

**<u>حەوتەم/</u> پێش دوعاکردن" دوای بسم اللە، الحمدللە رب العالمین، سەلاٌوات لێدان (اللهم صل علی محمد وعلی ال محمد):**

---

[٧٢]– سەرەتای ساڵی ١٩٩١ تا ١٩٩٦ سەرەڕای ئابلوقەی نێودەوڵەتی بۆ سەر عێراق و کوردستان، عێراقیش تاك لایەنە ئابلوقەی ئابووری خستبووە سەر هەرێمی کوردستان.

***ئیمامی عەلی (ﷺ) دەڵێت: "هیچ دوعایەك نییە ئیللا لەنێوان خۆی و خودا بەربەست و پەردەیەك هەیە، ئەو دوعایە بەرز نابێتەوە تاوەکو سەڵاوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) لیٚ نەدات. کەی سەڵاواتی لێدا، ئەوا ئەو دوعایە بەرز دەبێتەوە، ئەو بەربەست و پەردەیە نامێنێت".**

**لە(فضالة بن عبید)(ﷺ)ەوە دەڵێت: "پێغەمبەر(ﷺ) گوێی لە پیاوێك بوو لە نوێژەکەی (بەواتایەکی دیکە لە کۆتایی نوێژەکەی یان دواتر) دوعای دەکردو سەڵاواتی لەسەر لیٚ نەدەدا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەو پیاوە پەلەی کرد، پاشان بانگی کرد، بەئەو و ئەوانیتری وت: ئەگەر هەر یەکێك لە ئێوە نوێژی کرد، با بەسوپاس و ستایشی خوا دەست پیٚ بکات، پاشان ئەوەی دەیەویٚ با دوعا بکات[٧٣]".**

**دەبیٚ دەسپێکی هەموو ئیش و کارێکمان بە ناوی خواو سوپاس و ستایشی خوای پەروەردگار بێت و لە تەکدا سەڵاواتدان لەسەر گیانی پاکی سەروەری مرۆڤایەتی ماناو مەدلولی خۆی هەیە.**

***پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمویٚ: (زۆر سەڵاواتم لەسەر بدەن، چونکە خودای گەورە لای گۆڕەکەم فریشتەیەکی بۆم راسپاردووە، هەر کاتیٚ کەسێك لە ئوممەتەکەم سەڵاواتم لەسەر بدات، ئەوا فریشتەیەك دەڵیٚ: ئەی محەمەد(ﷺ) فلانی کوڕی فلان لەم کاتەدا سەڵاواتی لەسەر تۆدا) [٧٤].**

**هەروەها لە ریوایەتێکی تردا دەفەرمویٚ: (رۆژی قیامەت لەپێشترین کەس لە منەوە شیاوی شەفاعەت و تکاکارم بێت، ئەو کەسانەن زۆر سەڵاواتم**

---

[٧٣]- عن فضالة بن عبيد (رضي الله عنه)قال: (سمع النبي(ﷺ) رَجُلاً يَدعُو فِي صَلاتِهِ فَلَم يَصِل عَلَيهِ فَقالَ النَّبِي(ﷺ) عَجِّل هَذا ثُمَّ دَعاه فَقالَ لَهُ وَ لِغَيرِهِ اِذا صَلّى أَحَدكُم فَلِيَبَدأ بِتَحميدِ الله تَعالى وَالثَّناء عَليهِ ثُمَّ لِيَصل عَلى النَّبي ثُمَّ لِيَدع بِمَا شَاء). "قال في التاج رواه أصحاب السنن بسند صحيح".

في صلاته: أي في آخر صلاته أو بعدها– عون المعبود، ج٤/٢٠٨ حديث رقم/١٤٧٨ نفس الحديث.

[٧٤]–(أكثروا الصلاة علي فاِنَّ اللّه وكِّلّ بي مَلَكاً عِندَ قَبري فاذا صلى عليّ رجلٌ من أُمَّتي قالَ لي ذلكَ المَلك: يا محمد(ﷺ) انَّ فلان بن فلان صلى عَلَيك الساعة) صحيح الجامع: ١٢٠٧

لەسەر لیٚ دەدەن) [٧٥].

رەزیلی لەوە گەورەتر نییە کە بەرامبەر چەند وشەیەك بیٚ موبالات بین و کەمتەرخەمی بنویٚنین، وەکو پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمویٚ: (الْبخِيلُ مَنْ ذُكِرْتُ عِنْدَهُ، فَلَم يُصَلِّ علَيَّ.)[٧٦] واتە: "رەزیل و بەخیل ئەو کەسەیە کە ناوم ناوم لەلایدا بهیٚندریٚ، کەچی سەلاٚواتم لەسەر لیٚ نادات".

کەواتە بۆ ئەوەی زمانمان بەسەلاٚواتدان پاراو بکەین و گەروی وشکمان بەو زیکرە تەڕ بکەین، دەبیٚ بزانین سوودەکانی سەلاٚواتدان گەلیٚ زۆرە، لەوانە:

*سەلاٚواتدان جگە لەوەی جیٚ بەجیٚکردنی فەرمانی خوای پەروەردگارە، لابەری غەم و پەژارەیە، مرۆڤ لەم ڕیٚیەوە ریٚگای بەهەشت ون ناکات و بەو سەفەرە دڵخۆش دەبیٚ و هەست بە ئارامی دەکات. لەهەمان کات بە هۆی سەلاٚواتەوە خیٚرو پاداشتی زۆری پیٚ دەگا و لە رۆژی دوایی دەکەویٚتە بەر شەفاعەت و تکاکاری پیٚغەمبەری نازدار(ﷺ) وەك خوای گەورە لای فریشتەکان باسی دەکات، بەمەیش بەهەر سەلاٚواتیٚك دە چاکەی بۆ دەنووسریٚ و دە خراپەی بۆ رەش دەکریٚتەوەو دە پلەی بەرز دەبیٚتەوە.

**هەشتەم/ هەر شتیٚکی داوا کرد، سیٚ جار داوای بکات:**

( فَعن عبدُالله (رضي الله عنه)أنَّ رسُولُ الله (ﷺ)كانَ يَعجِبه أن يَدعُو ثَلاثاً)[٧٧]

چەند جارەی داواکردن ئاماژەیە بۆ پەرۆشی و سووڕبوون و مکوڕ بوون لەسەر داخوازیەکان. ئاخر چۆن دوعا کردن بە ساردو سڕی جیٚی خۆی دەگریٚ لەکاتیٚکدا تۆ بەرامبەر زاتیٚك وەستاویت و داوا لە زاتیٚك دەکەی کە هیچ شتیٚك لای ئەو، مەحاڵ نییە.

---

[٧٥]-(انَّ أولَى النَّاسِ بِي يَومِ القِيامَةِ أكثرهُم عَلى صَلاة). صحيح الترغيب و الترهيب/١٦٦٨

[٧٦] - رواهُ الترمذي برقم/١٤٠٣ وقالَ: حديثٌ حسنٌ صحيحٌ

[٧٧] - رواه ابوداود بسند صحيح

**<u>نۆیەم/</u> بەناوە جوانەکانی خوا داوا بکا و سەرەتا بۆ خۆی داوا بکات:**
**موسڵمان لەسەرەتای دەستپێکردنی گشت حاڵ و کاروبارێکی ژیانیدا، دەڵێت:** (بِسمِ اللّه) **"بەناوی خوا"**[٧٨].

**پێغەمبەر** (ﷺ) **دەفەرمویێت:** (كلُّ أمرٍ ذي بالٍ لا يبدأُ فيهِ ببسمِ اللَّهِ الرَّحمنِ الرَّحيمِ فَهوَ أقطعُ)[٧٩] **واتە:"هەموو کارێك کە چۆنیەتی هەبێ یاخود گرنگ بێ، بەناوی خواوە دەستی پێ نەکرێ، کەم فەڕە".**

﴿ وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَـٰٓئِهِۦ ۚ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾ الأعراف: ١٨٠ **واتە: "خوای گەورە چەندەها ناوی بەرزو جوانی هەیە، جا ئێوە بەم ناوانەوە لەخوا بپاڕێنەوە".**

**پێغەمبەری خوا**(ﷺ) **دەفەرمویێت:.** (**أسألُكَ بِكُلِّ اسمٍ هُوَ لَك سمِيّت بِهِ نَفسك**) صحيح، رواه أحمد. **واتە: "خوایە من داوات لێ دەکەم بەهەموو ناوێك کە هی تۆیەو ناوی خۆتت پێ ناوە".**

**لە فەرموودەیەکی دیکەدا هاتووە: ( ان لله تسع و تسعين اسماء من احصاها دخل الجنة ) واتە: "خوای گەورە نەوەدو نۆ ناوی هەیە، هەر کەسێك لەبەری بکات و ماناکەی بزانێ و بڕوای پێی هەبێت و خۆی بە**

---

[٧٨]- **أن النبي(ﷺ)سمع رجلا يقول: (اللهم لك الحمد، لا اله الا أنت وحدك لا شريك لك، المنان، بديع السموات و الارض، ذا الجلال والاكرام) فقال النبي(ﷺ): (لقد سألت الله باسم الله الاعظم، الذي اذا دعيَ به أجاب، واذا سئل به أعطى). (الصحيحه: ٣٤١١) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێی لێبوو کابرایەك دەیگوت: " خودایە، سوپاس وستایش تەنها بۆ تۆیە، هیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێت جگە لە تۆ، تەنها و بێ هاوەڵیت، خاوەنی منەت و فەزڵی، هەر تۆ بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویت، هەر تۆ خاوەنی پایەبەرزی و شکۆمەندی و ڕێزیت" پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: تۆ داوات لە خوا کرد بەناوە مەزنەکەیەوە (الاسم الاعظم) ئەو ناوەی کە ئەگەر پێی بپاڕێیتەوە ئەوا وەڵام دەدرێیتەوەو ئەگەر داوای پێ بکەیت، ئەوا دەتدرێتێ.**

[٧٩]- **أخرجه أبو داود (٤٨٤٠)، والنسائي في ((السنن الكبرى)) (١٠٣٢٨)، وابن ماجه (١٨٩٤) باختلاف يسير، وأحمد (٨٧١٢) بنحوه.**

**ماناكەی بڕازێنێتەوە، دەچێتە بەهەشت"** [٨٠].

---

[٨٠]- ناوەكان: (**الرحمن**):بەبەزەیی، بەزەییەكەی هەموو شتێكی گرتۆتەوە (**الرحيم**):بەخشندە، تایبەت بە ئیمانداران لە رۆژی دوایی (**الملك**): پاشا:پاشای هەموو پاشایانەو دەستی بەسەر هەموویاندا دەڕوات (**القدوس**):پاك وبێگەرد لە هەموو عەیب و ناتەواویەك كە بە ئەقڵ دادێت ونایەت (**السلام**):بێ عەیب، بێ پەڵە، وە بڵاوكەرەوەی ئاشتی (**المؤمن**):دڵنیاكەری دۆستەكانی لە سزا، بە راستدانەری بەڵێنەكەی بۆ بەندەكانی (**المهيمن**):زاڵ و بەسەر راگەیشتوو (**العزيز**):زاڵ، دەسەڵاتدار (**الجبار**):باڵادەست (المتكبر) گەورەیی و بەرزیی، خاوەنی هەموو گەورەیی وبەرزییەك (**الخالق**):بنیاتنەر، دروستكار لە نەبوونەوە (**الباريء**):بەدیهێنەری **جوانكاری** (**المصور**):وێنەكێش، وێنەكێشەری هەموو دروستكراوان هەریەكەو لەسەر شێوەیەك (**الغفار**):لێبوردە، لێخۆشبووی تەنیاو پۆشەری عەیبە (**القهار**):گەردن كەچكەر بەتوانای خۆی (**الوهاب**):زۆر بەخشەر، دیاریی و بەخشش دەدات (**الرزاق**):رۆزیدەر ی هەموو زیندەوەر(**الفتاح**):دەروكەرەوەو ئاسانكەر (**العليم**):زانا بەهەموو دروستكراوان و نهێنیەكانیان (**القابض**):رۆزی لێگرەوە، وێكهێنەر (**الباسط**):رۆزی بۆ فراوانكەر (**الخافظ**):نزمی ودابەزین و كەمكردن، نەویكار (**الرافع**): بەرزی و بڵندی، بەرزكەرەوەی نزمەكانەو راگیری بەرزەكانە، بەرزكەرەوە (**المعز**):عیزەتبەخش و هێزبەدیهێنەر (**المذل**):سەرشۆڕكەرو زەلیلكەری دوژمنانیەتی، ملپێكەچكار (**السميع**):بیسەر، بیستن و گوێ لێ بوون، بیسەری بێ سنوورە بەجۆرێ كە گوێی لەهەموو دەنگێكە (**البصير**):دیتن و بینین، بینەر بەهەموو دروستكراوەكانی لەیەككات و ساتدا (**الحكم**):فەرمانڕەوا، حوكمڕان لەنێوان هەق وباتڵ (**العدل**): دادگەر، دادپەروەری بێ سنوورو هاوتایە (**اللطيف**):**چاكەكەری پەنهان،** وردبین، نەرم و چاكەكەر لەگەڵ دروستكراوان (**الخبير**):شارەزا، بەوردەكاری شتەكان و ئەوەی بووەو نەبووەو دەبێ و نابێ (**الحليم**):هێدی، ئارام و پاشخەری سزای رۆزی دەری سەرپێچیكەر (**الغفور**):لێخۆش بوو، لێبوردە، گوناە پۆش (**العظيم**):مەزنایەتی بێ كۆتا، گەورە، لەهەموو گەورەیەك گەورەتر (**الشكور**):سوپاسگوزاری سوپاسكەری بەندەكانی بە لێخۆشبوونیان (**العلي**):بەرزو بڵند، بێ وێنە لە بەرزی و بڵندی (**الكبير**):گەورە، گەورەی بێ كۆتا لە گەورەیی دا (**الحفيظ**):پارێزەر، چاودێریو پاراستن، پارێزەری بەندەكانیەتی (**المقيت**):نارەزایی ورق وقینە، زۆر رقی دەبێتەوە لەنادروستی و نابەجێی و ناشیرینی و تاوانباری (**الحسيب**):لێپرسەرەوە، ژمێریارو لێپرسەرەوە (**الجليل**):پەروەردگارێكی زۆر گەورەو بەقەدرو رێزە بێ ئەوەی كەم و كوڕیەكی تێدابێ، سیفەتبەرز (**الكريم**):بەڕێز، بەخشش، زۆر بەخشش دەدات بە بەدیهێنراوانی و رێزیان لێ دەگرێ (**الرقيب**):چاودێری و ئاگاداربوون (**المجيب**):وەڵامی پاڕانەوە دەداتەوە بەبەخشین،وەڵامدەرەوەی هەموو پرس و داخوازیەك (**الواسع**): فراوان، رۆزیدانی هەموو دروستكراوەكانی گرتووەتەوەو بەزەییەكەی هەموو شتێكی داپۆشیوە (**الحكيم**):كاربەجێ و لێزان، زۆر دانایە بەهەموو كارو فەرمانەكانی (**الودود**):خۆشویستراو، سۆزوخۆشەویستی، سۆزوخۆشەویستی زۆرە بەرامبەر بە

گرنگـی ئـەم فـەرمووده لەوەدایـە خۆمـان بـە نـاوه پیرۆزەکـانی خـوای پەروەردگار بڕازێنینەوه، کە وتمان: یارزاق، ئەوه دەبێ لە ژیانمان رەنگ بداتـەوه کەتـەنها خـوا رۆزیـدەرو رزقـی مـرۆڤ دەدات، وانـەزانین ئەگـەر فلان بەرپرس یان فیسار کەس مووچەی پێ نـەداین، یا مووچـەکەی بڕین، ئـەوه ژیانمان دەکەوێتە مەترسی و لە برسان دەمرین!!

کـە وتمـان: یاشـافی، ئـەوه دەبـێ لـە ژیانمـان رەنـگ بداتـەوه کەتـەنها خـوا شیفادەری نەخۆشـەو دکتـۆر هۆکـارو وەسـیلەیە، نـەك وابـزانین ئەگـەر ئـەو دکتۆره نەبوایە ئەوه دەمردین، مردن لای خـوا کـاتی دیـاریکراوی هەیـە، نـە

---

مەخلوقەکانی (**المجيد**):پایەبەرز، بەرزی و بڵندی، رێزدار (**الباعث**):زیندوکەرەوەو ژێنەرو نێرەرو گۆڕەوی سەرجەم دروستکراوەکانیەتی (**الشهيد**): شایەتی و گەواهیدان و ئاگادار (**الحق**):راست و رەواو هەق (**الوكيل**):پشت و پەنا، پێ سپاردن و دانە دەست، کار پێسپێردراو (**القوي**):هێزو دەسەلأت، بەتوانا بەسەر هەموو توانایەکدا (**المتين**):پتەوی و بەهێزی، بەهێزی بێ نیاز بەهاوتا (**الولي**): دۆست، سەرخەرو دۆستی گوێرایەڵیکەرانی، یاریدەدەر (**الحميد**): سوپاسکراو، شایستەی سوپاس (**المحصي**):ژمێرەرو سەرژمێری، سەرژمێری هەموو شتێکە جا هەر کارو کردەوەیەك بێت (**المبدىء**):بیدایەت و سەرەتا، سەرەتای بەدیهێنانی هەموو شتێك، پەیداکار (**المعيد**): گەڕانەوە، گێڕەرەوە، زیندووکەرەوە (**المحي**):ژییەنەر، زیندەگی و ژیان، ژیان بەخش (**المميت**):مرێنەر، مردن و گیان دەرچوون، مرێنەری هەموو گیانلەبەرانە (**الحي**):ژیان و مانەوەو زیندوو، زیندووی بێ سەرەتاو کۆتایی (**القيوم**):راوەستاو و راگر، واتە: راگری ئاسمان و زەوی وئەوەی لە نێویشیاندایە (**الواجد**):هەبوو (**الماجد**):خاوەن پایەی مەزن (**الواحد**):یەك (**الاحد**):تاك، تەنیا (**الصمد**):جێی نیازو بێ نیاز (**القادر**):تواناادار (**المقتدر**):خاوەن سەرچاوەی توانا (**المقدم**):پێشخەر (**المؤخر**):دواخەر (**الاول**):یەکەمین (**الآخر**):دوایەمین (**الظاهر**):ئاشکرا (**الباطن**):شاراوە (**الوالي**):سەرپەرشتیکار (**المتعال**):زۆر بەرز(**البر**):چاکەکار(**التواب**):تۆبەوەرگر(المنتقم)تۆڵەسێن (**العفو**):لێبوردە،چاوپۆشیکار (**الرؤوف**):میهرەبان (**مالك الملك**):خاوەن مولك (**ذوالجلال والاكرام**):خاوەن پایەی بەرزو رێز (**المقسط**):دادپەروەر (**الجامع**):کۆکەرەوە (**الغني**):دەوڵەمەند (**المغني**):دەوڵەمەندکار (**المانع**):بەرگر (**الضار**):زیانگەیەن بە دوژمن (**النافع**):سودگەیەن بە خۆشەویستانی (**النور**):رووناکی (**الهادي**):رێپیشاندەر (**البديع**):داهێنەر (**الباقي**):هەرماو (**الوارث**):میراتگر (**الرشيد**):کارزان (**الصبور**):ئارامگر.

هەندێ لە زانایان دەفەرموون: خوای گەورە هەر ئەو نەوەد و نۆ ناوەی نییە، بەڵکو زیاتر لە ١٥٠ ناویان لە قورئان و سوننەت هێناوە.

کەم دەکات و نە زیاد، تەنانەت هەموو مرۆڤایەتی ناتوانن ئەجەلی مرۆڤ پێش و پاش بێخن و بۆ هەموو ناوەکانی تریش، شێوەو ناوەڕۆکی خۆی (هەمان ئەوەی پێش خۆی)راستە.

***کاك " شەعبان عەلی" گێڕایەوە، وتی:**

لە دەڤەری بادینان گەنجێك لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێ و هیچ گومانێك بۆ لەسێدارەنەدانی نامێنێتەوە، هەفتەیەك پێش جێ بەجێکردنی فەرمانەکە، (سەدام حوسێن) سەرۆك کۆماری ئەو کاتەی عێراق، بەسەردانێکی چاوەڕوان نەکراو دێتە کوردستان و سەردانی گوندێکی ئەو سنوورە دەکات و تاویێ دوان لەیەك لەماڵەکانی ئەو گوندە دەمێنێتەوەو دوای هەستان، بەخاوەن ماڵ دەڵێ: چیتان دەوێ بۆتانی بکەم؟ دایکی کوڕەکە پێیدەڵێ: داواکاریەکم هەیە ئەویش ئەوەیە کوڕێکم فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە، ئەگەر لێی خۆش بن و نەهێڵن لەسێدارەی بدەن.

ئەویش پێی دەڵێ: ئەگەر تا ئێستا لەسێدارە نەدرابێ، ئەوە وادەکەم لەم یەك دوو رۆژە بێتەوە ناوتان.

ناوی کوڕەکەی وەردەگرن و دوای یەك دوو ڕۆژ، کوڕەکەیان بەساغ و سەلامەتی دەگەڕێتەوە.

ئەوە کاری خوایە، ئەگەر خوای پەروەردگار یەکێك نەکوژێ، هەموو دونیا کۆبێتەوە بیانەوێ زیانی پێ بگەیەنن، ناتوانن، ئەگینا چۆن سەرۆك کۆمارێك لەو هەموو گوندە، کۆپتەرەکەی لەو گوندە دەنیشێتەوە و لەو هەموو ماڵەی ئەو گوندە لەدەرگای ئەو ماڵە دەدات کە کوڕەکەیان فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە؟[٨١]

---

[٨١]-ببە هاوڕێی قورئان- ئا: شاخەوان عەلی، چ١،چاپخانەی رۆشنبیری،٢٠١٨، ل٥١

مرۆڤ کە خوای خۆی بەهەق ناسی، باوەڕی جەزم بوو، دەبێ دوعاکانی بەناوە جوان و سیفەتە بەرزەکانی خوای پەروەردگار بڕازێنێتەوە، لەکاتی دوعاکردن سەرەتا دوعا بۆ خۆی بکات وەك چۆن پێغەمبەری خوا سەرەتا دوعای بۆ خۆی کردووە ئەوجا دوعا بۆ ماڵ و منداڵ، پاشان بۆ موسڵمانان.

" فَعن أبي بنِ كَعب(رضي الله عنه) قالَ: كانَ رَسُولُ الله (صلى الله عليه وسلم) اذا ذكَر أحداً فَدعا لهُ بَدأ بنفسهِ هذا"[82].

***بەڵگە بۆ هەقیقەتی ریزبەندی دوعاکان لە خۆمانەوە بۆ ماڵ و منداڵ و خێزان، ئەوجا دایك و باوك وخوشك و برا، ئەوجا بۆ ئیمانداران، خوای پەروەردگار رەنگدانەوەی ئەو حاڵەتەی لە سورەتی (ئیبراهیم) ئایەتی (٤١) بەیان کردوە:** (رَبَّنَا اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِلْمُؤْمِنِينَ يَوْمَ يَقُومُ الْحِسَابُ) ابراهيم: ٤١ **واتە:** "پەروەردگارا، لەخۆم و دایك و باوکم و ئیمانداران خۆش ببە، لەو رۆژەدا کە لێپرسینەوە بەرپا دەبێت".

*خوای گەورە ئێمەی دروست کردووە بۆ ئەوەی بیپەرستین: (وما خلقت الجن والانس الا ليعبدون)الذاريات:٥٦ واتە: "جنۆکەو مرۆڤم تەنیا بۆ بەندایەتی کردنم دروستکردوون"

کەواتە بەندایەتی ئەوەیە ئەو شتە بڵێیت و ئەو کارە بکەی کە خوای پەروەردگار پێی خۆشەو دەیەوێ و پێی رازییە ، چونکە بەدیهێنەرو رۆزیدەرمانە، دەمانژێنێ و دەمانمرێنێ، پێویستە لەسەرمان بەرامبەر هەموو ئەو چاکانەی بەچاو دەیبینین، سوپاسگوزاربین و خوای پەروەردگارمان خۆش بووێ و گوێڕایەڵی بین، هەمیشە یادی بکەین و لەیادی نەکەین.

---

[82]–رواه الترمذي. صحيح. برقم/٣٣٨٥

## دەیەم/ بەدڵ بپاڕێتەوە:

(بەدڵ پاڕانەوە) واتە: حزوورو ئامادەبوونی دڵ[٨٣] بەشێوەیەکی دروست لە پاڕانەوەدا.

هەر دڵێك پابەندو پەیوەست نەبێ بە ئازمایشی خوای پەروەردگارو بە نوری ئیمان رۆشن نەبووبێتەوە، ئەوە وەکو تۆپێکی بۆش وایە، لە گۆڕەپانی سەرلێشێواوی و گومڕایی دا هاتوچۆی پێ دەکرێ.

*پیاوێك لە ژنەکەی تووڕە بوو، پێی وت: بەڵێنبێ ژیانت لەسەر گران بکەم، هەرگیز بەختەوەر نەبیت.

ژنەکەی وتی: ناتوانی؟

وتی: چۆن ناتوانم؟

وتی: ئەگەر بەختەوەری لە سامانەکەتبێ، ئەوا لە سامانەکەت بێ بەشت کردم، ئەگەر لە خشل و زێڕو ملوانکەدا بێ بەشت کردم، وەلێ بەختەوەری

---

[٨٣]- دڵ شوێنی بیرکردنەوەو بیرەوەریەکانی ژیانەو مەڵبەندی سەرەکی تێگەیشتن و تێڕامان و لێوردبوونەوەیە، ئەوەش ئەو هەقیقەتەیە کە ١٤٠٠ساڵ پێش ئەمڕۆ قورئان باسی کردووە، تازە بە تازە زانستی سەردەم ئەوە دەسەلمێنێ کە مێشك مەڵبەندی سەرەکی بیرکردنەوە نییە، ئەوە دڵە مرۆڤ ئاڕاستە دەکات.

ساڵی ١٩٦٧ز بۆ یەکەم جار نەشتەرگەری چاندنی دڵ ئەنجامدرا، لەوساوە تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە کە بریتیە لە گۆڕینی دڵی کەسێکی مردوو بەهۆی خۆکوشتن یان هەر رووداوێکەوە بۆ کەسێکی تر کە دڵی تووشی کێشەیەك هاتبێ، لە کاتێکدا دڵی مردووەکە بۆ ماوەیەك دەمێنێتەوەو لەکار ناکەوێت،. جا ئەوەی مەبەستە تیشکی بخەینە سەر، ئەوانەی دڵیان گۆڕیوە، کەسایەتیشیان گۆڕاوە، ئەو کەسە هەڵگری هەر سیفەت و خەسڵەتێك بووبێت، ئەو کەسەی دڵی ئەو مردووەی پێ دەدرێ، هەمان شت پیادە دەکات، نموونەکان زۆرن ئەگەر بمانەوێ ئاماژەیان پێ بدەین، مشتێك نموونەی خەروارێکە، دەگێڕنەوە منداڵێك بەهۆی رووداوێکەوە بەدەستی پیاوێك دەکوژرێ و دوای ئەوەی بە نەشتەرگەری دڵی ئەو منداڵە لەجێی دڵی منداڵێکی نەخۆش دادەنێن، منداڵەکە سەرەتا خەوی ناخۆش دەبینێ و هەستی دەکرد ئەوە کەسێك دەیکوژێ، پزیشکەکان وەسفی پیاوەکەی لێ دەکەن و دوای گەڕان بەدوای ئەو وەسفەی ئەو منداڵە کردبووی، دەرکەوت بکوژی منداڵە کوژراوەکەیە کە دڵەکەی لە دڵی ئەو منداڵە چاندراوە.

له شتێکدایه نه تۆ، نه کەسی تر دەسەڵاتی بەسەردا نییە، من بەختەوەری لە ئیمانی راستەقینە دەبینم، ئیمان لەنێو دڵمدایە، دڵیشم کەس توانای بەسەردا نییە تەنها خوای پەروەردگار نەبێ.

حزوری دڵ و مەرجەکانی بریتییە لە ملکەچی بۆ خواو ترسان لێی و داواکردن هەر لەم و بەردەوام بوون لەسەر دوعاو خشوع و خواردنی حەلال.

* ئیبن عەتای ئەسکەندەری دەڵێت:" دوعا روکن و باڵ و کات و هۆکارە ئەگەردڵی رازی بوو، دەیباتەوە".

بێ ئاگایی جۆرێ لە سەرخۆشی و وڕێنەو خەیاڵکردن لەخۆ دەگرێ .

دڵی بێ ئاگا مانای کەمتەرخەمی و بێ موبالاتی دەگەیەنێ، وەئەگینە قەت بووە بەرامبەر کەسێك بوەستین و بەبێ ئاگایی قسەی لەگەڵ بکەین؟ خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَرَبَطْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُوا فَقَالُوا رَبُّنَا رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَن نَّدْعُوَ مِن دُونِهِ إِلَٰهًا لَّقَدْ قُلْنَا إِذًا شَطَطًا ﴾ الكهف: ١٤

واتە: "ئێمە دڵەکانمان جێگیرو دامەزراو کردو ترسمان تێیدا نەهێشت، کاتێك هەستان و وتیان: پەروەردگاری ئێمە پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوییە، هەرگیز هاناو هاوار بۆ هیچ خوایەکی تر نابەین جگە لەو، ئەگەر لەو راستییە لا بدەین، سوێند بەخوا ئەو کاتە قسەی نابەجێ و نادروستمان کردووە".

*لەپیاوێکی بەساڵاچوویان پرسی: هۆی چییە بەو تەمەنەوە رەنگ و روخسارت ئەوەندە جوانە و بەردەوام دڵ و دەروونت ئارامە؟

لە وەڵامدا وتی: خوایە گیان تۆ ئاگات لە دڵ و دەروونی بەندەکانی خۆتە، دەزانی چ شتێ لەدڵ و دەروونی دایە، تکایە بمببورە ئەگەر بە کردەوەکانم خەڵکێکم بێزار کردبێ، ئەگەر بە وشەیەك دڵم شکاندبێ و ئازارم دابێ، لێرەوە گەردەنی هەموو ئەوانە ئازاد دەکەم ، دەسا تۆش خوایە گیان لەوانە

خۆشبە کە غەیبەتی منیان کردووە، ئازاریان داوم و بەقسەی ئەم و ئەو خۆیان لێ گۆڕیوم و بەخراپم دەزانن. من هەرگیز دوعای خراپ لەکەس ناکەم، هەموو شەوێ کە هەڵدەستمەوە ئیعلانی ئەوە دەکەم گەردنی هەموو خەڵکی ئازادبێ و دوعای خێر بۆ هەمووان دەکەم، خۆ ئەگەر خەمێکی گەورەم هەبوو، ئەوە دەڵێم: (حَسبِيَ اللّهُ لا اِلهَ الاَّ هُوَ عَلَيهِ تَوَكَّلتُ وَ هُوَ رَبُّ العَرشِ العَظيمِ).

**يازدەم/ پاڕانەوە بە سەلاوات لێدان لەسەر پێغەمبەر بەکۆتا بێنێ:**

**واتا: دووبارە وتنەوەی (اللهم صل على محمد وعلى ال محمد).**

**دوازدەم/ پەلەنەکردن لە قبوڵبوونی دوعا:**

دوای تەواو بوونی نزاو پاڕانەوە ، لە قبولێ بوونی دوعاکانی دا، پەلە نەکات.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: **(هەر کامتان داوا لە خوای گەورە بکەن وەلام دەدرێنەوە بەمەرجێ پەلە نەکات و بڵێ: داوام لەخوا کردو وەلامی پاڕانەوەکەمی نەدایەوە).**[٨٤]

خوای پەروەردگار چونکە زاناو دانایە، دەزانێ چ کارێك بۆ ئێمەی بەندە خێری تێدایە، ئەو خێرەمان پێ دەبەخشێ.

زۆر جار مرۆڤ لە پەلە پەلەیی و نەهاتنە دی داواکانی وا گومان دەبات دوعاکانی گیرا نەبووە.

﴿ كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾ البقرة: ٢١٦

**واتە: "ئەی موسڵمانینە! ئێوە غەزاتان لە ڕێگای خوادا لەسەر فەرز کراوە،**

---

[٨٤]-"يستجاب لأحدكم مالم يعجل فيقول دعوتُ فلم يستجب لي" رواه البخاري برقم/٦٣٤٠ و مسلم برقم/٢٧٣٥ .

**ئەگەرچی خۆتان حەزی لێناکەن، جاری وا هەیە ئێوە حەز لە شتێك ناکەن، کەچی ئەو شتە خێری ئێوەی تێدایە. واش دەبێت کە حەزتان لە شتێکە، کەچی ئەو شتە خراپەو زیانی بۆتان تێدایە. ئەمە شتێکە هەر خودا خۆی دەیزانێ، نەك ئێوە، غەزاو جیهادکردن لە ڕێگای خوا لە دنیادا مایەی سەربەرزییەو لە ڕۆژی دوایشدا مایەی شادبوونە بە بەهەشتی ڕازاوە".**

*کابرایەکی خواناس لە گوندێکی لای خۆمان هەبوو، هەر کارێکی خوازراو و نەخوازراوی ببینیایە یا ببیستایە، دەیوت: دەی خێری تێدایەو کەس نازانێ خێرو شەڕ لە چی دایە! بەکڵۆجێ خوو و خدەی بەو وشەیە گرتبوو، لە ناخۆشترین ڕووداو و کارەسات، ئەو قسانەی دووبارە دەکردەوە.

ڕۆژێکیان چەند گەنجێکی ئاوایی کۆدەبنەوە، بیر لەوە دەکەنەوە کابرای خواناس تاقی بکەنەوە بزانن هەر بە ڕاست ئەو کەسەیە ئەوەندە باوەڕی بە قەزاو قەدەری خوا توندوتۆڵ و پتەوە، یا ئەوەتە وەکو خوویەك دەمی بەو وشانە فێر بووەو پێی تەرك ناکرێ؟

کاتێك کابرای خواناس دەچێتە شینایی، گەنجەکان بەخێرایی دەچن تەواوی مەڕوماڵاتەکەی پێش دەدەن و دەیبەنە گوندێکی ئەو نزیکانەو ڕادەستی ناسیاوێکی خۆیان دەکەن و دەگەڕێنەوە. ئەوجا چاوەڕوانی کابرای خواناس دەکەن، کاتێ گەڕایەوە، خۆیان گەیاندێ، پێیان وت: بۆچی مەڕو ماڵاتەکەت فرۆشت؟

ئەویش کە سەیری ناو حەسارەکەی کرد هیچ نەماوە، وتی: من مەڕو ماڵاتی خۆم نەفرۆشتووە، بۆ چی بووە؟ چی قەوماوە؟

وتیان: ئێمە بەچاوی خۆمان بینیمان کابرایەکی نەدی و نەناس هاتە ناو حەسارەکەت، هەموو مەڕو ماڵاتەکەتی دەرکردو پێش خۆی دا، هەرچەندە وتمان: ئەوە ئەو مەڕو ماڵاتە بۆ کوێ دەبەی؟ وتی: ئەو مەڕو ماڵاتە موڵکی خۆمە، بەپارە لەخاوەنەکەیم کڕیوە.

کابرای خواناس خۆی شێڵو نەکرد، رووی کردە گەنجەکان و وتی: دەی خێری تێدایە.
قەدەری خوا وا هاتە پێش، ئەو شەوە چەند چەتەو رێگرێك بەسەر ئەو گوندەیان دادا، هەرچی مەڕو ماڵاتیٚ هەبوو، هەموویان بردو ئەو مەڕو ماڵاتەی مایەوە تەنها هی ئەو خواناسە بوو کە ئەو گەنجانە بۆ تاقیکردنەوەی کابرای خواناس بردبوویانە ئەو گوندەی نزیکیان.
کەواتە گومانبردن هەموو کاتێك باش نییە لەکاتێکدا مرۆڤ نەزانیٚ ناخی ئەو کەسە چی تێدایە! هەمان شت راستە بۆ کەسیٚ بەگومانەوە دوعا بکات.
دەگێڕنەوە: لە گوندێکی بچووکدا، پیرەمێردێکی وێنەکێش هەبوو، وێنەی زۆر جوانی دەکێشا، دواتر بەنرخێکی گران دەیفرۆشتەوە.
رۆژێکیان دانیشتوویەکی هەژاری گوندەکە چووە لای، وتی: تۆ بەم کارە پارەیەکی باشت دەست دەکەویٚ ، بۆچی یارمەتی هەژارانی گوندەکەتی پیٚ نادەی، فەرموو سەیری قەسابی گوندەکە بکە، پارەیەکی ئەوەندە زۆریشی دەست ناکەویٚ، کەچی رۆژانە گۆشت دەبەخشێتە هەژاران و دڵیان خۆش دەکات.
پیرەمێردەکە تەنها زەردەخەنەیەکی بۆ کردو هیچی نەوت، ئەویش بەتووڕەییەوە بەجێی هێشت، رۆیشت بەخەڵکەکەی وت: پیرەمێردی وێنەکێش کەسێکی زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام زۆریش قرچۆك و رەزیلەو بەخشەر نییە.
بەو قسانەی کابرا، خەڵکی گوندی پشتیان لەکابرای وێنەکێش کردو پشتگوێیان خست.
رۆژان هات و چوو، پیرەمێردەکە نەخۆش کەوت و مرد، بەماوەییٚ خەڵکی گوندی تێبینی ئەوەیان کرد قەسابەکە گۆشت بەسەر هەژاران نابەخشێتەوە ، کۆمەڵە خەڵکێك کۆبوونەوە، چوونە لای تا هۆکاری ئەو شتەی لیٚ بپرسن،

قەسـابەکە وتـی: پیرەمێـردە وێنەکێشـەکە  هـەموو مانگێـك بڕێـك پـارەی دەدامـێ بـۆ ئـەوەی گۆشـت بەسـەر هـەژارانی ئـەم گونـدە ببەخشـمەوە، ئـەو مردووە، بۆیە منیش ئەو توانایەم نییەو لە بەخشین وەستاوم.

*دکتـۆرێکیش دەگێڕێتـەوە، دەڵـێ: ڕۆژێکیـان بـۆ سـەفەرێك دەڕۆیشـتم، چوومە گەراج کە سەیارەی خەت بەچوار نەفەر دەڕۆیشت، من لەبەر ئەوەی یەکـەم کـەس بـووم، پێشـەوەم گـرت و دوای ماوەیـەکی زۆر لـە چاوەڕوانی، نەفەرەکانی تر هاتن، لەکاتی بەڕێکەوتن بووین، لە ناکاو کابرایەکی کەتەو زەبەلاحی چوارشانەی بالاّ بەرز هات، زۆر بێ ئەدەبانە دەرگای پێشـەوەی کردەوە کە من لەوێ سوار ببووم و زۆر پەلەم بوو، توند پشتی ملمی گرت و فڕێی دامە خوارەوەو خۆی چووە جێگەکەم و بە شوفێرەکەی وت: دەی بـەڕێ کـەوە. سـەیارەکە بـەڕێ کـەوت، لـەم کاتـەدا ئەگـەر چەك و تفـەنگێکم پێبوایە رەنگە بمکوشتایە چونکە بەغـەدرێکی گـەورەم زانـی. زۆرم خەفـەت خـوارد، بەناچـاری وەسـتام تـا نەفـەریتر پەیـدا بـوو، سـەیارەیەکی تـر هـات، بەڕێکەوتین، لەرێگا بینیمان ئەو سەیارەی پیاوە زەبەلاحەکەی تیا بوو کە منی فڕێ دایە خوارەوە، ئەوە وەرگەڕاوەو هەر هەموویان مردوون، ئینجا لە حیکمـەتی خـوای گـەورە حـاڵی بـووم کـە زۆر شـت هەیـە تـۆ بـەخراپی تێدەگەی، بەگومانەوە سەیری دەکەی، کەچی بە خێر بۆت دەگەڕێتەوە[٨٥].

**<u>تێبینی:</u> سوننەتە ئەو کەسەی دوعا دەکات، کورتترین و جوانترین وشـە دەربـبڕێ و بـەکاری بێنێ، ئەو وشە کورتانەش لەوانەبن کە زۆرترین مانایان هەبێت، نەك وەکو دوعاکەی پـوورە نەخشینی لای خۆمان.[٨٦]**

---

[٨٥] - لە کتێبی "هەندێ لە ئادابەکانی دوعاو هۆکارەکانی گیرابوون/ شورەی موسڵمانان بە زیکرو دوعاکان –نووسینی: سعید علی بن وهف، رێزدار مامۆستا "شوان رابەر"  بەزمانێکی شیرین و پاراو وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، وێڕای ئەم خالأنەی سەرەوە، زیاتر لە خاڵگەلێکی خستۆتە روو، کە دەکرێ خوێنەران بۆ  زانیاری زیاتر بگەڕێنەوە سەر ئەم کتێبە.

[٨٦] – گەلاوێژ ناسیح مەجید– ژمارە (١١١)ی گۆڤاری نواڵەی نوێ/ تشرینی یەکەمی٢٠١٢، ل١٥

✍ دەگێڕنـەوە دوو ژنـی هـەوێی یـەك، تەمـەنێكیان لـە ژیـان بردبـووە سـەر، گەورەو بچووك وەكو ڕێزێك بە (پـوورە) بانگیـان دەكـردن، یـەكێكیان نـاوی پوورە (نەخشین) و ئەویتر ناوی پوورە (ئایش) بوو.

هەرچی پوورە نەخشین بوو گـەلیٚ هـار و هـاج و كـراوە، زۆر بـەدەم و لفت و قسـەزان بـوو، لەتەكـدا پـوورە ئایشـی فـەقیرحالٚ، هێنـدە گێـل بـوو، مێشـی لەدەمی خۆی نەدەكردەوە، بەلاٚم بەوە خۆی خۆشەویست كردبوو بەدەگمەن نەبوایە دەمی قفلٚدراوی هەلٚنەدەپچڕی، ئەمەش وایكردبوو هەمیشە سەنگی خۆی لەدەست نەدات.

زۆر شـتی سـەیر لـەم دوو ژنـە هەوێیـە دەگێڕنـەوە: دەلٚـێن ڕۆژانـە پـوورە نەخشـین و پـوورە ئـایش چـونكە لـە یـەك خـانوو بەیەكـەوە دەژیـان و كـوڕ وكچیان گـەورەو بـەماڵ و مێـرد بـوو تـا ئـەو كاتـە لەسـەر یـەك سـفرە نانیـان دەخـوارد، پێكـەوە دەچـوونە سـەردانی و بـەجۆریٚ دەژیـان، كـەس هەسـتی نەدەكرد ئەم دوانە هەوێی یەكدین.

لەكاتی نوێژكردن هەریەكەیان بەجۆریٚ نوێـژی دادەبەسـتا، پـوورە نەخشـین پـێش ئـەوەی نوێـژ بـەرپا بكـات، بـەپێوە لەسـەر دوو گردەكـە دەوەسـتا، بـە زمانێكی پاراوەوە دەیگوت: خوایە گیان ئەوە پشتم لـە شـەیتانی بەدفـەڕ و نـەفرەتلێكراو كـرد، خوایـە گیـان ئـەوە ڕووم كـردە بـەر قـاپی ڕەحمـەت و بەرەكەتت، بە نیـەتێكی پـاك و بێگـەردەوە بـەرەو ڕووت وەسـتاوم، دەمـەویٚ نوێژ بكەم، ئەوجا نیەتی دێنا و نوێژەكەی دەكرد.

پوور ئایش ئەو قسانەی نەدەزانی، كە دەچووە سەر بـەرماڵ و دووگردەكـە، یەكسەر نیەتی دەهێنا و نوێژەكەی لەتەنیش پوورە نەخشین ئەنجام دەدا.

پوورە نەخشین كاتێك سـەلامی لای ڕاسـت و سـەلامی لای چـەپی دەدایـەوە، بەخشوعەوە دەستی بۆ ئاسمان بـەرز دەكـردەوە، بـەدلٚێكی دامـەزراوەوە چ دوعایەك هەبوایە دەیكرد و سیٚ جار دووبارەی دەكردەوە، دەیـوت: خوایـە

گیان بەرەکەت بخەرە ماڵم، منداڵم، ژیانم، تەندروستیم. خوایە گیان بەناوە بەرزو سیفەتە جوانەکانت لێت دەپاڕێمەوە یارمەتیمان بدەی بۆ جوانکردنی عیبادەتەکانمان. لە وەسوەسەی نەفس و شەڕو فیتنەی شەیتان بمانپارێزی. لە حەسودی و حەسادەت و هەردوو ڕەزیلی بمانپارێزی. دوورمانکەی لە هەموو گومان و گوناحێك، لە هەموونەخۆشی و ناخۆشییەك، یاڕەببی خوایە فیردەوسی ئەعلامان بەنسیب بکەی، بچینە بەهەشت، دوورمان بخەیەوە لە ئاگری دۆزەخ و وەسیلە و فەزیلە بەنسیبی پێغەمبەر بکەیت و ڕەزیلی بەردەستی ئەم و ئەومان نەکەیت و یارمەتیمان بدەی لەسەر زیکرەکانت و ئەو نوێژ و نزایانەی کردم ئەی پەروەردگار لێت دەپاڕێمەوە (**یَا حَيٌّ یُا قُیُّوم- یَا بَدیعُ السَّمواتِ وَالارض- یَا ذَالجَلالِ وَالاکِرام**)هەر هەموویم لیٚ قەبولٚ کەی.

کە دەیویست هەڵسێتەوە، تەماشای پوورە ئایشی دەکرد ئەوە دەمی بەش بۆتەوە، نەدەستی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە، نە لەخوا دەپارێتەوە، بەهەڵپەیەکەوە ڕووی تیٚ دەکرد و پێی دەوت: ئایش گیان، جایز نییە دوای نوێژ نزا نەکەی، دەی دەستەکانت بەرز بکەوە، بزانە چیت بەمێشك دادیٚ ئەو نزایانە بکە.

ئەویش نەیدەزانی لاسایی ئەو بکاتەوە، بۆیە دەستەکانی بەرز دەکردەوە و دەیوت: خوایە گیان لێت دەپاڕێمەوە ئەوەی بۆ پوورە نەخشینت حیساب کردوە، هەر ئەوەش بۆ من حیساب کەی[٨٧].

---

[٨٧]- تێگەیشتن بۆ مرۆڤ شتێکی باشە، نەك هەر لە زەلکاوی بیٚ ئاگایی بخولێتەوە. ڕووداوێکی خۆش هەیە، دەگێڕنەوە: پیرەژنێك دەچێتە خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری، یەکەم ڕۆژ مامۆستا لە دەرسی بیرکاری پرسیاری لی دەکات: دایە گیان٤-٤دەکاتە چەند؟

پیرەژنەکە دەڵێت: کوڕی خۆم نازانم باسی چی دەکەی!

مامۆستاکە دەڵیٚ: دایەگیان یەعنی چوار چواری لیٚ بڕوات، چەندی لیٚ دەمێنێتەوە؟

پیرەژنەکە دەڵێت: جا کوڕی خۆم بۆ لێی دەڕوات؟

# هیچ شتێك قەدەر ناگێڕێتەوە تەنها نزاو پاڕانەوە نەبێت

دڵ و رووکەشی مرۆڤ وەکو یەك نیە. دەتوانی هەر شتێك بتەوێ بە کەسی بەرامبەر ئەنجامی بدەی. بەڵام ناتوانی بەزۆر لەنێو دڵی دا جێگیرو چەسپاوی بکەی، چونکە جگە لەخودی خۆی، کەس ناتوانێ ئەو سنوورە ببڕێ و بچێتە ناوی.

(وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا ۚ أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ)يونس:٩٩ **واتە: "مەردم بەزۆر باوەڕ ناهێنن، ئەگەر پەروەردگارت ویستبای بە زۆر باوەڕ بەخەڵك بێنێ، ئەوا هەرچی لەم زەوییەدایە (ئینس)و (جن) تێکڕا، بە زۆر باوەڕیان دەهێنا، ئاخۆ تۆ-ئەی پێغەمبەر- زۆر لە خەڵك دەکەیت تا بەناچاری باوەڕ بێنن و ببنە بڕوادار؟ دیارە کاری وا ڕەوا نییە".**

***نەمرود: دەسەڵاتێکی زۆردارو ستەمکاری هەبوو، بانگەشەی خوایەتی دەکرد، پێی وابوو هەر خۆی خوایە، بۆیە لەگێڕانەوەی ئەو دیمەنەدا، قورئانی قسەلەجێ گفتوگۆی نێوان نەمرودو ئیبراهیم خەلیلی بەیان کردوە:**

(أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَاجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رَبِّهِ أَنْ آتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا أُحْيِي وَأُمِيتُ)البقرة :٢٥٨ **واتە: ئایا تۆ دیمەنی ئەو کەسە (نەمروود)ت نەبینیوە چۆن لەگەڵ ئیبراهیم سەبارەت بە پەروەردگاری، دەمەقاڵێ و ململانێی دەکرد، وای دەزانی هەر خۆی خوایە، سەرەڕای ئەوەی خوا پاشایەتی و دەسەڵاتی پێدابوو، کەچی ئەو خۆی بەخوا دەزانی، بە عینادییەوە لە ئیبراهیمی پرسی: تۆ پەروەردگارت کێ یە؟**

---

**مامۆستاکە دەڵێت:باشە دایە گیان تۆ لەکوێ دەژی؟**

**پیرەژنەکە دەڵێ: زستان لە شارو لە هاوینیش کە دنیا خۆشبێ دەچمەوە لادێکەی خۆمان.**

**مامۆستاکە دەڵێت: زۆر چاکە ئەگەر لە لادێکەتان چوار مەڕت هەبێ و گورگ هەر چوار مەڕەکەت بخوات، چیت بۆ دەمێنێتەوە؟**

**پیرەژنەکە دەڵێت: وەڵاهی کوڕی خۆم، هەر قازەکانم بۆ دەمێنێتەوە.**

**ئیبراهیم لە وەڵامدا وتی: پەروەردگاری من هەر ئەو زاتەیە کە ژیان دەبەخشێ و دەشمرێنێ، واتە: ژیان و مردن هەر بەدەستی ئەوە. کەچی نەمروود وتی: خۆ منیش کەسانێ دەژێنم و کەسانێکیش دەمرێنم، ئارەزووم لەهەر کەسێك بوو ئەوا دەیکوژم و دەیمرێنم، وە یان چاوپۆشی لێ دەکەم و دەیژێنم، دیارە ئەم وەڵامە هەر لە رووی عینادییەوە بوو، ئەگینا ئەوە وەڵام نەبوو.**

***قاروون: بابایەکی زەنگین و دەوڵەمەند بوو، سەروەت و سامانەکەی ئەوەندە زۆرو زەبەند بوو، لەجیاتی شوکرانە بژێوی خوای پەروەردگار، لێی یاخی بوو، پێی وابوو هەموو ئەوەی هەیەتی، بە زانست و زانیاری و رەنج و ماندووبوونی خۆی پەیدای کردوە، نەك خودا. دەیوت : ئەو ماڵ و سامانەی من هەمە بەهۆی زانیاریی و زانستی خۆمەوە پێم دراوە، واتە: من هەر خۆم شایستەی ئەوەم.** (قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَىٰ عِلْمٍ عِنْدِي)القصص: ٧٨.

***فیرعەون: لووت بەرزی گەیاندبوویە ئاستێکی ئەوتۆ، وای دەزانی دەتوانێ بچێتە ئاسمان، دەمەقاڵێ لەگەڵ پەروەردگاری تەختی مەزن** (العرش العظیم) **بکات، مەسخەرە بە پەروەردگاری مووسا دەکات، فیرعەون دوای وتەکانی پیاوە موسڵمانەکە، ترسی لێ نیشت کە ئەو قسانەی ئەوە تینیان پێ بگات، بۆیە دەڵێ: با موسا تاقی بکەینەوە بزانین راست دەکات، جا لەبەر ئەوە وتی :ئەی هامان! کۆشکێکی بەرزم بۆ دروست بکە بەڵکو بگەمە چەند رێ بازەکان، رێ بازەکانی سەرکەوتن بۆ ئاسمانەکان!! تا لە خوای موسا ئاگادار ببم و ببینم، دیارە بە گاڵتەوە دەڵێ"خوای موسا" بۆیە وتی: هەرچەندە پێم وایە درۆ دەکات کە دەڵێ: خوایەکی تر هەیە.** (وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا هَامَانُ ابْنِ لِي صَرْحًا لَعَلِّي أَبْلُغُ الْأَسْبَابَ)غافر: ٣٦.

*** پێغەمبەری خودا(ﷺ)دەفەرموێت: ( لا يغني حذر من قدر ، وإن الدعاء ينفع مما نزل ومما لم ينزل ، وإن الدعاء ليلقى البلاء فيعتلجان إلى يوم**

**القيامة )**[88]**واتە: "وریایی و خۆپاراستن لە قەدەردا هیچ بایەخێکی نییە، نزاو پاڕانەوە کاریگەری و سوودی هەیە بۆ ئەو شتانە (قەدەرانەی) کە دابەزیون یاخود دانەبەزیون، وە بەلا دادەبەزێ، بەلام نزاو پاڕانەوە پێشی دەگرێت، تا رۆژی قیامەت کێبڕکێ دەکەن".**

***خەلیفەی موسڵمانان (عومەری کوڕی خەتاب)(رضي الله عنه) بەنزاو پاڕانەوە زاڵ دەبوو بەسەر دوژمنەکانی. هەمیشە بە هاوەڵانی دەوت: ئێوە بە زۆریتان سەرناکەون، بەڵکو ئێوە لە ئاسمانەوە سەردەکەون. هەروەها دەیفەرموو: من خەمی قبوڵبوون و وەڵامدانەوەی نزاکانم نییە، بەڵکو خەمی نزاکردنمە چونکە ئەگەر بەکوڵ نزا بکرێت، ئەوا وەڵامدانەوەکەی لەگەڵ خۆیدایە**[89]**.**

***هەروەها لە فەرموودەیەکی دیکەدا، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: ( لا یرد القدر الا الدعاء ولا یزید في العمر الا البر، وان الرجل لیُحرم الرزق بالذنب یُذنبه)**[90]**. واتە: "هیچ شتێك قەدەر ناگێڕێتەوە تەنها نزاو پاڕانەوە نەبێت، وە هیچ شتێك تەمەن درێژ ناکات، تەنها چاکەکردن نەبێت. وە مرۆڤ بەهۆی تاوانەوە لە رزق و رۆزی بێ بەش دەبێت".**[91]

***سەعید نەورەسی دەڵێ: لەوانەیە رابردوو بۆ ئێمە قەدەر بێت، چونکە دەستمان لە دروستکردنیدا نەبووە، بەلام داهاتوو بۆ ئێمە ئەرکە و تەکلیفە**

---

[88]- أخرجه الطبراني ٨٠٠/٢ (٣٣) ، وقال الألباني في صحيح الجامع (٧٧٣٩ )، حسن.

[89] –دەردو تاوان–نووسینی پێشەوا ابن القيم الجوزى، و:م.هیلال عەلی سەنگاوی، چ١، ٢٠٠٩، چاپخانەی رۆژهەلات، ل٤٢

[90]–رواه ابن حبان والحاكم. الترغيب و الترهيب للمنذري، ج٤٧٨/٢ برقم/٢٤٣٥

[91]- (من سأل بالله فأعطوه، ومن استعاذ بالله فأعيذوه، ومن دعاكم فأجيبوه، و من صنع اليكم معروفاً فكافئوه، فان لم تجدوا ما تكافئونه فادعوا له حتى تروا أنكم قد كافأتموه). رواه أبوداود برقم/ ١٦٧٢ و النسائي برقم/ ٨٢/٥ واتە: هەر کەسێك بەناوی خوا داوای لێکردن پێی بدەن، هەر کەسێك بەناوی خوای گەورە پەنای بۆ هێنان پەنای بدەن. هەر کەسێك بانگی کردن وەڵامی بدەنەوە. هەر کەسێك چاکەیەکی لەگەڵ کردن پاداشتی بکەن، خۆ ئەگەر هیچتان دەست نەکەوت بیدەنێ، ئەوا بۆی بپاڕێنەوە تا وا دەزانن پاداشتان کردووە.

چونکە لە ئێستاوە ئێمە دروستی دەکەین.

زەردەشت دەڵێ: مرۆڤ خۆی هۆکاری قەدەری خۆیەتی.

**باوەڕبوون بە قەدر چوار شت دەگرێتەوە:**

١-باوەڕهێنان بەوەی خوای گەورە زانستی بەهەموو شتێ هەیە بە (ئەزەلی و ئەبەدی) بەهوردو درشتییەوە لەناو ئەو شتانەشدا کردەوەی ئینسانەکان. (ئەزەل: بەردەوامی هەبوونێکە لە رابردوەوە کە سەرەتای نەبێت.. ئەبەد: بەردەوامی هەبوونێکە لەداهاتوودا کە نەمانی نەبێت).

٢- باوەڕهێنان بەوەی خوای گەورە سەرجەم زانیارییەکانی دەربارەی ژیان و بوونەوەر لەتەختەی پارێزراو(لوح المحفوظ) تۆمار کردووەو نووسیوە. بۆیە دەوترێ (لوح المحفوظ) چونکە پارێزراوە لە زیادکردن و کەم کردن.

﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَآ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴿٢٢﴾ ﴾ الحديد: ٢٢ واتە:"هیچ زیان و بەڵایەك رووی نەداوە نە لە زەوی و نە لە خودی خۆتاندا ئیللا لە (لوح المحفوظ)دا نووسراوە پێش ئەوەی بەدی بهێنین، بێگومان ئەوە بۆ خوا ئاسانە".

٣-باوەڕهێنان بەوەی هەر شتێك لەم بوونەوەر روو بدات، بەویستی خوا روو دەدات، جا پەیوەست بێت بە فەرمانەکانی خواوە یان پەیوەست بێت بە فەرمانەکانی دروستکراوەکانیەوە[٩٢].

٤-باوەڕهێنان بەوەی هەرچی لەم بوونەوەردایە، بەخۆی و سیفەت و جووڵەیەوە، هەمووی دروستکراوی خوایە، خوا دروستی کردوون، بەکردەوەی ئادەمیزادەکانیشەوە[٩٣].

[٩٢]-خەلیقی قەدەر هەر خوایە، مرۆڤ ناتوانێ یەخەگیریبێ و روو بەرووی قەدەر بێتەوە، بتهۆڤن دەڵێ: ((من دەمەوێ یەخەی چارەنوس بگرم، ئەو ناتوانێ سەری من لە بەرامبەر ژیان بچەمێنێ)). ئەگەر قەدەری خوابێ، وادەتوانێ نەك سەری بەرامبەر ژیان بچەمێنێتەوە، بەڵکو پشتیشی دەشکێنێ!

**لێرەدا چەند پرسیارێك دێتە کایەوە، ئەویش ئەوەیە:-**

**ئایا مرۆڤ بەبێ ویست و خواست و ئارەزووی خۆی بەڕێوە دەچێ؟ ئەو سنوورانە کامەیە کە مرۆڤ لەبەرامبەری دا بەرپرسە؟ قەزاو قەدەر چ رۆڵێك لەهەڵس و کەوت و کردەوەکانی دەگێڕێ؟**

**بۆ بەرسڤ و وەڵامی ئەو پرسیارانە، لێرەدا چەند بۆچوونێك سەرهەڵدەدات، هەر یەکە بە پاساوێکەوە گوزارشت لەو قەدەرە دەکات:**

**بۆچوونی یەکەم دەڵێت:**

***ئەگەر پێمان وابێ لە ئەزەلەوە لە قەدەری هەر یەکێکمان شتێك نووسرابێ و دەبێ ئەو شتە روو بدات، ئیتر چ حەوجە بەوەیە نزا بکەین و بپاڕێینەوە؟ دیسان ئەگەر پێویست بەوە نەکات بپاڕێینەوە لەکاتێکدا لە قەدەرماندا شتێکی باش نووسرابێ، کەواتە دوعا هیچ سوودێکی نییەو مانای وازهێنان و دەست بەرداربوونمانە لە نزاو پاڕانەوە. کەواتە نزاو پاڕانەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر رووداوەکان نییە و داواکارییەکان جێ بەجێ نابن." بەو پێیەبێ نزاو پاڕانەوە شتێکی زیادو بێ سوودە، هیچ لەو قەدەرە ناگۆڕێ "**

***کابرایەك دزی کردبوو، هێنایانە لای خەلیفەی موسڵمانان (عومەری کوڕی خەتاب) (رضي الله عنه)، ئیمامی عومەر لێی پرسی: بۆچی دزی دەکەی؟**

**وتی: بۆیە دزی دەکەم چونکە لە ئەزەلەوە بۆم نووسراوە دزی بکەم.**

**ئیمامی عومەر وەڵامی دایەوە، وتی: کە تۆ لە ئەزەلەوە بۆت نووسرابێ دزی بکەی، ئەوە منیش لە ئەزەلەوە بۆم نووسراوە دەستت ببڕم.**

**بۆچوونی دووەم دەڵێت:**

**باوەڕمان بە قەدەر هەیە و هۆکارەکان(الاسباب) رەت دەکەینەوە. بۆ نموونە**

---

[٩٣]- کتێبی فەرمووده (صحیح)ەکانی پێغەمبەر(ﷺ) نووسینی: عبدالحکیم حسن نانەکەلی، چ٣ ،٢٠١٧ز ،ل٣٣-٣٤

ئەگەر لەقەدەری من  نووسرابێ هەر بەتێری دەژێم، ئیتر نان بخۆم و نەخۆم، برسیم نابێت، وەك چۆن نووسرابێ كە بچمە لای خێزانەكەم یان نا ئەوا منداڵمان دەبێت، یان شەڕ بكەم و نەكەم ئەزیەتم پێ ناگات و تووشی مەینەتی نایەم...هتد.

ئەوانە، هۆكارو فاكتەرەكان رەت دەكەنەوە، پێیان وایە هەر كەسێك لە قەدەری نووسرابێ دەردو مەینەتی و هەژاری نابینێ، ئیدی تا ئەو رۆژەی دەمرێ، هەر بەتێری دەژێت، ئیتر نان بخوات و نەخوات، برسی نابێت. پەیڕەوانی ئەم بۆچوونە ئەوە ناشارنەوە كە چەند شتێك هەیە مرۆڤ لەبەرامبەری دەستەوسانەو هیچ دەسەلاَتێكی بەرامبەر نییە وەك لەدایك بوون ، ژیان و مردن، بەڵگەی حاشا هەڵنەگر بۆ ئەو شتانە، نموونە بە ئایەتە پیرۆزەكانی قورئانی قسە لە جێ  دەهێننەوە:

أ: (هُوَ الَّذِي يُصَوِّرُكُمْ فِي الْأَرْحَامِ كَيْفَ يَشَاءُ)ال عمران:٦  واتە: "تەنها ئەوە، بتوانێ لە منداڵدانی دایكتاندا هەرچۆنێ حەز بكات، نەخشەی سەرو سیماو بیچمتان بكێشێ: یەكێ رەش، یەكێ سپی پێست، یەكێ نێر، یەكێ مێ، یەكێ بالاَ بەرز، یەكێ كورتە بالاَ، واتە: بەئارەزووی خۆی نەخشە دادەڕێژێ و گەلاَڵەی هەموو شتێ دەكات".

ب: (اللَّهُ الَّذِي خَلَقَكُمْ ثُمَّ رَزَقَكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُم)الانعام:٤٦ واتە: "خوا ئەو زاتەیە كە دروستی كردوون و پاشان رزق و رۆزی پێ بەخشیون (ئاو و هەواو خۆرو خاك و هۆكارەكانی بەدەستهێنانی سامان بەشێكن لە بەخششەكانی) لە دوایدا دەتانمرێنێ، پاشان زیندووتان دەكاتەوە".

ج: (قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ أَخَذَ اللَّهُ سَمْعَكُمْ وَأَبْصَارَكُمْ وَخَتَمَ عَلَىٰ قُلُوبِكُمْ مَنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُمْ بِهِ) الانعام: ٤٦ واتە: "ئەی موحەممەد(ﷺ) بەو بێ باوەڕانە بڵێ: هەواڵم بدەنێ ئەگەر خوا ئەندامی بیستن و بینینتان لێ وەربگرێتەوەو مۆر

بنێ بەسەر دڵەکانتان، ئایا خوایەك هەیە جگە لە "الله" ئەو ئەندامەتان بۆ بهێنێتەوە؟"

کەواتە: نزاو پاڕانەوە لەڕووی پەرستنەوە خوای گەورە پاداشتی لەسەر دەداتەوە بەڵام هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی نییە لەسەر رووداوەکان و داواکان جێ بەجێ نابن، ئەوەشیان چی وا کەمتر نیە لە بۆچوونی یەکەم ، وەکو ئەوە وایە نزاو پاڕانەوە بوونی نەبێت.

بۆیە"هەستکردنی مرۆڤ کە هەموو کاروبارێك بەخواستی خودا بەڕێوە دەچێ، جا چ کردەوەیەك بکات یان نا، بیەوێ یا نەیەوێ، ئەمەیش رەنگە لە کۆتایی دا مرۆڤ وا لێبکات تێکڕا واز لە کردەوەکانی بێنێ وەك بێ هیواییەك لەوەی کردەوەکانی کاریگەریان بەسەر رەوتی رووداوەکانەوە هەبێت، یان وەك رژدی کردنێك بەو هەوڵ و ماندووبوونەی-کە بە خودی خۆی- ناگاتە ئەنجام![94]"

**بۆچوونی سێیەم دەڵێت:**

باوەڕمان بەهۆکارەکان هەیەو دڵنیاین لەوەی نزاو پاڕانەوە هۆکارێکە قەدەرمان دەگۆڕێ و لەسەر پەرستنی خوای پەروەردگار پاداشت وەردەگرین و شتێکە خوای پەروەردگار بەکڵۆجێ تەرخانی کردووە کە بۆ جێ بەجێ کردنی پێداویستیەکانی مرۆڤ پێویستن.

ئەو قەدەرە پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە ئەویش هۆکار (الاسباب) و رووداوەکانە (المسببات)کە خوا دروستکەری هۆکارو رووداوەکانە، لەوەشدا پێویستە کار بۆرزگاربوونی بکات، نەخۆش دەبێ چارەسەر بکرێ، قوتابی پێویستە بخوێنێ، خنکاو هەوڵ بۆ رزگاربوونی خۆی بدات، دواتر هەموو شتێك بەدەست خوایە.

---

[94] -چەمکانێك دەبێ راست بکرێنەوە- محەمەد قوتب -و: ژیوانی گەلاڵی-چ١-٢٠٠٣ هەولێر- چاپخانەی پەروەردەی هەولێر، ل٣٠٠

**"*لەتاعونی (عەمەواس)، عومەری کوڕی خەتاب(ﷺ)هەواڵی تاعونەکەی زانی، فەرمانی بە سەربازەکاندا بلاْوەی لیْ بکەن، ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەراح (ﷺ)وتی: ئەوە لە قەدەری خوا هەڵدیْی؟ ئیمامی عومەر وتی: بەڵیْ لە قەدەری خوا هەڵدیْم بۆ قەدەری خوا!.**

**ئەم قسەیە دەربڕینێکی راست و ڕەوایە، بەڵگەی ئەوەیە خەلیفەی موسڵمانان زۆر بە قووڵی لە دۆزی قەزاو قەدەر گەیشتووە، تاعونەکە قەدەرێك بوو بۆ سەر خەڵکی، بەلاْم هێشتا تووشی عومەرو لەشکرەکەی نەبووە، بۆیە کارکردن بۆ خۆ پاراستن لیْی، کارێکی واجبە و کاتێك خۆپاراستنەکە دیْتە دی، ئەویش هەر قەدەری خوایە. چونکە قەدەری خوا بە تاعون ریْ لە قەدەری خوا بە رزگاربوون لە تاعون ناگریْ! عومەریش ئەو هۆکارانەی وەرگرت کە پیْی وابوو دەیانگەیەنیْتە دەربازبوون، جا هەر بە قەدەری خوا رزگاریان بوو".**

***کاتێك پرسیار لە پیْغەمبەری خوا(ﷺ) دەکەن ئایا حوشترەکەم ببەستمەوە، یا تەوەکول و پشت بەخوا ببەستم؟**

**پیْغەمەری خوا(ﷺ) لەوەلاْمدا وتی: حوشترەکەت ببەستەوە، ئەوجا پشت بەخوا ببەستە.**

**بە واتایەکی تر:**

**"هەر شتێك لە قەدەر نووسرابیْ، ئەوە بەندە بە هۆکارەکانیەوە، نزاو پاڕانەوە یەکێکە لە هۆکارەکان، جا هەر کاتیْ بەندە دەستی گرت بە هۆکارەکانەوە، ئەوا ئەو قەدەرە روو نادات. بەپیْچەوانەوە، بەنەبوونی هۆکارەکان روو دەدات"**

**هۆکاری تیْری، نانخواردنە، منداڵ خستنەوە چوونە لای هاوسەرە، دروێنە، تۆ چاندنە، هۆکاری چوونە بەهەشت، کرداری چاکەیە و کرداری چوونە دۆزەخیش کرداری خراپەیەو ..هتد.**

نزاو پاڕانەوە لەبەهێزترینی هۆکارەکانن، جا ئەگەر قەدەری کەسێك بەندبێ بەنزاو پاڕانەوە، کەواتە نابێ بوترێ: نزاو پاڕانەوە بێ سوودە، وەکو زۆر کەس دەڵێت: زۆر پاڕاینەوە، هیچمان بەهیچ نەکرد.

*ئەوانە ژیرانە بیر دەکەنەوە، کە دەڵێن: نزاو پاڕانەوە بەڵگەیەکە خوای گەورە تەرخانی کردووە بۆ جێ بەجێ بوونی پێویستیەکان، واتە هەر کاتێك خوای گەورە کەسێکی سەرکەوتوو کرد کە نزاو پاڕانەوە بکات، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە ئەو کارەی بۆ جێ بەجێ بووە، هەروەکو کاتێ هەورێکی رەشی سارد لە زستان دەبینین وەك بەڵگەیەك بۆ بارانبارین. جا کاتێ قەدەری هەر یەکێکمان بە نزاو پاڕانەوە بەند بێت، کەواتە نزاو پاڕانەوە دەبێتە فەرزی کیفایە.

لەئیسپاتی قەدەری خوا: زانیویەتی تەمەنی بەندەکانی لەسەرەتاوە چەندە و لای خۆی نووسیویەتی، نیشانی ئادەمی داوە کە نەوەکانی دوای خۆی تەمەنیان چەندە و هەر مرۆڤێك تەمەنی لەنێوچەوانی خۆی نووسراوە چەندە؟

توانای ئادەم بەسەر ژماردن و ئامارکردندا، سالانی تەمەنی ژماردووەو زانیویەتی چەند لەتەمەنی رۆیشتوەو چەندی ماوە، تەنانەت دەمەقالێی لەگەڵ فریشتەی گیانکێشان کردووە کاتێ ویستوویەتی گیانی بکێشێ، پێش ئەوەی ئەجەلی بێت.

(ان أول من جحد آدمُ، قالها ثلاث مرات، ان اللّه لما خلق آدم مسح على ظهرة فأخرج ذريته فعرضهم عليه فرأى فيهم رجلاً يُزهر فقال: أي ربّ أيّ نبيّ هذا؟ قال: هذا ابنك داود، قال: فكم عمره؟ قال: ستون سنة، قال: أي ربّ زده من عمره، قالا: لا، الا أن تزيدَ أنتَ من عمرك وكان عمرُ آدمُ ألفَ سنة، فقال: أي ربّ زده من عمري فزاده أربعين سنةٍ، و كتب عليه كتاباً و أشهدَ عليه الملائكة، فلما احتُضِر آدم آدم أتته الملائكةُ لتقبضَ روحُه، قال:

**انه بقي من عمري أربعون سنةً، فقالوا: انك جعلتها لابنك داود، قال: أي ربّ ما فعلتُ فأنزل الله عليه الكتاب و أقام البيته ثم أكمل الله لآدم ألف سنةٍ و أكمل لداودَ مائة سنةٍ).[٩٥]**

***عەبدوڵای کوڕی عومەر(رضي الله عنه) دەفەرموێ: سوێند بەوەی گیانی (ابن عمر)ی بەدەستە، ئەگەر هەر یەکێك لەوان بەقەد چیای "ئوحد" زێڕی هەبێت، لەپاشان بیبەخشێتەوە لەڕێی خوا، لێی وەرناگیرێ تاوەکو بڕوا بەقەدەر نەهێنێ، لەپاشان بەڵگەی ئەم فەرموودەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)ی هێنایەوە (الایمان أن تؤمن بالله و ملائکته و کتبه و رسوله و الیوم الاخر و تؤمن بالقدر خیره و شره). واتە: "ئیمان ئەوەیە بڕوات هەبێ بەخواو فریشتەکانی و پەڕتووکەکانی و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی دوایی و باوەڕت هەبێت بە قەدەر بەخێرو شەڕییەوە"[٩٦].**

***پێشەوا (ابن القیم) دەڵێت : (الایمان بالقدر و الرضی به، یذهب عن العبد الهم و الغم)[٩٧] واتە:"باوەڕبوون بە قەدەرو ڕازیبوون پێی، هەموو خەفەت و پەژارەکانی مرۆڤ لا دەبات"**

**وێنەو رووکەشی باوەڕبوون بەو چەمکە بریتیە لە بوونی بڕوا کە هەرچی لەم گەردونەو ژیانی مرۆڤ روو دەدەن، بە قەزاو قەدەری خوایەو لە تێکڕای ئەم گەردوونە پانوپۆڕەداو لە ژیانی مرۆڤیشدا لە قەدەری خوا بترازێ، هیچ شتێکی دی روو نادات، بۆیە کە دەڵێین: دوعا قەدەر دەگۆڕێ، شتەکە ئەوەیە کە خودی ئەو دوعایەی دەیکەین قەدەرە.**

---

[٩٥]- کنزالعمال/ ج٦/٥٣ برقم/١٦١٤٧

[٩٦]--قال ابن عمر(رضي الله عنه): ( والذي نفس ابن عمر بیده لو کان لاحدهم مثل أحد ذهبا ثم انفقه في سبیل الله ما قبله الله منه حتی یؤمن بالقدر، ثم استدل بقول النبي(صلى الله عليه وسلم) الایمان أن تؤمن بالله و ملائکته و کتبه و رسوله و الیوم الاخر و تؤمن باقدر خیره و شره). رواه مسلم.

[٩٧]- مدراج السالکین ٢/٢٦٤

"بیروباوەڕی قەزاو قەدەر بە وێنە ڕاست و دروستەکەی لە ئیسلام، بڕیاری زاڵبوونی سەرتاپاگیری خودا دەدات بەسەر هەموو ئەو شتانەی لە گەردون و لە ژیانی مرۆڤدا ڕوو دەدەن و لەهەمان کات کاریگەرێتی مرۆڤ و کردەوە و وەرگرتنی هۆکارەکانیش ناسڕێتەوە".

هەموو هەوڵێکی موسڵمان بۆ دوارۆژ ئەوەیە بچێتە بەهەشت و لە ئاگری دۆزەخ دوور کەوێتەوە. بۆیە پێویستە بەجۆش و خرۆشەوە بەردەوام سێ جار هەموو بەیانیان و ئێوارەیەك داوای بەهەشت و خۆپارێزی لە ئاگری دۆزەخ بکات، بەمەیش بەهەشت و دۆزەخ دەبنە تکاکاری .

عن انس بن مالك رضي الله عنه قال: قال رسول الله (ﷺ): من سأل الله الجنة ثلاث مرات، قالت الجنة: اللهم أدخله الجنة، و من استجار من النار ثلاث مرات، قالت النار: اللهم أجره من النار)[٩٨].

واتە:"هەر کەسێك سێ جار داوای بەهەشت لەخوای گەورە بکات، بەهەشت دەڵێت: خوایە بیخەرە بەهەشتەوە، وە هەر کەسێك سێ جار پەنا بگرێ بەخوای گەورە لە ئاگر، ئاگر دەڵێت: خوایە پەنای بدە لە ئاگر".

* * *

[٩٨] – الترمذي٤ برقم/ ٧٠٠ وابن ماجه ٢/١٤٥٣، و غيرهما، و صححه الالباني في صحيح الترمذي ٢/ ٣١٩ و صحيح النسائي ٣/ ١١٢١

# دوعا بۆ قبوڵ نابێت؟

**"تــەنها یــەك دەســـەڵات هەیـــە، ئــەویش دەســـەڵاتی خوایـــە کـــە بـــێ دڵساردبوونەوە لەئارا دا بێت" –فلۆرانس شین–**

**دنیـاو دوارۆژ وەکـو دوو ڕووی دراوێکـە. ژیـانی دنیـا تایبەتمەنـدی خـۆی هەیەو دوارۆژ تەواوکاری ئەو ژیانەیە. کەواتە با پاڕانەوەمان خۆشنوودی دنیاو وەدەستخستنی ژیانی هەتا هەتایی دوا ڕۆژ بێت.**

**عَن أنَسٍ(رضي الله عنه)،أنَّ رَسولَ اللهِ (ﷺ)، عَادَ رَجُلًا مِنَ المُسْلِمِينَ قدْ خَفَتَ فَصَارَ مِثْلَ الفَرْخِ، فَقالَ له رَسولُ اللهِ (ﷺ): هلْ كُنْتَ تَدْعُو بشيءٍ، أَوْ تَسْأَلُهُ إيَّاهُ؟ قالَ: نَعَمْ، كُنْتُ أَقُولُ: اللَّهُمَّ ما كُنْتَ مُعَاقِبِي به في الآخِرَةِ، فَعَجِّلْهُ لي في الدُّنْيَا، فَقالَ رَسولُ اللهِ (ﷺ): سُبْحَانَ اللهِ لا تُطِيقُهُ، أَوْ لا تَسْتَطِيعُهُ، أَفَلا قُلْتَ: اللَّهُمَّ آتِنَا في الدُّنْيَا حَسَنَةً وفي الآخِرَةِ حَسَنَةً، وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ قالَ: فَدَعَا اللَّهَ له، فَشَفَاهُ[99].**

**واتـە: "پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)چووە سـەردانی نەخۆشـێ کـە هێنـدە لاواز ببـوو وەکـو جووجەڵـەی لێهـاتبوو، پێغەمبـەری خۆشەویسـت(ﷺ) پێـی فەرموو: "ئایا تۆ دوعایەکی تایبەت دەکـەی یان داوای هـیچ شتێك لـە خـوا دەکەی؟ عەرزی کرد: بەڵێ دەڵێم خوایە ئەگەر سزام دەدەی لە قیامەت، ئەوا لەسـەر دونیـا سـزام بـدە بـا لـە قیامـەت نـەمبێ. پێغەمبـەر(ﷺ) فـەرمووی: پـاکی و بێگـەردی بـۆ خـوا، بەرگـەی نـاگری و نـاتوانی لەبەر دەمیدا خـۆت بگری، بۆ ناڵێی خوایە هەم لە دونیا و هەم لە قیامەت خێرو خۆشیمان پـێ ببەخشـەو لـە سـزای ئـاگر بمانپـارێزە؟ پێغەمبـەر دوعـای بـۆ کـردو خـوا شیفای دا".**

**کاتێك دوعا دەکەین، دەڵێین:** (رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ) البقرة:٢٠١ **واتە: "پەروەردگاری ئێمە! داوات لێدەکەین هـەم لـە دونیـادا**

---

[99] - صحيح مسلم، برقم/ ٢٦٨٨

خێرو چاکەمان پێ ببەخشە، ڕۆژی زۆرو لەشساغی و زانست و زانیاری هێزی خواپەرستی و...هتد.. هەم لە دوارۆژیشدا نازو نیعمەتمان بدەری و لەسزای ئاگر بمانپارێزە".

*ڕۆژێکیان ئەبوبەکری سدیق (رضي الله عنه)بەخۆو یاوەرێکیەوە لە کێلگەیەکی دارخورمادا، باڵندەیەکی بینی لە درەختێکەوە بۆ سەر درەختێکی تر دەفڕی. باڵندەکە سەرنجی ڕاکێشا کە لەجێوە دابنیشێ و دەست بەگریان بکات، سەرەڕای ئەوەی بەو بیروباوەڕە پتەوەی هەیبوو، هەر لەسەر دونیا مژدەی بەهەشتی پێدرابوو ، کەچی هێشتا لە عەقیدەو بیرو باوەڕەکەی دەترساو لێی بەگومان بوو. هاوەڵەکە لێی پرسی: ئەی خەلیفەی پێغەمبەری خوا ئەوە بۆ دەگری؟

وتی: من بۆ ئەو باڵندەیە دەگریم، وا لە درەختێکەوە بۆ سەر درەختێکی دیکە دەفڕێ و دێ و دەچێ و لەم چڵ بۆ ئەو چڵ باز دەدات و ئینجا دواجار کە دەمرێ ، نە لێپرسینەوەی لەسەرەو نە سزا دەدرێ، خۆزگە منیش باڵندە بوومایە!!.

-بۆ ئەوەی لەخوا نزیك ببینەوە، دەبێ کاری چاکە ئەنجام بدەین، دەست بە سوننەتەکانەوە بگرین و بۆ سەلماندنی دڵسۆزی، هەر داوایەکمان هەبوو، دەبێ داوا لە خوا بکەین.

**هەشت شت هەیە لە ژیانی ڕۆژانە ئەنجامی بدەیت، سوودت پێ دەگەیەنێ:**

١-نوێژ لەکاتی خۆی بکە، تا دڵ خۆش بیت.

٢-شەونوێژ بکە، تا ڕووت ڕووناك بێت.

٣- قورئان بخوێنە، تا ئارام و لەسەرخۆ بیت.

٤-بەڕۆژووبە، تا تەندروست بیت.

٥-دوعا بکە، تا خەمەکانت بڕەوێتەوە.

٦-بڵێ (لا حول ولا قوه الا بالله) تا نەهامەتیت نەمێنێ.

٧–سەلاْوات لەسەر پێغەمبەر لیْ بدە، تا بەرەكەتت هەبیْ.

٨–(استغفرالله) بكە تا ئازاد بیت.

لە "مستدرك"ی حاكم هاتووە، لە فەرموودەی "أبی هریرە(رضي الله عنه)" پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویْ:" (ادْعُوا اللَّهَ وَأَنْتُمْ مُوقِنُونَ بِالْإِجَابَةِ ، وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ لَا يَسْتَجِيبُ دُعَاءً مِنْ قَلْبٍ غَافِلٍ لَاهٍ )[١٠٠] واتە: "بپاڕێنەوە، داوا لەخوا بكەن بەشێوەیەك كە تەواو دڵنیابن لەوەلاْمدانەوەو پەسەندبوونی، وە باش بزانن خوای گەورە پاڕانەوەو نزای كەسێك پەسەندو وەلاْم ناداتەوە كە دڵ و دەروونی بیْ ئاگابێت لەخوای گەورە".

*لە كتێبی(الزهد)ی عبدالله كوڕی پێشەوا ئەحمەد لە باوكی یەوە دەگێڕێتەوە، كە: بەنی ئیسرائیل تووشی بەلاْیەك هاتن، بۆ پاڕانەوەو نزاكردن، لەشار چوونە دەرەوە ، خوای گەورە وەحی بۆ ناردن و پێی ڕاگەیاندن: ئێوە بەجەستەی پیسەوە چوونەتە دەرەوە ، دەستانێك بەرز دەكەنەوە بۆ پاڕانەوە كە سوورن لە سەر خوێن ڕێژی دا و ماڵەكانتان پڕ كردووە لە شت و مەكی حەرام، لێرەدا من تووڕەیی خۆم بەسەرتان توند دەكەم، جگە لە دووری منەوە، هیچی تر وەدەست ناخەن"

خەڵك هەیە ئەو شتەی رقی لێیەتی، دەیكاتە هی خوا و ئەوەی پێی شەرمە بیداتە پاڵ خۆی، دەیداتە پاڵ قەدەر. بۆ نموونە كە چاكەیەكی كرد ئەوە بەهی خۆی دەزانیْ . كە خراپەش بوو، بەهی خوای دەزانێت.

(وَإِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً قَالُوا وَجَدْنَا عَلَيْهَا آبَاءَنَا وَاللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا ۗ قُلْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ ۖ أَتَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ) الاعراف: ٢٨ واتە: (كاتێك "بیْ باوەڕان" تاوان و گوناهێك ئەنجام بدەن، دەڵێن: باو و باپیرانیشمان دیوە ئەم كارەیان كردووەو خوای گەورە خۆی فەرمانی پێداوین بیكەین!! پێیان بڵیْ: "نەخێر وا نییە" چونكە بەڕاستی خوا فەرمان بە گوناهو تاوان و كاری نابەجیْ

---

[١٠٠] - حسنه الألباني في صحيح الترمذي.

نادات، چۆن (جەسارەت دەکەن) و شتێك هەڵدەبەستن بۆ خوا کە نازانن وتوویەتی یان نا. هەروەکو چۆن بتپەرستەکان دەیانوت: ( سَيَقُولُ الَّذِينَ أَشْرَكُوا لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلَا آبَاؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِنْ شَيْءٍ) الانعام: ١٤٨ واتە: (لەمەودوا موشريك و هاوەڵگەڕان دەڵێن: ئەگەر خوا بیویستایە هاوەڵمان بۆ بڕیار نەدەدا!! باو و باپیرانیشمان موشريك نەدەبوون!! هیچ شتێکیشمان لەخۆمان حەرام نەدەکرد!!"ئەمانە هەمووی قسەی بەتاڵەو هەرگیز خوای گەورە زۆر لەکەس ناکات بۆ باوەڕهێنان، یان بێ باوەڕی"). (قُلْ فَلِلَّهِ الْحُجَّةُ الْبَالِغَةُ ۖ فَلَوْ شَاءَ لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ ) الانعام:١٤٩ واتە: (ئەی پێغەمبەر(ﷺ) پێیان بڵێ: کەوابوو هەر بۆ خوایە خۆی، بەڵگە تێرو تەواوەکان، جا ئەگەر بیویستایە ئەوە هەمووتانی بەتەواوی هیدایەت دەداو بەناچاری هەموان بڕوادار دەبوون"بەڵام ڕێزی لێگرتوون و سەرپشکی کردوون") ئەوەش کەوتنە دوای گومانە( إِنْ تَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنْ أَنْتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ)الانعام: ١٤٨ واتە: (ئەوانە تەنها شوێنی گومان کەوتوون، ئەوانە جگە لەدرۆکردن و گۆترەکاری، هیچی تر ناکەن).

*کابرایەك هەبوو نەدەیزانی دوعا بکات، کەچی گومانی لەدوعاکانی هەبوو، ڕۆژێکیان چووە خزمەت مامۆستایەکی ئایینی و بەهەڵپەیەکەوە پێی وت: مامۆستا گیان ئەرێ کەسێك ناناسی دوعای قبوڵبێ؟

ئەویش لە وەڵامدا پێی وت: من زاتێك دەناسم هەموو دوعایەك قەبوڵ دەکات.

وتی: جا ئەو زاتە کێ یە؟

وتی: ئەو زاتە خوای پەروەردگارە، بەقسەم دەکەی مەچووە لای کەس، یەکسەر ڕوو بکە خواو داوای لێبکە، ئەگەر داواکەت حیکمەتی تێدابێ، لێتی قەبوڵ دەکات.

*خەلیفەی موسڵمانان(عومەری کوڕی خەتاب) (رضي الله عنه) دەیفەرموو: (من

خەمی ئەوەم نییە ئاخۆ دوعاکەم قبوڵە یان نا! بەڵکو خەمی من ئەوەیە شتێ سەرقاڵم بکات و دوعا نەکەم)

✍ شەقیقی بەلخی(ڕەحمەتی خوای لێبێ) دەڵێت: ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم بەناو شاری (بەسرە) دەڕۆیشت، خەڵك لێی کۆبوونەوە، پێیان وت: هۆی چیە ئێمە دوعا دەکەین، دوعاکانمان گیرا نابێ، لەگەڵ ئەوەشدا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: "داوام لێبکەن، وەلآمتان دەدەمەوە".

ئەویش فەرمووی: با پێتان بڵێم ئێوە بەهۆی – ١٠ – شتەوە دڵتان مردووە، ئیتر چۆن دوعاتان گیرا دەبێت:

۞**یەکەم:** خواتان ناسیوە و مافی خواناسین بەجێ ناهێنن.

۞**دووەم:** قورئانتان خوێندۆتەوە و کارتان پێی نەکردووە.

۞**سێیەم:** دەڵێن پێغەمبەرمان خۆش دەوێ و وازتان لە سوننەتەکانی هێناوە.

۞**چوارەم:** دەڵێن ڕقمان لەشەیتانە و گوێڕایەڵی دەکەن.

۞ **پێنجەم**:داوای ڕزگاری لە ئاگری دۆزەخ دەکەن و خۆتانی تێ فڕێ دەدەن.

۞**شەشەم:** داوای بەهەشت دەکەن و هەوڵی بۆ نادەن.

۞**حەوتەم:** دەڵێن مردن هەقە و خۆی بۆ ئامادە ناکەن.

۞**هەشتەم:** بەشوێن عەیب وعاری خەڵکی دەگەڕێن، دەسخەڕۆ بەو هۆیانەوە عەیب و عاری خۆتان واز لێ هێناوە.

۞**نۆیەم:** مردوو دەبەنە گۆڕستان، دەینێژن و پەندی لێ وەرناگرن.

۞**دەیەم:** نیعمەتی خوا دەخۆن و سوپاسی ناکەن.جا ئێوە ئەوەندە نمەك نەناسن، بۆ دەبێ گلەیی بکەن؟

–هەر کەسێك داوای شتێك بۆ هەر شتێ لە غەیری خوا بکات، لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، لە پیاو چاك ، لە قەبر و دارو بەرد ، ئەوە ئەو کەسە شەریکی بۆ خوا ئەنجام داوەو لە بازنەی ئیمان دەچێتە دەرو

ئیمانەکەی هەڵدەوەشێتەوە. چونکە باوەڕی راستەقینە تەنها پەنا بردنە بەر خواو رووکردنە خوایە.

﴿ مَثَلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْلِيَآءَ كَمَثَلِ ٱلْعَنكَبُوتِ ٱتَّخَذَتْ بَيْتًا ۖ وَإِنَّ أَوْهَنَ ٱلْبُيُوتِ لَبَيْتُ ٱلْعَنكَبُوتِ ۖ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ ﴾ العنكبوت: ٤١

واتە:"نموونەی ئەوانەی جگە لە خوای گەورە، کەسانی تر دەکەنە پشتیوانی خۆیان، وەك نموونەی جاڵجاڵۆکە وایە ماڵێکی بۆ خۆی سازکردبێت، بەڕاستی لاوازترینی هەموو ماڵەکان، ماڵی جاڵجاڵۆکەیە ئەگەر سەرنجیان بدایەو تێبگەیشتنایە"[١٠١].

داوای یارمەتیکردن(استعانة) بەسێ مەرج دروستە لەبەندە بکرێ:

١-ئەوەی داوای یارمەتی لێ دەکرێ، کەسێکی زیندوو بێت، بۆیە داوای یارمەتیکردن لە مردوان بەهەموو شێوەیەك قەدەغەیەو هاوەڵدانانە بۆ خوا.

٢-ئەو یارمەتیەی داوای دەکەی، دەبێ ئەو کەسە لەتوانایدا بێت، بۆیە داواکردن و خواستنی هەر جۆرە یارمەتیەك کە تەنها لەتوانای خوا دابێ و لە زیندوان داوا بکرێت، ئەوە مایەی دەرچوونە لە جوغزو بازنەی دین و هاوبەش دانانە بۆ خوا.

٣-ئەوەی داوای یارمەتی لێ دەکرێ، نابێ نادیارو بزربێ، یاخود گوێی لەدەنگی نەبێت.

*ئیمامی عەلی(رضي الله عنه) دەڵێت:( **ما نزل بلاء الا بذنب ولا يرفع الا بتوبة**) واتە: "هیچ ناخۆشی و ناڕەحەتییەك نایەتە سەر ئادەمیزاد بەهۆی گوناهەوە نەبێت، وە لا ناچێ، بەگەڕانەوەو تۆبە نەبێت".

**خاڵگەلێك هەیە بۆ گیرا نەبوونی دوعاو قبوڵ نەبوونی، هەندێ لەو خاڵانە:**

---

[١٠١]- ماڵی جاڵجاڵۆکە نە بناغەی هەیە، نە دیوار، نە سەرو دەرگاو پەنجەرە، تەنانەت ناتوانێ بەرگەی با و بۆران و رووداوەکانیش بگرێت. مێیەکە دوای جووت بوون لەگەڵ نێرەکەی دا، نێرەکە لەناو دەبات، پاشانیش کە بێچوەکان لەدایك دەبن، دایکیان دەخۆن.

## یەکەم: پاڕانەوە لە غەیری خواو خورافیات:

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: "ئەگەر کەسێکتان تووشی ناخۆشیەك بوو، با نەڵێ: ئەگەر وام بکردایە وانەدەبوو، بەڵکو بابڵێ: ئەوە قەدەری خوا بوو، چونکە ئەو قسانە ڕێخۆش دەکات بۆ شەیتان".

هەیە دەپرسێ: ئایا خوای گەورە نزاکانمان دەبیستێ؟ بێگومان دەیبیستێ، ئەی بۆچی داوای لێ دەکەم، پێمی نادات؟ ئێمەیش دەڵێین: دکتۆر بۆ نەخۆش ئەوەی پێویستە پێی دەدا، نەك ئەوەی نەخۆش حەزی لێیەتی.

(انَّ رَبّكُم تَبارَكَ وَ تَعالى حَيِيٌّ كَريمٌ يَستَحيِي مِن عَبدِهِ اِذا رَفَعَ يَدَيهِ اِلَيهِ أَن يَرُدَّهُما صِفراً)[102] واتە: "پەروەردگاری بەرزو بالأتان بەخشندەو زیندوە، شەرم لە بەندەکەی دەکات ئەگەر دەستەکانی بۆ بەرز بکاتەوەو لێی بپاڕێتەوەو داوای لێبوردن و لێخۆشبوونی لێ بکات، ئەویش ئاوا دەستەکانی بە بەتاڵی و بێ ئومێدو بە سفرو بێ هودە بگێڕێتەوەو لێی قەبول نەکات و داواکەی گیرا نەکات".

مرۆڤ هەمیشە بۆ پێداویستیەکانی خۆی، روو لە کەسێك دەنێ، پەنا دەباتە بەر کەسێ کە لەو بالأدەست و بەهێزتر بێت. خوای پەروەردگار ئەو زاتەیە هەمووومانی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون و خاوەنی تواناو هێزێکی لەبن نەهاتووە[103]، کەواتە هەموومان حەوجە بەوەین لێی بپاڕێینەوە، نزای

[102]- أخرجه أبوداود٢/٧٨ والترمذي ٥/٥٥٧ وابن ماجه٢/١٢٧١ و قال ابن حجر سنده جيد وانظر صحيح الترمذي٣/١٧٩

[103]- رۆژێکیان پاشا (بەشیر شەهابی) بە خزمەتکارەکەی وت: حەزم لە باینجانە.

ئەویش وتی: باینجان، خوا بەرەکەت بخاتە ناو باینجان، باینجان گەورەی خواردنەکانە، گۆشتێکی بێ چەورییە، ماسی بێ ئێسکە، بە برژاوی دەخورێت، بەکاڵی دەخورێت، دەکرێتە مەحشی، هەروەها بە سوێرکراویش دەخورێ.

پاشا وتی: بەلأم من چەند رۆژێ خواردم، گەدەم تووشی ئازار بوو.

خزمەتکارەکە وتی: باینجان، نەعلەت لە باینجان، خواردنێکی قورسە، هۆکاری دروست بوونی ئازارە، روو رەشە.

پاشا وتی: ئەوە تۆ چیتە؟ وەسفی شتێکت کردو زەمیشت کرد لەیەك کاتدا؟

لەبەر بكەین و داخوازیەكانی خۆمانی پێ بگەیەنین كە لەخۆشی و ناخۆشی دا هەر ئەو پەناگەو بەدەمەوەچووی خواستەكانمانە.

مرۆڤ هەرگیز پەنا ناباتە بەر كەسێك هیچی پێ نەكرێ و تواناكانی لە تواناكانی ئەو بێ هێزتر بێت. گەمژەیی لەوە زیاتر چییە مرۆڤ پەنا بباتە پەرستنی مشك، مرۆڤ، گاو بت و سەنەم و هەموو ئەوشتانەی بەتۆزقاڵ سوودی پێ ناگەیەنن .

نزاو پاڕانەوە لە گرنگترین هۆكارەكانی نەهێشتنی بەڵاو مەینەتییە. زۆر جار نزاكانمان قبوڵە، زۆر جاریش قبوڵ نابێ. ئەگەر بڵێین: بۆچی نزاكانمان جێی خۆی ناگرێ؟

هەڵبەتە زۆر جار لاوازی دەروونی ئەو كەسە هۆكارە بۆ پەسند نەبوونی نزاكەی.

مرۆڤ تا چاك نەبێ، نابێتە چاكە كار. پاكی مرۆ ڤ دەبێ لە كەسێتی رەنگ بداتەوە، خواردنی حەرام دەخوات، تاوان هەموو ناخی داپۆشیوە، حەزو ئارەزووەكانی دونیاویستی بەجۆرێ ئابلوقەی داوە، تەنها لە كاتی تەنگانە خوای بەبیر دێتەوە ، ئەوجا دەیەوێ خوا بەهانایەوە بچێت.

**هەروەها پەلە پەلەیمان بۆ وەڵامدانەوەی نزاكان لە كاریگەری پاڕانەوە كەم دەكاتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: (يُسْتَجابُ لأحَدِكُمْ ما لَمْ يَعْجَلْ، يقولُ: دَعَوْتُ فَلَمْ يُسْتَجَبْ لِي)[١٠٤] واتە: "خوای گەورە وەڵامی نزاو پاڕانەوەكانتان دەداتەوەو قبوڵی دەكات، تەنها لەو كاتانە نەبێ كە پەلە بكات لە وەڵامدانەوەی و بڵێ: لەخوای گەورە پاڕامەوە، بەڵام وەڵامی نەدامەوە".**

زۆر جار ئەو قسانە هۆكارە بۆ دواكەوتنی نزا، بۆیە كە دەست بەرداری

---

ئەویش وتی: گەورەم من خزمەتكاری تۆم نەك باینجان، تۆ چی بڵێی، منیش هەر ئەوە دەڵێم.

[١٠٤]– أخرجه البخاري برقم/ ٦٣٤٠ و مسلم برقم/ ٢٧٣٥

نەبوويت و وازت لە پەلەکردن لێی نەهێنا، جێی خۆی دەگرێ.

مرۆڤ ئەگەر بیەوێ بەردەوامی بەو کارانەی بدات، نزاکردن بابەتێکی پەیوەست بە ئان و سات و هەفتەو رۆژێك نییە، وەك چۆن دار بڕوێنین تا ئەو رۆژەی دەمرین لەکاتی خۆیدا دەبێ ئاوی بدەین بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی بخۆین.

لە (أبی هریرە) (رضي الله عنه) پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: (بپاڕێنەوەو داوا لەخوا بکەن بەجۆرێ لە وەلامدانەوەو پەسەندبوونی دڵنیابن، وە باش بزانن خوای پەروەردگار نزاو پاڕانەوەی کەسێك قبوڵ ناکات ئەگەر دڵ و دەروونی لەخوای پەروەردگار بێ ئاگا بێت).[١٠٥]

هەموو کات بێ ئاگایی هەستمان راناگرێ تا لە شتەکان بگەین و لەبێ ئاگایی  شتێك ئەنجام نادرێ کە هەقیقەتی تێدا بێت. وەکو چۆن لەخەوندا دەبینە پاشاو لەواقعیشدا کاتێ بێدار دەبینەوە، هیچ نین.

*"أبوذر" دەڵێت: (خواردن چەند پێویستی بەخوێ هەیە، نزاش ئەوەندە پێویستی بەچاکەیە).

لەم ڕووەوە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: (إِذَا مَاتَ ابنُ آدم انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلَّا مِنْ ثَلَاثٍ: صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ، أو عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ، أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ) رواه مسلم.

واتە: "مرۆڤ دوای مردنی دادەبڕێ لەدنیادا و هیچ کردارێکی بۆ نامێنێ تەنها لەسێ شت دا، ئەوانیش، یەکەمیان: چاکەی نەبڕاوەیە وەك تەرخانکردنی بەرهەمی باغەکەی بۆ خواردنی هەژاران یان خانوویەك بۆ نیشتەجێبوونی هەژارێك یان کەمدەرامەتێك کە بەردەوام سوودی لێ وەردەگرێ و شت و کاری لەم جۆرە. دووەمیان: لە زانست و زانیاری هەر

---

[١٠٥]– (ادْعُوا اللهَ وأَنتمْ مُوقِنُونَ بالإجابةِ ، واعلمُوا أنَّ اللهَ لا يَستجيبُ دُعاءً من قلْبٍ غافِلٍ لَاهٍ). صحيح الجامع، برقم/٢٤٥

کەسێك دوای مردنی بەبێ کەمکردنەوەی پاداشتی چاکەکەی لەدونیا و دواڕۆژ بەردەکەوێ. سێیەمیان: پاڕانەوە و نزای وەچەیەکی سوودمەند بۆ کەسی مردوو کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ) مرۆڤی بێسوود بایەخ و گرنگی نەبەخۆی و نە بەدایکی و باوکی نادات، ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ گرنگیدان بەپەروەردەی ڕاستەقینەی منداڵان تا لەژیان و لەدوای مردن سوودبەخشبن، وەك پێغەمبەر(ﷺ) ئاماژەی پێکردووە نزاکردن بۆ دایك و باوك و کەسانی دیکە لە خزمان باشترە لەوەی پاداشتی پەرستشی بۆ بکەی، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) نەیفەرمووە وەچەیەکی چاك، نوێژو ڕۆژوو و چاکەی بۆ بکات[١٠٦].

لەچاکەی ئیماندار ئەوەیە چی بۆ خۆی پێ خۆشە، ئەوەی بۆ براکەی پێ خۆش بێت، نەك وەکو ئەو پیاوە دەوڵەمەندە دەست بەرز بکاتەوە، لەخوا بپاڕێتەوە بڵێ: خوایە گیان ئەو موڵك و ماڵەم لێ نەستێنی و لێمی تێك نەدەی چونکە من بێ ئەو دەوڵەمەندیەو بێ ئەو پارە زۆرە ناتوانم بژێم، ڤیروسیا لەهەژارەکان بۆ خۆیان لەم ژیانە راهاتوون، هەر چۆنێك بێت دەتوانن بۆ خۆیان بژێن.

* هەندێ لە راڤەکاران دەستەواژەی (ان الله لا يحب المعتدين) بەوە باس دەکەن کە " بێگومان خوای گەورە زیادەڕۆیانی خۆش ناوێت" زیادەڕۆیی لە پاڕانەوە وەکو داواکردنی پلەی پێغەمبەرێتی یان ئەنجامدانی کارێکی

---

[١٠٦] -پیاوێك هاتە لای ئیمامی (عەلی کوڕی ئەبی تالیب)، وتی: یا ئیمام دەبینم رزقم نیەو رزقم سوارە؟ ئیمام وتی: بە قەڵەمی شکاو نانووسی؟ وتی : نەخێر. وتی: بە شانەی شکاو قژت داناهێنی؟ وتی: نەخێر. وتی: لەوانەیە لە رۆیشتندا پێش پیاوی بەتەمەن کەوتبی؟ وتی: نەوەڵا. وتی: دوای نوێژی بەیانی ناخەویتەوە؟ وتی: نەخێر. وتی: وازت لە دوعاکردن نەهێناوە بۆ دایك و باوکت؟ وتی : بەرێوەڵا . فەرمووی: من لە پێغەمبەرم بیستووە، فەرموویەتی: دوعانەکردن بۆ دایك و باوك رزق دەبڕێ.. وتی : دایك و باوکت لە یاد مەکە پێنج فەرزە دوعایان بۆ بکە، بڵێ: یاڕەبی دایك و باوکم لەوانەبن کاتێك بەسەر پردی سیرات دەڕۆن، ئاگر هاوار دەکات خێرا بپەڕنەوە خەریکە نوری ئیمانتان ئاگری من دەکوژێنێتەوە.

حەرام و تاوان یاخود داوا بکات خوای پەروەردگار بەنەمری بهێڵێتەوەو تا هەتایە لەسەر ئەم زەویەی نەمرێنێ و...هتد.

هەڵبەتە خورافیات لە زۆر سەردەم باو بووە، لەسەرەتای سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلام، میسرییەکان کە خاوەنی شارستانیەتێکی ئەوها بەرزو مەزن بوون، بیروباوەڕیان وابوو کاتێ ئاوی نیل کەمی بکردایە، دەیانوت: ئەم ئاوە داوای قوربانیمان لێ دەکات. بۆ ئەو مەبەستە قەناعەتیان بەدایك و باوكی كچێكی شۆخ وشەنگ و جوان دەكرد رازیبن کچەکەیان ببەخشن، بۆ ئەم مەبەستە کچەکەیان دەڕازاندەوە و فڕێیان دەدایە ناو ئاوەکە تا نیل لێیان رازیبێ و ئاوەکەیان بۆ زیاد بکات. ئەو دیاردەیە تا سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب(رضي الله عنه) درێژەی کێشا.

کاتێك (عەمری کوڕی عاص) والی میسر بوو، تەماشای کرد ئەوە ئاوی نیل کەمی کردووەو خەڵکەکە کۆبۆتەوە لەهەوڵی ئەوەدان کچێك هەڵبژێرن و بیڕازێننەوەو فڕێی بدەنە ناو رووبارەکە، زۆر تووڕە بوو، رێی لێگرتن و نامەیەکی بۆ خەلیفەی موسڵمانان نارد، ئەو رووداوەی لێ ئاگادارکردەوە، داوای رێگە چارەی لێ کرد، ئەویش لەوەڵامدا ئەوەی روون کردەوە: لە ئیسلامدا شتی وا نییەو ئەو شتە جگە لە ئەفسانەو خورافیات، هیچی تر نیە. ئەوجا نامەیەکی بۆ نووسی و داوای لێکرد فڕێی بداتە ناو ئاوەکە، تێیدا نووسیبوو: لە عومەری کوڕی خەتاب ئەمیری بڕوادارانەوە بۆ ئاوی نیلی میسر، دواتر دەڵێم: ئەگەر ئاوەکەت بە ئارەزووی خۆت دەڕوا ئەوا مەڕۆ، خۆ ئەگەر بەفەرمانی خوا ئاوەکەت دەڕوا، ئەوە من داوا لەخوای تاك و تەنهاو بەدەسەڵات دەکەم ئاوەکە زیاد بکات و بڕوات.

نامەکەیان فڕێدایە رووباری نیل، لەماوەی شەو و رۆژێکدا بەفەرمانی خوا ئاوەکە شازدە گەز زیادی کردو بەو حیکمەتەی پێشەوا عومەر ئەنجامی دا، توانی خەڵکی میسر لەو خورافیاتە رزگار بکات.

***خـوای پـەروەردگار لەســەر زمـانی ئیـبراهیم (علیـه الصـلاة و السـلام) دەفـەرموێ:﴿ وَإِذَا مَرِضۡتُ فَهُوَ يَشۡفِينِ ﴾ الشعراء: ٨٠ "وە کاتێك نـەخۆش بکەوم، هەر ئەو شیفام دەدات".**

**لەم رۆژگارە خەڵکانێك هەن بەڕووکەش خۆیان بە موسڵمان و زێڕی عـەیار بیسـت و چـوار دەزانـن، کەچـی لەبـەردەم هەنـدێ لـە ئـاوات و مـەرام و مرازەکانیان دا پەنا دەبەنە بەر جادو– فاڵ– و قاوەگرتنەوە، بۆ منداڵ بوون دەچـنە سـەر گـۆڕی فـلان و فیسـار پیاوچـاك و شـێخ و وەلـی و لێـی دەپاڕێنـەوە، وەکو چۆن لەسـەردەمی نەفامی دا خـەڵکی مەککە بەدەستی خۆیان بتیان دەتاشی و دواتر دەیانپەرست و لێی دەپاڕانەوە، ئیتقاتیان بۆ ئەو بتانە بەجۆرێ بوو کە ئەوانە دەتوانن ببنە واسیتەو زنجیرەی پەیوەندی بەستن لە نێوان خۆیان و خوداو لە خوایان نزیك دەکاتـەوە، لەکاتێکدا ئەو کەسە بەو مەرادەوە بمرێ، شوێنی دۆزەخە.**

**مـرۆڤ دەتـوانێ داوای یارمـەتی لـە زینـدوان بکـات لـەو شـتانەی توانـای بەسەردا هەیە.**

**پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرموێ: (واللّـه فِـي عَـوْنِ العبْـدِ مَـا كـانَ العبْـدُ فِي عَـوْنِ أَخيـهِ)[107] واتـە: "خـوای گـەورە یارمەتیـدەری بەنـدەی خۆیـەتی هـەتا بەنـدە یارمەتیدەری براکەی خۆی بێت".**

**بەهۆکار دانانی خاتری پێغەمبەر(ﷺ) بۆ نزیك بوونـەوە لـە خـوا وەك ئـەوە وایـە بڵـێ: (خوایـە بـۆ خـاتری پێغەمبـەر(ﷺ) شـیفام بـدە). ئەمـەیش هـیچ بەڵگەیـەکی شـەرعی لەسـەر نییـە، چـونکە هـاوەڵان نـەیانکردووە، ئەگـەر ئیمـامی عومـەر پاڕانەوەکـەی ئیمـامی عەباسـی کردبێتـە هۆکـار بـۆ بـاران بـارین، ئـەوە ئیمـامی عـەباس ئـەو وەختـە زینـدوو بـوو، بـەڵام بۆچـی**

---

[107] - رواه مسلم.

پێغەمبەری نەکرد بەهۆکار لەپاش مردنی دا؟ دیارە بەکارهێنانی ئەم هۆکارە، هەندێ جار سەر دەکێشێ بۆ هاوبەشدانان کە باوەڕی وابێ خوای گەورە پێویستی بە واسیتەی مرۆڤە وەکو دەسەلاتدارو حاکمەکان، لێرەدا خوای گەورەی شوبهاندووە بە دروست کراوەکانی.

لەم سۆنگەوە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: **(مَن مَاتَ وهْوَ يَدْعُو مِن دُونِ اللَّهِ نِدًّا دَخَلَ النَّار)**[108].

واتە"هەر کەسێك مردبێ و پاڕابێتەوە جگە لەخوای گەورە، ئەوا دەچێتە ئاگری دۆزەخ".

﴿ فَلَا تَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَكُونَ مِنَ ٱلْمُعَذَّبِينَ ﴾ الشعراء: ٢١٣ **واتە: "لەگەڵ خوای گەورەدا پەرستراوێکی تر دامەنێ لێی بپاڕێیتەوە، چونکە ئەگەر واتکرد ئەوا لەو کەسانە دەبیت کە بە ئاگری دۆزەخ سزا دەدرێن".**

کەواتە مرۆڤی ژیر هەرگیز پەنا ناباتە بەر شتێکی مردوو کە هیچ نیەو شتێك هیچ نەبێ، ئیدی دەسەلاتی چییەو چی پێ دەکرێ؟!

﴿ وَٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَخْلُقُونَ شَيْـًٔا وَهُمْ يُخْلَقُونَ ﴿٢٠﴾ أَمْوَٰتٌ غَيْرُ أَحْيَآءٍ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ النحل: ٢٠ - ٢١

**واتە:"ئەوانەی هاوار دەکەن لە کەسانێك جگە لەخوای گەورە، هیچ شتێکیان دروست نەکردووە بەڵکو خۆیان دروست کراون، وە ئەوان مردوون و زیندوو نین، وە هیچ هەست و هۆشێکیان نییە هەتا ئەو رۆژەی زیندوو دەکرێنەوە".**

<u>دووەم:</u> هەرگیز مەڵێ خوایە ئەگەر ئارەزوو دەکەیت:

دەبێ بزانین چۆن دەستەواژەی (ان شاء الله) لەشوێنی خۆی بەکار بێنین، ئەویش:

---

[108] - رواه البخاري برقم/٤٤٩٧

**أ–هەر شتێ پەیوەست بوو بە (ئیش و کاری) ڕۆژانەی خۆمان یا خەڵکی، ئەوە ئاساییەو پێویستە (ان شاء الله)ی دەگەڵ بەکار بێنین.**

**ب–هەر شتێ پەیوەست بوو بە (داواکاری) لەخوای پەروەردگار، ئەوە نابێ(ان شاء الله)ی دەگەڵ بەکار بێنین، دوعا بەشێکە لەو داواکاریە.**

**کەواتە نابێ دەرهەق بە ئیشی خوا پەنا بۆ ئەو دەستەواژە ببەین: وەك بارانبارین، لێخۆش بوون و...هتد.**

**عن أبي هُرَيْرَةَ ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، قَالَ: ( لاَ يَقُلْ أَحَدُكُمْ :اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي إِنْ شِئْتَ ، ارْحَمْنِي إِنْ شِئْتَ، ارْزُقْنِي إِنْ شِئْتَ، وَلَيَعْزِمْ مَسْأَلَتَهُ، إِنَّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ ، لاَ مُكْرِهَ لَهُ)**[109]

**پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ: (با کەس لە ئێوە، لە پاڕانەوەدا نەڵێ: خوایە ئەگەر ئارەزوو دەکەیت لێم خۆشبە، خوایە ئەگەر ئارەزوو دەکەیت رەحمم پێ بکە، سوڕبن لە سەری و بە گەرمی داوا بکەن ،چونکە کەس زۆری لەسەر خوا نییە).**

**لە ژیانی ڕۆژانە، ئەگەر هەر یەك لە ئێمە وشەی "ئارەزوو دەکەی" بەکارهێنابێ، لەوە تێ دەگات ئەم دەستەواژە چەند مەبەستێك لەخۆ دەگرێ، وەکو:–**

***ئەگەر ئارەزوو دەکەیت و لەدڵت گرێ نەبێ، حەز دەکەم ئەو ئیشەم بۆ بکەی.**

***ئەگەر ئارەزوو دەکەیت و بۆ تۆ زەحمەت نەبێ ئەو کارەم بۆ رابپەڕێنی مەمنون دەبم.**

***فلانە ئیشم هەیە، دەکرێ دەستی یارمەتیم بۆ درێژ بکەی ئەگەر دەزانی پێت جێ بەجێ دەکرێ و ئارەزووت لەسەرە.**

**هەموو ئەمانەی سەرەوە دەچنە خانەی گومان و دوو دڵــی لە داواکردن و**

---

[109] - رواه البخاري برقم/ ٧٤٧٧ ، ومسلم برقم/٢٦٧٩

پاڕانەوە لە زاتێکدا کە تەنها ئەوەندە بەسە بڵێ" کن فیکون"، ئەوەش بۆ زاتی پەروەردگار ناجۆرو نەگونجاوە.

وازهێنان لە گوناهـ خۆی لەخۆیدا دوعایە، کاتێك دوعات کرد، گومان مەبە و باوەڕت وابێ دوعاکەت لێ وەردەگیرێ. چونکە گومانبردن نیشانەی ئەوەیە ئەو ئیشە بەخوا جێ بەجێ نابێت، ئەوەش لەگەڵ رەوشت و ئاکار و بیرکردنەوەی موسڵمانی راستەقینە هەڵناکات، بۆیە دەتوانین دوعاکردن بە تیرو کەوان بچوێنین، چەندە کەوانەکە راکێشین، تیرەکە ئەوەندە زیاترو دوورتر دەڕوات.

**سێیەم:** دوعایەک بەدڵێکی بێ ئاگاوە ئەنجام بدرێ:

ئەگەر زیکری خوا فیکری لەگەڵ نەبێ کاریگەری ئەوتۆی نابێ، ئاوا دوعای بێ فکر، قبوڵ نابێ. ئەوەش لاوازی دڵ و باوەڕی ئەو کەسە دەردەخات کە بە دەروونی تەواوەوە ئەو نزایە ناکات.

*حەسەنی بەسری دەڵێت: (لە خواترسەکان چەندین نیشانەیان هەیە، پێی دەناسرێنەوە، لەوانە: راستگۆیی لە وتەکانیاندا، بە وەفایی لە بەڵێنەکانیاندا، سیلەی رەحم، بەرامبەر هەژاران بە بەزەیین، رەوشتیان جوانە، بێ فیزن و خۆیان بەسەر خەڵکی هەڵناکێشن).

دەبێ لە نزا هەوڵبدرێ بەرەو خوا رۆیشتن، بەرەو گەورەیی خوا رامان بکێشێ، ئەم کۆشش و هەوڵدانەیش دەبێ بەدڵ بێت، نەك بە دەماغ.

*خزمێکم رەزو باخ و بیستانێکی جوانی لای (رانیە) هەبوو، رۆژێکیان بارە ترێیەکی ئامادە کردبوو بیباتە شاری کۆیە و بیفرۆشێ. ئێوارە بەیەکەوە چووینە مزگەوت و نوێژی بەکۆمەڵمان ئەنجامدا. لە گەڕانەوە بۆ ماڵ، پێموت: پیاو کە نوێژەکەی لەکاتی خۆیدا کرد، هەست بە ئارامی دەکات.

ئەویش هەر نەیهێناو نەیبرد، بەسەربادانەوە وتی: بێگومان نوێژکردن

نەخشە ڕێگای ژیانە.
بەسەر سوڕمانەوە پێموت: مەبەستت لەو قسەیە چییە؟
وتی: مامۆستا کاتێك لە ڕکاتی یەکەم دابووم، بەدەم دالْغەو خەیالْەوە بارە ترێیەکەم بار کرد. لە ڕکاتی دووەم دیسان بەدەم دالْغەو خەیالْەوە کەوتمە ڕێ، لێرە بۆ ئەوێ تا گەیشتمە بازاڕی کۆیە. لە ڕکاتی سێیەم هەر بەو دالْغەوە بارە ترێیەکەم داناو ئەوەندەی نەبرد هەموو ترێیەکەم فرۆشت و ویستم بگەڕێمەوە، مەلا سەلامی دایەوە، منیش بەدوادا سەلامم دایەوە.
بۆی خنامەوە، دامە قاقای پێکەنین و پێموت: باشە تۆ خەریکی نوێژکردن بووی، یان خۆت بە کاری بازرگانیەوە سەرقالْ کردبوو؟
ئەویش بە زەردەخەنەیەکی گەشەوە هەڵیدایێ: ئێ چیبکەم، نوێژ نییە خەیالْم تێیدا نەڕوات.
پێموت: دەبێ خۆت وابەستەی نوێژ بکەی، شتی بێ ئاگا بەوێنەی کەسێکە مەست و خومار بووبێت، کاتێ کۆمەڵێ ڕەفتارو هەڵسوکەوتی نامۆو نائاسایی ئەنجام دەدات. دوای بێداربوونەوە، کە ئەو شتەی بۆ دەگێڕیەوە، واقی وڕدەمێنێ، دەڵێ: چۆن من ئەو شتانەم کردووە؟ بۆیە لەبێ ئاگایی هیچی لێ ناگیرێ وەك چۆن بابای شوفێر لەسەرخۆشی، حیسابی تایبەتی بۆ دەکرێ، کەواتە ئەوانەی نوێژ بەبێ ئاگایی، بەدەم ئەندێشەو خەیاڵەوە ئەنجام دەدەن، ڕێك وەکو ئەوە وایە نەنوێژیان کردبێ، نە دوعا[110].

**چوارەم: لە دوعادا پەلە بکات و گوناە و پچڕانی ڕەحمی تێدا بێت:**

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ" هەر موسڵمانێك داوا لەخوای گەورە بکات و لێی بپاڕێتەوە، ئەگەر داواکەی گوناە و تاوان و پچڕانی سیلەی ڕەحمی تێدا نەبێ، خوای گەورە یەکێك لەم سێ شتانەی پێ دەبەخشێت: یا بەپەلە

---

[110] -(لا يقبلُ من عبد عملاً حتى يَسهدَ قلبه مع بدنه)ض.الترغيب..ج١/٤١٢ برقم/٧٥٥

**داواکەی گیرا دەکات، یا داواکەی بۆ هەڵدەگرێ بۆ ڕۆژی دوایی و لەوێ بۆی گیراو دەکات کە شتەکەی پێ دەبەخشێ و بۆی قەرەبوو دەکاتەوە، یا وەکو داواکەی شتێکی خراپ و گوناهی لەسەر لادەبات". سەحابەکان وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا کەواتە زۆر دوعا بکەین چاکە؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ خوا زۆر دەوڵەمەندو بەخشندەیە، تا ئێوە زۆر دوعا بکەن، ئەویش زۆرتان پێ دەبەخشێ و لێتان خۆش دەبێ"[111].**

**لە فەرموودەیەکی دیکەدا: ( بەردەوام نزاو دوعای بەندە وەردەگیرێ مادام نزاکەی گوناهکاری و پچڕانی ڕەحمی تێدا نەبێ و پەلە نەکات. عەرزیان کرد: پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ)پەلە چی یە؟ فەرمووی: بڵێ هەر دوعام کردو پاڕامەوە، هەر دوعام کردو پاڕامەوە، کەچی نابینم وەڵامم بدرێتەوە، ئەو کات کۆڵ دەدات و هەست بە نائومێدی دەکات و واز لە دوعاو پاڕانەوە دێنێ)[112].**

**ئەوەی لەم فەرموودەیە دەفامرێ:**

**أ-گوناه بەهەموو جۆرو شێوەکانیەوە لای پەروەردگار، تاوانەو هەرگیز دەرگا بە ڕووی تاوان و گوناهکاران ناکاتەوە.**

**ب-پەلەکردن لە وەڵامدانەوەی هەر دوعاو داخوازیەك وەك ئەوەیە ئەو کەسە هەقی بەسەر خواوە هەبێت، لە کاتێکدا ئێمەی بەندە حەوجە بەوەین لە بەجێهێنانی فەرمایشتەکانی خوادا پەلە بکەین، بۆیە ساردبوونەوە نیشانەی لاوازی ئیمانە.**

---

[111] -(مَا مِن مُسلِمٍ يَدعُو اللَّهَ بِدَعوَةٍ لَيسَ فيها اِثمٌ وَ لا قَطِيعَةُ رَحِمٍ، اِلاَّ أَعطاهُ اللَّهُ بِهَا اِحدَى ثَلاثٍ:اِمَّا أَن يُعَجِّلَ لَهُ دَعوَتُهُ، وَ اِمَّا أَن يَدَّخِرَهَا لَهُ فِي الآخِرَةِ، وَ اِمَّا أَن يَصرِفَ عَنهُ مِنَ السُّوءِ مِثلَها) قَالوا: اِذا تُكثِرَ. قَالَ: اللَّهُ أَكثَرُ). رواه: أحمد و البزاز والحاكم. الترغيب ج٢/٤٧٥ برقم/ ٢٤٢٧

[112] - عَن أبي هُرَيرَةَ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبيِّ (ﷺ)أنهُ قالَ: ( لا يَزالُ يُستَجابُ لِلعَبدِ ما لَم يأثم أو قَطيعةِ رَحمٍ ما لَم يَستَعجِل. قيلَ يَا رَسولَ اللَّهِ(ﷺ) مَا الاستِعجالُ. قالَ: يَقولُ قَد دَعَوتُ وَ قَد دَعَوتُ فَلَم أرَ يَستَجيبُ لِي فَيَستَحسِرُ عِندَ ذَلِكَ وَ يَدعُ الُّعاءَ) رواه مسلم/٢٧٣٥

ج-پچڕانی سیلەی ڕەحم بەستەڵەکی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێتەوە. پابەندبوون بە سیلەی ڕەحم وا دەکات سۆزو خۆشەویستی بەرپابێ و بەهۆی ئەو پەیوەندیەوە مرۆڤ دەستی یارمەتی بۆ یەك درێژ بکات و ببێتە کەسی تەنگانە. بۆیە لە هەر کۆمەڵگایەك ئەو پەیوەندیە کاڵ بۆوە، بێ شك ئەو کۆمەڵگا بەرەو داڕمان و هەڵدێر دەبات[113]، ئەوەش پێچەوانەی ئەو ئایەتەیە کە خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَـٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَـٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓا۟ ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴿١٣﴾ ﴾ الحجرات: ١٣ **واتە:"ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لە نێرو مێیەك دروستکردووە (کە باوکە ئادەم و دایکە حەوایە)و کردوومانن بە چەندەها گەل و تیرەو هۆزی جۆر بەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بەیەکەوە.بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتانە زۆرتر لەخوا ترسەو فەرمانبەرداری خوایە، بێگومان خوا زاناو ئاگایە بە هەمووان"**.

*سەرۆك وەزیرانی پێشووی تورکیا(نەجمەدین ئەربەکان) دەڵێت: ملیارو نیویێك چاوەڕێی ئەوەن، دوعا دەکەن خوای گەورە جارێکی تر تەیرە ئەبابیلە بنێرێ بۆیان تا جوولەکە و کافران لەناو ببەن. بەڵام بەخوا ئەوجارە تەیرە ئەبابیلە بێت، ئێمەی موسڵمان بەردباران دەکات.

**پێنجەم:خواردن و خواردنەوەی حەرام بێت:**

***عن أبي هريرة**(رضي الله عنه) **قال: قال رسول الله**(ﷺ)**:يا أيُّها النَّاسُ إنَّ اللَّهَ طيِّبٌ لا يقبلُ إلَّا طيِّبًا ، وإنَّ اللَّهَ أمرَ المؤمنينَ بما أمرَ بِهِ المرسلينَ فقالَ:** ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا

[113] - عن ابي هريرة(رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ):"لا يزال يستجاب للعبد مالم يدعُ باثم أو قطيعة رحم...." رواه مسلم .

ٱلرُّسُلُ كُلُواْ مِنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَٱعۡمَلُواْ صَٰلِحًاۖ إِنِّي بِمَا تَعۡمَلُونَ عَلِيمٞ ﴾ و قالَ ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقۡنَٰكُمۡ ﴾ قالَ وذكرَ الرَّجلَ يُطيلُ السَّفرَ أشعثَ أغبرَ يمدُّ يدَه إلى السَّماءِ يا ربِّ يا ربِّ ومطعمُه حرامٌ ومشربُه حرامٌ وملبسُه حرامٌ وغذِّيَ بالحرامِ فأنَّى يستجابُ لذلِك؟)[١١٤].

واتە: ئەی خەڵکینە بێگومان خودا پاك و بێ عەیبە، ئەوەی پاك و حەلال و خاوێن نەبێ وەری ناگرێ، وە خوا بەوەی کە فەرمانی پێ بە پێغەمبەران کردووە، فەرمانیشی پێ بە بڕواداران کردووە، خودا فەرموویەتی( ئەی نێرراوانی خودا لە خۆراکی پاك"حەڵاڵ" بخۆن وە کردەوەی چاك بکەن چونکە بەڕاستی من بەوەی ئێوە دەیکەن ئاگادارم) وەفەرموویەتی (ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە، بخۆن لەو خواردەمەنیە پاکانەی کردومانە بە رۆزیتان، وە سوپاسی خوا بکەن ئەگەر ئێوە هەر ئەو دەپەرستن) پاشان پێغەمبەر(ﷺ) باسی پیاوێکی کرد کە سەفەری درێژ دەکات (بۆ حەج و سەردانی خزمان و خواپەرستی تر) سەروریش ئاڵۆزو تەپ و تۆزاوی، هەردوو دەستی بەرەو ئاسمان بەرزدەکاتەوە، دەڵێ: ئەی پەروەردگارم ئەی پەروەردگارم! بەلاّم خواردنەکەی حەرامەو خواردنەوەکەی حەرامەو پۆشاکەکەی حەرامە وە هەر بەحەرامیش بەخێو کراوە، چۆن ئەم جۆرە کەسە دوعای قەبوڵ دەبێ؟[١١٥]

---

[١١٤] - صحیح الترمذي برقم/٢٩٨٩ و مسلم برقم/ ١٠١٥

[١١٥] - مرۆڤ کە ئیمانەکەی نەیجووڵاندو لە ژیانیدا رەنگدانەوەی نەبوو، ئەوا هەموو ئەو کارانەی دەیکات جێی خۆی ناگرێ ، بەپێچەوانەوە مرۆ ڤ هەیە بە دیمەنێك یا بەوتەیەك ویژدانی دەهەژێ و بریاری راست و دروست دەدات.

دەگێڕنەوە لە جەنگی یەکەمی جیهان سەربازێك نامە بۆ فەرماندەکەی دەنووسێ:((جەنابی فەرماندە: سلاّو، من چەکەکەم لەژێر خاك شاردۆتەوە، ئیتر سەربازی ناکەم و ئەو بڕیارەیشم لە ترسی مەرگ نییە، لە خۆشەویستیم بۆ خێزانەکەم و کوڕە بچکۆڵە و کچەکەم نییە، ئەوەی راستیبێ دوای ئەوەی سەربازێکی دوژمنم بەو دەستانەی خۆم کوشت، کاتێ گیرفانەکانیم پشکنی تا چی لە گیرفانیێ بۆ

*شەمسی تەبریزی دەڵێت: "خواپەرستی ئەوەیە واز لە خۆپەرستی بێنی" مرۆڤ کە خواردنێکی سویری خوارد، زۆری تویێنوو دەبیٚ، زۆر ئاو دەخواتەوە و تویێنویێتی ناشکیٚ. خواردنی حەرام ئاوایە، هەرچەند لێی بخۆی، تێری لیٚ ناخۆی.

*سەعد(رضي الله عنه) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دوعایەکم بۆ بکە لای خواوەند قبووڵ بیٚ. پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: ئەی سەعد، خۆراك و خواردنەوەی خۆت حەلاڵ بکە ، ئەوە دوعات قبووڵکراوە[116].

**شەشەم:** دوعایەک بۆ رابواردنی دونیا و ریسواکردن بییێت:

خوای پەروەردگار سەبارەت بە دەم و دوو و دەربڕینەکانی مەردوم، دەفەرمویێت:﴿ مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ﴾ ق: ١٨ **واتە:" هەر وتەیەك لەدەمی دەرچیٚ، چاودێرێکی بەسەرەوەیەو دەینووسیٚ".**

**چوار شت گەڕانەوەی بۆ نییە:**

*بەرد دوای هاویشتن.

*قسە دوای وتن.

*هەل دوای تەواوبوون.

*کات دوای تێپەڕبوون.

خەڵکانێك هەن، بەجۆریٚ دەپاڕێنەوە کە مەرجەکانیان وەکو داڕشتنی پلانی تۆڵەسەندنەوەیە کە جگە لە زەلیلی و ریسواکردنی برای موسڵمان، هیچی

---

خۆمی ببەم، بەلاّم چیم بینی؟ لەسەر پارچە کاغەزێکی تێکەڵ بەخوێن نووسرابوو: بابەگیان لەو رۆژەوەی بەجیێت هێشتووین، من هەموو بەیانییەك تا خۆرئاوا لەپێش دەرگا چاوەڕێتم، بەخوا ئەمجارە بێیتەوە توند لە باوەشت دەگرم و رێگات نادەم چیتر بۆ بەرەکانی جەنگ بگەڕێیتەوە)).

جەنابی فەرماندە: من ئاخ و حەسرەت هەڵدەکێشم کە ئەو منداڵەم لە چاوەڕوانییەکی بیٚ ئەنجام راگرت.

[116]- أخرجه الطبراني في"الاوسط" وانظر"مجمع الزوائد"(٢٩١/١٠)

تری تێدا نییە، وەك بڵێ: خوایەگیان فلانە کەسم بۆ زەلیل و سەرشۆڕی دونیاو قیامەت بکە.

یاخود بڵێ: خوایە گیان ئەگەر لە ڕقی فلان و فیسار ئەو شتەم پێ بدەیت و دەوڵەمەندم بکەیت، بەژیانی خۆم نە تەلەفۆنی بۆ دەکەم ، نەقسەی لەگەڵ دەکەم، لەکاتێکا ئەو کەسە نە ئارەقخۆرە، نە زیناکارەو هیچ سیفەتێکی خراپی تێدا نییە.

یاخود نیەتی لەو داواکاریانە بۆ مەرامێکی خراپ و نەگریسبێ، وەکو رابواردنی دونیاو بێ فەرمانیکردنی فەرمایشتەکانی خوای پەروەردگار.

*لە "ئیبن عەباس"یان گێڕاوەتەوە(رضي الله عنه) گریاوە، وتوویەتی: هەموو شتێك لەسەر پاکی زمان وەستاوە، زمانی خۆی گرتووەو وتوویەتی: ئەی زمان شتێکی خێر بڵێ کە بەسوودبێ یان ئەوەتە بێدەنگبەو خۆت لە بەلایان قوتار بکە.

ئێمەش پێویستە خوای گەورە لەزمانمانەوە بپەرستین و هیچ دەممان نەکەینەوە تەنیا بۆ ئەوە نەبێ کە سوود بە ئایینمان دەگەیەنێت. کەواتە: تا دەکرێ با خۆمان لە پاڕانەوەیەك بەدوور بگرین کە دژایەتی و دوژمنکاری تێدا بێت.

هەموومان خوا بەهەق دەناسین، بەڵام تا لێمان نەقەومێ پەنای بۆ نابەین، هەموومان شەیتان دەناسین، کەچی هەنگاو بەهەنگاو دەکەوینە شوێن پێی حەزو ئارەزووەکانی[١١٧].

---

[١١٧] – رۆژێکیان شەیتانی نەفرەتلێکراو سەردانی ماڵی فیرعەونی میسر دەکات و لەدەرگای ماڵیان دەدات.

فیرعەون پێش ئەوەی دەرگاکەی لێ بکاتەوە، لەدوورەوە دەڵێ: ئەوە کێیە لەدەرگا دەدات؟ تۆ کێی ؟

شەیتان وەڵامی دەداتەوە، دەڵێ: دەی خێرا دەرگاکە بکەوە، ئەوە منم، ئیبلیسم.

فیرعەون بەهەلەداوان خۆی گەیاندێ و دەرگاکەی لێ کردەوە، فەرمووی هاتنە ژوورەوەی لێ کرد: فەرمووفەرموو..فەرموو وەرە ژوورەوە.

هـەروەها پێویسـتە خـۆ لـە دوعایـەك بپـارێزین کـە لـە خۆمـان و مـاڵ و منداڵمانی بکەین، چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: "دوعاو نزای خـراپ مەکـەن نـە لـە خۆتـان، نـە لـە مـاڵ و منـداڵتان و نـە لـە بەنـدە و کەنیزەکانتان، نەوەکو رێکەوتی ئەو سەعاتە بکات کـــە دوعاکانی تێـــدا وەردەگیرێن و ئەو دوعایەی ئێوەی تێدا گیرا بێت "[118]

من لـە ترسی ئەو فەرموودەیـە هـەرگیز دڵـم نـەهاتووە بـە قسـەیەکی دایکم بڵێم: وا نیە یان راست ناکات. تەنانـەت کە ژنم هێنـاو لـە منداڵ دوو کچ و کورێکم هەیە، هەرچی جارێ دایکیـان لێیـان تـوورە دەبـێ و نزای خراپیـان لـێ دەکـات. مـن لـە دەروونـەوە بەپێشـی دەکـەوم و دەڵـێم: خوایـە گیـان دوعاکـەی قبـوڵ نەکـەی! خۆیشـم لەوەتـەی خـۆم ناسـیوە دڵـم نـەهاتووە

---

شەیتان کاتێ هاتە ژوورەوە، هەتا هێزی تێدا بوو زللەیەکی خاسی خەواندێ و ئاوی لەچاوان هێنا.
فیرعەون بە توورەییەوە وتی: ئەوە بۆچی ئەو زللەیەت لێدام؟ تۆ نازانی من کێم ؟
شەیتان وتی : باش دەزانم کێی؟ تۆ فیرعەونی میسری، داوای خوایەتی دەکەی، وەرە بزانم جۆن خوایەکی ئەگەر نەزانی من کێم؟
فیرعەون لەو کاتەدا هێشووە ترێیەکی ڕەشی بە دەستەوە بوو ، چەند دەنکێکی پێوە مابوو خەریك بوو دەیخوارد.
شەیتان دووبارە پرسیاری لێکرد: ئەی فرعەون وەرە بزانم دەتوانی ئەو ترێیە رەشە بگۆڕی بیکەیە ترێیەکی سپی؟
فیرعەون بەواقوڕمانەوە: جا کێ دەتوانێ شتێکی لەم شێوەیە بکات؟ ئەوە شتێکی مەحاڵە.
شەیتان لەجێوە بە سیحرو جادوگەریەکەی خۆی، ترێیە ڕەشەکەی کردە ترێی سپی.
فیرعەون بەبینینی ئەو دیمەنە، هێندەی دیکە سەری سوڕما، بەهەڵپەیەکەوە وتی: بەڕاستی تۆ کەسێکی داناو زاناو بە توانای.
.شەیتان بە بیستنی ئەو قسانە، دیسان تا گرتی زللەیەکی تووندی لەبناگوێی فیرعەون دا و وتی: هەی گەمژەی بێ ئەقڵ، من بەم هەموو زانین و شارەزایەمەوە بە بەندەیش قبوڵیان نەکردم، تۆ چۆن بەو بێ ئەقڵی و نەفامیەتەوە داوای خوایەتی دەکەی؟

[118] -: عَن جابِر (رضي الله عنه)قالَ: قالَ رسولُ اللّه (ﷺ): ( لا تَدعوا عَلى أنفُسِكُم ولا تَدعوا عَلى أولادِكُم، وَ لا تَدعوا عَلى أموالِكُم، لا تُوافِقوا مِنَ اللّهِ ساعَةً يُسأَلُ فيها عطاءً فَيَستَجيبَ لَكُم ).صحيح مسلم ج٩/٢٥١ برقم/٣٠٠٩

دوعایان لێ بکەم. چونکە دوعای دایك و باوك بۆ منداڵ گرنگە، کە وتی: (دەك خێر لە خۆت نەبینی) ئەگەر خودا دوعاکەی قبوڵ کرد، ئەوە هەتا ماوە، سەرگەردان دەبێ وخێرو خۆشی لەخۆی نابینێ.

*ئیبراهیمی بازرگان هەبوو، بەو هەموو نازو نیعمەتە زۆرەی خوای پەروەردگار بەسەریدا رژاندبوو، یارمەتی دایکە هەژارەکەی نەدەدا.

دایکی لەقات و قڕی و گرانیەکەی ساڵی ١٩٩٤ دەچێتە لای، رووی لێ دەنێ وەکو ئەرك و مافی دایك بەسەریەوە یارمەتی بدات، ئەویش بە لەخۆباییەوە پێی دەڵێ: بەتەمای من مەبە یارمەتیت بدەم، جارێکی تر بۆ ئەو شتانە نەیە لام.

دایکی بەدەم کڕوزانەوە پێی دەڵێ: ویژدانت قبوڵ دەکا، بەو تەمەنەدەرۆزە بکەم و بچم دەست لەم و لەو پان بکەمەوە؟

ئەویش بەدەم قاقای پێکەنینەوە پێی دەڵێ: جا کێ دەستی گرتووی؟

دایکی دایە پرمەی گریان و بەدەم فرمێسك رشتنەوە پێی وت: تۆ کوڕی کێت پێ دەڵێن؟ کێ تۆی پێگەیاند ببیتە ئەو تەرحە پیاوە؟

ئەویش هەر نەیهێناو نەیبرد، وتی: داخۆ بایی فەردە شیرێکتان لێ خەرج کردووم، ئەگەر دەتانەوێ ئەوە دوو فەردە شیرتان بۆ دەکڕمەوە، من بە قامك و دەست و زیرەکی خۆم، خۆم پێ گەیاندوە، نەك ئێوە.

دایکی پێی وت: ئەی کێ گەورەی کردووی؟ هەر لە خۆوە بویتەتە ئەو پیاوە ئەوها بەرامبەر دایکت زمانت درێژە ؟

ئیبراهیم ناوچەوانی لێ گرژ کرد و دەستی هەڕەشەی راشەقاند: مادام بێ ویستی خۆم منتان هێناوەتە ژیان، ترشبێ و تاڵبێ، پێویست بوو لەسەرتان بمژێنن و گەورەم بکەن.

دایکی سەری لێ بادا، وتی: ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی؟

وتی: قسەی زۆر لەوە گەورەتر دەکەم، هەرگیز ئەو رۆژانەم لەبیر ناچێ تۆو

باوكم چۆنتان لێ دەدام، دەتانوت: دەی بڕۆ بۆ خۆت ئیشێ، کارێ، کاسبیەك بدۆزەوەو بیکە.
ئەوجا لەجێوەبیست دیناری لە باخەڵ دەرێناو بۆی راگرت، بەمنەتەوە وتی: ها ئەو پارەیە بگرە، چیدی سەرو دڵم مەگرەو لێرە مەوەستە.
دایکی بەو دیمەنە چاوی زەق بۆوە، بە هەڵچوونەوە پێی وت: چما من دەرۆزەکەرم، هاتووم خێرم پێ بکەی؟
ئەویش وتی: ئەی بۆچی لەبەرم دەپاڕێیەوە؟
دایکی ئەوەندە دەهری بوو، تفێکی خاسی کردە نێو چاوی و وتی: حەواڵەی خوات دەکەم، لەخوا دەپاڕێمەوە هەموو ماڵەکەت ببێتە ئاگر و تا ماوی خێر لە خۆت نەبینی.
لەو قسانەدا بوو، رووی وەرگێڕا، ویستی بڕوات.. یەك لە کرێکارەکانی کارگەکەی، بە هەناسە بڕکێوە هات: کاکە کاکە، کارگەکەمان ئاگری تێ بەربوو.
ئیبراهیم بە بیستنی ئەو هەواڵە وەك ئەو کارە لەمەڕ دایکی بزانێ، تا گرتی شەقێکی خاسی لەدایکی دا و بەڕاکردن رۆیشت.
وەلێ تا ئاگر کوژێنەوە گەیشتە کارگەکە، هەموو کارگەکەی سوتا، تەنانەت کۆمەڵێ ئامێری تازەو زەبەلاح کە بەقەرز کڕی بووی، لەناو کارگەکەی دانابوو تا کارگەکەی پێ گەورەو فراوان بکات، هەموو ئەوانەیش کەوتنە بەر رەحمەتی ئەو سوتانە.
ئیبراهیم سەرەڕای لەدەست دانی کارگەکەی، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك، ئەوانەی قەرزیان پێی دابوو، هەڵیان کوتایە سەری و دوای قەرزەکەیان کردەوە، ئەویش چونکە هیچی نەبوو بیداتەوە، بەناچاری خانووەکەی خستە رەهن و بەپارەکەی بەشێکی قەرزەکانی پێ دایەوە.
بەخۆو ماڵ و منداڵەوە بوونە کرێچی و پارەی کرێی نەبوو بیدات، ئیدی

بەخۆو  ماڵ و منداڵەوە بوونە کرێچی و پارەی کرێی نەبوو بیدات، ئیدی وایلێهات منداڵەکانی دەریانکردو کەوتە ئەو ماڵ و ئەو ماڵ.. هەستی بەپەشیمانیەکی زۆر کرد، زانی هەموو ئەو بەڵایانەی تووشی بوو، بەهۆی ئەو دوعایە بوو کە دایکی لێی کرد.

کاتێك چووە ماڵی دایکی تا داوای لێخۆشبوونی لێ بکات ، دایکی  وتی: تازە شەرم لەو خوایە دەکەم داوایەکم لێیکرد، بڵێم لەو داوایە پەشیمانم.

ئیبراهیم بەو قسانە هێندەی دیکە دەماری تووڕەیی گیرا، لەجێوە پەلاماری دایکی دا، توند  قورگی گرت و خنکاندی  کە لەو کاتە ماڵە دراوسێکەیان بەسەر داهات، ناچار خۆی رادەستی پۆلیس کرد.

پاش ماوەیەك مانەوەی لە گرتوخانە، ژنەکەی داوای جیابوونەوەی لێ کرد و خۆیشی بەجۆرێ تووشی نەخۆشی دەروونی بووبوو، رۆژێکیان دوور لەچاوی ئەو دەوروبەرە، لەناو سجن خۆی کوشت.

بێگومان چۆن رەواو دروست نییە مرۆڤ دوعای مەرگ و مردن لە خوشك و برای موسڵمانی بکات، بەهەمان شێوە دروست نییە دوعا لە نەفسی خۆی بکات ئەگەر زۆریش بێزارو بێ ئومێد، پێی وابێ هیچ دەرچەو رێگەیەکی تری لەبەردەم نییە، ئەوجا نابێ دوعا لەخۆی بکات.

مرۆڤی موسڵمان ئەگەر بەجوانی خوای خۆی بناسێ، دەزانێ شەو و رۆژ دەرگای خوای پەروەردگار بەڕووی بەندەکانی کراوەیە تا گوێ لە ئاهو ناڵەو نووزەو لاوانەوەی بگرێ، بزانێ چی دەوێ؟ داوای چی لێ دەکات تا بۆی جێ بەجێ بکات. وەکو لە بوخاری و موسلیم دا هاتووە: ئەگەر هەر سووڕو مکوڕ بوو دوعا لەخۆی بکات، ئەوە دەتوانێ بڵێ: (اللَّهُمَّ أحيِيني ما كانَت الحَياةُ خَيرا لِي وَ تَوفَّني اِذا كانت الوَفاةُ خَيرا لي) [119]واتە: خوایەگیان بمژێنیت هەتا ژیان بۆ من لەمردن باشتر بێت، وە بمرێنی ئەگەر مردن بۆ

[119]–بخاري برقم/٦٣٥١ و مسلم برقم/ ٢٦٨٠

من له ژیان باشتر بێت.(جگه لەم شێوەو شێوازەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێیدا، دروست نییه بەڕەهایی دوعای مردن لەخۆی بکات).

*کەسی وا هەیە دەڵێ: خۆزگە ملم بشکایه بەس ئەو شته رووی نەدایە، مامۆستایەکی خزمم، بەسەرهاتی خەسوویەکی خۆی بۆ گێڕامەوە، وتی: خەسووم کوڕێکی تاقانەو پێنج کچی هەیە، کوڕە تاقانەکەی ناوە ناوە بارودۆخی تێك دەچوو، کێشەیەك لە دڵی هەبوو، زوو زوو لە هۆش خۆی دەچوو گوایە دڵی لاوازەو چەندین جار بردیانە ئێران.

خەسووم سەرەڕای ئەوەی خۆی بەموسڵمان دەزانی و نوێژی نەدەچوو، من بەدەیەها جار گوێم لێیبوو دوای نوێژە فەرزەکان،بەنەزاکەتەوە دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە، دەیوت: خوایە گیان بمکە بەمەیموون، بمکوژە بەس ئەو کوڕەم چاك بێتەوەو هیچی لێ نەیەت.

ئەوە نەدوعای جارێك و دوان و سیانی نەبوو، کەچی ئەوەندەی پێمان دەوت: ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی؟

دەیوت: ئێوە نازانن جەرگ چەند غەددارە؟.

وەلێ کت و پڕ نەخۆشییەك بەرۆکی گرت، ئەو ئافرەتە وشك بۆوە، دەموو چاوی بەجۆرێ گۆڕا، منداڵەکانی نەیاندەوێرا سەیری بکەن و لێی نزیك ببنەوە. دواجار خوا ئەو ئەمانەتەی لێ وەرگرتەوە، کوڕەکەیشی ئێستا خێزاندارەو ئەوەی کێشەیە نیەتی و چاك بۆتەوە.

*ئیبن قەیم دەڵێت: "بزانە بەردەوام بوون لەسەر یاخی بوون لەخوا بەهۆی هەندێ شتەوەیە لەوانە بە دڵ دەترسێ لە غەیری خوا، داواکردن لە غەیری خوا، خۆشویستنی غەیری خوا، زەلیل بوون بۆ غەیری خوا، پشت بەستن بەغەیری خوا"[١٢٠].

---

[١٢٠] - دانایەك دەڵێت:" هیچ رووناکیەك بەهێزتر نییە لە رووناکی دڵ و هیچ سوتێنەرێك بەهێزتر نییە لە تووڕەیی و هیچ چۆلەوانیەك ترسناکتر نی یە لە هاوڕێی خراپ و هیچ دوژمنێك بەهێزتر نییە لە نەفس و هیچ خواردنێك خۆش و بەتامتر نییە لە لەش ساغی و ئاسایش و هیچ شتێك تاڵتر نییە لە هەژاری و هیچ قورساییەك قورستر نی یە لە قەرزاری".

# له سۆزو میهری خوا بێ هیوا مەبن

قَالَ تَعَالَىٰ:

أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ

﴿ قُلْ يَٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴾ الزمر: ٥٣

**واته: "ئەی محەمەد(ﷺ)بە بەندەکانم بڵێ: ئەوانەی زۆر گوناح و تاوانیان هەیە، بێ ئومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوا، بەڕاستی خوا لە هەموو گوناهان دەبووریت، بەڕاستی خوا زۆر لێبوردەیە و زۆر بەزەییە".**

**بێ ئومێد بوون، رەشبینی لە ناخ و دەروونی مەردوم دەخولقێنێ، هەموومان دەزانین نەفسمان چۆنەو داوای چیمان لێ دەکات ئەگەر نەفسمان نەگرینەوە!**

**یەکێك لە شێوازەکانی جیهاد، جیهادکردنە لەگەڵ نەفس ، بۆیە گەورەترین ڕاستی و دڵسۆزی لای پەروەردگار داننانە بە هەڵەو کەم و کوڕی[١٢١].**

---

[١٢١]-بێ ئاگایی مرۆڤ، پشتگوێخستن و فەرامۆشکردنی نەفسە لەهەموو ئەو تاوان و گوناهانەی پێی دەکات. (بەکری کوڕی عەبدولای مەزن) دەڵێت:(ئەگەر بینیتان یەکێك هەر خەریکی بەدەرخستنی عەیب و عاری خەڵکیەو لە عەیب و عاری خۆی بێ ئاگایە، ئەوە با ئەو کەسە باش بزانێ کە تووشی پیلان و تووڕەیی خوا بووە).

*گەنجێك هاتە لای ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم، وتی: هاتووم گوناه بکەم، دەمەوێ ڕێم پێ بدەی زینا بکەم.

ئیبراهیم سەرەتا ئامۆژگاری کرد بۆ ئەوەی خۆی لەو گوناهە بەدوور بگرێ. گەنجەکە وتی: ناتوانم.

پێی وت:ئەی نازانی ئەم کارەی دەتەوێ ئەنجامی بدەی، کارێکی حەرامە؟

وتی: باش دەزانم حەرامە، گوناهە بەلام ناتوانم.

پێی وت: دەی کەوایە بڕۆ لەشوێنێك ئەو گوناهە ئەنجام بدە کە خواردنی خوای لێ نەبێ. هەواکەی هی خوا نەبێ. بچووە شوێنێ زەوەکەی هی خوا نەبێ؟ بچووە شوێنێ خوا نەتبینێ؟ دەی هەر دەتەوێ ئەو ئیشە بکەی، مەهێڵە ئەو مەلائیکەی سەر شانت گوناهەکەت بۆ بنووسێ؟

*عەلی کوڕی ئەبی تالیب (رضي الله عنه) دەفەرموێ: یەکەم مەیدانی ئێوە نەفسی خۆتانە، ئەگەر تیایدا سەرکەوتن، ئەوا بەسەر غەیری ئەودا زیاتر بەتوانا دەبن، خۆ ئەگەر لەو مەیدانەدا بێ توانا و زەلیل بوون، لەگەڵ کەسانی تردا، بێ توانا و زەلیل تر دەبن.

**پێغەمبەران (علیهم السلام) لە ئاست نەفس و خۆناسیندا خشوعیان هەبوو، دانیان بەهەڵەی خۆیان داناوەو خۆبەزل زانینیان فەرامۆش کردووە، ئەوەتا کاتێ ئادەم و حەوا لە دارە قەدەغەکراوەکە دەخۆن، دەڵێن: "پەروەردگارا ئێمە ستەممان لە خۆمان کرد، ئەگەر تۆ لێمان نەبووری و ڕەحممان پێ نەکەی، بێگومان لە خەسارەتمەندان دەبین".**

عَنْ أَبِى سَعِيدٍ الْخُدْرِىِّ (رضي الله عنه) أَنَّ نَبِىَّ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: « كَانَ فِيمَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ رَجُلٌ قَتَلَ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ نَفْسًا، فَسَأَلَ عَنْ أَعْلَمِ أَهْلِ الأَرْضِ، فَدُلَّ عَلَى رَاهِبٍ فَأَتَاهُ فَقَالَ إِنَّهُ قَتَلَ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ نَفْسًا فَهَلْ لَهُ مِنْ تَوْبَةٍ فَقَالَ: لاَ. فَقَتَلَهُ فَكَمَّلَ بِهِ مِائَةً، ثُمَّ سَأَلَ عَنْ أَعْلَمِ أَهْلِ الأَرْضِ، فَدُلَّ عَلَى رَجُلٍ عَالِمٍ فَقَالَ: إِنَّهُ قَتَلَ مِائَةَ نَفْسٍ فَهَلْ لَهُ مِنْ تَوْبَةٍ فَقَالَ: نَعَمْ وَمَنْ يَحُولُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ التَّوْبَةِ انْطَلِقْ إِلَى أَرْضِ كَذَا وَكَذَا فَإِنَّ بِهَا أُنَاسًا يَعْبُدُونَ اللَّهَ فَاعْبُدِ اللَّهَ مَعَهُمْ وَلاَ تَرْجِعْ إِلَى أَرْضِكَ فَإِنَّهَا أَرْضُ سَوْءٍ فَانْطَلَقَ حَتَّى إِذَا نَصَفَ الطَّرِيقَ أَتَاهُ الْمَوْتُ فَاخْتَصَمَتْ فِيهِ مَلاَئِكَةُ الرَّحْمَةِ وَمَلاَئِكَةُ الْعَذَابِ فَقَالَتْ مَلاَئِكَةُ الرَّحْمَةِ: جَاءَ تَائِبًا مُقْبِلاً بِقَلْبِهِ إِلَى اللَّهِ، وَقَالَتْ مَلاَئِكَةُ الْعَذَابِ: إِنَّهُ لَمْ يَعْمَلْ خَيْرًا قَطُّ، فَأَتَاهُمْ مَلَكٌ فِى صُورَةِ آدَمِىٍّ فَجَعَلُوهُ بَيْنَهُمْ فَقَالَ: قِيسُوا مَا بَيْنَ الأَرْضَيْنِ فَإِلَى أَيَّتِهِمَا كَانَ أَدْنَى فَهُوَ لَهُ، فَقَاسُوهُ فَوَجَدُوهُ أَدْنَى إِلَى الأَرْضِ الَّتِى أَرَادَ فَقَبَضَتْهُ مَلاَئِكَةُ الرَّحْمَةِ ». أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٧١٨٤) .

---

وتی: جا ئەوە بە کێ دەکرێ ڕێ لەهەمموو ئەو شتانە بگرێ؟.

پێی وت: ئەی کەوایە بۆچی شەرم لەخوا ناکەی لەکاتێکدا ئەو خوایە دەتژێنێ، ئەو خوایە خواردنت دەداتێ و هەموو شتێکی تۆ لای ئەوە .

وتی: ڕاست دەکەی، ئێستا یەقینم بۆ دروست بوو.

*(أبى سعيد الخدرى)(رضي الله عنه)، دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)فەرموویەتی: لە پێش ئێوەدا لە "بەنی ئیسرائیل" پیاوێك نەوەدو نۆ كەسی كوشتبوو، پرسیاری كرد سەبارەت بە زاناترین كەسی سەر زەوی، دەستنیشانی پیاوێكی خواپەرستی بۆ كرا، ئەویش چووە لای، پێی وت: من نەوەدو نۆ كەسم كوشتووە ئایا بۆم هەیە تەوبە بكەم؟ خواپەرستەكە وتی: نەخێر. پیاوەكەش خواپەرستەكەی كوشت و بوو بە سەد كەس، پاشان پرسیاری كرد سەبارەت بە زاناترین كەسی سەر زەوی، دەستنیشانی پیاوێكی زانایان بۆی كرد، پیاوەكە چووە لای ، پێی وت: من سەد كەسم كوشتووە ئایا بۆم هەیە تەوبە بكەم؟ زاناكە وتی: بەڵێ، كێ ڕێگە لە تۆبەی تۆ دەگرێ؟ بڕۆ بۆ ئەو زەوییە"دەستنیشانی دێیەكی بۆ دەكات" چونكە ئەو دێیە خەڵكانێكی تێدایە خوای پەروەردگار دەپەرستن، تۆش لەوێ خوا بپەرستە و نەگەڕێیەوە بۆ خاكەكەی خۆت، چونكە شوێنێكی خراپە.

پیاوەكە ڕۆیشت تاوەكو گەیشتە نیوەی ڕێگە، كە مردن ڕێی پێگرت، لەو جێگەیە مەلائیكەی ڕەحمەت و مەلائیكەی سزا بووە كێشەیان لەسەری[١٢٢] مەلائیكەی ڕەحمەت وتی: ئەم پیاوە لە شوێنی خۆی دەرچووەو تەوبەكارەو بە دڵ ڕووی كردۆتە خوای پەروەردگار.

مەلائیكەی سزا وتی: لە ژیانیدا هیچ خێروچاكەیەكی نەكردووە.

خوای پەروەردگار مەلائیكەیەكی لەسەر شێوەی مرۆڤ بۆ ڕەوانە كردن، ئەوانیش لە نێوان خۆیاندا كردیانە دادوەر. مەلائیكەتەكەیش كە لەسەر شێوەی مرۆڤدا بوو، وتی: نێوانی هەر دوو زەویەكە بپێون، لەهەر لایەكیانەوە نزیك بوو، ئەوە بۆ ئەوەتانە.

دوو مەلائیكەتەكە پێوایان، بینیان بە بستێك لەو دێیەوە نزیكە كە ویستی

---

[١٢٢] –روحكێشەر تەنها (مەلەكولمەوت) عزرائیلە، بەڵام دارو دەستەكەی جیاوازن.

**بۆی بڕوات، بۆیە مەلائیکەی رەحمەت بردی."[١٢٣]**

**ئەگەر مرۆڤ خۆی بۆ خواناسی و پەرستش یەکلا کردەوە، بەرچاو روون دەبێ و لەوە تێ دەگات سوودگەیاندن و زیانبەخشین کە ویستی پەروەردگاری لەسەربێت، هیچ هێزو توانایەك بەتەواوی گۆی مرۆیی کۆببنەوە تا بەری پێ بگرن، ناتوانن بیوەستێنن.**

***لە ئیبن عەباسەوە (رضي الله عنه)، وتی: رۆژێکیان لەسەر ولاغێك، لەپشتی پێغەمبەرەوە بووم، پێغەمبەری خوا(ﷺ)پێی وتم: ئەی هەرزەکار من چەند وشەیەکت فێر دەکەم: خوا بپارێزە خوا دەتپارێزێ، خودا بپارێزە هەر کاتێك سەیری دەکەیت ئەوە لە بەرانبەرتە. لە هەبوونی خۆت، خوای گەورە بناسە. لەکاتی تەنگانە دەتناسێ و بەهاناتەوە دێت. ئەگەر داوای شتێکت کرد، داوا لەخوا بکە. ئەگەر ویستت پشت بە کەسانێك ببەستی ئەوە تەنها پشت بەخوا ببەستە و تەنها هاواری خوای پەروەردگار بکە. ئەوە بزانە ئەگەر هەموو خەڵکی کۆببنەوە و بیانەوێ بەشتێك سوودت پێ بگەیەنن، ناتوانن بەهیچ شتێك سوودت پێ بگەیەنن تەنیا بەوە نەبێ کە خوای پەروەردگار بۆی نووسیوی، خۆ ئەگەر کۆببنەوەو بیانەوێ بەشتێك زیانت**

---

[١٢٣]- عَنْ أَبِی هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه)عَنِ النَّبِیِّ (ﷺ) قَالَ:( كَانَ رَجُلٌ يُسْرِفُ عَلَى نَفْسِهِ، فَلَمَّا حَضَرَهُ الْمَوْتُ، قَالَ لِبَنِيهِ: إِذَا أَنَا مُتُّ فَأَحْرِقُونِي ثُمَّ اطْحَنُونِي ثُمَّ ذَرُّونِي فِی الرِّيحِ، فَوَاللَّهِ لَئِنْ قَدرَ عَلَیَّ رَبِّي لَيُعَذِّبَنِّي عَذَابًا مَا عَذَّبَهُ أَحدًا، فَلَمَّا مَاتَ فُعِلَ بِهِ ذَلِكَ، فَأَمَرَ اللَّهُ الأَرْضَ فَقَالَ: اجْمَعِي مَا فِيكِ مِنْهُ، فَفَعَلَتْ فَإِذَا هُوَ قَائِمٌ، فَقَالَ: مَا حَمَلَكَ عَلَى مَا صَنَعْتَ، قَالَ: يَا رَبِّ، خَشْيَتُكَ، فَغَفَرَ لَهُ ) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٣٤٨١).

واتە"پیاوێك هەبوو بێ ئاگاو غافڵ بوو لە نەفسی خۆی و بەردەوام بوو لەسەر تاوان و گوناهکاری، کاتی مردنی نزیك بۆوە، بە منداڵەکانی وت: ئەگەر مردم بمسوتێنن، پاشان بمدەن بەدەم بادا لە رۆژێکدا بای بێت، چونکە سوێند بەخوا ئەگەر پەروەردگارم بمدۆزێتەوە و توانای بەسەرمدا هەبێت ئەوا سزادانێك سزام دەدات، هیچ کەسێکی بەو شێوەیە سزا نەدابێت.

کاتێك پیاوەکە مرد، منداڵەکانی ئەو کارەیان ئەنجامدا، ئینجا خوای گەورە فەرمانی کرد بە زەوی، فەرمووی: کۆی بکەرەوە چیت تێدایە.

زەویش کۆی کردەوە، پیاوەکە بە پێوە وەستا، خوای گەورە پێی فەرموو: چی وای لێکردی ئەم کارە بکەیت؟ پیاوەکە وتی: ئەی پەروەردگار ترسی تۆ، ترسی سزای تۆ–خوای گەورە لێی خۆش بوو–

**پێ بگەیەنن، دڵنیابە بەهیچ شتێك زیانت پێ ناگات تەنها ئەوە نەبێ کە خوای گەورە بۆی نووسیوی، خامەکان راوەستان و پەڕەکان وشك بوون**[١٢٤].

***ئیمامی شافعی دەڵێت:" ئەگەر نەفس و دڵ و دەروونت سەرقاڵ نەکەیت بەهەق و ڕاستییەوە، ئەوە بەشتی ناهەق و پڕوپووچ سەرقاڵت دەکات".**

**مرۆڤ دەبێ ئەقڵ بکاتە سەرجەلەی بیرکردنەوەو تێڕامان و وردبوونەوە لە دروستکراوەکانی خواو، نەفس بکاتە پەیژەیەك بۆ پاکبوونەوەو رەوشت و ئاکارە بەرزو باشەکان، چونکە نەفس وەکو هەوایەکی توندو تیژ وایە کاتێ لە پەڕو باڵی مریشك دەدات، بەئارەزووی خۆی بەملاو بەولای دەسووڕێنێ، هەر ئەو نەفسەیە مرۆڤ راپێچی دەریای حەزو تاوان دەکات کە لەو شتانە بترازێ، چاوی هیچیتر نەبینێ.**

﴿ وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ ۖ لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ ءَاذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَآ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ كَٱلْأَنْعَٰمِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْغَٰفِلُونَ ﴿١٧٩﴾ ﴾ الأعراف: ١٧٩ **واتە:(سوێند بەخوا بێگومان ئێمە زۆر لە جنۆکە و ئادەمیزادمان دروست کردووە، ئەوانە دەزگای دڵیان هەیەو کەچی هەقی پێ تێناگەن، چاویشیان هەیە کەچی هەقی پێ نابینن، گوێیان هەیە کەچی هەقی پێ نابیستن، ئا ئەوانە وەکو ئاژەڵ وان (لە شوێنکەوتنی ئارەزوودا) بەڵکو ئەوانە وێڵتریشن، ئا ئەوانە هەر غافڵ و بێ ئاگان لە هەق).**

**بە واتایەکی دیکە: ئەوانەی هەق دەبینن و لێی بێ ئاگان و نـایانەوێ هەق**

---

**[١٢٤]- عن ابن عباس(رضي الله عنه) قال: كنت خلف النبي(صلى الله عليه وسلم) يوما فقال: (ياغلام اني اعلمك كلمات: احفظ الله يحفظك، احفظ الله تجده تجاهك، اذا سألت فسأل الله واذا استعنت فاستعن بالله، واعلم: ان الامة لو اجتمعت على أن ينفعوك بشيء لم ينفعوك الا بشيء قد كتب الله لك، وان اجتمعوا على أن يضرك بشيء لم يضروك الا بشيء قد كتبه الله عليك، رفعت الاقلام و جفت الصحف). صحيح -(أخرجه أحمد برقم (٢٦٦٤، ٢٧٥٨، ٢٨٠٠) والترمذي برقم(٢٥٢٤ ) والحاكم برقم(٦٣٠٤)).**

بکەنە هەوێن و هێشوو و دروشمی ژیانیان، ئەوانە وەکو ئاژەڵ وان، بگرە لە ئاژەڵ وێڵترن، ئاژەڵ بە سروشتی خۆی دەگەڕێ لە شوێنێك کە سوودو کەڵکی بۆ هەبێ و لە زەرەرو زیانی خۆی ڕادەکات.

*ڕۆژێکیان ئەبولەهەبی مامی پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ وەلیدی کوڕی موغیرە بەیەکەوە تەواف کەعبەیان دەکرد، ئەبولەهەب وتی: وەڵلاهی من وەکوخۆم زۆر چاك دەزانم پێغەمبەر (صادق الامین)ە.

وەلید پێیوت: ئەی کەوایە بۆچی باوەڕی پێ ناهێنی و ئێستا بە شێت و درۆزنی دادەنێی؟

ئەبولەهەب لەوەڵامدا پێی وت: ئەو هەر لە منداڵیەوە کە لەناو ئێمە بوو پێمان دەوت (صادق الامین).

وەلید لێی پرسی: ئەی پێتوایە کە ئێستا گەورە بووە و فامی کردۆتەوە، کەسێکی درۆزن بێت؟

ئەبولەهەب لەوەڵامدا پێی وت: نەخێر، بەڵام نەفسەکەم ڕێم پێ نادا، نەفسەکەم وام پێ ناڵێ.

*کابرایەکی لای خۆمان، گێڕایەوە، وتی: (١٥) جوزئی قورئانم لەبەر بوو، بەماوەیەکی کەم، هەمووم لەبیر چۆوە.

لێیان پرسیم: بۆچی لەبیرت چۆتەوە؟

وتم: تووشی داوی خۆشەویستی کچێك بوومە، نەفسەکەم وای لێکردووم لەو کچە زیاتر، ئاگام لەهیچی تر نەبێت.

ویست و ئیرادە زۆر گرنگە بۆ زاڵبوون بەسەر نەفس، هەیە پارەدارە بەڵام ئیرادەی سەدەقەو بەخشینی نییە، هەیە چاك دەزانێ درۆ، دزی، داوێنپیسی، ئارەق خواردنەوە ، غەیبەتکردن خراپە، کەچی نەفسی خۆی بۆ ناگیرێ و ئەنجامی دەدات.

* بەخۆشبەختی وترا: کەی دێیت؟ وتی: ئەو کاتەی هەر نەفسێك بزانێ

تووشی هیچ نابیٚ ئیلا ئەوە نەبیٚ کە خوای گەورە بۆی نووسیوە.
*برادەریٚکی خۆم بۆی گیٚڕامەوە، وتی: قسەم لەگەڵ کابرایەك نەبوو کە ماوەیەکی زۆر هاوڕیٚی گیانی بەگیانی یەکدی بووین، کەچی هەر کاتیٚ ئەو فەرموودەی پیٚغەمبەری نازدارم بەبیر دەهاتەوە کە دەڵیٚ: (نابیٚ موسڵمان لەگەڵ برای موسڵمانی لەسیٚ ڕۆژ زیاتر قسە نەکات). دەمویست بیبینم و بۆ ئاشت بوونەوە دەستپیٚشخەری بکەم،( سبحان الله) کە لە کابرا نزیك دەبوومەوە، دڵم ئەوەندە ڕەق دەبوو، نەفسم ختوکەی دەدام، پیٚی دەوتم: ئەوە چیە تۆ قسەی لەگەڵ بکەی! دەی خۆتی تیٚ مەگەیەنەو لەگەڵی ئاشت مەبەوە.
*لەئینجلی مەتتا(٢١-٢١) هاتووە: "چاو چرای لەشە، گەر چاوت ساغ بیٚت، ئەوا لەشت هەمووی ڕووناکە، ئەگەر چاوت خراپ بیٚت، ئەوا لەشت هەمووی لە تاریکیدایە، بەڵام ئەگەر ئەو ڕووناکییەی تیٚیاندایە تاریك بیٚ، ئاخۆ دەبیٚ چ تاریکییەك بیٚت؟ کەس ناتوانیٚ کۆیلەی دوو گەورە بیٚت یان رقی لە یەکیٚکیان دەبیٚت و ئەوەی دیکەی خۆش دەویٚت، یان دڵسۆزی یەکیٚکیان دەبیٚت و ئەوەی دیکەی پشتگویٚ دەخات، ئیٚوەش ناتوانن کۆیلەی پارەو خوا بن بەیەکەوە"[١٢٥].
*لە هەقیقەتیش ئەوە دەخویٚندریٚتەوە: "خەڵکی تاوانبار مەکەن تا تاوانبار نەکریٚن، چونکە بەو شیٚوەیەی خەڵکی تاوانبار دەکەن، ئیٚوەش تاوانبار دەکریٚن. بەو پیٚوانەی بۆ خەڵکی دەپیٚون، بۆتان دەپیٚونەوە. بۆچی سەرنج لە پووشکی ناوچاوی براکەت دەدەیت، بەڵام ئاگات لە تەختە دارەکەی ناو چاوی خۆت نییە، یان چۆن بە براکەت دەڵیٚیت: ڕیٚم بدە با ئەو پووشکە لە چاوت دەربیٚنم، لە کاتیٚکدا تەختە داریٚك لەچاوی خۆتدایە؟ ئەی دوو ڕوو یەکەم جار تەختە دارەکەی ناو چاوت دەربیٚنە، تا باش ببینیت، ئەوسا

---

[١٢٥] - خەڵکی تاوانبار مەکەن ، ئینجیلی پیرۆز-چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٨، ل١٠

**پووشـکی ناوچـاوی براکـەت دەربێنـە، شـتی پـیرۆز مـەدەن بـە سـەگ، زێڕیشـتان فـڕێ مەدەنـە بـەردەم بـەراز، نـەوەك بـە قاچـی پێشـێلی بکـات و بەسەرتان هەڵگەڕێتەوەو پارچە پارچەتان بکات".**

***لـە "سـەحیحی بوخـاری" هـاتووە: لـە عەبـدوڵای کـوڕی مەسـعودەوە، پێغەمبـەر(ﷺ) دەفـەرموێ: ئیمانـدار ئەوەنـدە بـە گـەورە لـە تاوانـەکانی دەڕوانـێ، تاوانـەکانی وەك شـاخێك بەسـەر سـەرییەوە دەبینێـت، بۆیـە هەمیشـە دەترسـێ بەسـەری دابڕمـێ، بـەڵام فـاجرو خراپـەکار ئەوەنـدە بـە بچووکی بۆ تاوانەکانی دەڕوانێ، تاوانەکانی وەکو مێشێك سەیر دەکات کە بەلای لووتی تێ دەپەڕێ، بەدەستەکانی ئاوهایەکی لێ بکات [126].**

**هەروەها بەسەنەدێکی سەحیح لە"موسنەدی ئەحمەد" هاتووە، لە سەهلی کوڕی سەعدەوە: پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێت: (ئامان وریای تاوانە وردەکان بن، ئەو تاوانەی بە کەم تەماشا دەکرێن و گوێیان پێ نادرێ، چونکە بەرە بەرە لە سەر خاوەنەکەی کۆ دەبنەوە تا لە ناوی دەبەن- پاشان پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: بەڕاستی نموونەی تاوانە وردەکان وەکو خەڵکانێك وایە لەنێو جەرگەی دۆڵێك لا بدەن، جا ئەمەیان بڕوا چڵە دارێك بێنێ و ئەویتریان بڕوات چڵەدارێکی تر بێنێ، ئا بەوشێوەیە ئەوەندە کۆ بکەنەوە تا چێشتەکەیانی پێ لێ بنێن، بەڕاستی تاوانە وردەکان ئەگەر کۆ ببنەوە، خوای پەروەردگار نەیسڕێتەوە، خاوەنەکەی لەناو دەبات) [127].**

---

[126]- ( انَّ المُؤْمِنَ يَرَى ذُنُوبَهُ كَأنَّهُ قاعِدٌ تَحْتَ جَبَلٍ يَخافُ أنْ يَقَعَ عليه، وإنَّ الفاجِرَ يَرَى ذُنُوبَهُ كَذُبابٍ مَرَّ علَى أنْفِهِ فقالَ به هَكَذ).رواه البخاري برقم/٦٣٠٨

[127]- (إيَّاكُم ومحقَّراتِ الذُّنوبِ فإنَّهنَّ يجتمِعنَ على الرَّجلِ حتَّى يُهلِكنَهُ كرجلٍ كانَ بأرضِ فلاةٍ فحضرَ صنيعُ القومِ فجعلَ الرَّجلُ يجيءُ بالعودِ والرَّجلُ يجيءُ بالعودِ حتَّى جمعوا من ذلِكَ سوادًا وأجَّجوا نارًا فأنضجوا ما فيها), صحيح الجامع،برقم/٢٦٨٦

إِيَّاكُمْ وَمُحَقَّرَاتِ الذُّنُوبَ، فَإِنَّهُنَّ يَجْتَمِعْنَ عَلَى الرَّجُلِ حَتَّى يُهْلِكْنَهُ، فَإِنَّ مَثَلَ مُحَقَّرَاتِ الذُّنُوبِ كَمَثَلِ قَوْمٍ نَزَلُوا بِبَطْنِ وَادٍ ، فَجَاءَ ذَا بِعُودٍ وَذَا بِعُودٍ حَتَّى جَمَعُوا مَا أَنْضَجُوا بِهِ خُبْزَهُمْ ، وَإِنَّ مُحَقَّرَاتِ الذُّنُوبِ مَتَى يُؤْخَذْ بِهَا صَاحِبُهَا تُهْلِكْهُ.

**مرۆڤی ژێر وەکو چۆن دوو جار دەست ناکات بە کونێکدا[128]، ئاواش دەزانێ گوناه لەشتی بچووکەوە پەیتا پەیتا گەورە دەبێت، وەك چۆن لە کۆبوونەوەی جۆگەلە ئاوەکان، رووبار دروست دەبێت.**

***هەموومان بەسەرهاتی ئەو گەنجە دەزانین چۆن هێلکەیەکی دزی و دایکی قسەی نەکرد، ئەویش هێلکە لەدوای هێلکە، شت شتی بەدوا داهات، دواجار پەنای بردە بەر کوشتن و سەرەنجام گیراو سزای خۆی وەرگرت.**

**ئیمانی راستەقینە تەنها لە ناسینی راستەقینەی خوای پەروەردگار سەرچاوە دەگرێ کە دزی نەکات، زینا نەکات، دادپەروەربێ، راستگۆبێ و ...هتد، ئەوەش بۆ پێنج شتی تەریبی یەك لەدوای یەك دابەش کراوە. (دین –ئەقڵ– نەفس– نەسەب– دنیا)[129].**

---

[128]–کوردیش دەڵێ: مارانگەز لە گوریسی رەش دەترسێ.

[129]– عومەری کوڕی عەبدولعەزیز(ﷺ) لە دوا وتاریدا دەفەرموێ: ئێوە هەروا بە گاڵتە دروست نەکراون و وازتان لێ ناهێندرێ بەخۆڕایی و بێ سوود، ئێوە کاتێکتان بۆ دیاری کراوە خوای گەورە تێیدا دادەبەزێ بۆ بڕیاردان لەنێوان بەندەکانی دا. بەڕاستی هیوا بڕاو و زەرەرمەندە هەر کەسێك لە رەحمەتی خوای گەورە دەربچێ و بێ بەش بێت لە بەهەشت کە فراوانیەکەی فراوانی ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوە! ئایا نابینن ئێوە لە پاشماوەو میراتی خەڵکانی پێش خۆتان، ئەوانەی دێن لە دواتان ئەم میراتە دەگرن؟ هەر بەو شێوەیە تا دەگەن بە خوای گەورە. وە هەموو رۆژێك هەندێکتان دەگەڕێنەوە لای خواو بڕیاری مردنی بۆ دراوە، تەمەن کۆتایی هات، ئێوەش ماڵئاواییان لێ دەکەن، لە ناو چاڵی زەویدا بەجێی دەهێڵن کە سەرین و رایەخی تێدا نیە، ئەو مردووە لە کردەوە پچڕاو جیا بۆوە لە خۆشەویستان و نیشتەجێی ناوگڵ بووەو بەرەو رووی لێپرسینەوە رۆیشت، پەیوەندی نەما بەوەی کە بە رێی کرد بەڵام هەژارە بۆ ژیانی لەمەودوای، لە بەر ئەوە ئەی بەندەکانی خوا، لە خوا بترسن پێش دابەزینی مردن و کاتی هاتنی.من ئەو قسانەتان پێ دەڵێم ، نازانم خەڵك چەند تاوانبارە، ئەوەندەی دەزانم من خۆم چەندە تاوانبارم. بەڵام من داوای لێبوردن لە خوا دەکەم و دەگەڕێمەوە لای ئەو.

لە پاشان لایەکی عەبایەکەی بەرز کردەوەو دەستی کرد بە گریان و هاواری کرد و هەناسەیەکی دا. لە پاشان لە سەر مینبەرەکە دابەزی و نەگەڕایەوە سەر مینبەرەکە، هەتا مرد.

***ئیبن تەیمیە دەڵێت: "بەندە بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ تاوانکردن چونکە تاوان لە نەفسیدا ماوە، هەر کاتێکیش گومان و حەزو ئارەزوو لە دڵی دەرچوو، ئەوە بۆ تاوانکردن ناگەڕێتەوە".**

***پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:" هەر کەسێك خۆشویستنی لەبەر خوا بێ و رق لێبوونەوەیشی هەر لەبەر خوا بێت و بەخشینی لەبەر خوا بێ و نەبەخشینی هەر لەبەر خوا بێت. ئەوە بێگومان ئیمانی خۆی تەواو کردووە" [130].**

**پێشەوای مرۆڤایەتی (ﷺ)سەرەڕای ئەوەی لەبەرزترین لوتکەی خوڕەوشت دابوو، وەکو (دەست پاك- راستگۆ- دڵسۆز- دادپەروەر-خاوەن پەیمان- خۆشەویستی خەڵك و نێردراوی خواو...هتد، ئەوجا دەیفەرموو: (اللَّهُمَّ كَما احسَنتَ خلقي، فاحسَن خُلُقي).**

**کەواتە ئەوەندە سکالای خۆت لای ئەم و ئەو دەکەیت، لە خوای گەورە بپاڕێوەو سکالای دڵی خۆتی لەلا بکە.**

***کچێکی هەژارو بێکەسی بێ مەئوا، تەنها دایکێکی پیری هەبوو، شووی بە ئامۆزایەکی خۆی کردبوو، ئامۆزاکەی زۆر لەگەڵی خراپ بوو، زۆر جار لێی دەداو ئەویش هەرچی جاریێ دڵی توند بوایە، دەچووە لای دایکی و بەگریانەوە دەردەدڵی خۆی لەلا دەکردەوە، ئەویش هیچی لەدەست نەدەهات، خەمی لێ دەخوارد و دڵی دەدایەوە ، ئەو کچە داماوە، ماوەی دە ساڵ ژیانی بەم حاڵە بەسەر برد.**

**کاتێك دایکی نەخۆش کەوت و کەوتە سەرە مەرگ، کچەکەی بەدەم گریانەوە پێی وت: دایەگیان من لەو دونیایەدا تەنها تۆم هەیە ناخ و دەردی دڵمی بۆ بکەم، ئیدی دوای تۆ چیبکەم؟ بچمە لای کوێ؟ کێ هەیە گوێم**

---

**[130]- عَن ابي أمَامة(رضي الله عنه) عَنِ الرَّسُولُ الله(ﷺ) أنَّهُ قال: (مَن أحبَّ للَّهِ وأبغضَ للَّهِ ، وأعطى للَّهِ ومنعَ للَّهِ فقدِ استَكْملَ الإيمانَ). رواه ابوداود برقم/٤٦٨١أسناده حسن.**

لێبگرێ؟
دایکی پێیوت: کچم دڵتەنگ مەبە، هەر کاتێك دڵت توند بوو، وەرە ئەم ماڵە و دەستنوێژێکی جوان بشۆو بچوە سەر بەرماڵ و باسی حاڵی خۆت بۆ خوا بکە.
دایکی مرد، ئەوەی مایەوە ئەوەبوو دەبێ وەسیەتەکەی دایکی جێ بەجێ بکات.
هەرچی جارێ دڵتەنگ بوایە، گۆزە ئاوێکی هەڵدەگرت و دەچووە خانووەکەی دایکی و بە ئاوەکە دەستنوێژێکی جوانی دەشووشت و سکاڵای خۆی بۆ خوا دەکرد، کە دڵی ئارام دەبۆوە، ئەوجا دەگەڕایەوە.
مانگێك تێپەڕی، ماڵی خەسووی لێی کەوتنە گومان، بەهەڵپەیەکەوە بە کوڕەکەیان وت: ژنەکەت زوو زوو کە تۆ لە دەرەوەی، گۆزە ئاوێك دەخاتە سەرشانی و دەچێتە خانووەکەی دایکی و سەیرەکەی لەوەدایە کاتێك دەگەڕێتەوە، دڵی خۆشەو گۆزە ئاوەکەی بەتاڵە، هەبێ و نەبێ پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی دیکە هەیە.
مێردەکەی دەڵێت: ئەوە بۆ من لێگەڕێن، خۆم چارەی دەکەم، بەنهێنی چاودێری دەکەم بزانم چی دەکات و خەریکی چییە!.
کاتێك دەبینێ ئەوە ژنەکەی بە گۆزە ئاوێکەوە خەریکە دەچێتە ماڵی دایکی، ئەو خێراتر خۆی دەگەیەنێتە ئەو ماڵەو خۆی لە سووچێکەوە دەشارێتەوە تا بزانێ ژنەکەی چی دەکات؟ لە نزیکەوە سەرنجیدا ئەوە ژنەکەی گۆزە ئاوەکە لەسەر شانی دادەگرێ و بە ئاوەکەی دەستنوێژ دەشوا، ئەوجا دەچێتە سەر بەرماڵ و بەدەم قوڵپی گریانەوە سکاڵای حاڵی خۆی بۆ پەروەردگار دەکات.
مێردەکەی کاتێ گوێ لە نزاکانی دەگرێ، خۆی لێ ئاشکرا دەکات و باوەشی پێدا دەکا و بەگریانەوە داوای گەردەن ئازایی لێ دەکات و بەڵێنی

پێدەدا کە لەمەودوا لەگەڵی باش بێت.

شەوێکیان ژنەکە، دایکی لەخەودا بینی، پێی وت: کچەکەم ماوەی دە ساڵ بەردەوام سکاڵات لای من کرد و نەمتوانی هیچت بۆ بکەم. وەلێ تەنها یەك مانگ سکاڵات بۆ خودا برد، بزانە چۆن بارودۆخی چاك کردی!.

*پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ:" **فریشتەی دەستە چەپ بۆ ماوەی شەش سەعات قەڵەم لە سەر ئەو موسڵمانە هەڵدەگرێ کە تاوانێك یان خراپەیەك ئەنجام دەدا. جا ئەگەر پەشیمان بۆوەو داوای لێخۆشبوونی لە خوا کرد ئەوە لەسەری نانووسێ، ئەگەرنا یەك خراپەی بۆ دەنووسرێ**"[١٣١]

دەسا ئێوەش بە یەقینەوە مرازو داواو داخوازیەکانتان بۆ خوا بەرزبکەنەوە، بەدڵنیاییەوە بێ ئومێد نابن، جا بۆ ئەوەی خۆشنودو ژیان بەرەکەت ببەنە سەر، هەرگیز سەیری ئەوانە مەکەن لەسەرووی ئێوەن، بەڵکو سەیری ئەوانەی خوار خۆتان بکەن[١٣٢] ، کاتێ فەقیر بووی، بزانە لە تۆ فەقیرتر هەیە، کاتێ دەردەدار بووی، بزانە کەسانێك هەن زۆر لە تۆ دەردەدارترن و جگە لە خوای پەروەردگار، کەس نازانێ خێرو شەڕ لەچی دایە؟

کاتێك دەخەوی، لە خەوێکی خۆش یا ناخۆش، پێتخۆشبێ یا ناخۆش کە خەبەرت بۆوە، کاتێك دەزانی لە دونیایەکی تری، ئێستات بکە بەو خەوە خۆشە، کە مردیت و خەبەرت بۆوە، خۆشحاڵ بیت.

هەموو شەوێك بە دوعاو پاڕانەوە وزە بەدەست بێنە، بۆ بەیانی بەهێزێکی

---

[١٣١]- إِنَّ صَاحِبَ الشِّمَالِ لِيَرْفَعُ الْقَلَمَ سِتَّ سَاعَاتٍ عَنِ الْعَبْدِ الْمسلِمِ الْمخْطِئِ أَوِ الْمسِيءِ، فَإِنْ نَدِمَ وَاسْتَغْفَرَ الله مِنْهَا أَلْقَاهَا، وَإِلا كُتِبَتْ وَاحِدَةً" رواه الطبراني في الكبير والبيهقي في شعب الإيمان وحسنه الألباني.". (ئەو سەعاتە پێ دەچێت ئەم سەعاتە گەردونیە بێت کە لای هەموومان روون و ئاشکرایە و پێش دەچێ ماوەیەکی کەم بێت لە شەو یان ڕۆژدا). (والله أعلم)

[١٣٢]- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (انْظُرُوا إِلَى مَنْ أَسْفَلَ مِنْكُمْ، وَلَا تَنْظُرُوا إِلَى مَنْ هُوَ فَوْقَكُمْ، فَهُوَ أَجْدَرُ أَنْ لَا تَزْدَرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ –قَالَ أَبُو مُعَاوِيَةَ– عَلَيْكُمْ] .(بخاري/ الرقاق/ ٦١٢٥).

نوێوه بچووه سەر کارو جووڵەی ڕۆژانەت.

دوعا ئەگەر لە قولآیی دڵەوە هەڵقوڵێ، دەتوانێ کەسێکی بەهێز دروست بکات، چونکە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ئاڕاستەی دەکات و هێزی دەروون سست و مردووی زیاتر کاریگەرو زیندوو دەکاتەوه.

لە گەمەو گاڵی ئەم دونیایەدا، هەموو تیپەکان دەدۆڕێن تەنیا دوو تیپ دەمێنێتەوە، تیپێك بۆ بەهەشت و ئەویتر بۆ دۆزەخ. **(و فريق في الجنة و فريق في السعير).**

لەوانەیە ژیانی ئێمە بەو شێوەیە نەڕوات کە خۆمان پلانمان بۆ داناوە، بەلآم بەدڵنیاییەوە بەو شێوەیە دەڕوات کە خوای پەروەردگار پلانی بۆ داناوەو پلانی خوا لەهەموو بەرنامەو پلان و ڕێچکە دەستکردەکانی مرۆڤ باشترە. بۆیە وەکو چۆن منداڵ داوای شتێك دەکا تا بۆی جێ بەجێ نەکرێ، واز لە گریان و فیغان نایەنێ و ناوەستێ و ژێر نابێتەوە، ئێوەش ئاوا بەردەوام پارێزگاری لە دوعاکانتان بکەن، لە دوعاکردن سارد مەبەوە. لە دوعاکردن بەردەوام بن.

* * *

# هەندێ لەو دوعایانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گێڕاویەتەوە یان کردوویەتی

## ✍دوعاکانی سەردەمی خەلیفەو پیاوچاکان:

### ✍دوعاکانی سەردەم:

هەموو زیکرێك دوعایە، ئەوانەی زیکر دەکەن، بە زیکرکردن سەرقاڵ دەبن، بۆیە خودا لە دوعاکردن چی دەداتە دوعاکاران، هەمان شت دەداتە زیکرکاران، لە فەرموودەیەکی قودسی هاتووە: (مَنْ شَغَلَهُ ذِكْرِي عَنْ مَسْأَلَتِي أَعْطَيْتُهُ أَفْضَلَ مَا أُعْطِي السَّائِلِينَ) .[١٣٣]

**دوعا و داواکاریەکانی مرۆڤایەتی ئەوەندە زۆرو بێشومارن ئەگەر هەمووی کۆ بکەینەوە، بە ئینسکلۆپیدیاو سەدەها بەرگی گەورە بەکۆتا نایەت کە چۆن مرۆڤەکان بە کزۆڵی و زەلیلیەوە پەنایان بردۆتە بەر پەروەردگاری سەرتۆپی پسات و چۆن بەدەنگ هاناو هاواریانەوە چووەو وەڵامی داونەتەوە.**

**لەم گۆشە نیگایەوە چەند نمونەیەکی زیندوو دەخەینە بەر دەستان، کورد وتەنیْ: مشتێك نمونەی خەروارێکە.**

✍**بەسەرهاتی یەکەم:**

***عەبدولڵای کوڕی عومەر(رضي الله عنه) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە:**لە کاتێکدا پێش ئێوە سیْ کەس بەڕێگادا دەڕۆیشتن، باران لێی داکردن و ناچاریکردن پەنا بەرنە بەر ئەشکەوتێك، لەو کاتە بەردێك لە شاخەکە بەردەبێتەوە و دەرگای ئەشکەوتەکەیان لیْ دەگریْ، لەناو خۆیاندا بەیەکتر دەڵێن: هیچ شتێك رزگارمان ناکات لەم بەردە جگە لە داواکردن لەخوا بەچاکترین ئەو کردەوانەی لەپێناوی خوا ئەنجاممان داوە.

**یەکەمیان وتی:** پەروەردگارم، دایك و باوکێکی بەساڵاچووم هەبوو ئێواران

---

[١٣٣] - **رواه البزار و البيهقي.**

لەشوانی دەهاتمەوە، ئاژەڵەکانم دەدۆشی پێش ئەوەی شیرەکەیان بدەمە منداڵەکانم، بەدایك و باوکم نۆش دەکرد، رۆژێکیان بەهۆی دوورکەوتنەوەو سەرقاڵ بوونم بەگەلاوەراندن بۆ ئاژەڵەکان، لە هاتنەوەم درەنگ کەوتم، کە هاتمەوە وەك رۆژانی پێشوو ئاژەڵەکانم دۆشی، بەلام بینیم هەردووکیان خەوتوون، حەزم نەکرد پێش ئەمان بیدەمە منداڵەکانم، حەزیشم نەدەکرد لەخەویان هەڵسێنم، بۆیە چاوەڕوان بووم لەخەو هەڵسن، تا بەرە بەیان بەکاسە شیرەکەوە بەسەر سەریانەوە ڕاوەستام، جا خودایە ئەگەر من ئەو کارەم لەبەر خاتری رەزامەندی تۆ ئەنجامداوە، ئەوا لە میحنەتی ئەم بەردە رزگارمان بکە.

(بەردەکە جولا و هەندێك لەدەرگای ئەشکەوتەکە کرایەوە، بەلام ئەوە نەبوو بتوانن لێوەی بێنە دەرەوە).

**دووەمیان وتی:** پەروەردگارم، من ئامۆزایەکم هەبوو لە هەموو کەس زیاتر خۆشم دەویست، داوام کرد رێگەم بدات کاری ناشەرعی لەگەڵ بکەم، رێگەی نەدام،ساڵێکیان برسێتی زۆری بۆ هێنا و هاتە لام، منیش ١٢٠دینارم پێیدا بەمەرجێ رازیبێ کاری ناشەرعی لەگەڵ بکەم، ئەویش بەناچاری و لەبەر پێویستی، بەو کارە ڕازی بوو. کاتێك ویستم ئەو تاوانەی لەگەڵ ئەنجام بدەم، پێی وتم: لەخوا بترسە و ئەو کارەم لەگەڵ ئەنجام مەدە بەڕێگەیەکی شەرعی نەبێت ( واتە بە زەواج). قسەکەی کاری تێکردم سەرەڕای ئەوەی لە هەموو کەس زیاتر خۆشم دەویست، وازم لێی هێنا و پارەکەیشم لێی نەسەندەوە، جا خودایە ئەگەر من ئەم کارەم لەبەر خاتری ڕەزامەندی تۆ ئەنجامداوە، ئەوا لە میحنەتی ئەم بەردە رزگارمان بکە.

(بەردەکە هەندێکی تر جوولاو زیاتری لەدەرگای ئەشکەوتەکە کردەوە،بەلام هێشتا هەر ئەوەندە نەبوو لێوەی بێنە دەرەوە).

**سـێیەمیان بەهــەمان شـێوە باســی ئەمانەتــداریێتی خــۆی کــرد لەگــەڵ کرێکارێکدا کە چۆن مافەکەی نەخواردووە و بۆی پاراستووە و گەشە و نمای پێکردووە هەروەکو ئەوانی تر، وتی: جا خودایە ئەگەر من ئەم کارەم لەبـەر خـاتری ڕەزامەنـدی تـۆ ئەنجامـداوە، ئـەوە لـە میحنـەتی ئـەم بـەردە ڕزگارمان بکە.**

**(بە پاڕانـەوەی سێیەمیان بەردەکـە بەتـەواوی لەبـەر دەرگـای ئەشـکەوتەکە لاچوو، پەروەردگار لەو میحنەتە ڕزگاری کردن)** [١٣٤]

**✍بەسەرهاتی دووەم:**

***ئوم سولەیم وتی: ئەی پێغەمبەری (ﷺ)خوا، بۆ ئەنەس لەخوا بپاڕێرەوە. ئـەویش فـەرمووی: "خوایـە مالْ و منـداڵی زۆر بکـەو بەرەکـەتی تـێ بخـە". ئەنەس وتی: لەنەوەی پشتی خۆم، جگە لە منداڵی منداڵەکانم، واتـە: جگـە لـە کوڕەزاکـانم، سـەدو بیسـت و پێـنج کەسـیانم لـێ ناشـتووەتە نـاو گـۆڕ و بەڕاستی زەویەکـەم لـە ساڵێکدا دوو جار بـەری دەگـرت و هـیچ شـتێك نییـە لەم ولاَتە دوو جار بەر بگرێ جگە لە زەویەکەی من نەبێت** [١٣٥] **.**

**✍بەسەرهاتی سێیەم:**

**عومەری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) لەساڵی٢٣ی کۆچی کاتێك حەجی ماڵی خوای کرد، پاڕایەوە وتی: "خوایەگیان لێت دەپاڕێمەوە لەپێناوی تۆ لەناو شاری پێغەمبەری خوا(ﷺ) شەهیدیم بە نسیب بکە".**

**خوای پەروەردگار دوعاکەی قبوڵ کرد، ئەوەبوو لە مەدینە، لـە کاتی نوێژی بـــــەیانی، لـــە مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ)، ئەبو لوئلوئەی مەجوسی بـە**

---

[١٣٤] –حديث صحيح رواه البخاري و أحمد في المسند.

[١٣٥] – عَنْ أَنَسِ بن مَالِكٍ (رضي الله عنه) قَالَ : ((قَالَتْ أُمُّ سُلَيْمٍ : يَا رَسُولَ اللَّهِ(ﷺ) ادْعُ اللَّهَ لأَنَسٍ ، فَقَالَ : اللَّهُمَّ أَكْثِرْ مَالَهُ وَ وَلَدَهُ ، وَبَارِكْ لَهُ فِيهِ . قَالَ أَنَسٌ : فَلَقَدْ دَفَنْتُ مِنْ صُلْبِي سِوَى وَلَدِ وَلَدِي خَمْسًا وَعِشْرِينَ وَمِائَةً ، وَإِنَّ أَرْضِي لَيُثْمِرُ فِي السَّنَةِ مَرَّتَيْنِ ، وَمَا فِي الْبَلَدِ شَيْءٌ يُثْمِرُ مَرَّتَيْنِ غَيْرَهَا))( رواه البخاري رقم : (٦٣٧٨) ، ومسلم رقم : (١٤٩٩) ، والطبراني في "المعجم الكبير" رقم : (٧٠٩) واللفظ له ، وانظر : "صحيح الأدب المفرد" رقم : (٦٥٣) و "سلسلة الأحاديث الصحيحة" : رقم : (١٤١).

**خەنجەرێکی ژەهراوی سێ خەنجەری لێداو شەهیدی کرد، تەرمەکەی لەنزیك گۆڕی پێغەمبەر(ﷺ)و ئەبوبەکری صدیق نێژرا، لەو شوێنەی پێشتر عائیشە بۆ خۆی دانابوو[١٣٦].**

**✍بەسەرهاتی چوارەم:**

***خەڵکی شاری کوفە دژ بە سەعد(رضي الله عنه)کە ئەو کاتە والی کوفە بوو، سکالأیان گەیاندە خەلیفەی موسڵمانان "عومەری کوڕی خەتاب" (رضي الله عنه)و داوایان لێی کرد بیگۆڕێ و کەسێکی تری لەجێ دانێ، پاساویان ئەوە بوو گوایە سەعد کەسێکی دادگەر نییە، بەیەك چاو سەیری هەمووان ناکات، بۆیە نایانەوێ پێشنوێژییان بۆ بکات و بە پێشەوای خۆیان نازانن.**

**ئیمامی عومەر بۆ ساغکردنەوەی ئەو سکالأیە لیژنەیەکی چەند کەسی ناردە عێراق تا لە نزیکەوە لە راست و دروستی ئەو قسانە بکۆڵنەوە، لیژنەکە چووە شاری کوفە، کەوتە گەڕان و سووڕان، مزگەوت بەمزگەوت لەخەڵکی ئەو دەوروبەرەیان دەپرسی: ئایا ڕەفتارو هەڵسوکەوتی سەعد**

---

[١٣٦] – عومەری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) پیاوێك بوو لەکاتی فەرمانڕەوایی خۆی وەکو خەلیفەی دووەمی موسڵمانان، رۆژانە بۆ خەرجی خۆی و ماڵ و منداڵەکانی تەنها دوو درهەمی دانابوو، ئەو بڕە پارەیە بۆ ئەو کاتە زۆر کەم بوو، لەکاتێکدا هەموو پارەی بەیتولمالی لەژێر دەست دابوو، کەچی دەستی بۆ نەدەبرد، دەیوت: ئەو ماڵە لای من وەکو ماڵی یەتیم وایە، چەندە خۆمی لێ بەدوور بگرم ئەوەندە سەربەرز دەبم، خۆ ئەگەر برسیم بوو، ئەوە ئەوەندە ناخۆم تاوەکو تێربم.

ئیمامی عومەر یەکەم کەس بوو بە (ئەمیرولموئمنین) بانگ کرا، یەکەم کەس بوو خەڵکی بۆ نوێژی تەراویح کۆکردەوەو بە کۆمەڵ نوێژی تەراویحیان ئەنجامدا. یەکەم کەس بوو بەشەو لەنێو کۆڵأنەکانی شار دەسووڕایەوە بۆ ئەوەی بزانێ ژیان و گوزەرانی خەڵك چۆنەو لەو شارە چی دەگوزەرێ؟ یەکەم کەس بوو دیوانی دانا. یەکەم کەس بوو بەمەبەستی تەئدیب و تەمبێکردن ٨٠داری لە ئارەقخۆردا، یەکەم کەس بوو جەزیەو سەرانەی لە غەیرە دینەکانی نێو دەوڵەتی موسڵمانان وەرگرت و یەکەم کەس بوو ساڵنامەی عەرەبی"کۆچی" داناو دادپەروەریەکەی بەجۆرێ بوو، هەر کەسێکی بۆ والی هەر شوێنێك دانایە، سەرەتا بانگی دەکرد، لەسەروەت و سامانەکەی دەپرسی ، ئەوجا لەلای خۆی هەموو سەروەت و سامانەکەی تۆمار دەکرد بۆ ئەوەی لەکاتی لاچوون و لابردنی دا بزانێ ئایا گەندەڵی کردووە یان نا؟ کاتێك لە ئیمامی عومەریان پرسی: رزگاربوونت لە چیدایە؟ وتی: **(لەدوای نزاوپاڕانەوە بۆ خوداوەندی گەورە، هیچی تر نازانم).**

دەرهـەق بەخەڵکەکـەی چـۆنە؟ هـەمووان بـەڕێزەوە باسـیان لـە ڕەفتـارو هەڵسـوکەوتی دەکـردو دوعـای بـەخێریان بـۆی دەکـرد، تـەنها لـە یـەك لـە مزگەوتەکان کابرایەك راست بۆوە، وتی: ئەم پیاوە لە هیچ شتێك شارەزاو دادوەر نییــە، لــە کارەکانیــدا بەڕاســت و دروســتی لەگــەڵ خەڵکەکــەی هەڵسوکەوت ناکات، جا کەسێك ئەوە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی بێت، ئیدی کەی بەکەڵکی ئەوە دێ بیکەین بەدەمڕاستی خۆمان و بە والی خۆمانی بزانین.

سـەعد دەرهـەق بـەو ناهەقییـە، دەسـتی بـۆ ئاسمـان بـەرزکردەوە، وتـی: خوایەگیان لێت دەپاڕێمەوە ئەگەر ئەم پیاوە درۆی کردووەو ئابڕووی منی بردووە، ئەوە تەمەنی درێژ بکەیت و زەلیل و هەژارو داماو، تووشی دەردو بەڵای دونیای بکەی.

خوای پەروەردگار دوعاکەی قبوڵ کرد، وەك دەگێڕنـەوە کابراکە تەمـەنێکی دوورو درێـژی بـەڕێ کـرد، چـووە سـاڵەوە، کـەس شـەرمی لـە سـەروڕدێنە سپییەکەی نەدەکرد، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو کاتێك بە کۆڵانـەکانی کوفە تێدەپەڕی و دەهات و دەچوو، ئافرەتەکان بەئاشکرا گاڵتەیان پێی دەکرد، ئەویش دەیوت: من چونکە کاتی خۆی کەسێکی درۆزن و بوختانکـەر بووم کەوتمـە بـەر داوی دوعـای سـەعدەوە ، ئێسـتاش موسـتەهەقی ئـەوەم ئـەو خەڵکە گاڵتەم پێ بکات و لەوە خراپترم بەسەر بێنێ[١٣٧].

---

[١٣٧]–عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: ((شَكَا أَهْلُ الْكُوفَةِ سَعْدًا إِلَى عُمَرَ (رضي الله عنه) فَعزَلَهُ وَاسْتَعْمَلَ عَلَيْهِمْ عَمَّارًا ، فَشَكَوْا حَتَّى ذَكَرُوا أَنَّهُ لاَ يُحْسِنُ يُصَلِّي ، فَأَرْسَلَ إِلَيْهِ فَقَالَ : يَا أَبَا إِسْحَاقَ إِنَّ هَؤُلاَءِ يَزْعُمُونَ أَنَّكَ لاَ تُحْسِنُ تُصَلِّي ؟! قَالَ أَبُو إِسْحَاقَ : أَمَّا أَنَا وَاللَّهِ فَإِنِّي كُنْتُ أُصَلِّي بِهِمْ صَلاَةَ رَسُولِ اللَّهِ (رضي الله عنه) مَا أَخْرِمُ عَنْهَا ، أُصَلِّي صَلاَةَ الْعِشَاءِ فَأَرْكُدُ فِي الأُولَيَيْنِ وَأُخِفُّ فِي الأُخْرَيَيْنِ ، قَالَ : ذَاكَ الظَّنُّ بِكَ يَا أَبَا إِسْحَاقَ ، فَأَرْسَلَ مَعَهُ رَجُلاً أَوْ رِجَالاً إِلَى الْكُوفَةِ ، فَسَأَلَ عَنْهُ أَهْلَ الْكُوفَةِ ، وَلَمْ يَدَعْ مَسْجِدًا إِلاَّ سَأَلَ عَنْهُ ، وَيُثْنُونَ مَعْرُوفًا ، حَتَّى دَخَلَ مَسْجِدًا لِبَنِي عَبْسٍ ، فَقَامَ رَجُلٌ مِنْهُمْ يُقَالُ لَهُ أُسَامَةُ بْنُ قَتَادَةَ يُكْنَى أَبَا سَعْدَةَ قَالَ : أَمَّا إِذْ نَشَدْتَنَا فَإِنَّ سَعْدًا كَانَ لاَ يَسِيرُ بِالسَّرِيَّةِ ، وَلاَ يَقْسِمُ بِالسَّوِيَّةِ ، وَلاَ يَعْدِلُ فِي الْقَضِيَّةِ . قَالَ سَعْدٌ : أَمَا وَاللَّهِ لأَدْعُوَنَّ بِثَلاَثٍ : اللَّهُمَّ إِنْ كَانَ عَبْدُكَ هَذَا كَاذِبًا ، قَامَ رِيَاءً وَسُمْعَةً

**✍بەسەرهاتی پێنجەم:**

***سەعیدی کوڕی جوبەیر (ڕەزای خوای لێ بێت) لە گەورەی تابعین بوو، کۆتا کەس بوو حەجاجی سەرسەخت و دڵرەق کوشتی.**

**حەجاج پێش ئەوەی بیکوژێ، لێی پرسی: ناوت چیە؟**

**وتی: ناوم سەعیدی کوری جوبەیرە.**

**حەجاج وتی: تۆ بەدبەختی و تەنها سەعیدی لە بەهیلاك چوونت.**

**وتی: نهێنیەکان شاراوەن، غەیری تۆ پێی دەزانێ.**

**حەجاج وتی: دنیات لێ دەکەمە ئاگرو داخت دەکەم، دەی لەسەر رووی وەرگێڕن.**

**وتی: رووم بۆ هەر لایەك وەربگێڕن، هەر خوای لێیە.**

**حەجاج وتی: رووی لە قیبلە وەرگێڕن.**

**ئەویش ئەو ئایەتەی خوێندەوە:** ﴿ مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَىٰ ﴿٥٥﴾ ﴾ **طه: ٥٥ واتە:" لەم خاکە خەڵقمان کردوون و دەتانگێڕینەوە ناوی و هەر لەوێش دووبارە دەتانگێڕینەوە". بۆیە لەسەر ئەم خاکە لە رۆژی قیامەت لەبەر دەستی خوای گەورە روو بە رووت دەبمەوە، خوایە گیان پاشی من کەسی دیکە بەدەستی حەجاج گرفتار نەکەی.**

**دوعاکەی گیرا بوو، پاش کۆچی دوایی سەعید ، حەجاج تەنها ٧١ شەو ژیا، بەڵام چۆن ژیانێ؟ هەموو شەوێ بەترس و لەرزەوە دەنووست، خەوی ئاجرو باجری دەبینی، خەوی بە سەعیدەوە دەبینی ئەوە دوای دەکەوێ و**

---

فَأَطِلْ عُمْرَهُ ، وَأَطِلْ فَقْرَهُ ، وَعَرِّضْهُ بِالْفِتَنِ . وَكَانَ بَعْدُ إِذَا سُئِلَ يَقُولُ : شَيْخٌ كَبِيرٌ مَفْتُونٌ ، أَصَابَتْنِي دَعْوَةُ سَعْدٍ . قَالَ عَبْدُ الْمَلِكِ : فَأَنَا رَأَيْتُهُ بَعْدُ قَدْ سَقَطَ حَاجِبَاهُ عَلَى عَيْنَيْهِ مِنَ الْكِبَرِ ، وَإِنَّهُ لَيَتَعَرَّضُ لِلْجَوَارِي فِي الطُّرُقِ يَغْمِزُهُنَّ))( صحيح البخاري رقم : (٧٥٥)

عەبدولمەلیك دەڵێت: من دوای ئەوە لە پیری و گەورەییدا بینیم، هەر دوو برۆی بۆ سەر هەر دوو چاوی شۆڕ ببوونەوە، لەسەرە رێگاکاندا رێی لە کچان دەگرت و ئیشارەتی دەدانێ بە چاو لێقوچان و برۆ هەڵتەکاندن و دەست بۆ بردن.(لەجیاتی ئاقیبەت خێر، ببووە کەسێکی ئاخیر شەڕ).

وازی لێ ناهێنێ، کە لەخەو رادەپەڕی هەر لەبەر خۆیەوە هاواری دەکردو دەیوت: سەعید چی لە من دەوێ؟ بۆچی وازم لێ ناهێنێ؟

**بەسەرهاتی شەشەم:**

**مامۆستا** مەلا(وشیار) باسێکی سەردەمی سەربازی خۆی دەگێڕێتەوە، دەڵێت:

لە هەولێر سەربازبووم، بارودۆخێکی خراپم بینی (زابت تەوجیهی سیاسی-رابەر سیاسی-)لە سەربازگەکان هەبوو، دەستیان لە فەرماندەی مەرکەز زیاتر دەڕۆیشت، بەیانیەکیان لە ساحەی عەرەزات بە مایکرۆفۆن ناوی خوێندمەوە: وشیار مەجید سەعید! وتم: بەڵێ، منیش لەڕیز دەرچووم و چوومە لای.

وتی:خۆت ئامادەکە فەرمانی گواستنەوەت دەرچووە دەبێ بچیتە موسەیب. دەیانگوت موسەیب شوێنێکی زۆر خراپ و ناخۆشە، نەپارە هەبوو، نە نان، بارودۆخەکە وابوو وەك ئەوەی لە بەهەشتەوە دەرتبکەن و رەوانەی دۆزەخت بکەن.

کاك حاجی عەبدولاّ هەبوو، کەسێکی خواناس و دامەزراو، پێی وتم: ئەوە بۆوا بێ تاقەت دیاری؟

وتم: چۆن بێ تاقەت نەبم هەواڵیان داومەتێ فەرمانم دەرچووە سبەی بۆ موسەیبم دەگوازنەوە.

وتی: بەپشتیوانی خوا ناهێڵم بچی.

وتم: چۆن ناهێڵی لەکاتێکدا فەرمانەکە دەرچووە.

وتی: من دەڵێم ناهێڵم بچی!!

وتم: دیاری جەنابی ئامر دەناسی؟

وتی: ئاقڵبە من ئامری کەون و کائینات دەناسم، خوا گیان، ئەمشەو ناخەوم، وڕکی لێ دەگرم ناهێڵم نەقڵت بکەن.

**ئەو شەوە تا درەنگانی شەو موناجاتی خوامان کرد، بەیانی هەر ئەو ئەفسەرە بانگی کردم، کە چوومە لای، پێی وتم: ئامر دوو مانگی بۆ دواخستی، وتی: قەینا با دوو مانگی تر لێرە بمێنێتەوە[١٣٨].**

---

[١٣٨]- کاك (ئەکرەم عەلی) خەڵکی گوندی (بەردبڕ)ە، بۆی گێڕامەوە، وتی: ساڵی٢٠٠٧ ماڵمان لە شارەدێی "بنەسلاوە" بوو، کرێچی بووم، هەندێ پارەم لەسەر یەك دانا و هەندێ پارەم بەقەردوقۆ پەیدا کردو خانوویەکم دروست کرد، (سبحان الله) هەر ئەو رۆژەی ماڵم بارکردو چوومە ناو خانووە تازەکە، یەك لەو ماڵە دراوسێیانەی هەندێ پارەم لێی قەرز کردبوو بەرە بەری بەیان هاتە لام، وتی: ئەوەی راستیبێ بەنیازم ئەم ئێوارەیە بچمە مەعرەز و سەیارە بکڕم، هەر بۆیە هاتووم ئەگەر ئەو قەرزەم بدەیەوە مەمنوون دەبم.

منیش لە ماڵەوە هیچم نەبوو بیدەمێ، پێموت: بەپشتیوانی خوای گەورە، ئیشەلاّ دانی ئێوارە پارەکەت بۆ دەگەڕێنمەوە.

سەری دونیام لێ وێکهاتەوە، نەمزانی چیبکەم و بۆ ئەو برە پارەیە داوای قەرز لە کێ بکەم؟ کەوتمە نزاو پاڕانەوە: خوایە گیان بگە فریام، هاواری بەر قاپی تۆ دەکەم دەروویەکم لێ بکەوە!.

هەر ئەو رۆژە پێش نیوەڕۆ "ئەحمەد حوسێن حەسەن"ی مامم بۆ پیرۆزبایی خانووە نوێیەکە هاتە ماڵمان و نیوەڕۆ بووە میوانمان ، کاتێ پێیوتم: ئەرێ چەند لەسەر ئەو خانووە قەرزار بوویتەوە؟

وتم: وەلاّ زۆر.

ئەویش بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی: برۆ پارەم لەناو سەیارەکە داناوە چەندی دەتەوێ بیهێنەو قەرزی ئەو خەڵکەی پێ بدەوە قەرزاری منبی، باشترە لەوەی قەرزاری خەڵکی بیت.

سویچی سەیارەکەی پێدام، منیش چووم پارەکەم لەناو دەشبولی سەیارەکەی هێناو هەر لەو پارەیە قەرزی دراوسێکەم دایەوە.

*هەر کاك ئەکرەم گێڕایەوە وتی: دیمەنی خێزانم ساڵی٢٠٠٨ مانگی رەمەزان بوو قوڕگی ژانی دەکرد، بەیەکەوە چووینە نۆرینگەی دکتۆر عەبدولخالق کە لەشەقامی "پزیشکان" دکتۆری قوڕگ و لووت و گوێ بوو، کاتێك پشکنینی بۆ کرد، وتی: گومان دەکرێ نەخۆشیەکی پیس هەبێ و نەیویست بەئاشکرا بلێ خێزانەکەت تووشی شێرپەنجە بووە، دنیایەك فەحس و فحوساتی بۆ داناین کە هەر یەکە لە شوێنێك دەکرا.

بردمە نەخۆشخانەی رزگاری – نەخۆشخانەی کۆماری– نەخۆشخانەی رۆژئاوا– سەنتەری دڵ، فەحس هەبوو دەبوو دوای هەفتەیەك، دوو هەفتە وەریبگرمەوەو فەحس هەبوو هەمان رۆژ وەرمگرتەوە، بەدرێژایی مانگی رەمەزان کەوتمە دوعاو نزاو پاڕانەوە تەنانەت دوو سێ برادەرم لە حەج بوون تەلەفۆنم بۆ کردن کە لە دوعای خێر بۆ دیمەنی خێزانم بێ بەشم نەکەن.

دوای نزیکی دوومانگ، ژمارەیەکی زۆر لەو فەحسانەم بۆ دکتۆر عەبدولخالق بردەوە، ئەویش دوای سەیرکردنیان، وتی: سوپاس بۆ خوا بەپێی ئەو فەحسانە خێزانەکەت هیچی نیە. ( تەنها

✍بەسەرهاتی حەوتەم:

*ئاراسی مام شێخ بۆی گێڕامەوە وتی: لەشەڕی هەشت ساڵەی ئێراق-ئێران، جلی سەربازیم پۆشی. تاقانەی ماڵەوە بووم، تازە خەتی سمێڵم دابوو، بژێوی شەش خوشك و دایكێكم كەوتبووە شان، هەر كەسێك بچێتە بەرەكانی جەنگ، بەتەمای خۆی نیەو دڵنیا نییە لەوەی بە زیندوویی بگەڕێتەوە.

بارو بژێوی ماڵەوەمان لەوپەڕی خراپی دابوو، چوار مانگم ڕاكێشا، كات: چێشتەنگاو بوو، لەگۆڕەپانی ئەو یەكەی مەشقیان پێ دەكردین، ڕیزمان بەستابوو، كت و پڕ شێخێكی دەستڕۆیشتووی عەرەب لەگەڵ ئامری وەحدەكە هات، لەنێو ئەو حەشاماتە زۆرەی ئەو گۆڕەپانە دەستی بۆ من درێژ كرد، خورپەیەكم بەدڵ داهات، ترسم لێ نیشت، لە دەروونەوە بەخۆمم وت: دەبێ چیم كردبێ؟ تۆ بڵێی تووشی كێشەیەك نەهاتبم و ناویان بەپێشمەرگە لەقەڵەم نەدابم؟

ئەوەندەی نەبرد یەك لە ئەفسەرەكان كە یاوەری شێخەكەی دەكرد، هات لەدوورەوە بەئیشارەت بانگی كردم، لەڕیز هاتمە دەرو كەوتمە دوای، لەو ژوورەدا لەنگەرم گرت كە ئەوی تیا دادەنیشت.

هەندێ پرسیاری كردو منیش وەڵامم دایەوە، هەموو وەڵامەكانی لای خۆی نووسی و وتی: بڕۆ.

سەلامم بۆی كرد و ڕووم وەرگێڕا، گەڕامەوە ناو سریەكەو دوو دڵی باڵی بەسەردا كێشام، ئەو شەوە تاوەكو درەنگی وەخت بیرم بەو باسەوە خەریكما، منێكی كورد و شێخێكی عەرەب كوجا مەرحەبا، شێخێك نەدەیناسم، نەپێشتر بینیومە بۆچی لەناو ئەو هەموو خەڵكە دەستی بۆ من درێژ كرد؟ دەبێ بە كێم تێگەیشتبێ؟ دەبێ نەمكوژن؟ ناهەقم نەبوو لەو

---

حەساسیەك لە قورگیدایە، ئەویش پێویستی بەیەك داو و دەرمان نییە تەنها ئەوەندە نەبێ كە خۆپارێزی بكات).

بارودۆخە دژوارە بترسم، دەزگای مەخابەرات ئەوەندە بەهێز بوو، هەزار و یەك گومانی خراپم بە مێشك داهات، پێش نووستن، دووڕكات نوێژی حاجە و هەشت ركات شەونوێژم كرد و خەوتم، ڕۆژی پاشتر هیچ شتێكی وا نەقەوما، دوای دوو ڕۆژ دووبارە بانگیان كردمەوە، بەهەناسەی سوارەوە ڕۆیشتم، تف لەگەرووم وشك ببوو، گومانم دەبرد منیان بە سیخور لەقەڵەم دابێت، بەمەش چارەنووسم تەنها و تەنها كوشتنە، ئەوجا چیبكەم؟ هەلاّتن دادم نادات، وەلێ ترسەكەم بە ئارامی و دڵتەنگیم بە خۆشنوودی گۆڕا، كاتێك لە گەرمەی شەڕێكی كاولكاریدا دەفتەری تەسریح بوونیان پێدام: پیرۆزە بڕۆ خوات لەگەڵ.

نەمدەزانی ئەوە خەونە یا خەیاڵ؟ منێك نە كەس بناسم، نەواستەم هەبێت، ئەی ئەو شتە چی بوو روویدا؟ برادەرەكانم سەرسام بوون ئاخۆ ئەو واستە بەهێزەم لەكوێ پەیدا كرد؟ دەیانوت:هەی شەیتان ئێمە دەمانوت مێش لەدەمت ناكەیتەوە، كەچی كوڕێكی هۆشمەند و زۆرزان دەرچووی.

هیچ وەلاّمێكم پێ نەبوو چونكە دوور و نزیك نەمدەزانی باس و خواسی ئەو ڕووداوە چیە و چۆنە؟

بەخۆشحاڵیەوە گەڕامەوە ماڵ، كاتێك بەماڵەوەم وت: تەسریح كرام.

دایكم بەچەپەرۆك لەسینگی خۆیدا: كوڕم لەو ئاگربارانە چۆن تەسریح بووی؟ هەبێ و نەبێ تووشی نەخۆشیەكی كوشندە هاتوویت و چەندین ساڵە لێمانت شاردۆتەوە.

دایكم گریا، بەدوایەوە خوشكەكانم كەوتنە گریان.

كاتێك بەسەرهاتی خۆم و شێخە عەرەبەكەم بۆ گێڕانەوە ئەوجا باوەڕیان هات و گەلێ سوپاسی خوای گەورەیان كرد كە منی بەوان دایەوە تا لەمەودوا ئاگام لێیان بێ و بەخێویان بكەم.

دایكم دەیگێڕایەوە، دەیوت: كوڕەكەم لەو ڕۆژەی بوویتەتە سەرباز و جلی سەربازیت پۆشیوە، شەو نەبووە دوعات بۆ نەكەم؟ شەونوێژ نەكەم و لەو

خوایە نەپارێمەوە خودا سەلامەتت بکات و بەسەلامەتی بتگەڕێنێتەوە، دیارە خوا نزاکانی قبوڵکردووین و ئەو شێخەی کردە هۆکار بۆ تەسریح بوونت.

✍بەسەرهاتی هەشتەم:

لەشاری سلێمانی، ئافرەتێکی خواناس دووچاری نەخۆشیەك ببوو، دەبوو نەشتەرگەری بۆ بکرێ، بەڵام ئەو ئافرەتە زۆری حەز دەکرد یەك لەو دکتۆرانە نەشتەرگەریەکەی بۆ بکات کە لەو شارە ناو و شۆرەتی هەیە، بەڵام چونکە واستەی نەبوو کەسێك بناسێ تا بچێتە لای و بەبێ سرە ئەو نەشتەرگەریەی بۆ بکات، وەلێ دکتۆرەکە بەهۆی سەفەری زوو زووی بۆ ئەم وڵات و ئەو وڵات، لە بێ هیوا بوونی خۆیدا، بەناچاری چووە نەخۆشخانەیەکی میری و خۆی بۆ ئەو نەشتەرگەریە ئامادە کرد کە دکتۆرێکی تر ئەو نەشتەرگەریەی بۆ بکات.

ئەوەی لەم ئافرەتە دەخوێندرایەوە بەردەوام لەسەر بەرماڵ و کاتەکانی نوێژ دوعای دەکردو هاواری خوای گەورەی دەکرد کە ئەو دکتۆرە نەشتەرگەریەکەی بۆ بکات.

جلی نەشتەرگەریان لەبەر کردو بەنجیان لێیدا، بردیانە هۆڵی نەشتەرگەری، ئەوەی مایەی سەرسوڕمان بوو، ئەو دکتۆرەی ئەو داوای دەکرد ئەو کارەی بۆ بکات لەو کاتەدا بە ئیشێکەوە دێتە ئەو نەخۆشخانەو کە چاو دەداتە ئەو ئافرەتە، بەبێ هیچ پێشینەو بینین و واسیتەیەك، هەست و سۆزی بەرامبەر دەجوڵێ و دەڵێت: من نەشتەرگەری ئەو ئافرەتە دەکەم و نەشتەرگەریەکەی بەسەرکەوتوویی بۆ ئەنجام دەدات.

✍بەسەرهاتی نۆیەم:

ڕۆژێکیان دکتۆرێکی بەناوبانگی پاکستان لە شارێکی تر بۆ گرێدانی کۆڕێکی پزیشکی بانگێشت دەکرێ کە لە چەند وڵاتێکەوە چەندین دکتۆری دیکە داوەتنامەیان بۆ چوو بوو تاوەکو ئەم دکتۆرە موحازەرەیان بۆ بدات.

کاتیێ ئەم دکتۆرە دەچێتە فڕۆکەخانە، چونکە کەش و هەوا تەم ومژ و نالەبار دەبیێ، پێی دەڵێن: پرۆسەی فڕینەکە هەڵوەشاوەتەوە، ئەویش بەم هەواڵە زۆر دڵتەنگ و ناڕەحەت دەبیێ و بەناچاری دەیەویێ لەجیاتی فڕۆکە، بەئۆتۆمبێل بڕوات، لەوەشدا بە ئۆتۆمبێل ماوەیەکی باش دەڕوات، کت و پڕ شوفێرەکەی ڕێگای سەرەکی لیێ تێکدەچیێ، هەر لەو ڕێیە ئۆتۆمبێلەکەیان تووشی شکست هات.

دکتۆرەکە بەناچاری پەنای بردە بەر تاکە ماڵیێ کە لە دووری گوندێکی ئەو نزیکەوە بوو، گەلیێ برسی بوو، لەویێ ژنێك دیێ بەدەمیەوەو دەیباتە ماڵەوە، هەرچەندە ماڵەکە ماڵە هەژار بوو، بەلاَم ژنەکە بەدڵێکی خۆشەوە ئەوەی هەیانبوو، هەمووی بۆ هێناو لەبەردەمی دانا، دکتۆرەکە چاوێکی بەنێو ماڵەکە گێڕا، بینی ژنەکە ئەوە هەر خەریکی زیکرە و نەخۆشێکیش لەولاوە کەوتووە. خۆی بۆ نەگیرا، ڕوو کردە ژنەکە، پێی وت: خوشکیێ ئەریێ لەو هەموو زیکرەی دەیکەی، بەچی گەیشتی ؟

ژنەکە ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و وتی: من تا ئێستا هیچ داوایەکم لە خودا نەکردووە کە بۆی جیێ بەجیێ نەکردبم، تەنها یەك دانەیان نەبیێ، نازانم بۆ دواکەوتووە؟ ئەم کوڕەم نەخۆشە، لای فلان دکتۆر چارەسەر دەکریێ، کەچی من دەستم پێی ناگات، من لە کویێ و ئەو لە کویێ؟.

دکتۆرەکە دەستی بەگریان کردو وتی: بەقوربانی خواکەتبم چۆن کەش و هەوای گۆڕی و ڕێی لیێ ون کردم و ئۆتۆمبێلم خراپ بوو بۆ ئەوەی من بنێرێتە لای ئێوە، بەخوا من ئەو دکتۆرەم کە لەخوا داوات کردبوو، تۆ واتدەزانی ئەو دکتۆرە زۆر گەورەیەو پێی ناگەیت، کەچی من بە موحتاجی و بەبرسێتی هاتوومەتە لای تۆ.

***لەخواناسێکیان پرسی: لەگەڵ دینداری دا چۆنی؟!**

**لەوەلاَمدا وتی: گوناه و تاوان شەق و پەقم دەکات، بە ( استغفر الله ) پینەی دەکەمەوە.**

✍بەسەرهاتی نۆیەم:

**مامۆستا(هیوا حاجی ئەحمەد هەڵەبجەیی) بۆی گێڕامەوە، وتی:**

**رۆژی شەممە ٢٠١٠/١٢/٤ کاتژمێر (١٠)ی بەیانی بوو، لە نهۆمی دووەمی ماڵەوە، خەریکی ئاودانی گوڵەکان بووم، زۆر بە گوڵەکان دڵخۆش و ئاسوودە بووم، پڕتاو سەیارەیەك لەپێش دەرگای ماڵمان راوەستا، کە سەرنجی خوارەوەم دا، دوو مامۆستای محەمەدی کوڕم بینی. کە لە سەیارەکە دابەزین، بەهەڵپەیەکەوە وتیان:مامۆستا هیوا، بێزەحمەت نایەیتە خوارەوە؟ دڵم داخورپا، هەستم بە رووداوێکی چاوەڕوان نەکراو کرد، چوومە خوارەوە، دوای چاك و چۆنی و ئەهواڵ پرسین، وتیان: محەمەدی کوڕت نەختێ نەساغە، وا لە سەیارەکەدایە.**

**بەپەلەپروزێ خۆم گەیاندێ، بینیم ئەوە لە بارودۆخێکی سەخت و دژوار دەژێ، ئەو دیمەنەی بینیم، ئێستایش لە هزرو زەینم رەش نابێتەوە. من و چۆمانی کوڕم بەپەلە محەمەدمان گەیاندە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، لەوێ ئەشیعەیان گرت، وتیان: تووشی جەڵتەی مێشك بووە.**

**بەبیستنی ئەو هەواڵە، چەکی دەست و پێمان شکا، بەجارێ تاساین، لەخۆمان دەپرسی: منداڵێك تەمەن بەهاری تەنها دە ساڵبێ کە ئەو کاتە پۆلی پێنجی سەرەتایی بوو، چۆن دەبێ تووشی جەڵتەی مێشك بێت؟**

**لەنێوانی ژیان و مەرگ، حەفتاو دوو سەعات خرایە ژووری چاودێری چڕەوە. کەچی بەو حاڵەوە ناشکوریمان دەرنەدەبڕی و سوپاسگوزاری خوای پەروەردگار بووین و لەدوعاکردن نەوەستاین وەك تاکە چارە بۆ بەهاناوەچوونی کوڕەکەمان.**

**ئەوەی هەواڵی دەپرسی، دەمانوت: پێویستمان بەدوعایە، لەدوعای خێرمان بێبەش مەکە. بۆیە لە هەولێرو کەرکوك و هەڵەبجەو چەمچەماڵەوە بگرە تا شوێنەکانی تر، بەلێشاو دوعای شیفایان بۆی دەکرد، قوربانیمان بۆی کرد.**

**دکتۆرەکان تەواو لە چاکبوونەوەی جەستەیەکی نیوە مردوو نائومێد بووبوون، کەچی ئێمە هەر دەستی دوعامان لەپەروەردگار بەرز کردبۆوە بەفریامان بکەوێ،**

چونکه شیفادەری هەموو دەردێکه هەر خوایه.
لەهەولێرەوە بە ئەمبلانس بردمانە تاران کە لەو ئان و ساتە بەفر دەباری، بۆیە ئەو بارودۆخە قورس و گرانەی لە ڕێگاو تاران بینیمان، ئەگەر خوای پەروەردگار نەبوایە، کەس نەیدەتوانی بەرگەی بگرێ.
هەژدە ڕۆژ لەتاران ماینەوە، سیدی سکانیان بۆی ئەنجام دا. کاتێك دکتۆرەکە هاتە دەرەوە، پرسیاری باری نەخۆشەکەم لێیکرد، وتی: ببوورە چارەسەری زۆر زەحمەتە.
بەم هەواڵە ڕاچڵەکیم، نەمتوانی بەپێوە بوەستم، یەکسەر چوومە سەر قادرمەکە، (سبحان الله) لەو کاتە پەروەردگار خستیە دڵمەوە وەك پێم بڵێ: خەمت نەبێ دوعاکان لای ئێمە قبولْ بوون، بەهاناتەوە دێین و شیفای دەدەین.
سوپاس بۆخوا لە مردنێکی حەتمی وەکو دیاری خۆی، بۆی گەڕاندینەوە.
*مەولانای ڕۆمی دەڵێت: ئەگەر لەخاوەن بولبول بپرسی: بۆچی بولبول لەقەفەز دەکەی؟لەوەڵامدا پێت دەڵێ: بۆ ئەوەی بخوێنێ و گوێم لەدەنگە خۆشەکەی بێ، بەمەیش دڵخۆش دەبم.
خوای پەروەردگار هەندێ جار بەندەکانی دەخاتە نێو قەفەزی ناخۆشیەوە بۆ ئەوەی بەهۆی دوعاکانیەوە گوێی لەدەنگیان بێت.
بۆیە بەردەوام ڕازو نیازی دڵت بۆ خوا باس بکە، ئەو باشترین گوێگرە هەرگیز لێت بێزار نابێ، ناڵێ:کاتم نیە، فەرامۆشت ناکات، بەدەستی بەتاڵ ناتگەڕێنێتەوە. ﴿ فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ﴾ البقرة: ١٨٦

* * *

## دوا دوعا

عَنْ أَبِي ذر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِيمَا يَرْوِي عَنْ رَبِّهِ عَزَّ وَجَلَّ أَنَّهُ قَالَ : يَا عِبَادِي إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا فَلَا تَظَالَمُوا ، يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ ضَالٌّ إِلَّا مَنْ هَدَيْتُهُ فَاسْتَهْدُونِي أَهْدِكُمْ ، يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ جَائِعٌ إِلَّا مَنْ أَطْعَمْتُهُ فَاسْتَطْعِمُونِي أُطْعِمْكُمْ ، يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ عَارٍ إِلَّا مَنْ كَسَوْتُهُ فَاسْتَكْسُونِي أَكْسُكُمْ ، يَا عِبَادِي إِنَّكُمْ تُخْطِئُونَ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَأَنَا أَغْفِرُ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ جَمِيعًا فَاسْتَغْفِرُونِي أَغْفِرْ لَكُمْ ، يَا عِبَادِي إِنَّكُمْ لَنْ تَبْلُغُوا ضَرِّي فَتَضُرُّونِي وَلَنْ تَبْلُغُوا نَفْعِي فَتَنْفَعُونِي ، يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا عَلَى أَتْقَى قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ مَا زَادَ ذَلِكَ فِي مُلْكِي شَيْئًا ، يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا عَلَى أَفْجَرِ قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِنْ مُلْكِي شَيْئًا ، يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ قَامُوا فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ فَسَأَلُونِي فَأَعْطَيْتُ كُلَّ إِنْسَانٍ مِنْهُمْ مَسْأَلَتَهُ مَا نَقَصَ ذَلِكَ عِنْدِي إِلَّا كَمَا يَنْقُصُ الْمِخْيَطُ إِذَا دَخَلَ الْبَحْرَ ، يَا عِبَادِي إِنَّمَا هِيَ أَعْمَالُكُمْ : أُحْصِيهَا لَكُمْ ثُمَّ أُوَفِّيكُمْ إِيَّاهَا ، فَمَنْ وَجَدَ خَيْرًا فَلْيَحْمَدِ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ . وَمَنْ وَجَدَ غَيْرَ ذَلِكَ فَلَا يَلُومَنَّ إِلَّا نَفْسَهُ.[١٣٩]

ئەبو زەڕی غەفاری (ڕەزای خوای لیٚ بیٚت) دەگیٚڕیٚتەوە لە پیٚغەمبەری خواوە(ﷺ)کە خوای گەورە فەرموویەتی: ئەی بەندەکانم من زوڵمکردنم حەرام کردووە لەسەر خۆم، لەنیٚوان ئیٚوەشدا حەرامم کردووە، دەی کەواتە زوڵم لەیەکتر مەکەن. ئەی بەندەکانم هەمووتان گومڕان مەگەر کەسانیٚك خۆم هیدایەتم دابن، دەی کەواتە داوای هیدایەت لە من بکەن، منیش هیدایەتتان دەدەم. ئەی بەندەکانم هەمووتان برسین مەگەر کەسانیٚك خۆم خواردنم پیٚ دابیٚ، دەی کەواتە داوای خواردن لە من بکەن، منیش خواردنتان پیٚ

---

[١٣٩] - مسلم برقم/ ٢٥٧٧ و غيره

دەدەم. ئەی بەندەکانم هەمووتان ناپۆشتەو رووتن، مەگەر کەسانێك خۆم پۆشتەم کردبن، دەی کەواتە داوای پۆشتەیی لە من بکەن، منیش پۆشتەتان دەکەم. ئەی بەندەکانم ئێوە بە شەو و رۆژ هەڵە دەکەن تەنها خۆم لە هەموو گوناهەکانتان دەبوورم، دەی کەواتە داوای داپۆشینی گوناهەکانتان تەنها لە من بکەن، منیش گوناهەکانتان دادەپۆشم. ئەی بەندەکانم ئێوە هەرگیز ناتوانن بگەنە زەرەری من هەتا زەرەرم پێ بگەیەنن، هەرگیز ناتوانن بگەنە سوودی من هەتا سوودم پێ بگەیەنن. ئەی بەندەکانم ئەگەر یەکەم کەس و کۆتا کەستان، ئینسان و جنۆکەتان، حاڵیان وەك دڵی ئەوەتان بێت کە لە هەمووتان زیاتر لەخوا دەترسێت، ئەوە هیچ لەموڵکی من زیاد ناکات. ئەی بەندەکانم ئەگەر یەکەم کەس و کۆتا کەستان، ئینسان و جنۆکەتان، حاڵیان وەك دڵی ئەوەتان بێت کە لە هەمووتان زیاتر بەدکارو خراپەکارە، ئەوە هیچ لە موڵکی من کەم ناکات. ئەی بەندەکانم ئەگەر یەکەم کەس و کۆتا کەستان، ئینسان و جنۆکەتان لە دەشتێکدابن، ئینجا هەر یەکە داوای هەرچییەکم لێ بکات، یەکسەر داواکاریەکەی خۆی پێ دەدەم و ئەوەش هیچ لەوە کەم ناکات کە لە لامە، وەك ئەوە وایە دەرزییەك بکرێ بە دەریاکانداو دەربهێنرێتەوە. ئەی بەندەکانم ئەوە تەنها کردەوەکانی خۆتانە بۆتانی ژمێرە دەکەم و بە تەواوی دەیدەمەوە بەخۆتان، جا هەر کەس پاداشتێکی باشی دەستکەوت، با ستایشی خوای گەورە بکات و هەر کەسێکیش جگە لەمەی دەستکەوت، با جگە لەخۆی، لۆمەی هیچ کەس نەکات".

**عَن أبي هريرة (رضي الله عنه) عن النبي(صلى الله عليه وسلم) قال: (ليسَ شيءٌ أكرمَ علَى اللهِ من الدُّعاءِ)**[١٤٠] واتە: (هیچ شتێك نییە لەلای خوای گەورە بەڕێزتر بێت لە دوعاو پاڕانەوە).

[١٤٠]- الترمذي ٤٥٦/٥، برقم ٣٣٧٣، وابن ماجه ١٢٥٨/٢و حسن اِسنادة الالباني في صحيح الترمذي ١٣٨/٣.

**ئیلاهی:** بەدڵ دەستی نزام بۆ لای تۆ بەرز کردۆتەوە، سا دەستەکانم بە خاڵی مەگێڕەوە، وەڵامێکم پێ بدە، پێویستیم بەوەڵامی تۆیە.
**ئیلاهی:** ئارامی بخەرە دڵ و دەروونم، ئەی ئەو زاتەی ئاگات لە هەموو دڵێکە، خەفتبارو دڵتەنگەکان بەڕەحمەت و میهرەبانی خۆت ژێرو ئارام بکەوە. سۆزو میهرەبانی خۆت بەسەر ئەو دڵانە برژێنە کە چاوەڕێی میهرەبانی تۆ دەکەن.
**ئیلاهی:** هیوایەك بەو دڵانە ببەخشە کە لەنێوان خەم و بێ هیوایی ون بوونە و سەختی ژیان یەخەی گرتوون.
**ئیلاهی:** پەشیمانم لەوەی ویژدانی کەسێکم ئازاردابێ، بمبوورە لەوەی نهێنی کەسێکم ئاشکرا کردبێ، پەشیمانم ئەگەر فێڵم لە کەسێك کردبێ، لە بێ وەفایم بەرامبەر بەڵێنەکان، پەشیمانم لەو راستیانەی شاردوومنەتەوە!
**ئیلاهی:** بمبەخشە لە هەر وشەو وتەیەك کە تووڕەبوونی تۆی بەدوادا هاتبێ، هیچ شتێك لای تۆ مەحاڵ نییە، خۆ تۆ دەفەرمووی:(کن فیکون) بۆیە هەمیشە بە ئومێدەوە لە نزاکانم، لە خۆزگەکانم، لە خەونەکانم دەڕوانم.
**ئیلاهی:** سەرسام ماوم ئەم هەموو عالەمە تاڵیبی ئەو بەهەشتە جوانەی تۆ دەکات بەڵام لە گوفتارو رەفتار موشتەری دۆزەخە، بمبەخشە ئەگەر وتەکانم پێچەوانەی کردەوەکانم بن، لە خەوی غەفڵەتی تاوان و هەڵەو گوناه بێدارم بکەوە ، ئەگەر لەسەرپێچی نەزەرم کردبێ، بۆ لەمەودوا چاوەکانم بپارێزە.
**ئیلاهی:** لێبوردەیی هەر لای تۆیە، بەگەورەیی خۆت لێمان ببوورە، لە زریان و لافاوی رق و کینەت بەدوورمان بگرە، ئەو دەریایەی حەز بکەین تێیدا نقوم بین، تەنها دەریای میهرو رەحمەتی تۆیە.

**ئیلاهی:** ئەی بەزەیی  بەزەییکاران، لە قەزاو قەدەر پاڵپشتمانبە، لە باوەڕی بەدکاران بەدوورمان بگرە. هۆشیاریمان پێ بدە ، دەروونمان لە گومان بەرتەسك بکەوە، ڕێی تاریك و تارماییمان بۆ ڕووناك بکەوە، حەز دەکەین ببینە بەندەو ملکەچی فەرمانەکانت بین.

**ئیلاهی:** هێزو توانای زاڵبوونمان بەسەر شەیتان و خۆشیەکانی دونیا پێ بدە کە تەنها چێژ لە ناوە شیرینەکانی تۆ وەربگرین.

**ئیلاهی:** ئەی ئەو پەروەردگارەی ئاڵوگۆڕ بە دڵەکان دەکەیت، دڵەکانمان وەرگێڕە بۆ ملکەچی و گوێڕایەڵی فەرمانی خۆت. داوای عاقیبەت خێریت لێ دەکەین، وامان لێبکە وێردی سەر زوبان و بنزوبانمان تەنها بە ناوە پیرۆزەکانت  زاخاو بدەین کە لەژێر سایەو سێبەری  سۆزی تۆدا  ببینە کەسێکی چاك و خواناسی ڕاستەقینە.

**ئیلاهی:** کلیلی دەرگای بژێوی هەموو بوونەوەر بەدەست تۆیە، سا دەرگای پیت و بەرەکەتی زیاتری خۆتمان بۆ بکەوە، تۆ پەناگەو ڕۆزیدەری هەموانی.

**ئیلاهی:** کاتێ دەبینە کەسێکی لاسارو تووشی سەرگەردانی دێین، هێزو تین و تاومان بدەیێ، چاکەو  چاکەکاریمان لە کانگای دڵ بچێنە تا لە بەدکاری و یاخی بوون بەدوور بین، بە بارانی ڕەحمەتی خۆت گڵپەی ئاگری تووڕەییمان لە دەروون خامۆش بکە، لەش ساغ و تەندروستمان بکە  تا لەسەر  تەقواو خواپەرستن بەردەوام بین.

**ئیلاهی:** بەبارانی بەزەیی خۆت لە درۆو بوختان و کاری بێ ئابڕوویی بمانشۆوە، گیان و دڵ ودەروونمان لە هەموو عەیبەو عارو ناتەواویەك  پاك بکەوە کە دڵمان جگە لە ناسینی تۆ، جێی هیچی تێدا نەبێتەوە.

**ئیلاهی**:ڕێگەی ئومێدمان بۆ خێرو خۆشی و بەخششەکان ئاسان بکە ئەگەر لە بارگرانی ژیان ناتەواویەکمان تێدا بوو، لێمانی مەگرە، ڕاستمان بکەوە تا لە زەلکاوی ملهوڕی و گومڕایی نەتلێینەوە.

**ئیلاهی**: بۆ خاتری سیفەتە بەرزەکانت لە بوغز و ڕق و کینە و حەسادەت و خۆ بەگەورە زانینمان بە دوور بگرە کە هەمیشە چاومان لە ڕەحم و خێر و بەرەکەتی تۆبێت.

**ئیلاهی**: ئێمە ستەمێکی زۆرمان لەخۆمان کردووە و هیچ کەسیش نییە لە گوناهان ببوورێ جگە لە تۆ، بە لێخۆشبوونێکی تایبەت لەلایەن خۆتەوە لێمانخۆشبە، چونکە بە دڵنیایی تۆ لێبوردەو میهرەبانی.

**ئیلاهی**: گوێیەکی بیسەرمان بدەیێ، چاوێکی بینەری ڕاستەقینەمان پێ ببەخشە، بیرێکی عیرفانی و زمانێکی پاك و جوانمان بەنسیب بکە بۆ ئەوەی سوکنایی و جێگیری بۆ دڵەی بێ ئارامیمان بگەڕێتەوە کە ئۆقرەیان لێ هەڵگیراوە، وەکو خۆت دەڵێی(**تەنها بەیادی من دڵەکان ئارام دەبنەوە**)، بمانگەێنە بەرزترین پلەی مەعریفەت ، هیج کات و ساتێك بە حاڵ و فیکری خۆمان بەجێمان مەهێڵە.

**ئیلاهی**: ئەگەر هەموو تەمەنم بۆ تۆ لەسوجدە دابم، هێشتا نیعمەتێك لە نیعمەتەکانتم نەداوەتەوە، بۆیە ئەگەر تۆم لەبیر کرد، تۆ منی بەندە لەبیر مەکە چونکە تۆ خالق و خوای منی، منیش بەندە و مەخلوقی تۆم.

**ئیلاهی**: ئەی کردگارو بەدیهێنەری گەردوون، لە تەنگوچەڵەمەو ناسۆری و ناخۆشیەکانی ئەم ڕۆژگارە دامەزراومان بکە، لە نەفسی ئەممارەمان ڕزگار بکە، بەرەو نەفسی موتمەئیننەمان ببە، دڵەی مردوومان زیندوو بکەوە، وامان لێبکە شتەکان بەجوانی ببینین، جوانیەکانمان زیاتر لەلا جوانتر بکە بۆ ئەوەی هەقیقەت و ڕاستگۆیی بکەینە هەوێنی هەڵسوکەوت و کارو کردەوەی ڕۆژانەمان و ڕەزامەندی تۆ بەدەست بێنین، چونکە ئێمە عەودالی

لیقای تۆین، بیرو زانستمان زیادو فراوان بکە تا ئەو گومانەی شەیتان بۆی دروست کردووین بەیەکجاری لێی بێگومان بین.

**ئیلاهی:** پەنات پێ دەگرین لە ئاگری خەشم و توورەییت، دەرگای بەهەشتمان بۆ بکەوە تا ببێتە هەوارو شوێنی حەوانەوەی ئەبەدیمان و دەرگای جەهەننەممان بۆ هەتا هەتایە لەسەر داخە.

**ئیلاهی:** داوای لێبوردن دەکەم بۆ لە دەرگادانی ئەو دەرگایانەی دەرگای تۆنەبوو، کاتێک ئێمەی مرۆڤ دڵتەنگ دەبین، خودایە خۆت بەفریشتەکان دەفەرموی: سەیری بەندەکەم بکەن، یسان بیری چوو کە منی هەیە.

**ئیلاهی:** بەعیززەت و جەلالی خۆت تکاکانم وەربگرەو بەو دەسەڵاتە داوات لێ دەکەم کە دەریات بۆ موسا شەق کرد، عیسات لە بێشکە هێنایە گۆ، ئیبراهیمت لە ئاگر پاراست.

ئیلاهی: هەر کەسێك دیلی دەردێکە، دەستەکانی بۆ لای تۆ بەرز کردۆتەوە، هەموو ئومێدێکی بەتۆیە، بەگەورەیی و میهرەبانی خۆت رزگاری بکە، نائومێدی مەکە، هەر شتێك خێری تێدایە بۆی بەدی بێنە.

**آمین....آمین**

# سەرچاوەکان:


١-تەفسیری رامان.

٢-تەفسیری ئاسان.

٣-تەفسیری گوڵشەن.

٤-الـدُّعَاءُ وَيَلِيـه العِـلاجُ بـالرُّقى مِـنَ الكِتـابِ وَ السُّـنَّةِ، اعـداد سـعيد بـن علـي بـن وَهـف القَحطاني،ط٢، مطبعة دار ابن كثير ، ديمشق، سوريا، ٢٠٠٠م

٥-شورەی موسڵمانان بە زیکرو دوعاکان لە قورئان و فەرمووده راستەکان، وەرگێرانی: شوان رابەر، چ٣، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠

٦-ئاهەنگی رۆشنبیران نووسینی شاکر فتاح، چ١، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٣

٧-د.عمـر سـليمان عبـدالله ئەشـقەر: فـەرمووده صـەحيحەكان لـەو چـیرۆكانەی كـە پێغەمبـەر(ﷺ) دەیگێڕێتـەوە، و:حەمـە ئـەمين ئەحمـەد بـەرزنجی، چ١، چـاپخانەی شـڤان، سلێمانی،٢٠٠٩

٨- چـەمكانێك دەبـێ راسـت بكرێنـەوە، محمـد قوتـب، وەرگێرانـی: ژيـوانی گـەلاڵی،چ١، چاپخانەی پەروەردەی هەولێر، هەولێر،٢٠٠٣

٩- القـول المعطـاء في أحكـام الـدعاء، محمـد الشـيخ طـه الباليسـاني، دار الحريـة للطباعـة، بغداد،١٩٨٧

١٠- پوختـەی ئادابـە ئیسـلامیەکان بـۆ نەوجـەوانان ئا:سـۆران عـەباس، چ٧، پێداچـونەوە سەربەست جەباری چاپخانەی سیما-سلێمانی، ٢٠١٣

١١- فەلسـەفەی زەرتوشـت – د.فەرهـەنگ مێهـر، لـە بلاْوكراوەكـانی سـەنتەری رۆشـنبیری كەسنەزان، و: خ. ئەويندار، ٢٠٠٩، هەولێر

١٢- زیکرە راست و دروستەکان، نووسینی: محمد بن ناصرالدين الالبانی، و: عبدالمجيد عبدالحميد، چ١، له بلاوكراوەكانی كتێبخانەی نارين، هەولێر، ٢٠١٠

١٣- بەربەستەكانی وەرگیرانی خواپەرستيەكان/ د.عومەر ئەلكافی، و: حاجی عەبدولجەليل، چ١، هەولێر، ٢٠٠٨

١٤- ناوە جوانە پیرۆزەكانی خوای گەورە، نووسینی:صابر صالح گەردی، چ٢،چاپخانەی گول، ٢٠٠٨

١٥- دەردو دەرمـــان، نووســـینی: پێشـــەوا ابـــن القـــيم الجـــوزی، و:هـــيلال علـــی سەنگاوی،چ١،چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٩

١- نزا، نووسینی ئـەلێكس كـارل- د. عـەلی شـەريعەتی وەرگێڕانی:موسعەب ئەدهـەم، چ١، چاپخانەی موكريانی هەولێر، ٢٠١٤

# پێرست


| ز | ناوەڕۆک | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ٤ |
| ٢ | ڕێخۆشی | ٨ |
| ٣ | پێناسەی دوعا لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەی شەرعیەوە | ٣٩ |
| ٤ | چەمك و زاراوەکانی وشەی "دوعا" لە قورئاندا | ٤١ |
| ٥ | ئایا دوعا کردن دروست و ڕەوایە؟ | ٥١ |
| ٦ | ئایا خوای پەروەردگار دوعای بێ باوەڕان قەبوڵ دەکات؟ | ٥٥ |
| ٧ | مەرجەکانی دوعا | ٦١ |
| ٨ | ئادابەکانی پاڕانەوەو هۆکارەکانی گیرابوونی | ٦٥ |
| ٩ | لە ئادابەکانی دوعا | ٧٩ |
| ١٠ | هیچ شتێك قەدەر ناگێڕێتەوە تەنها نزاو پاڕانەوە نەبێت | ١٠٤ |
| ١١ | دوعا بۆ قبوڵ نابێت؟ | ١١٥ |
| ١٢ | لە سۆزو میهری خوا بێ هیوا مەبن | ١٤١ |
| ١٣ | هەندێ لەو دوعایانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گێڕاویەتەوە یان کردوویەتی | ١٥٤ |
| ١٤ | دوا دوعا | ١٦٧ |
| ١٥ | سەرچاوەکان | ١٧٤ |

پاداشت بۆبڵاوکردنەوەو راگەیاندن

بەپشتیوانی خوای
پەروەردگار، لە ماوەیەکی
دیاریکراودا بەرگی دووەم
لەژێر ناونیشانی:(بابەگیان
فێری دوعام بکە) دەکەوێتە
بەر دیدی خوێنەران